ئەفسانە کوردییەکان

کۆکردنەوەی
م. ب. ڕۆدینکۆ

لە فارسییەوە
کەریمی حیسامی

ستۆکهۆڵم ٢٠٠٠

www.kerimhisami.com

The Kurdish Fabels

Coolected by

M. B. Rodinco

Translation from Persian

Karim Hissami

Stockholm 2000

www.kerimhisami.com

ئەم بەرهەمە نایابەی کلتوری کوردی
لە سەر حیسابی کەمال - ی خۆشەویستم چاپکراوە

ئەفسانە کوردییەکان

کۆکردنەوەی م.ب. ڕۆدینکۆ

وەرگێڕانی بۆ فارسی : کەریمی کشاورز

www.kerimhisami.com

کەریمی حسامی کردوویە بە کوردی

ستۆکهۆڵم ١٩٩٩

ئەفسانە کوردییەکان

کۆکردنەوەی م. ب . ڕۆدینکۆ
وەرگێڕانی بۆ فارسی : کەریم کشاورز

کەریمی حسامی کردوویە بە کوردی

www.kerimhisami.com

مۆنتاژ: ناسری ئیبراهیمی
لە چاپدانەوەی بە ئیجازەی خاوەنیەتی

ISBN 91-630-9217-4

ستۆکهۆڵم ۱۹۹۹

ئەفسانە کوردییە کان
پێشەکی وەر گێڕیَ رووسی

کوردی زمانێکی یەکگرتوو نیە. خاوەنی زاراوەی جۆر بە جۆرە کە وا هەیە لە یەکتر تێناگەن. کوردی یەکێ لە زمانە ئێرانیەکانە، کە بە درێژایی رۆژگار وای بە سەر هاتوە. هێندێ لە کوردەکان لە ئێران(کوردستان وکرماشان و دەور و بەری قۆچان) دەژین کە نیشتمانی سەرەکی خۆیانە. هێندێکی تر لە تورکیا و عیراق و سوریا و ئەرمەنستانی سۆڤێتی دەژین. ئەم پەرش و بڵاوییە بۆتە هۆی ئەوە کە زمان و تەنانەت هێندێ داب و نەریت وکلتوری گشتی یان بکەوێتە ژێر کار تێکردنی کلتورەکانی دیکە.ئەوە خۆی لەم ئەفسانانە دا دەردەکەوێ کە خاتون م.ب.رودینکۆ لەم کتێبە دا کۆی کردوونەوە، یانی دەقی ئەسڵی ئەفسانەکە ئێرانییە لە گەڵ هێندێ پاشکۆ لە کلتورەکانیتر.

ئێستا زۆر جار ئەفسانە کوردییەکان وەک نموونەی زمان بۆ روونکردنەوەی رێزمانی کوردی بە کار دێنن. چەند کەس لە زمان ناسانی فەرانسەیی و ئەلمانی و سویدی و رووس، وەک : ژاباوا، پریموا ، سوسین ، و زارۆڤ و مکوک و لسکۆ و ویکاندر و برونسل و هیتر لە گەڵ بڵاو کردنەوەی بژاردە کان و کۆکراوەکانی قسەکانی کوردی، چەند ئەفسانەشیان باس کردوون.

چەند زانایەکی کوردیش وەک حاجی جوندی و جەمال نەبەز لە «مونیخ» و هیتر دەستیان بە کۆ کردنەوەی ئەفسانە کوردییەکان کردوە و جەمال نەبەز هێندێ لە ئەفسانەکانی کردوە بە ئەلمانیش.

خاتون م.ب. رۆدینکۆ ئەفسانەکانی بە شێوەی زانستی کۆ کردوونەوە. لە زمانی هێندێ کەسی وەر گرتوون کە زۆربەیان نەخوێندەوار بوون، وەک گەلێک نە خوێندەوار کە شتیان لە بیر دەمێنێ. ئەو کەسانە بریتین لە :(مامۆ ئیشخان

www.kerimhisami.com

سادق، سمایل سادق، زادە وەسمان، مەرالی مەهدی یڤ، عەتار شارۆ، عالیە جانگی، شەمیلە حەمید، شا میرزا موسا رەزا، حامۆ حەسەن، قەراخان شەرەف، خاتۆڤ، دولبەر قوربانۆوا و هیتر) ئەوانە لە ئەسڵدا لە تورکیا و ئێران بوون، کە ئێستا لە تفلیس و ئازەربایجان و ئەرمەنستانی سۆڤێتی دەژین. هەر یەک لە وانە ئەفسانەی کوردەکانی پێش خۆیان گێڕاوەتەوە. بۆ نمونە: ئەفسانەی« کەربالایی فەراش» هی کوردەکانی ئێرانە. کۆ کەرەوە دەڵێ ئەم کابرایە لە رابردوو دا لە نیزیک من ژیاوە و زۆر لە پیاوە پیرەکان لە بیریانە. یا ئەفسانەی« شا سمایل و عەرەبی قولە رەش» هی کورد و ئازەربایجانی ئێرانە. خەڵکی ئازەربایجان ئەم ئەفسانەیە بە هەوای بەیت دەگێڕنەوە.

نەخشی ژن لە ئەفسانە کوردییەکانی سەر سوڕ هێنەرە. مەلا مەحمودی بایزیدی نووسەری کورد کە لە سەدەی نۆزدەهەم ژیاوە لە بارەی ژنانی کوردەوە دەنووسێ:« ژنی کورد زۆر لە پیاوان ئاقلتر و باشتر و تێگەیشتووتر و ئینسانیترە. فرە روو خۆش و بە گوێ و دەست و پێ گەرمە. لە ماڵدا دەسەڵاتی تەواوی هەیە. لە شەڕدا بەشدارە و یارمەتی پیاو دەکات. ئەو هاو سەر و کار گەر و پاسەوانە و لە خەبات دا یارمەتی دەری پیاوە و لە ماڵدا یارێکی میهرەبانە.»

کوردەکان لە سەر ئەو باوەڕەن کە کامەرانی پیاو لە ژیان و حەسانەوە و لە کۆمەڵدا بەستراوەتەوە بە هاو سەر.

لە ناو ئەم ئەفسانانە دا– بۆ نمونە « ژنی ئاقڵ» و « کیژی ئاقڵ» و « ژن و مێرد» و « بالولی زاناو خەلیفەی بەغدا» و « شا سمایل و عەرەبی قولە رەش » و هێندێکی دیکە – نەخشی ئەم جۆرە ژنانە نیشاندراوە. کوردەکان هەر لەو کاتەشدا لە سەر ئەو باوەڕەن کە ئەگەر ژن خەراب بێ هەر لەم جیهانە دا جەهەندەمی پیاوە وەک ئەفسانەی « ژنی خەراب» ئەفسانە کوردییەکان وەک بەڵگە وان و بەشێکن لە کلتوری گشتی کوردەکان. لە گەڵ ئەوەش هەموویان بۆ منداڵانیش بە کار دێن.

کریم کشاوەرز

www.kerimhisami.com

چارە نووسی ئەم کتێبە

ئەم نووسراوەیەی کە وا ئێستا کەوتۆتە بەر دەستی خوێنەرانی کورد، داستان و سەر بردەیەکی سەیری هەیە.

ساڵی ١٩٧٦کە لە عیراق بووین ئەم کتێبەم بە فارسی کەوتە دەست. کاتێ خوێندمەوە دیتم ئەم ئەفسانانە بەشێکن لە کلتور و کەلەپوری کوردی و سەرنج ڕاکێشن. ئەفسانەی کوردین، زانایەکی روس بە دوایاندا گەڕاوە و کۆی کردوونەوە و ناوی هەمووی ئەو کەسانەشی تۆمار کردوە کە لێی وەر گرتوون و لە چاپی داون. نووسەری ئێرانی ئاغای کەریمی کەشاوەرز کە یەکێ لە نووسەر و وەرگێڕانی ناسراوی فارسە و بە سەر زمانی ڕووسیش دا زاڵە، کردوونی بە فارسی و سێ جاریش لە ئێران چاپ کراوەتەوە. زۆرم پێ حەیف بوو، ئەفسانە ی کوردی. کلتور و کەلەپوری کورد، بە زمانی بێگانە چاپ و بڵاو بکرێنەوە، بەڵام کورد خۆی نەیبێت و نەیانزانێ. خۆ ڕەنگە لە کوردستانیش ئەم جۆرە حەکایەت و ئەفسانانە پیرێژن و پیرە مێرد باسیان کرد بن، بەڵام بەم شێوەیە کۆ نەکراونەوە و لە چاپ نە دراون.

بڕیارمدا پاش تەواو کردنی وەرگێڕانی کتێبی دایک ، ئەم کتێبە ش بکەم بە کوردی، با کورد خۆیشی لە بەشێکی کەلەپوری دیرینەی خۆی ئاگا دار بێت.

دەستم کرد بە وەر گێڕانی . بەڵام ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و گەڕانەوەمان بۆ نیشتمان پاش ساڵەهای ساڵ دووری و ئاوارەیی بۆم تەواو نە بوو، بە نیوە چڵی لە گەڵ خۆم هێنامەوە مەهاباد. لە مەهاباد لە بەر کاری گۆیا شۆڕشگێڕی و تێکۆشان بۆ ژیانێکی ئازاد و ئاسوودە و دوور لە چەوسانەوە و

www.kerimhisami.com

ڕاو ڕاوێنی دەزگای سەر کوتکەری ئازادی، تا لە مەهاباد بووم وێرا نە گەیشتم تەواوی بکەم. پاشان کاتێ ئیمام خومەینی بە قەولی مام جەلال:« کارێکی گرنگ و چاکەیەکی گەورەی کرد بۆ چارەی سیاسی کوردەکانی ئێران» و بە قەولی منیش « فتوای خەزای دا دژی میللەتی کوردی موسڵمان و بە تانگ و تۆپ و تەیارە» وە شاخی خستین، لە چیا بە بەر کاری دیکەی پێ سپێردراو، درێژەم بە وەرگێڕانی کتێبە دا و کردم بە کوردی. پاشان ناردم بۆ دۆستی خۆشەویستم کاک ئەحمەدی شەریفی بە ئَلکوو بتوانێ بە چاپی بگەیەنێ. پاش بەینێک بۆی نووسیم کە ئاغای سەیدیان، خاوەنی چاپخانەی سەیدیان لە مەهاباد. گوتوویە ئەگەر ناوی کەریمی حسامی لە سەر بێ، ناوێرێ چاپی بکات. لە وەڵام دا بۆم نووسی: با ناوی منی لە سەر نەبێ و بە هەر ناوێک بێ با چاپ بکرێ . مەبەستم تەنیا ئەوەیە ئەم کتێبە بکەوێتە بەر دەستی خوێنەرانی کورد و گۆشەیەک لە کتێبخانەی کوردی پڕ کاتەوە. ساڵ و زەمان تێپەڕین و کتێب هیچ خەبەری نە بوو. فارسیەکەشم نە ما بوو کە جارێکی دیکەش بیکەمەوە بە کوردی و بڵاوی کەمەوە.

لە ١٩٨٦/٤/٢٤نامەیەکی کاک ئەحمەدی شەریفی - م پێگەیشت نووسیبووی:« بە داخەوە پێتان ڕادەگەیێنم کە شەوی پێنج شەمووی ٨٦/٤/١٧ لە ورمێ مام هێمن کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەیان لە مەهابادێ لە گۆڕستانی بوداق سوڵتانی تەسلیم بە خاک کرد و لە ورمێ- مەهاباد- بۆکان - سنە - کرماشان و تارانێ مەجلیسی سەرە خۆشیمان بۆ دانا .

بەڵام سەبارەت بە کتێبەکەت(ئەفسانە کانی کوردی) دەبێ عەرزت بکەم فۆرم بەندی چاپی کراوە و ڕەنگە هەتا هاوینێ یان پاییزێ لە چاپ بێتە دەرێ. براتان ئەحمەد شەریفی.»

مزگێنییەکی فرە خۆش بوو، بە تاسەوە چاوە ڕوانبووم کە خەبەری چاپ و بڵاو بوونەوەی کتێبەکەم پێبگات. پشت بەستن بە نامەی کاک ئەحمەدی شەریفی و بڕوا بە چالاکی ئەو لە مەیدانی نووسین و بڵاو کردنەوە دا، منیش لە ڕیزی ئەو کتێبانەی کە کردوومن بە کوردی هەمیشە ناوی « ئەفسانە

www.kerimhisami.com

کوردییەکان» یشم نووسیوە. گەلێک لە دۆست و برادەرن و کتێبفرۆشی کوردیش لە سوید داوایان لێکردووم کە ئەو کتێبەیان بۆ بنێرم ، بەلام بە داخەوە ئەوە گەیشتووینە سالی ٩٩٩ نەک هەر کتێب، بەلکوو هەر خەبەرێکیشم لەم بارەوە پێ نەگەیشت. تا ئەسعەدی خوارزام کە دەبێ سوپاسی بکەم، لە ئێرانەوە فارسی ئەو کتێبەی بۆ ناردم . بە ڕاستی گەلێکی پێ شاد بووم و بڕیارمدا جارێکی دیکەش بیکەم بە کوردی ، بەلکوو توانیبێتم لەم ڕێگایەوە خزمەتێکی بچوکم بە کلتور و کەلەپوری کوردی کرد بێت. بەو هیوایە ببێتە پەسندی هۆگرانی زمان و کلتوری ڕەسەنی کوردی.

کەریمی حسامی

www.kerimhisami.com

پێرستی ئەفسانە کان

ئەفسانەکانی لە مەڕ جانە وەران

١- گورگ و مەڕ

٢- ڕێوی و کۆتر و کەڵە شێر

ئەفسانە گەلی ژیانی ڕۆژانە

٣- مەکری ژنان

٤- کیژۆڵەی ئاقل

٥- مێرد و ژن

٦- ژنی ئاقڵ

٧- ژنی خەراب

٨- ژنی بە مەکر

٩- ژن و مێرد

١٠- دوو مەلا

١١- دوو خوشک

١٢- عادەت (خو ورەوشت)

١٣- سمایل چاوەش

١٤- کیژی ئاقڵی پاشا

١٥- قچاقچی ساختە

١٦- سێ دۆست

١٧- دوو جیران

١٨- دوو دۆست

١٩- سێ پەند

٢٠- ئاخر پێم نە گوتی

www.kerimhisami.com

٢١- سێ دۆست
٢٢- داندۆی فێڵە زان
٢٣- چۆن بخوازی ئاوا دەژی
٢٤- بازرگان
٢٥- ئەحمەد و گوڵزار
٢٦- چاکە و خەرابە
٢٧- دوو کوێر
٢٨- محەممەد
٢٩- سێ ئەحمەد
٣٠- نۆکەری ئاقڵ
٣١- ئەحمەد پاشا
٣٢- محەممەد پاشا و وەزیرەکەی
٣٣- بالولی زانا و بازرگان
٣٤- چۆن بالوڵ فێڵی لە حاجی بە تەماع کرد
٣٥- بالوڵی زانا و خەلیفە
٣٦- ستام و لغاوی خەراب
٣٧- دەرمانی موجیزە گەر
٣٨- چۆن دەکرێ عزرائیل بدۆزیەوە
٣٩- کەربەلایی فەراش و دزەکان
٤٠- ئەسیب

ئەفسانە گەلی سیحر و جادوو

٤١- ئەحمەد خان و عەلی وەلی
٤٢- بالولی زانا و خەلیفەی بەغدا
٤٣- حەسەنی حەکیم
٤٤- پەندی حەکیمانە
٤٥- ئەقڵ و بەخت

www.kerimhisami.com

٤٦- وەستا ئوسیپ
٤٧- ماسی بۆ پێکەنی
٤٨- دوو زڕ برا
٤٩- میرزا مەحمود و هەزار بلبل
٥٠- ڕۆستەمی زاڵ
٥١- شا سمایل و عارەبی ڕەش
٥٢- تلی- هەزار
٥٣- گوڵبرین
٥٤- دەروێش
٥٥- حەوت برا
٥٦- میرزا مەحمود
٥٧- محەممەد و موقەددەم
٥٨- کوری ئاسنگەر
٥٩- پاشا و وەزیر
٦٠- هند باد
٦١- ئینسانی روخسار گورگ

www.kerimhisami.com

ئەفسانەی لە مەڕ جانەوەران

گورگ و مەڕ ١

ڕۆژێکی پایز مەڕێک لە مێگەڵ بە جێ ما و لە لێرەوار دا بزر بوو. لە دۆڵێکدا پەنایەکی ئارامی دیتەوە و لە وێدا دەژیا. لە بەهاردا بەرخێکی بوو. ئیتر بە تەنیا نەبوو لە گەڵ بەرخۆڵەکەی دەلەوەڕا. ڕۆژێک لە پڕ گورگێک لە مێشە هاتە دەر و بانگی کرد و گوتی :

– کێ ڕێگای بە ئێوە داوە لە مڵکی من بلەوەڕێن؟

مەڕ پاڕاوە و گوتی بۆ خاتری خوا. من هەموو زستانێ لێرە ژیاوم، قەت گورگێکم نەدیوە. ئێستا بۆ ئێرە بوو بە مڵکی تۆ؟

گورگ گوتی : من شایەدم هەیە کە ئێرە مڵکی منە.

– شایەدت کێیە؟

– ڕێوی

– باشە بیهێنە بزانم شایەدیت بۆ دەدا یان نا؟

گورگ چوو ڕێوی بێنێ. مەڕیش چوو شایەد بدۆزێتەوە. تووشی سەگ هات و تکای لێکرد:

– گورگ تەنگی پێ هەڵچنیوم و دەستم لێ هەڵناگرێ. لە بیانوو دەگەڕێ کە بەرخەکەم بخوات. دەڵێ :« چۆن وێراوتە لە مڵکی مندا هاتو چۆ بکەی؟ ڕێویشی بە شایەد گرتوە. دەستم بە داوێنت یارمەتیم بدە. بزانم چبکەم؟

سەگ گوتی – لە گەڵ من وەرە.

چوونە ئەو مێرگە ی کە گورگی لێ بوو. سەگ گوتی: من لە پشت ئەم دارانە خۆ دەشارمەوە. تۆ بە گورگ بێژە کە بڕوا بە هیچ کامتان ناکەم. مەگەر

www.kerimmisani.com

سوێند بە وەجاخی من بخۆی. بلێ وەجاخی من لە بن ئەو دارانەیە. کە هاتن و ویستی سوێند بخوا، من دەیانخنکێنم.

گورگ و رێوی هاتنەوە. گورگ گوتی:

– ئەوەتا شاهیدم هێناوە.

رێوی گوتی: بەڵێ ڕاستە و ئێرە ملکی گورگە.

مەڕ گوتی: بڕواتان پێناکەم تا سوێند بە وەجاخی من نەخۆن. وەرە سوێندم بۆ بخۆ، بەرخەکەمت دەدەمێ. لە مێشە نیزیک بوونەوە رێوی تروسکەی چاوی سەگی دیت و گوتی:

– نا. وەجاخی تۆ پیرۆزە. من ناوێرم سوێندی پێ بخۆم. خۆتان رێک کەون.

مەر بە گورگی گوت: « بزانە رێوی سوێندی نەخوارد، کە وابوو ئێرە ملکی تۆ نیە.

گورگ گوتی: رێوی ترسەنۆکە. خۆم دێم سوێند دەخۆم. کە لە مێشە نیزیک بوونەوە، سەگ هاتە دەر و گەروی گورگی گرت.

گورگ بە بلـغە بلغ گوتی: راستە وەجاخت پیرۆزە. ئێرە ملکی من نیە. بیانوم پێ دەگرتی تا بەرخەکەت بخۆم.

سەگ بەریدا و گورگ هەلات. سەگ و مەڕ و بەرخ چوونەوە کن خاوەنە کەیان.

(لە کن کوردان وەجاخی بنە ماڵە پیرۆزە و سوێندی بە درۆ بە وەجاخ گوناحێکی گەورەیە)

www.kerimbaisami.com

ڕێوی و کۆتر و کەڵە شێر ٢

ڕۆژێکی ڕێوی بە دوای پاروە نانێک دا دەگەڕا چوە نێو گوند و دیتی مامر لە دەوری عەمباری گەنم کۆ بوونەوە و کەڵە شێریش بە دەورەیاند دەگەڕێ. کە چاویان بە ڕێوی کەوت هەلاتن. ڕێوی رووی کردە کەڵە شێر و گوتی:

– برا گیان بۆ دەترسی؟ دەزانی زوڵم نەماوە وداد دنیای داگرتوە و منیش وا دەچمە حەجێ.

کەڵە شێر گوتی : کە وایە منیش لە گەڵ تۆ دێمە حەج. ڕۆیشتن و لە جەنگەڵێک دا توشی کۆترێک بوون. کۆتر پێی سەیر بوو گوتی:

– کاکی کەڵە شێر چباسە. تۆو و ڕێوی ؟

– برا . نەت بیستوە داد دنیای داگرتوە و زوڵم نە ماوە. ئێستا من و ڕێوی دەچینە حەجێ تا لە گوناحان پاک بینەوە .

– کە وایە منیش لە گەڵتان دێم. هەر سێک کەوتنە ڕێ. ڕێوی کەوتە پێشیان و بردنی بۆ کونی خۆی. گوتی : ئەمشۆ لێرە دەحەسێینەوە و بەیانی دەکەوینە ڕێ. هەر سێک چوونە ژوور، ڕێوی دەرگای لێ گرتن و گوتی :

– برایان : ئاگادار بن هەرا هەرایە نەکەن، تا بە ئاسودەیی بخەوین. وەرن قەرارێک دابنێین، هەرچی دەنگە دەنگی کرد بیخۆین.

کەڵە شێر لای بەیانی کاتی بانگ دانی بوو، خۆی پێڕانەگیرا، باڵی لێک دان و خوێندێ.

ڕێوی گوتی برا قەرارمان چبوو؟ لە بیرت چۆتەوە. کەڵە شێر خۆی پێ ڕانەگیرا و دیسان قوقلیقوی دەست پێکرد. ڕێوی گرتی و خواردی. تاو هەلات و کۆتریش دەستی کرد بە بڵغە بڵغ.

ڕێوی گوتی: برا قەرارەکەت لە بیر چوە. بە چاوی خۆت نەت دی؟ کوتری

www.kerimhisami.com

بە دەمیێەوە گرت و هاتە دەرێ.

کۆتر گوتی: برای بەرێز پێم بێژە لە چ تایفێکی و پاشان بمخۆ.

ڕێوی گوتی : لە تایفەی محەممەدی. لە گەل گوتنی وشەی محەممەد، زاری لێک کردەوە و کۆتر دەر پەڕی و لە شەقەی باڵانی دا.

ڕێوی بە داخێکەوە چاوی لێکرد و گوتی :« خۆزیا گوتبام لە تایفەی « جرجیسم» ددانم لێک نە دەبوونەوە و کۆتر نە دەفڕی.

www.kerimhisami.com

ئەفسانە و نەقڵەکانی

لە

مەڕ ژیانی ڕۆژانە

www.kerimhisami.com

مەکری ژنان ٣

رۆژێک پاشا لە وەزیری خۆی پرسی:

– پیاو پتر بە مەکر ن یا ژن ؟

وەزیر لە وەڵامدا گوتی: دیارە ژن بە مەکر ترن

پاشا گوتی :

– ئێستا کە تۆ پێت وایە دەبێ بەڵگەم بۆ بێنی. چل ڕۆژت مۆڵەت بێ، ئەگەر بەڵگە نەهێنی لە سەرت دەدەم.

وەزیر خەمگین بوو. بیری کردەوە چبکا ؟ لە سەری دەدرێ و دەکوژرێ. باشترە سەری خۆی هەڵگرێ و بڕوا . لەم شارە دا ژنێک هەبوو بە ناوی « فدان» هەموو جارێ کە توشی وەزیر دەبوو گاڵتەی لە گەڵ دەکرد و دەیویست بیخە لە تێنێ، وەزیر پەتی نەدەدا .و گوێی نەدەدایە و دەیگوت:

– ئەم قسانە چیە . شتی وا چۆن دەبێ. من و تۆ لە شارێکدا دەژین، خەڵک بزانێ ئابرومان دەچێ.

وەزیر ویستی بەر لە وەی لە شار دەر بچێ بۆ دوا جار لە جادە و کۆڵانی شار دا بسوڕێتە وە و ماڵاوایی بکا . لە قەراخ شار توشی « فدان» بوو.

– جەنابی وەزیر سڵاو. بۆچ وا بێ واز و خەمگینی. چۆنە ببیە میوانی من و لە گەڵم بێی تا خەم و خەفەتت لە بیر بەرمەوە،

وەزیر لە دڵی خۆیدا گوتی : تازە خۆ هیچم نەماوە لە کیسم بچێ. لەم شارەش ناژیم. بۆ چی لە گەڵی نەچم و بزانم چی لە من دەوێ؟ پاشان گوتی : بە خۆشیەوە، ئێستا کاتم هەیە و ئازادم.

فدان کەوتە پێش و وەزیر بە دوایدا ، گەیشتنە ماڵ. فدان وەزیری لە ژوورێک دانا و لە پەنای دانیشت و دەستیان کرد بە قسان. پاشان فدان هەستا

www.kerimbisami.com

وگوتی: چرکەیەک دەچمە دەر و دێمەوە. چاوە ڕاونم بە و لێرە مەبزوو.

فـدان چوە دەر و دەرگـای لە سـەر داخـست . چوە کن مـێـردەکـەی کـە بازرگان بوو لە دوکان کاری دەکرد. گوتی :

– دەزانی چیـە ؟ خـەونێکی ناخـۆشم دی . لە خـەونمدا تۆ لە سـەر دار کەوتبووی هەر تک دەستت شکا بوون. خۆم پێ ڕانەگیرا و بە غار هاتم بزانم بەڵایەکت بە سەر نەهاتبێ.

دە ساڵ بوو مـێردی کردبوو، جارێکیش نە چو بوە دوکانی مێردەکەی. مـێـردەکـەی زۆری پێـخـۆش بوو کـە ژنەکـەی لە دوکـانێ چوە سـەری بدا و نەیدەویست بچێتەوە. خزمەتکارەکەی بانگ کرد و گوتی برۆ زوو مریشکێک بکە کەباب و میوە و شەربەت بێنە.

ژن و مێرد دەستیان کرد بە خواردن و فدان گوتی :

– وەرە چۆلە مێشکێن بکەین.

– زۆر باشـە. ئەگـەر تۆ بردتەوە هەر چی دەڵێی بۆت دەکـرم. ژن و مێـرد چۆلە مێشکێنیان شکاند و فدان گوتی:

– لە بیرت نەچێ، هەرچی وێمدای بڵێ لە بیرمە. ئێستا دەچمەوە ماڵێ و نانێکی خۆشت بۆ ساز دەکەم و نیو سەعاتی دیکە وەرەوە.

بەڵام وەزیر. وەزیر نیگەران بوو، سـەعـاتێک پێـچـوو فـدان نەهاتەوە. ئاخرەکەی دەرگا کرایەوە و فدان هاتە ژوور.

وەزیر گـوتـی: چت بە سـەر هات و لە کـوێ بووی. چەند سـەعـاتە چاوە ڕوانتم.

– لە ڕێگا مـەحـتـەلیان کـردم. خـۆت نارەحـەت مـەکـە. فـدان لە پەنا وەزیر دانیـشت دەسـتـی کـرد بە ناز و نوز و لاواندنەوە. وەزیـر وردە وردە وەغـیـرەت کەوت و ویستی لە ئامێزی بگرێ، لە پڕ لە دەرگایان دا. وەزیر ترسا و پرسی : ئەوە کێیە:

فدان بە هێدی وەڵامی داوە و گوتی:

– مێردەکەمە. ئێستا تۆ لێرە ببینێ دەتکوژێ

www.kerimhisami.com

– ئەی خودا . چ بەڵایێکت بە سەر هێنام. من کە ڕێگام بە تۆ نە گرتبوو، تۆ خۆت منت هێنا ئێرە و ئێستا بە کوشتم دەدەی!

لەم ناوە دا پتر لە دەرگایان دا و بازرگان هاواری کرد:

– ئافرەت دەرگا بکەوە، لە گەڵ کێ قسان دەکەی؟

فدان لە سەر خۆ گوتی :« لە گەڵ دڵدارە خۆشە ویستە کەم. تاوێک ڕاوەستە، ئێستا دەرگا دەکەمەوە.

وەزیر لە ترسان ڕەنگی پەڕی و گوتی:

– ئەوە دەڵێی چی.؟ ئاقڵ بە. تکا دەکەم فیکرێکم بۆ بکەوە و نەجاتم دە. تۆ خوشکی منی!

– ئەگەر لە بارەی مندا بیری خەراب نەکەیەوە، ڕزگارت دەکەم. ڕابە بچۆ نێو ئەم سندوقە.

وەزیری خستە سندوق و دەرگای قفڵ کرد و چوو دەرگای کردەوە. مێرد وەک گورگی هار وەژوور کەوت و فدانی پەلامار دا و گوتی:

– کوا . دڵدارەکەت چی لێهات؟ زوو بە بێژە پێم. فدان بە پێکەنینەوە کلیلی سندوقەکەی بۆ درێژ کرد و گوتی:

لەو سندوقـە دایە. هانێ بیکە وە. وەزیر لە ترسان سیس ببوو. بازرگان کلیلی لە فدان وەر گرت و فدان هاواری کرد:

– بردمەوە. دۆڕاندت. ئێستا چم گەرەکە دەبێ بیکڕی.

– ئاخ. ئەوە چ گاڵتەیەک بوو؟ کەمی مابوو بتکوژم. بۆ بردنەوەی چۆلە میشکێن گاڵتەت پێکردم.

فدان پڵاوی لێنا بوو، ویستی بۆی بێنێ، مێردەکەی گوتی :« نا نا درەنگمە. کەس لە دوکانێ نیە. ژنەکەی ماچ کرد و چۆوە دوکانێ.

فدان دەرگای سندوقی کردەوە ، وەزیری بە نێوە گیان هێنا دەرێ. وەزیر خۆی پێ ڕانەدەگیرا. کەمێک دانیشت بێ ئەوەی ماڵاوایی لێبکات، وەدەر کەوت و ڕاست بۆ بارەگای شا. لە دڵدا دەیگوت: ئیتر نابێ لە شار بچمە دەر. بەڵگەی گەورە تر لە مە بۆ مەکری ژنان دەست ناکەوێ. چوە بارەگای پاشا و شا پرسی

www.kerimhisami.com

:

– باشە. بەڵگەت بۆ مەکری ژنان هێناوە یان نا؟

وەزیر گوتی بەڵێ، حکایەتی خۆی و فدانی بۆ گێڕایەوە. پاشا گوتی :

– هەقتە. تۆ ڕاست دەکەی. ژن لە پیاو بە مەکر ترە. ئەوەش نەزمی جیهانیە و هیچی لە گەڵ ناکرێ.

www.kerimhisami.com

کیژۆڵەی ئاقل ٤

دوو دەستە برا هەبوون بە ناوی « ئافۆ » و « مستۆ » یەکتریان زۆر خۆش دەویست. هەر یەک لە گوندێکی دوور لە یەکتر دەژیان. هەر تکیان زۆر دەوڵەمەند بوون. مستۆ نابوت بوو و هیچی نەما. کێشە و هەرا لە ماڵەکەی سەری هەڵدا. هەر کەسە چی کەوتبا دەست، دەیدزی . وای لێهات بۆ نانی ڕۆژانە موحتاج بوون.

مستۆ بڕیاری دا بچێتە لای دەستە برایەکە و هێندێ گەنمی لێ بستێنێ.
ئافۆ بە هاتنی برادەرەکەی شاد بوو، میواندارییەکی شازی ساز کرد و نەیهێشت چەند ڕۆژ بچێتەوە. ئافۆ نەیدەزانی مستۆ نابوت بوە و هیچی نەماوە. بەر لە وەی میوانەکە بەڕێکاتەوە لە گەڵ ژنەکەی تەگبیری کرد ، چ دیارییەکی باش بدا بە برادەرەکەی. گوتی:

– من دەبێ شتێکی وای بدەمێ کە شایانی ئەو بێ. بە تۆش وانیە؟

– ڕاستە. دەبێ شتێکی بدەینێ کە خۆشەویستی من و تۆ بێ.

– دەزانم ئەو کوڕێکی جحێڵی هەیە. با کیژەکەمانی بدەینێ و شیر باییشی لێ نەستێنین. ژنەکە ڕازی بوو.

ئافۆ چوە کن مستۆ و گوتی :« مستۆی خۆشەویست. دەمەوێ کیژەکەم بدەم بە کوڕەکەت. لە گەڵ خۆتی بەرە و هیچیشمان ناوێ.

مستۆ لەم قسانە سەری سوڕ ما . لە گەڵ خۆی گوتی:« ئەوەش بوو بە کار. من هاتم بڕێ گەنم بستێنم تا ژن و منداڵم لە برسان نەمرن. ئەو بوکیش لە من دەکاتە سەر بار. خۆمان ئەوە لە برسان دەمرین، ئەو کیژە چۆن بەخێو کەین.؟

بەیانی ئافۆ و خێزانی جیازی کیژەکەیان ئامادە کرد و کەل و پەلی

www.kerimhisami.com

سەفەریان ساز کرد و سواری ئەسپیان کرد و لە گەڵ مستۆ خستیانە ڕێ.
مستۆ لە گەڵ بوک ڕێگایان گرتە بەر و لە نیوەی ڕێگا ڕا وەستان نەختێ بحەسێنەوە.. مستۆ لە دڵی خۆیدا گوتی: « کیژەکەی بە جێ دێڵم ئەسپەکە بلەوەڕێنێ. خۆم دەچمە نێو لێڕەوار و تا شەو ناگەڕێمەوە. کاتێ دیتی نە گەڕامەوە، دەچێتەوە ماڵی خۆیان.» بڕیاری دا وا بکات. بە کیژەکەی گوت:

– ڕۆڵە گیان. تۆ ئەسپەکان بلەوەڕێنە تا من لە نێو لێڕەوار دێمەوە. مستۆ ڕۆی ، دوای ڕۆژئاوا گەڕایەوە، دیتی کیژەکە هەر وا لە کن ئەسپەکانە. کیژە کە زانی کە خەزوری شتێکی لێ دەشارێتەوە. گوتی:

– بابە، ڕاستیم پێ بڵێ شتێکت لە دڵدایە. ئێستا ئیتر من هەم کچی تۆم و هەم بوکت. هەر چەند نا توانم لە گەڵ تۆ بدوێم.×
بەڵام دەبێ ڕاستیم پێ بڵێی.

مستۆ گوتی:« لە خوا بزر نیە لە تۆ چ وەشێرم. من ئەوەندە فەقیرم کە لە ماڵێ هیچمان نیە بیخۆین. هەموو ڕۆژێ کە هەڵدەستم ، بیر لە وە دەکەمەوە کە پاروە نانێک بۆ ژن و منداڵان لە کوێ پەیدا بکەم. تۆش ئەوە دێیە ماڵی من و برسی دەبی. چۆن نیگەران نەبم و بیری لێ نەکەمەوە.

-- بابە، ئەگەر نیگەرانیت هەر ئەوەیە ، بیری لێ مەکەوە. منی هیچم لە ژن و منداڵی تۆ زیاتر نیە. هەر ئێستا جیاز و شتەکانی من دەفرۆشین و هەر چۆنێک بێ ژیان دەبەینە سەر. پاشان ئەسپە کانیش دەفرۆشین و تا بزانین چۆن دەبێ.

مستۆ هەناسێکی هەڵکێشا و کەوتنە ڕێگا و گەیشتنەوە. شەو کیژەکە هەموو ژنەکانی ماڵی کۆ کردەوە و گوتی:

– ئێستا شتێکتان پێ دەڵێم. بەڵێن بدەن کە بە گوێم بکەن. هەموو بەڵێن یان دا. پاشان گوتی :

– چوونە هەر شوێنێ، بە دەستی خاڵی مەگەڕێنەوە. هەر چی لە ڕێگا دیتتان. لە تەپاڵە وە بگرە تا کۆنە کەوش و ئاسنەوێڵە و پەڕۆ و شرە و لە دەرگا کۆی کەنەوە. ڕۆژێک بە کار دێت.

ڕۆژێک بوکی گەورە دەهاتەوە ماڵێ. دەیویست لە نێو گژ و گیا دا گەسکێک کۆ بکاتەوە. لە نێو گژ و گیا دا سندوقێکی ئاسنی دیتەوە، ویستی بە جێی بێڵێ. قسەی کیژەکەی هاتەوە بیر. سندوقەکەی هەڵگرت و گەیشتەوە ماڵێ. سندوق و گەسکی دا بە کیژەکە و گوتی : « ئەوانەم لە مەزرایە هێناونەوە.

دەرگای سندوقیان کردەوە، پڕ بوو لە ئاڵتون و جەواهێرات کیژەکە شاد بوو گوتی : ئەوە بەشی هەموو ژیانمان دەکا و ئیتر لە گەڵ یەک کێشە و هەرا ساز مەکەن.

× لە نێو کوردان رەسمە بوک هەتا منداڵی نەبێ.نابێ لە گەڵ خەزور و پیاوی خزمی مێردی قسان بکات)

www.kerimhisami.com

ژن و مێرد ٥

ژن و مێردێکی فەقیر و هەژار هەبوون. رۆژێک مێردەکە گوتی :« چبکەین. هیچمان نیە و لە مەو دوا چۆن دەژین؟

ژنەکە گوتی: هیچمان نە ماوە. هەستە جلی بوکێنی من بەرە، لە باژێر بیفرۆشە و بە پارەکەی کاسبی بکە.

مێردەکەی کە ناوی «ئاڤۆ» بوو، جلی ژنەکەی خستە تورەکێک و بە کۆڵی داد و بۆشار. لە رێگا دیتی کابرایەک جوتی دەکا. بانگی ئافۆی کرد:

– بۆ کوێ دەچی.؟

– دەچمە شار، تا جلی بۆکێنی ژنەکەم بفرۆشم .

– بێنە بزانم. ئەگەر جوان بن دەیان کرم. ئافۆ چوو بوخچەی کردەوە. کابرای جوتیار تەماشای کرد و گوتی: دەیان کرم. ئەوانە بدە بەمن و گایەکانی من بەرە و برۆ.

ئافۆ بەو سەودایە رازی بوو. جل و لیباسەکانی دایە و گایەکانی وە پێش خۆ دا و بەرە و شار کەوتە رێ. لە بەر خۆی دەیگوت:« گایەکان دەفرۆشم و بە پارەکەی کاسبی دەکەم. دیتی کابرایەک لەو لارا دێت و دوو مەڕی وە پێش خۆ داون، لە ئافۆی پرسی :

– ئەو گایانە بۆ کوێ دەبەی.؟

– دەچم لە بازاڕ دەیانفرۆشم.

– وەرە بیاندە بە من و مەڕەکانی من بەرە.

– ئەم قسانە چیە. گایەکانی من جوتی دەکەن. چۆن بە مەڕ دەیانگۆڕمەوە. ؟

www.kerimhisami.com

– مەڕەکانی منیش شیری دەدەن. هەموو ساڵ دەزێن. خوریان بەکار دێت. هەم بەشی نانت دەکەن و هەم پەنیر. هەموو شت.

ئافۆ نەختێ بیری کردەوە و پاشان ڕازی بوو. گایەکانی دا بە کابرا و مەڕەکانی وەپێش خۆ دا بۆ شار. توشی کابرایەک بوو لە شار دەهاتەوە و دوو تاژی پێ بوو. کابرا لە ئافۆی پرسی :

– بۆ کوێ دەچی.؟

– دەچم ئەو مەڕانە دەفرۆشم.

– وەرە تاژیەکانی من وەر گرە و مەڕەکان بدە بەمن.

– ئەو قسانە چیە. تاژی تۆ بە کاری چیم دێن ؟

– کابرایەکی سەیری. تاژی من ڕاوێ دەکەن. کەروێشک و ڕێویت بۆ دەگرن. دەبەی دەیانفرۆشی و دەوڵەمەند دەبی.

ئافۆ ڕازی بوو. مەڕەکانی دا بە کابرا و تاژییەکانی وەر گرت و کەوتە ڕێ. گەیشتە شار. توشی کابرایەک بوو، کەڵە شێرێکی پێ بوو. لە ئافۆی پرسی:

ئەم تاژی یانە بۆ کوێ دەبەی؟

– دەبەم لە بازار دەیانفرۆشم.

– ئەو کەڵە شێرەت دەدەمێ، تاژییەکان بدە بەمن.

– ئەو قسانە چیە. تاژیەکانی من ڕاو دەکەن. کەڵە شێر بە کاری چی من دێت؟

– چۆن بە کار نایە. کەڵە شێری جەنگییە. لە پێش برکێی شەڕە کەڵەباب سەر کەوتوە. من لە بەرانبەر دا پارە و خەڵاتم وەر گرتوە.

ئافۆ دیسان تۆزێ بیری کردەوە وسەوداکەی کرد و کەڵە شێری وەر گرت و بەرە و بازار ڕۆی. لە بازار کابرایەک هاتە لای. کڵاوێکی پێستی تازەی پێ بوو. لە ئافۆی پرسی:

– داخوا کەڵە شێرەکەت بە کڵاو نا گۆڕییەوە؟

– نا. کەڵەبابی من، کەڵە شێرێکی ڕەمەکی نیە. ڕۆژێ دوو سێ کەڵە

www.kerimhisami.com

بابان دەبەزێنێ. کڵاو بە کاری چی دێت؟

– ئەو قسانە چیە. کڵاوێکی جوانە و لە سەرتی بنێی، ژنەکەت خۆشی دەوێی.

ئافۆ ڕازی بوو. کەڵە شێری دایە و کڵاوی وەر گرت و بەرەو ماڵ کەوتە ڕێ. لە پەنا چۆمێک ڕاوەستا بحەسێتەوە. لە سەر ئاوێ ویستی دەست و چاوی بشوات. داهاتەوە کڵاوەکەی لە سەری کەوتە خوار و ئاو بردی. بە سەری پەتی و دەستی خاڵی مایەوە.

لە پەنا ماڵەکەی دیتی کاروانێک خستوویەتی. بە پەنا کاروانە کە دا تێدەپەڕی، نۆکەرانی بازرگانی خاوەنی کاروان گرتیان و گوتیان هاتووی دزی بکەی. ئافۆ گوتی: دزی چی ؟ ئێرە ماڵی منە و دەچمەوە ماڵی خۆم. نۆکەران گوێیان نەدایە و بردیان بۆ لای بازرگان.

بازرگان پرسی:« بەو شەوەی لە چی دەگەڕێی؟

– بۆ کاسبی چوو بومە شار و ئێستا دەچمەوە ماڵ.

– باشە لە کاسبی چیت پەیدا کردوە.؟ ئافۆ چیرۆکی سە ودا و سە فەرەکەی بۆ گێڕایەوە. بازرگان گوتی :

– ئاگات لە خۆت بێ. ژنەکەت باش پێت ڕادەگا .!

– بۆ چی ؟ هەر بیریشی لێ ناکاتەوە.

– وەرە گرێو بکەین. کە گەیشتیە وە ئە گەر دەستێکی باشی لێ نەدای هەرچی هەمە دەیدەم بە تۆ. ئەگەر لێی دای ئەوە ژنە کەت بدە بەمن.

گرەویان کرد و بازرگان دوو کەسی لە نۆکەرانی خۆی لە گەڵ نارد تا لە سەر بان و لە سەر ڕۆژنە سەیریان بکەن.

ئافۆ لە دەرگای دا. ژنەکە دەرگای لێکردە وە و لە خۆشیان خۆی دە ئامێزێ هاویشت و گوتی:

– خۆشە ویستەکەم باش بوو . چەندە شاد بووم بە سڵامەتی گەڕایە وە.

ئاوی هێنا و لاق و دەستی مێردەکەی شوشت و پرسی:

– کاسبیەکەت چۆن بوو.؟

www.kerimhisami.com

ئافۆ هەموو رووداوەکەی بۆ گێڕایەوە. ژنە کە دڵخۆشی دایە وە و گوتی:

– خۆشە ویستم خەم مەخۆ. کاسبی و بازرگانی بێ زەرەر نابێ. جارێک زەرەر دەکەی و جارێکی تر قازانج دەکەی. نابێ خەم بخۆی.

بازرگان بە بیستنی ئە و قسانە سەری سور ما و هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:« ئە وەیە ژنی باش». پاشان بە گوێرەی قەرارێکی کرد بوویان، کالا و شتەکانی دا بە ئافۆ. ئافۆ دەوڵەمەند بوو لە گەڵ ژنە کە بە خۆشی ژیانیان بردە سەر.

ئەوان بە ئاواتی خۆیان گەیشتن، ئێوەش بە ئاوات بگەن.

www.kerimhisami.com

ژنی ئاقڵ ٦

پیاوێکی پیر هەبوو جگە لە کەرێک هیچی دیکەی شک نە دەبرد. هەموو ڕۆژی دەچوە جەنگەڵ وبارێکی دار دەهێنا. جیرانە دەوڵەمەندەکەی لە پەنجەرەوە تەماشای دەکرد و دەیبینی کە چۆن کابرای فەقیر هەموو ڕۆژێ بارە دارێک دێنێتەوە.

ڕۆژێک لێی پرسی: « من دەبینم هەموو ڕۆژێ تۆ بارە دارێک دێنی. ئەو دارانە بە چەند دەفرۆشی و لە ماڵێدا چەند کەسن.»

– باری بە دە سکە دەدەم و شەش کەسین لە ماڵدا و بەو پارە یە نان و خواردەمەنی دەکڕم.

کابرای دەوڵەمەند پارەیەکی دایە و گوتی : « ئەم پارە یە وەر گرە و ئیتر مە چۆ داران. دڵم پێت دەسووتێ.»

کابرا پارەکەی وەر گرت و دای بە ژنەکەی گوتی:

– ئەو سەد سکەیان داومێ کە دە ڕۆژ نەچمە داران. دوو ڕۆژی پێچوو، ڕۆژی سێیەم پیاوە فەقیرەکە لە ژنەکەی پرسی:

– ئیمڕۆ بۆ چی هیچت نەکڕیوە؟

– پارەم نیە.

– چۆن پارەت نیە؟ پێش دوو ڕۆژ سەد سکەم نەدایەی ، نەمگوت دە ڕۆژان ناچمە داران.؟ کابرا چاری نەما. کەری وەپێش خۆ دا و بەرەو جەنگەڵ کەوتە ڕێ. کابرای دەوڵەمەند دیتی کابرای فەقیر دیسان چوە داران. لە کاتێکا کیژەکەی لە پەنا وێستا بوو، بانگی کابرای کرد و گوتی:

– قەرار نە بوو دە ڕۆژ نە چیە جەنگەڵ؟ من سەد سکەم نەدایەی؟

فەقیر لە وەڵام دا گوتی: « پارەم نەماوە »

www.kerimhisami.com

کیژی کابرای دەوڵەمەند گوتی :« خەتای ئەو نیە. ژنەکەی باش و ماڵدار نیە .

کابرای دەوڵەمەند تێکچوو گوتی:« ئەگەر پیاو تەمبەڵ و بێکارە بێ، ژن دەتوانێ چبکا .؟ پاشان کابرای فەقیری بانگ کرد و گوتی:

– وەرە ئەو کیژەی من لە گەڵ خۆت بەرە بزانە ماڵەکەت چۆن بە ڕێوە دەبات.؟

کچەکە گوتی : « بابە ئێستا کە تۆ وات کرد، کارێکی دەکەم ئاو بە دەستی ئەو پیاوە فەقیرە دابکەی.

کابرای فەقیر کیژە کەی بردە وە و بە دایکی گوت:« ئەوە ژنی منە.»

دایکی گوتی: « تۆ ژنت هەیە ئەوەت بۆ چیە ؟

کابرا ژنەکەی دەر کرد. ژنی تازەی هەم ئاقڵ بوو، هەم کار کەر. دەستی کرد بە دروون و چنین و شتی دیکە و شەش مانگ ڕابرد، خانووی کابرابوو بە کۆشک. ساڵێک پێچوو ڕۆژێک ژنە کە گوتی: بچوو پیاوە دەوڵەمەندەکە بانگێشتن بکە.

کابرا لیباسی تازەی کردە بەر و چوە ماڵی دەوڵەمەندەکە و گوتی:

– هاتوم داوەتت بکەم بە کەرەمی خۆ وەرە ماڵی ئێمە.

کابرا دیتی پیاوێکی وێچو و پۆشتە بانگێشتنی دەکا. خۆی کۆ کردە وە و چوە ماڵی کابرای فەقیر کە زاوای بوو. دیتی ماڵێکە پڕ لە سەروەت و سامان

نانیان خوارد و ویستیان دەستیان بشۆن. کابرای فەقیر ویستی ئاو بە دەستی میوانەکە دابکا، بەڵام ئەو ڕازی نە دەبوو، بە زەحمەت ڕازی کرد. پاشان کابرای دەوڵەمەند گوتی: « نۆرەی منە کە ئاوت بە دەستی دابکەم. چونکە لە من دەوڵەمەند تری.»

ئافتاوەی دەست دایە ئاوی بە دەستی دابکا. لەو کاتە دا کیژەکە هاتە ژوورێ و گوتی:

– بابە چۆنی ؟ پێم نەگوتی وا دەکەم ئاو بە دەستی پیاوی فەقیر دابکەی.؟

بابی دانی پێدا هێنا و گوتی:« ڕاستە کیژم. هەقتە. دەر کەوت تۆ لە من ئاقلتری.

ژنی خەراب ٧

کابرایەک بوو بە ناوی ئەحمەد خان، ژنێکی فرە خەراب و ڕوو گرژی هەبوو.خەڵک پێیان دەگوت:

- ئەحمەد خان تۆ پیاوێکی باش و ئاقڵی. بەڵام ژنەکەت کەس تخون ماڵێ ناکا و لە گەڵ هەموو کەس بە شەڕ دێت. تەریق نابیەوە.

ڕۆژێک بە ژنەکەی گوت: « با بچینە مەزرایە.»

ڕۆیشتن. ژنەکەی بردە سەر چاڵاوێک و گوتی:« پارەکە ئێرەم کرد بوە عەنباری گەنم. سەیری کە بزانە هیچی تێدا ماوە.؟

زن چوە سەر چاڵاو و ئەحمەد خان پاڵێکی پێوە نا و بە تەنیا گەڕایەوە. شەو ویژدانی نارەحەت بوو. گوتی « هەر چی بێت ئەو ژنە لە گەڵ من زەحمەتی کێشاوە، بچم نانێکی بۆ بەرم.»

بەیانی هەستا هێندێ خواردنی هەڵگرت و گوریسێکی دەست دایە و چوە سەر چاڵاوەکە. گوتی با بزانم زیندوە یان نا. گوریسی هاویشتە خوار و تاوێک چاوە ڕوان بوو، پاشان هەڵیکێشاوە. هەستی کرد قورسە. وای زانی ژنەکەیەتی. کە هاتە دەر، تەماشای کرد مارێکی گەورە خۆی لێ هاڵاندوە. ویستی بێخاتە وە ناو چاڵاوەکە. مار دەستیکرد بە پاڕانەوە و گوتی :

- پیاوی چاک بە مەم خەرەوە چاڵاو. من بە زەحمەت لە دەست ژنێک نەجاتم بوە کە دوێشەو کەوتە ئەم چاڵاوە. لە گەڵ خۆت هەڵمگرە، بە کارت دێم.

ئەحمەد خان ماری بردەوە ماڵێ. ماوەیەک پێچوو، ڕۆژێک مار پێی گوت:

- ئەی ئەحمەد خان من دەچم لە ملی کچی پاشا دە هاڵێم. هیچ کەس ناتوانێ نەجاتی بدا. کاتێ جارچی جار دە کێشێ و دەڵێ: « کێ دەتوانێ کیژی پاشا نەجات بدا». تۆ بێژە من دەتوانم نەجاتی بدەم.» ئەو دەم وەرە و لە ملی

www.kerimhisami.com

کیژەکەم بکەوە تا پاشا ئاڵتونێکی زۆرت بداتێ و دەوڵەمەند دەبی. سزای ئەو چاکەیە کە لە گەڵ منت کردوە.

مار چوە ژووری کیژی پاشا و خۆی لە ملی هاڵاند. پاشا دوکتۆر و چاوبەست و زانای بانگ کردن، کەس چاری پێ نەکرا. پاشا گوتی :« لە شار جار بکێشن کە :

– هەر کەس بتوانێ کیژی پاشا نەجات بدا، پاشا کیژە کەی دەداتێ.

ئەحمەد خان گوتی :« من دەتوانم نەجاتی بدەم.» ئەحمەد خانیان بردە بارەگای شا و بردیانە ژووری کیژەکە. دیتی کیژ کەوتوە و مار لە ملی هاڵاوە. مارە کە چاوی بە ئەحمەد خان کەوت، کیژەکەی بەردا و گوتی:« ئەگەر جارێکی دیکە لە ملی کیژی پاشا هاڵام، نەکەی بێی نەجاتی بدەی. ئەگەر بێی دەتخنکێنم»

ئەحمەد خان کیژی پاشای مارە کرد و حەوت شەو و ڕۆژ زەماوەندی کرد.

باشە ئەوان لە خۆشی و شادی دا ڕادەگرین و دەچین بزانین مار چدەکا.

مارە دیسان چوە ژووری کیژی پاشای وڵاتی دراوسێی ئەوان . هەموو خەڵکی کۆشکی پاشا کۆ بوونەوە و هیچیان بۆ نەکرا. یەک لە خزمەتکاران گوتی:« لە وڵاتی دراوسێمان ئەحمەد خانێک هەیە تەنیا ئەو دەتوانێ چاری بکات. بە دوای ئەحمەد خانیان دا نارد. ئەو ترسا و لە دڵی خۆیدا گوتی:« ئێستا چبکەم.؟ ئەگەر نەچم پاشا دەمکوژێ. بچم مار دەم خنکێنێ.!»

ئاخرەکەی بڕیاری دا بچێ. چوە ژووری کیژی پاشا و دیتی مار لە ملی کیژەکە هاڵاوە و هاتوە بیخنکێنێ. مار کە چاوی بە ئەحمەد خان کەوت، ویستی خۆی باوێتێ و بیخنکینێ. ئەحمەد خان گوتی:

– ڕاوەستە. من نەهاتووم کیژی پاشا نەجات بدەم. هاتم ئاگادارت بکەم کە ژنەکەم لە چاڵاو هاتۆتەوە دەر و بە دوات دا دەگەڕێ.

مار کە ئەوەی بیست، کیژی پاشای بەردا و رایکرد.

کە وابوو پیاوان سەر کۆنە مەکەن کە بە ژنەکانیان ناوێرن. ژن ئەگەر خەراب وبێحەیا بوو کەس پێی ناوێرێت.

ژنی بە مەکر ٨

ڕۆژێک مێرد بە ژنەکەی گوت: « قەت ناتوانی فریوم بدەی.»

ژن لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی :

– دەبڕۆ. هەر کاتێ بخوازم بەلاییکت بە سەر دێنم هەر باسی مەکە.

– تۆ! ژنی بێ ئاقل چۆن دەتوانی لە بەرانبەر ئاقڵی پیاو دا خۆ بنوێنی.؟

ئاخـرەکـەی ڕۆژێک پیـاوەکـە چوە مـەزرایە جـوتی بکا. ژن بریاری دا گاڵتـەیەکی لە گەڵ بکا. چوە بازار و ماسی تازەی کڕی و بۆ مێـردەکەی بردە مەزرا و گوتی: « تا تۆ نانەکەت دەخۆی، من دەچم بزانم جوتت چاک کردوە یان نا.؟

– ژن بە خەتی جوتیدا دەچوو، لە چەند شەقاوێکدا ماسیەکی دەخستە خەتی جوتی و دایدەپۆشی. هەموو خەتەکان گەڕا و گەڕایەوە پەنا مێردەکەی دانیشت و نازی کرد و بە زمانێکی شیرین و گاڵتە دەستی بە قسان کرد.

نیو سەعاتی پێچوو، مێردە کە گوتی:

– باشە. هەستە تۆ بڕۆ تا من زەویەکەم بکێڵم.

ژنەکە وەڵامی دایەوە :

– ڕاوەستە جارێکی تر با لە گەڵ تۆ بە خەتی جوت دا بێم، پاشان دەڕۆم.

مێرد دەستی کرد بە کێلان و ژنەکەش لە گەڵ ئەو دەڕۆیشت. دوو هەنگاو ڕۆیشتبوون کە ماسی لە ژێر گاسن هاتە دەر.

ژنەکە گوتی : « بزانە هاتنی من چەندی خێر پێوە بوو. داخوا قەت خودا نیعمەتێکی ئاوای بە نسیب کرد بووی.؟

برێکی دیکە ڕۆیشتن ماسییەکی دیکەش لە ژێر گاسن هاتە دەر. ژن ماسیەکانی هەڵگرت و بردنیەوە ماڵێ و سووری کردنەوە. سۆوسیشی پێدا

کرد. ئێوارێ مێردەکەی هاتەوە و بانگی کرد:« ئافرەت ماسی بێنە !

– ماسی چی ؟

– چۆن ماسی چی؟ کام ماسی ؟ ئەو ماسیانەی کە لە زەوی دەرم هێنان.

ژن هاواری کرد و گوتی :

– ئەی هاوار! خەڵکینە بگەنە هاوارم. مێردەکەم شێت بوە! کەس دیتوویە کە ماسی لە زەوی بگیرێ؟

دراوسێکان بە غار هاتن و پیاوەکەیان گرت و لە کۆڵەکەیان بەست. شەو کە خەڵک بڵاوەی کرد، پیاوەکە پاڕاوە و گوتی :

– من لەو کۆڵەکە بکەوە. بێگومان خەونم دیبوو کە ماسیم لە زەوی گرتوە.– نا. ئەگەر بێکەمەوە لێم دەدەی.

– بە وەجاخ و بە گیانی منداڵەکان دەستت لێنادەم. ژنەکە لە کۆڵەکەی کردەوە و دەوری سۆسی لە پێش دانا و سەری ماسی لە ژێر سۆس هاتە دەر. مێردەکە بە ترسە وە گوتی:« ئەی هاوار دیسان خەون دەبینم. شتی سەیرم دێنە بەر چاو.

– چ دەبینی ؟ چیت دێتە بەر چاو؟ دیسان ماسی دەبینی ؟

– بەڵێ !

– چما تۆ نەتگوت کە ناتوانی فریوم بدەی ؟ ئێستا بینیت کە ئاقڵی پیاوان هیچ ناهێنێ. ئەوەی گوت و لە قاقای پێکەنینی دا.

www.kerimhisami.com

ژن و مێرد ٩

پیاوێک بوو ژنێکی جوان و میهرەبانی هەبوو. بەلام منداڵیان نە بوو. پیاوەکە کاری دەکرد و بەردی قورسی هەڵدەگرت. بە بوونی ئەو ژنە باشە ئەوەندە دڵخۆش بوو کە بەردی قورسی بە هاسانی هەڵدەگرت. ڕۆژێک پاشا و وەزیر بە کن ئە و دا تێدەپەڕین.

پاشا بە وەزیری گوت:« سەیری کە ئەم پیاوە چەندە بە توانایە.»

وەزیر گوتی:« لێرەدا هێز لە گۆڕێدا نیە، تەنیا دڵی خۆشە.»

– نا.. مەسەلەی هێزە. لە نێوان پاشا و وەزیر دا باس دەستی پێکرد. وەزیر گوتی :

– وەرە گرێو بکەین. من دەڵێم ئەم پیاوە یا دڵی خۆشە، یا ژنی جوانە، یا زۆر دەوڵەمەندە، یا منداڵی باشی هەن. یەک لەوانەیە.

پیرێژنێکیان ناردە ماڵی کابرا. گوتیان برۆ بزانە چی لە ماڵێدا هەیە. پیرێژن چوو دیتی هیچی نیە. منداڵیشی نیە. بەلام ژنەکەی جوانە. پیرێژن هاتەوە و گوتی : « تەنیا ژنە کەی جوانە .»

پاشا فیکری کردەوە : کە چبکەم ژنە کەی لێ بستێنم.» بە پیرێژنی گوت :

– پارەیەکی زۆرت دەدەمێ، هەوڵ بدە فریوی بدەی. پیرێژن چوە لای ژنە کە و گوتی:

– تۆ کە منداڵت نیە، سەروەت و سامانت نیە. مێردی کرێکارت بۆ چیە. ئەم هەموو جوانیە لە گەڵ کێ دەبەیە سەر.

– چی بکەم ؟

– بەرەڵای کە ، وەرە مێرد بە پاشا بکە.

– باشە وا دەکەم. مێرد لە کار هاتە وە دیتی رەفتاری ژنە کەی گۆڕاوە.

www.kermalisami.com

بەر لەوە کە مێردەکەی دەهاتەوە، ژن پێڵاوی لە پێ دەر دەهێنا، لاقی دەشوشت، نان و چای بۆ ساز دەکرد. لە سەر جێدا سەری دە خستە سەر سینگی مێردەکە و خەوی لێدەکەوت. ئێستا پیرێژن فریوی دابوو. تەنانەت سەیری مێردەکەشی نە دەکرد. مێرد ئازاری دەکێشا و دەیگوت:« چقەوماوە کە ژنم سەیرم ناکا .؟ هەر چۆنێک بێ چوە سەر کار و ویستی بەردێک هەڵگرێ، نەیتوانی.

وەستا لێی پرسی :« چیە.. چت لێقەوماوە.؟

– نازانم ،هەر دەڵێی بارێکی قورس لە سەر دڵم دانراوە.

– چیت لێ قەوماوە ؟

– ژنەکەم نایەوێ سەیرم بکا .

وەستا گوتی برۆ مەسینەکەت بشکێنە و پاشان دەست بە گریان و هاوار بکە. ژنەکەت دەپرسێ بۆ وا دەکەی.؟ بڵێ : مەسینەکەم شکاوە» دەڵێ: « باشە. شکاوە یەکی دیکە بکڕە.» لە وەڵام دا بڵێ : « نا بە مەسینەی خۆم ڕاهاتبووم. دەسکی خۆش بوو، ئاوی باش لێ دەهاتە دەر. یەکی تازە بکڕم . چوزانم باشە یا خەراب»

مێرد قسەی وەستای گرتە گوێ و بە کاری هێنا. ژن کە دیتی مێردەکەی بۆ مەسسینە دەگری و ناتوانێ لە گەڵ هی تازە ڕابێ. لە دڵی خۆیدا گوتی: « ئاخر منیش بە مێردەکەی خۆم ڕاهاتووم. ئەگەر ببمە ژنی پاشا دیسان دەبێ بەویش ڕابێم. باشترە هەر لە گەڵ مێردی خۆم ژیان بەرمە سەر و بمێنمەوە.» جارێکی تر لە گەڵ مێردەکەی ڕێک کەوتەوە.

www.kerimhisami.com

دوو مەلا ١٠

مـەلایەک دوو ژنی هـەبوون و مـەلایکی تر کـە رەفـیـقی بوو، ژنێکی هـەبوو. ئەوەی دوو ژنی هـەبوو هـەمیشە بەیانی زوو لە خـەو هـەڵدەستا و دە چوو لە سـەر منارە بانگی دەدا، ئەوەی ژنێکی هـەبوو وەدرەنگی دەکـەوت و نـەیدەتوانی زوو لە خـەو هـەستێ و بگاتە رەفـیـقـەکـەی. رۆژێک مـەلای یـەک ژنە بە مـەلای دوو ژنەی گوت:

- بێگومـان تۆ دەچیە بەهەشت. هـەر چەندی دەکـەم ناتوانم بەیانیان زوو لە خـەو هـەستم.

- بـەڵێ وایە فـەقـیـر! تۆ ژنێکت هـەیە هـەتا دەگـەڕێ گـۆرە وی و کـەوشـەکانت دەدۆزێتەوە و نانت بۆ ساز دەکا، دەبێتە رۆژ و درنگ دەبێ. بەڵام وەزعی من فەرقی هـەیە. ژنەکانم یەکیان کەوش و گۆرەویم بۆ دێنێ، یەکیان نان ئامادە دەکا و مێزەرم بۆ دێنێ و زوو دەکەمە سەر منارە.

مـەلای یەک ژنە بیری کردەوە و هەر ئەو رۆژە چوو ژنێکی دیکەشی هێنا. لای رۆژ ئاوا کە هاتەوە ماڵێ، دیتی شەڕە ژنە و یەک دەڵێ:

- ئەی خاک بە سەری مەلا!

ئەویتر دەڵێ: ئەی تف لە ریشی مەلا!

- ئەی تف بە گۆڕی بابی مەلا

- ئەی تف بە گۆڕی دایکی مەلا!

شـەو داهات و جنێو و شـەڕ نە بڕایەوە. مـەلا ناچار هـەستـا لە مـاڵێ دەر کـەوت و چو لە سـەر منارە خـۆی مـات کرد. دیتی کـەسی لێ نیـە و دانیـشت. تاوێکی پێچوو دیتی مەلای رەفیقی هات و گوتی:

www.kerimbisani.com

– پێم نه گوتی که پیاوی دوو ژنه هەمیشه زووتر ده گاته سەر مناره.

– خـودا بتگرێ ! ئەم ئاگـرەی ده مـاڵی تۆ بەر ببـوو، ده مـاڵی منیـشت بەردا .!

دوو خوشک ١١

کابرایەک دوو کیژی هەبوون، هەر تکی به مێرد دان و رۆیشتن. ماویەکی پێچوو له حاڵیان بێخەبەر بوو. نەیدەزانی ژیانیان چۆنه. خێزانی پێی گوت:« ماوەیەکی له کچەکانمان بێخەبەرین. بچوو بزانه چۆنن.

کابرا دیاری بۆ کیژەکانی کڕی و کەوته ڕێ. چوه ماڵی کچه گەورەکەی دیتی به تەنیا له ماڵێ دانیشتوه. باب و کچ یەکتریان له ئامێز گرت و یەکتریان ماچ کرد و دانیشتن و دەستیان به قسان کرد. باب پرسی :

– باشه کیژم بڵێ بزانم وەزع و حاڵت چۆنه.؟

کچەکه گوتی: « با بچینه بەر دەرگا پێت دەڵێم. چوونه بەر دەرگا و کچ گوتی:

– ئەو مەزرایه دەبینی هەمووی زەوی ئێمەیه و کردوومانەته گەنم. ئەگەر خوا بکا و باران بباری، گەنمێکی زۆرمان دەبێ و بەشی ئازوقەی چەند ساڵمان دەکا و بۆ فرۆشتنیش دەمێنێتەوه.

زاوای کابرا ئێواری هاتەوه. نانیان ساز کرد و شێویان خوارد و پاشان خوا حافیزی کرد و کابرا چوه ماڵی کیژی دووهەمی. تەماشای کرد به تەنیا دانیشتوه. کچ به دیتنی بابی شاد بوو، یەکتریان ماچ کرد و بابی پرسی :

– باشه کچم وەزع و حاڵتان چۆنه. ژیان چۆن به سەر دەبەن.؟

– بابه ! با بچینه حەساری جا پێت دەڵێم.

ژنی ئاقڵ ٦

پیاوێکی پیر هەبوو جگە لە کەرێک هیچی دیکەی شک نە دەبرد. هەموو ڕۆژی دەچوە جەنگەڵ وبارێکی دار دەهێنا. جیرانە دەوڵەمەندەکەی لە پەنجەرەوە تەماشای دەکرد و دەیبینی کە چۆن کابرای فەقیر هەموو ڕۆژێ بارە دارێک دێنێتەوە.

ڕۆژێک لێی پرسی: « من دەبینم هەموو ڕۆژێ تۆ بارە دارێک دێنی. ئەو دارانە بە چەند دەفرۆشی و لە ماڵێدا چەند کەسن.»

– باری بە دە سکە دەدەم و شەش کەسین لە ماڵدا و بەو پارە یە نان و خواردەمەنی دەکڕم.

کابرای دەوڵەمەند پارەیەکی دایە و گوتی : « ئەم پارە یە وەر گرە و ئیتر مە چۆ داران. دڵم پێت دەسووتێ.»

کابرا پارەکەی وەر گرت و دای بە ژنەکەی گوتی:

– ئەو سەد سکەیان داومێ کە دە ڕۆژ نەچمە داران. دوو ڕۆژی پێچوو، ڕۆژی سێیەم پیاوە فەقیرەکە لە ژنەکەی پرسی:

– ئیمڕۆ بۆ چی هیچت نەکڕیوە؟

– پارەم نیە.

– چۆن پارەت نیە؟ پێش دوو ڕۆژ سەد سکەم نەدایەی ، نەمگوت دە ڕۆژان ناچمە داران.؟ کابرا چاری نەما. کەری وەپێش خۆ دا و بەرەو جەنگەڵ کەوتە ڕێ. کابرای دەوڵەمەند دیتی کابرای فەقیر دیسان چوە داران. لە کاتێکا کیژەکەی لە پەنا وێستا بوو، بانگی کابرای کرد و گوتی:

– قەرار نە بوو دە ڕۆژ نە چیە جەنگەڵ؟ من سەد سکەم نەدایەی؟

فەقیر لە وەڵام دا گوتی: « پارەم نەماوە »

www.kerimhisami.com

کیژی کابرای دەوڵەمەند گوتی :« خەتای ئەو نیە. ژنەکەی باش و ماڵدار نیە .

کابرای دەوڵەمەند تێکچوو گوتی:« ئەگەر پیاو تەمبەڵ و بێکارە بێ، ژن دەتوانێ چبکا .؟ پاشان کابرای فەقیری بانگ کرد و گوتی:

– وەرە ئەو کیژەی من لە گەڵ خۆت بەرە بزانە ماڵەکەت چۆن بە ڕێوە دەبات.؟

کچەکە گوتی : « بابە ئێستا کە تۆ وات کرد، کارێکی دەکەم ئاو بە دەستی ئەو پیاوە فەقیرە دابکەی.

کابرای فەقیر کیژە کەی بردە وە و بە دایکی گوت:« ئەوە ژنی منە.»

دایکی گوتی: « تۆ ژنت هەیە ئەوەت بۆ چیە ؟

کابرا ژنەکەی دەر کرد. ژنی تازەی هەم ئاقڵ بوو، هەم کار کەر. دەستی کرد بە دروون و چنین و شتی دیکە و شەش مانگ ڕابرد، خانووی کابرابوو بە کۆشک. ساڵێک پێچوو ڕۆژێک ژنە کە گوتی: بچوو پیاوە دەوڵەمەندەکە بانگێشتن بکە.

کابرا لیباسی تازەی کردە بەر و چوە ماڵی دەوڵەمەندەکە و گوتی:

– هاتوم داوەتت بکەم بە کەرەمی خۆ وەرە ماڵی ئێمە.

کابرا دیتی پیاوێکی وێچو و پۆشتە بانگێشتنی دەکا. خۆی کۆ کردە وە و چوە ماڵی کابرای فەقیر کە زاوای بوو. دیتی ماڵێکە پڕ لە سەروەت و سامان

نانیان خوارد و ویستیان دەستیان بشۆن. کابرای فەقیر ویستی ئاو بە دەستی میوانەکە دابکا، بەڵام ئەو ڕازی نە دەبوو، بە زەحمەت ڕازی کرد. پاشان کابرای دەوڵەمەند گوتی: « نۆرەی منە کە ئاوت بە دەستی دابکەم. چونکە لە من دەوڵەمەند تری.»

ئافتاوەی دەست دایە ئاوی بە دەستی دابکا. لەو کاتە دا کیژەکە هاتە ژوورێ و گوتی:

– بابە چۆنی ؟ پێم نەگوتی وا دەکەم ئاو بە دەستی پیاوی فەقیر دابکەی.؟

بابی دانی پێدا هێنا و گوتی:« ڕاستە کیژم. هەقتە. دەر کەوت تۆ لە من ئاقلتری.

www.kerimhisami.com

ژنی خەراب ٧

کابرایەک بوو بە ناوی ئەحمەد خان، ژنێکی فرە خەراب و ڕووگرژی هەبوو.خەڵک پێیان دەگوت:

– ئەحمەد خان تۆ پیاوێکی باش و ئاقڵی. بەڵام ژنەکەت کەس تخون ماڵێ ناکا و لە گەڵ هەموو کەس بە شەڕ دێت. تەریق نابیەوە.

ڕۆژێک بە ژنەکەی گوت: « با بچینە مەزرایە.»

ڕۆیشتن. ژنەکەی بردە سەر چاڵاوێک و گوتی:« پارەکە ئێرەم کرد بوە عەنباری گەنم. سەیری کە بزانە هیچی تێدا ماوە.؟

زن چوە سەر چاڵاو و ئەحمەد خان پاڵێکی پێوە نا و بە تەنیا گەڕایەوە. شەو ویژدانی نارەحەت بوو. گوتی « هەر چی بێت ئەو ژنە لە گەڵ من زەحمەتی کێشاوە، بچم نانێکی بۆ بەرم.»

بەیانی هەستا هێندێ خواردنی هەڵگرت و گوریسێکی دەست دایە و چوە سەر چاڵاوەکە. گوتی با بزانم زیندوە یان نا. گوریسی هاویشتە خوار و تاوێک چاوە ڕوان بوو، پاشان هەڵیکێشاوە. هەستی کرد قورسە. وای زانی ژنەکەیەتی. کە هاتە دەر، تەماشای کرد مارێکی گەورە خۆی لێ هاڵاندوە. ویستی بێخاتە وە ناو چاڵاوەکە. مار دەستیکرد بە پاڕانەوە و گوتی :

– پیاوی چاک بە مەم خەرەوە چاڵاو. من بە زەحمەت لە دەست ژنێک نەجاتم بوە کە دوێشەو کەوتە ئەم چاڵاوە. لە گەڵ خۆت هەڵمگرە، بە کارت دێم.

ئەحمەد خان ماری بردەوە ماڵێ. ماوەیەک پێچوو، ڕۆژێک مار پێی گوت:

– ئەی ئەحمەد خان من دەچم لە ملی کچی پاشا دە هاڵێم. هیچ کەس ناتوانێ نەجاتی بدا. کاتێ جارچی جار دە کێشێ و دەڵێ: « کێ دەتوانێ کیژی پاشا نەجات بدا». تۆ بێژە من دەتوانم نەجاتی بدەم.» ئەو دەم وەرە و لە ملی

www.kerimbisami.com

کیژەکەم بکەوە تا پاشا ئاڵتونێکی زۆرت بداتێ و دەوڵەمەند دەبی. سزای ئەو چاکەیە کە لە گەڵ منت کردوە.

مار چوە ژووری کیژی پاشا و خۆی لە ملی هالاند. پاشا دوکتۆر و چاوبەست و زانای بانگ کردن، کەس چاری پێ نەکرا. پاشا گوتی :« لە شار جار بکێشن کە :

- هەر کەس بتوانێ کیژی پاشا نەجات بدا، پاشا کیژە کەی دەداتێ.

ئەحمەد خان گوتی :« من دەتوانم نەجاتی بدەم.» ئەحمەد خانیان بردە بارەگای شا و بردیانە ژووری کیژەکە. دیتی کیژ کەوتوە و مار لە ملی هالاوە. مارە کە چاوی بە ئەحمەد خان کەوت، کیژەکەی بەردا و گوتی:« ئەگەر جارێکی دیکە لە ملی کیژی پاشا هالام، نەکەی بێی نەجاتی بدەی. ئەگەر بێی دەتخنکێنم»

ئەحمەد خان کیژی پاشای مارە کرد و حەوت شەو و رۆژ زەماوەندی کرد.

باشە ئەوان لە خۆشی و شادی دا ڕادەگرین و دەچین بزانین مار چدەکا.

مارە دیسان چوە ژووری کیژی پاشای وڵاتی دراوسێی ئەوان . هەموو خەڵکی کۆشکی پاشا کۆ بوونەوە و هیچیان بۆ نەکرا. یەک لە خزمەتکاران گوتی:« لە وڵاتی دراوسێمان ئەحمەد خانێک هەیە تەنیا ئەو دەتوانێ چاری بکات. بە دوای ئەحمەد خانیان دا نارد. ئەو ترسا و لە دڵی خۆیدا گوتی:« ئێستا چبکەم.؟ ئەگەر نەچم پاشا دەمکوژێ. بچم مار دەم خنکێنێ.!»

ئاخرەکەی بڕیاری دا بچێ. چوە ژووری کیژی پاشا و دیتی مار لە ملی کیژەکە هالاوە و هاتوە بیخنکێنێ. مار کە چاوی بە ئەحمەد خان کەوت، ویستی خۆی باوێتێ و بیخنکێنێ. ئەحمەد خان گوتی:

- ڕاوەستە. من نەهاتووم کیژی پاشا نەجات بدەم. هاتم ئاگادارت بکەم کە ژنەکەم لە چاڵاو هاتۆتەوە دەر و بە دوات دا دەگەڕێ.

مار کە ئەوەی بیست، کیژی پاشای بەردا و رایکرد.

کە وابوو پیاوان سەر کۆنە مەکەن کە بە ژنەکانیان ناوێرن. ژن ئەگەر خەراب وبێحەیا بوو کەس پێی ناوێرێت.

ژنی بە مەکر ٨

ڕۆژێک مێرد بە ژنەکەی گوت: « قەت ناتوانی فریوم بدەی.»

ژن لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی :

– دەبڕۆ. هەر کاتێ بخوازم بەڵایێکت بە سەر دێنم هەر باسی مەکە.

– تۆ! ژنی بێ ئاقل چۆن دەتوانی لە بەرانبەر ئاقڵی پیاو دا خۆ بنوێنی.؟

ئاخرەکەی ڕۆژێک پیاوەکە چوە مەزرایە جوتی بکا. ژن بریاری دا گاڵتەیەکی لە گەڵ بکا. چوە بازار و ماسی تازەی کڕی و بۆ مێردەکەی بردە مەزرا و گوتی: « تا تۆ نانەکەت دەخۆی، من دەچم بزانم جوتت چاک کردوە یان نا.؟

– ژن بە خەتی جوتیدا دەچوو، لە چەند شەقاوێکدا ماسیەکی دەخستە خەتی جوتی و دایدەپۆشی. هەموو خەتەکان گەڕا و گەڕایەوە پەنا مێردەکەی دانیشت و نازی کرد و بە زمانێکی شیرین و گاڵتە دەستی بە قسان کرد.

نیو سەعاتی پێچوو، مێردە کە گوتی:

– باشە. هەستە تۆ بڕۆ تا من زەویەکەم بکێڵم.

ژنەکە وەڵامی دایەوە :

– ڕاوەستە جارێکی تر با لە گەڵ تۆ بە خەتی جوت دا بێم، پاشان دەڕۆم.

مێرد دەستی کرد بە کێلان و ژنەکەش لە گەڵ ئەو دەڕۆیشت. دوو هەنگاو ڕۆیشتبوون کە ماسی لە ژێر گاسن هاتە دەر.

ژنەکە گوتی : « بزانە هاتنی من چەندی خێر پێوە بوو. داخوا قەت خودا نیعمەتێکی ئاوای بە نسیب کرد بووی.؟

برێکی دیکە ڕۆیشتن ماسیەکی دیکەش لە ژێر گاسن هاتە دەر. ژن ماسیەکانی هەڵگرت و بردنیەوە ماڵێ و سووری کردنەوە. سۆوسیشی پێدا

کرد. ئێوارێ مێردەکەی هاتەوە و بانگی کرد:« ئافرەت ماسی بێنە !

– ماسی چی ؟

– چۆن ماسی چی؟ کام ماسی ؟ ئەو ماسیانەی کە لە زەوی دەرم هێنان.

ژن هاواری کرد و گوتی :

– ئەی هاوار! خەڵکینە بگەنە هاوارم. مێردەکەم شێت بوە! کەس دیتوویە کە ماسی لە زەوی بگیرێ؟

دراوسێکان بە غار هاتن و پیاوەکەیان گرت و لە کۆڵەکەیان بەست. شەو کە خەڵک بڵاوەی کرد، پیاوەکە پاڕاوە و گوتی :

– من لەو کۆڵەکە بکەوە. بێگومان خەونم دیبوو کە ماسیم لە زەوی گرتوە.– نا. ئەگەر بێکەمەوە لێم دەدەی.

– بە وەجاخ و بە گیانی منداڵەکان دەستت لێنادەم. ژنەکە لە کۆڵەکەی کردەوە و دەوری سۆسی لە پێش دانا و سەری ماسی لە ژێر سۆس هاتە دەر. مێردەکە بە ترسە وە گوتی:« ئەی هاوار دیسان خەون دەبینم. شتی سەیرم دێنە بەر چاو.

– چ دەبینی ؟ چیت دێتە بەر چاو؟ دیسان ماسی دەبینی ؟

– بەڵێ !

– چما تۆ نەتگوت کە ناتوانی فریوم بدەی ؟ ئێستا بینیت کە ئاقڵی پیاوان هیچ ناهێنێ. ئەوەی گوت و لە قاقای پێکەنینی دا.

www.kerimhisami.com

ژن و مێرد ٩

پیاوێک بوو ژنێکی جوان و میهرەبانی هەبوو. بەڵام منداڵیان نە بوو. پیاوەکە کاری دەکرد و بەردی قورسی هەڵدەگرت. بە بوونی ئەو ژنە باشە ئەوەندە دڵخۆش بوو کە بەردی قورسی بە هاسانی هەڵدەگرت. ڕۆژێک پاشا و وەزیر بە کن ئە و دا تێدەپەڕین.

پاشا بە وەزیری گوت:« سەیری کە ئەم پیاوە چەندە بە توانایە.»

وەزیر گوتی:« لێرەدا هێز لە گۆڕێدا نیە، تەنیا دڵی خۆشە.»

– نا.. مەسەلەی هێزە. لە نێوان پاشا و وەزیر دا باس دەستی پێکرد. وەزیر گوتی :

– وەرە گرێو بکەین. من دەڵێم ئەم پیاوە یا دڵی خۆشە، یا ژنی جوانە، یا زۆر دەوڵەمەندە، یا منداڵی باشی هەن. یەک لەوانەیە.

پیرێژنێکیان ناردە ماڵی کابرا. گوتیان بڕۆ بزانە چی لە ماڵێدا هەیە. پیرێژن چوو دیتی هیچی نیە. منداڵیشی نیە. بەڵام ژنەکەی جوانە. پیرێژن هاتەوە و گوتی : « تەنیا ژنە کەی جوانە .»

پاشا فیکری کردەوە : کە چبکەم ژنە کەی لێ بستێنم.» بە پیرێژنی گوت :

– پارەیەکی زۆرت دەدەمێ، هەوڵ بدە فریوی بدەی. پیرێژن چوە لای ژنە کە و گوتی:

– تۆ کە منداڵت نیە، سەروەت و سامانت نیە. مێردی کرێکارت بۆ چیە. ئەم هەموو جوانیە لە گەڵ کێ دەبەیە سەر.

– چی بکەم ؟

– بەرەڵای کە ، وەرە مێرد بە پاشا بکە.

– باشە وا دەکەم. مێرد لە کار هاتە وە دیتی ڕەفتاری ژنە کەی گۆڕاوە.

www.kermalhisami.com

بەر لەوە کە مێردەکەی دەهاتەوە، ژن پێڵاوی لە پێ دەر دەهێنا، لاقی دەشوشت، نان و چای بۆ ساز دەکرد. لە سەر جێدا سەری دە خستە سەر سینگی مێردەکە و خەوی لێدەکەوت. ئێستا پیرێژن فریوی دابوو. تەنانەت سەیری مێردەکەشی نە دەکرد. مێرد ئازاری دەکێشا و دەیگوت:« چقەوماوە کە ژنم سەیرم ناکا .؟ هەر چۆنێک بێ چوە سەر کار و ویستی بەردێک هەڵگرێ، نەیتوانی.

وەستا لێی پرسی :« چیە.. چت لێقەوماوە.؟

– نازانم ،هەر دەڵێی بارێکی قورس لە سەر دڵم دانراوە.

– چیت لێ قەوماوە ؟

– ژنەکەم نایەوێ سەیرم بکا .

وەستا گوتی برۆ مەسینەکەت بشکێنە و پاشان دەست بە گریان و هاوار بکە. ژنەکەت دەپرسێ بۆ وا دەکەی.؟ بڵێ : مەسینەکەم شکاوە» دەڵێ: « باشە. شکاوە یەکی دیکە بکرە.» لە وەڵام دا بڵێ : « نا بە مەسینەی خۆم ڕاهاتبووم. دەسکی خۆش بوو، ئاوی باش لێ دەهاتە دەر. یەکی تازە بکڕم . چوزانم باشە یا خەراب»

مێرد قسەی وەستای گرتە گوێ و بە کاری هێنا. ژن کە دیتی مێردەکەی بۆ مەسسینە دەگری و ناتوانێ لە گەڵ هی تازە ڕابێ. لە دڵی خۆیدا گوتی: « ئاخر منیش بە مێردەکەی خۆم ڕاهاتووم. ئەگەر ببمە ژنی پاشا دیسان دەبێ بەویش ڕابێم. باشترە هەر لە گەڵ مێردی خۆم ژیان بەرمە سەر و بمێنمەوە.» جارێکی تر لە گەڵ مێردەکەی ڕێک کەوتەوە.

www.kerimhisami.com

دوو مەلا ١٠

مەلایەک دوو ژنی هەبوون و مەلایکی تر کە رەفیقی بوو، ژنێکی هەبوو. ئەوەی دوو ژنی هەبوو هەمیشە بەیانی زوو لە خەو هەڵدەستا و دە چوو لە سەر منارە بانگی دەدا، ئەوەی ژنێکی هەبوو وەدرەنگی دەکەوت و نەیدەتوانی زوو لە خەو هەستێ و بگاتە رەفیقەکەی. رۆژێک مەلای یەک ژنە بە مەلای دوو ژنەی گوت:

– بێگومان تۆ دەچیە بەهەشت. هەر چەندی دەکەم ناتوانم بەیانیان زوو لە خەو هەستم.

– بەڵێ وایە فەقیر! تۆ ژنێکت هەیە هەتا دەگەرێ گۆرە وی و کەوشەکانت دەدۆزێتەوە و نانت بۆ ساز دەکا، دەبێتە رۆژ و درنگ دەبێ. بەڵام وەزعی من فەرقی هەیە. ژنەکانم یەکیان کەوش و گۆرەویم بۆ دێنێ، یەکیان نان ئامادە دەکا و مێزەرم بۆ دێنێ و زوو دەکەمە سەر منارە.

مەلای یەک ژنە بیری کردەوە و هەر ئەو رۆژە چوو ژنێکی دیکەشی هێنا. لای رۆژ ئاوا کە هاتەوە ماڵێ، دیتی شەرە ژنە و یەک دەڵێ:

– ئەی خاک بە سەری مەلا!

ئەویتر دەڵێ: ئەی تف لە ریشی مەلا!

– ئەی تف بە گۆڕی بابی مەلا

– ئەی تف بە گۆڕی دایکی مەلا!

شەو داهات و جنێو و شەڕ نە برایەوە. مەلا ناچار هەستا لە ماڵێ دەر کەوت و چو لە سەر منارە خۆی مات کرد. دیتی کەسی لێ نیە و دانیشت. تاوێکی پێچوو دیتی مەلای رەفیقی هات و گوتی:

www.kerimbisani.com

– پێم نه گوتی كه پیاوی دوو ژنه هه‌میشه زووتر ده گاته سه‌ر مناره.

– خودا بتگرێ ! ئه‌م ئاگره‌ی ده ماڵی تۆ به‌ر ببوو، ده ماڵی منیشت به‌ردا .!

دوو خوشک ١١

کابرایه‌ک دوو کیژی هه‌بوون، هه‌ر تکی به مێرد دان و رۆیشتن. ماویه‌کی پێچوو له حاڵیان بێخه‌به‌ر بوو. نه‌یده‌زانی ژیانیان چۆنه. خێزانی پێی گوت:« ماوه‌یه‌کی له کچه‌کانمان بێخه‌به‌رین. بچوو بزانه چۆنن.

کابرا دیاری بۆ کیژه‌کانی کڕی و که‌وته ڕێ. چوه ماڵی کچه گه‌وره‌که‌ی دیتی به ته‌نیا له ماڵێ دانیشتوه. باب و کچ یه‌کتریان له ئامێز گرت و یه‌کتریان ماچ کرد و دانیشتن و ده‌ستیان به قسان کرد. باب پرسی :

– باشه کیژم بڵێ بزانم وه‌زع و حاڵت چۆنه.؟

کچه‌که گوتی: « با بچینه به‌ر ده‌رگا پێت ده‌ڵێم. چوونه به‌ر ده‌رگا و کچ گوتی:

– ئه‌و مه‌زرایه ده‌بینی هه‌مووی زه‌وی ئێمه‌یه و کردوومانه‌ته گه‌نم. ئه‌گه‌ر خوا بکا و باران بباری، گه‌نمێکی زۆرمان ده‌بێ و به‌شی ئازوقه‌ی چه‌ند ساڵمان ده‌کا و بۆ فرۆشتنیش ده‌مێنێته‌وه.

زاوای کابرا ئێواری هاته‌وه. نانیان ساز کرد و شێویان خوارد و پاشان خوا حافیزی کرد و کابرا چوه ماڵی کیژی دووهه‌می. ته‌ماشای کرد به ته‌نیا دانیشتوه. کچ به دیتنی بابی شاد بوو، یه‌کتریان ماچ کرد و بابی پرسی :

– باشه کچم وه‌زع و حاڵتان چۆنه. ژیان چۆن به سه‌ر ده‌به‌ن.؟

– بابه ! با بچینه حه‌ساری جا پێت ده‌ڵێم.

www.kerimhisami.com

چوونه حەساریّ، بابی دیتی حەسار پڕە لە دیزە و گۆزە و لولێنە و هەوڕی گڵ، کیژە کە گوتی :

– بابە دەبینی. ئەگەر خوا بکا باران نەباریّ و هەوا هەور و شەدار نەبیّ، ئەوانە وشک بنەوە، دەیان فرۆشین و پارەیەکی باشمان دەست دەکەویّ و بەشی چەند ساڵمان دەکا.

باب لە ماڵی ئەو کیژەش نانی خوارد و گەڕایەوە ماڵی خۆیان. ژنەکەی لێی پرسیّ:

– باشە کچەکان چۆنن و ژیانیان چۆن دەبەنە سەر .؟

باوک هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: « بڵێم چی. بێگومان حاڵی یەکی لە کچەکانمان زۆر خەراب دەبیّ. ئەگەر باران بباریّ کیژە بچوکەکەمان فەقیر و نابوت دەبیّ. ئەگەر باران نەباریّ، کچە گەورەکەمان هەموو شتێکی لە کیس دەچیّ.!

www.kerimhisami.com

عادەت (ڕاهاتن) ١٢

گەنجێکی دەوڵەمەندی بێ دایک و باب هەبوو. ویستی ژنێک بێنێ کە بە تەنیا هەموو کارەکانی ماڵێ بکات. گەڕا گەڕا، هیچ کیژێک بەوە ڕازی نەبوو. بەڵام ڕۆژێک کچێکی جوان پەیدا بوو گوتی :

– من ئامادەم هەموو کاری ماڵێ بە تەنیا بکەم. تەنیا عادەتێکم هەیە کە گوێم لە دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا ی بوکێ بوو، واز لە هەموو کارێک دێنم و دەچمە شایی. ئەگەر بەم عادەتەی من ڕازی شوت پێدەکەم.

گەنجە کە گوتی : موافقم. بەڵام منیش عادەتێکم هەیە. سەودایان سەری گرت و بوکی هێنا ماڵێ. ماوەیەکی زۆر بە خۆشی ڕایان بوارد و ژن هەموو کارەکانی دەکرد و پیاویش ڕازی بوو. وەرزی دروێنە هات و کابرا چەند کرێکاری گرت و لە گەڵیان چوە مەزرایە. کاتی نیوەڕۆ کەس نانی بۆ نەهێنان. پیاوەکە لە بیری چوو بوو کە ئەو ڕۆژە لە گوندی زەماوەندە. بە کرێکارەکانی گوت؛

– من دەچمەوە و ئێوەش سەعاتێکی تر وەرنەوە.

سواری ئەسپ بوو کەوتە ڕێ. کە گەیشتەوە گوندی دەنگی دەهۆڵ و زوڕنای بیست، وەبیری هاتەوە کە دەبێ ژنەکەی چوو بێتە شایی. هاتەوە ماڵێ. دیتی مەڕ و بەرخ پێکەوە کۆ بوونەوە، هەموو شت تێکدراوە. چەند کەسی لە جیرانەکان بانگ کرد، یەک مەڕەکانی بردە ئاغەڵ و یەک ئاگری کردەوە و یەک خەریکی نان ساز کردن بوو. پاش سەعاتێک نان ئامادە بوو، کرێکار هاتنەوە، نانیان خوارد و ڕۆیشتن. لاو دۆشەگی ڕاخست و دارێکیشی لە ژێر دۆشکدا شاردەوە. لیباسی کردە بەر و چوە کۆڕی شایی. دیتی ژنەکە هەڵدەپەڕێ و ئەوەندەش جوانە کە پیرە مێردیش ڕووی لێ وەر ناگێڕن.

www.kerimhisami.com

چوه کن زوڕنا ژەن و پارەیەکی دایە و دەستی ژنەکەی گرت و لە گەڵ ژنەکە دەستی کرد بە هەڵپەڕین. ئەوەندە هەڵپەڕین تا هیلاک بوون. ژنەکەی ویستی بچنەوە ماڵێ. چوونەوە، نانیان خوارد و چوونە سەر جێ. نیوە شە و کابرا داری لە بن دۆشەگ هێنا دەر و کەوتە گیانی ژنە کە و دار کارییەکی باشی کرد و لێی نوست. بەیانی کە هەستا دیتی هەموو سەر و چاوی ژنەکەی رەش و شین هەڵگەڕاوە. هاواری کرد:

– ئاخ خوایە ئەوە چبوە، چیت بە سەر هاتوە ؟ بۆچ وات لێهاتوە؟

– بێگومان شەوی ڕابردوو عادەتەکەت گوڵی کرد بوو، نەت دەزانی چدەکەی و منت دار کاری کرد و ئەوەت بە سەر هێنام، گیانەکەم وەرە قەرار دابنێین کە من ئیتر نەچمە شایی و تۆش ئەو عادەتە تەرک بکە .

www.kerimhisami.com

سمایل چاوەش ١٣

ڕۆژێک پاشا بە وەزیری گوت:« بڵێ بزانم کام خۆراکە ناخورێ، کام ئەسپە ناکرێ بە ئەسپی ناو بەری، کام ئینسانە نا توانی ناوی ئینسانی لێ بنێی. چل ڕۆژت مۆڵەت بێ، ئەگەر وەڵامی ئەم مەتەڵانە نە دەیەوە، سەرت دادەنێی.!

وەزیر مانگێک هەولی دا تا وەڵامێک بدۆزێتەوە و هیچی بۆ نەکرا. تەنیا دە ڕۆژی مابوو کە سەری تێدا بچێ.

ڕۆژێ سەر گەردان لە کۆڵان دەسوڕاوە. دیتی کەچەڵێک دانیشتوە پیس پۆخڵ، چڵمی هاتۆتە خوار. وەزیر تفێکی لێکرد و تێپەڕی. کەچەڵ بانگی کرد و گوتی:

– ڕاوەستە. بۆ وا توند تێدەپەڕی؟ پێت وایە لە من ئاقڵتری؟ دەزانم پاشا مەتەڵۆکی پێگوتوی و ناتوانی وەڵامی بدیەوە. بەم زوانە لە سەرت دەدا.

وەزیر واقی وڕ ما. گەڕاوە و چوە کن کەچەڵ و گوتی: « تۆ لە کوێ دەزانی. ؟

کەچەڵ گوتی: « لە کوێ دەزانم ! لە وێوە دەزانم. ئەوەش دەزانم کە دە ڕۆژ زیاتر تەمەنت نەماوە.»

وەزیر بە تکا و پاڕانەوە گوتی :« کەچەڵ گیان، گوێ بدەیە. تۆ وەڵامی مەتەڵی پاشا نازانی کە پێم بڵێی.؟»

کەچەڵ گوتی :

– ئەوە زانینی ناوێ. گوێ بگرە. ئەم خۆراکەی کە ناتوانی بیخۆی، خەیارێکە لە سێبەر دا پێدەگا و هەتاوی وێ نە کەوتبێ. تاڵ دەبێ. هەر چەندە خواردەمەنییە، بەڵام ناخورێ. بەڵام ئەم ئەسپەی کە بە ئەسپ ناو نابرێ،

www.kerimhisami.com

ئەسپێکە لاقی چەپە و دەستی ڕاستەی سپیە و قەشانە ، جگە لەوە ئەسپی ئاوا بەد فەڕە، هەر چەند ئەسپە، بەڵام ناکرێ بە ئەسپی ناو بەری. ئەمما کەسێکی کە نا توانی بە پیاوی بزانی ، کەسێکە ژن دێنێ و بە زاوا دەچێتەوە سەر ماڵی خەزوری.

وەزیر فرە شاد بوو، سوپاسی کەچەڵی کرد و بە تاڵوکە رووی کردە کۆشکی پاشا و وەڵامەکانی بە پاشا گوت. پاشا گوتی :

– ئەی وەزیر، ئەگەر بە ئاقڵی خۆت وەڵامی مەتەڵەکانی زانیوە، بۆچی ڕۆژی هەوەڵ نەت گوت. بڵێ بزانم کێ فێری کردووی ؟

وەزیر گوتی : کەچەڵ فێری کردووم.

پاشا گوتی: بچوو کەچەڵی بێنە ئێرە.

وەزیر بە ناچاری چوو کەچەڵی هێنا کۆشکی پاشا.

شا سەیرێکی کەچەڵی کرد و دەستی بە ریشی خۆیدا هێنا و هیچی نە گوت. کەچەلیش دەستیکی بە لاجانگییەوە نا. پاشا پێکەنی و گوتی :« کەچەڵ بۆ دەستت بە لاجانگەوە نا.؟

– قیبلەی عالەم ، تۆ بۆ چی دەستت بە ریشت دا هێنا؟ دەت ویست بڵێی کە « تەماشا کە، شتی چەند سەیر لەم دنیایە پەیدا دەبێ.؟» من دەستم بە لاجانگمەوە ناو لە وەڵامدا گوتم:« ئاقڵی ئینسان لە سەری دایە، نەک لە ریشی دا.»

کەچەڵ لە بەرانبەر پاشا دانیشت و شا پرسی :

– ناوت چیە .؟

– سمایل چاوەشم پێ دەڵێن.

کەچەڵ و پاشا لە ئاخاڤتن دابوون. لەو کاتە دا تەتەرێک لە لایەن شای ئێرانەوە گەیشتە خزمەت پاشا و گوتی :

– پاشا سلامەت بێ. شا بە منی گوتوە کە بێمە لات و پێت بڵێم کە خێرا کیژی خۆتی بدەیەی.

پاشا بێدەنگ بوو، وەزیر هیچی نەگوت. دەور و بەری بارەگای پاشاش بە

www.kerimhisami.com

جارێ بێدەنگ بوون. بەڵام سمایل چاوەش گوتی:

– نایدەم. کاتێ سمایل چاوەش ئەوەی گوت، تەتەر جەغزێکی لە سەر عەرز کێشا. سمایل چاوەشیش دوو جگی لە گیرفان هێنا دەر و هاویشتیە نێو جەغزەکە. تەتەر هیچی نە گوت و بێدەنگ لە کۆشکی پاشا وەدەر کەوت. پاشا لە کەچەڵی پرسی :

– مانای ئەوانە چی بوون ؟

– ئاخ، قیبلەی عالەم؟ تۆ کە سەرت لەم شتانە دەر ناچێ، چۆن وڵات بە رێوە دەبەی.؟ ئەو جەغزەی کە لە سەر عەرز کێشای مانای ئەوە بوو کە شار گەمارۆ دەدەن. ئەو جگانەی من هاویشتمە نێو جەغزەکە، تێمگەیاند کە ئێمە شەڕ دەکەین.

پاش چەند رۆژ شای ئێران سێ شیری بۆپاشا نارد کە هەر سێکیان وەک یەک بوون و ویستی بڵێن کە کامەیان هی شەخسی شایە و کامیان هی وەزیرە و کامە یان هی وەکیلە. هەموو سەیرێ یەکیان کرد و هیچیان نە دۆزیەوە، چونکە هەر سێکیان وەک یەک بوون. سمایل چاوەش گوتی :

– من دەتوانم خاوە نی شیرەکان بناسم. ئاگر بێنن، شیری یەکەمی لە ناو ئاگر نا. تیغەکەی نە گۆڕا بوو. ڕەنگی هەر وەک خۆی بوو.

سمایل لەو لای دانا و گوتی :« ئەوە هی پاشایە.

پاشان شیری دووەمی خستە ناو ئاگر. نوکی رەش ببوو. گوتی :« ئەمەیان هی وەزیرە.

بەڵام کاتێ شیری سێیەم لە ئاگر وەنیزیک کەوت، هەمووی رەش هەڵگەڕا. گوتی: « ئەمەیان هی وەکیلە.

مەسەلەکەیان بە پاشای ئێران ڕاگەیاند. لە ئاقڵ و وریایی پاشا سەری سوڕ ما. دوو ماینی هاو ڕەنگ و هاو قەدی نارد و دەیویست بزانن کامیان دایکە و کامیان جوانوە. هەموو بیریان کردەوە ، بەڵام وەڵامی راستیان نەبوو.ماینەکان وەک یەک بوون.

سمایل چاوەش گوتی:

www.kerimhisami.com

– من دەتوانم لێکیان جیا بکەمەوە. هەر تکیان بخەنە تەویلەیەکی تاریکەوە. دەرگایان لە سەر دابخرێ. هەر چەندی خواردیان تفاقیان بدەنێ، بەڵام ئاویان نەدەنێ. سێ ڕۆژ لە تەویلە ڕایان بگرن و ڕۆژی سێیەم بەریان بدەن. دایکەکە پێش دەکەوێ و جوانوەکە بە دوایدا.

ئەو کارەیان کرد. هەر یەکە دارێکیان دە ملی کردن و ناوی دایک و جوانویان لێ نووسین و بۆ شای ئێرانیان ناردنەوە.

پاشای ئێران ویستی جارێکی دیکەش ئاقڵ و بیری پاشا تاقی بکاتەوە. لولەیەکی مارپێچی چل گەزی بۆ پاشا نارد و گوتی: «داوە دەزوێکی بە ناو دا بەرن و هەر دوک سەری پێکەوە گرێ بدەن.

هەموو دەور و بەری بارەگا کۆ بوونەوە و بیریان کردەوە کەس ئاقڵی پێ نەشکا.

سمایل چاوەش گوتی: «داوە دەزوێک بێنن تۆزێ هەنگوین و نەختێک مێو بێنن. کاتێ هەموو شتەکانیان هێنا سمایل چاوەش سەری دەزوکەی بە هەنگوین کرد و نەختێک مێوی پێوە نووساند و خستیە پێش کونە مێروو. میرولەیەک مێوەکە گرت و دەزووی بە دوای خۆدا کێشا، مێرولە کەیان خستە کونی لولە کە و مێروو ڕۆیشت و لەو سەری هاتە دەر و سەرەکانیان لێک گرێدا و بۆ پاشای ئێرانیان نارد. پاشای ئێران کە وای دیت تەترێکی دیکەی نارد و داوای کرد کە: «چونکە ئەسپەکانی ئێمە لێرە دەحیلێنن، ماینەکانی ئێوە ئاوس دەبن. جوانوەکانیان هەموو هی ئێمەن. دەبێ جوانوەکان بدەنەوە بە ئێمە.»

پاشا سەری سوڕ ما و نەیدەزانی چی وەڵام بداتەوە. سمایل چاوەش گوتی:

– پاشا سلامەت بێ. دە پازدە زەلامی ئازام بدەیە تا بچمە کن پاشا وەڵامی بدەمەوە.

پاشا گورج دوازدە کەسی لە ئازاترین شەرکەرەکانی دایە. سوار بوون ڕەوانەی ئێران بوون. کە گەیشتنە سنووری ئێران هەر سەگێکی دیتیان کوشتیان. خەبەری سەگ قڕانیان بە پاشا گەیاند. شا پیاوەکانی خۆی نارد.

سمایل چاوەش هەموو پیاوەکانی شای گرت و لە گەڵ خۆی بردنی بۆ کۆشکی شا.

پاشا لە سمایل چاوەشی پرسی : « ئەو سەگانەت بۆ کوشتوە.؟»

سمایل چاوەش وەڵامی داوە: « سەگەکانی تۆ بە کاری هیچ نایەن. »

- ئەم قسانە چیە؟ بەڵگەت چیە بۆ ئەم قسانەت.؟

- من لە گوندی خۆمان شوانم. لە پڕ گورگێک میگەلی پەلامار دا. هەر چەندی بانگی سەگەکانی تۆم کرد، هیچیان نەهاتن، گورگ مەڕەکانی منیان خوارد.

شا نەڕاندی و گوتی : « ئەوە شێت بووی. گوندی تۆ تا ئێرە ڕێگای مانگێکە. سەگی من چۆن دەنگی تۆ دەبیسن.؟

سمایل چاوەش گوتی: « ئەدی چۆن ئەسبی تۆ بحیلێن، ماینەکانی ئێمە ئاوس دەبن. شتی وا چۆن دەبێ .؟

شا قاقا پێکەنی و گوتی : تۆ بردتەوە. دیاری دایە و خەڵاتی کرد و بە ڕێی کردەوە و ئیتر وازی لە پاشا هێنا.

پاشا کە ئەو هەمو دیاری و شتە باشانەی دیت کە دراون بە سمایل چاوەش، کیژەکەی خۆی لێ مارە کرد. حەوت شەو و ڕۆژ شایی و زەماوەندی بۆ ساز کرد و ئەوان بە ئاوات گەیشتن و ئێوەش بە ئاوات بگەن.

www.kerimhisami.com

کیژی ئاقڵی پاشا ١٤

پاشایەک بوو کچێکی هەبوو. ڕۆژێ لە ڕاوێ گەرایەوە و کیژە کەی بانگ کرد. هێلکەیەکی لە سەر سەری دانا و تیرێکی هاویشتێ و هێلکەی بەرداوە، لە کچەکەی پرسی: « کیژم ، ئەنگێوەیەکی باشم یان نا .؟»

کیژەکە گوتی :

– بابە فیز لێ مەدە، هونەرێکت نە نواندوە، کار کاری ڕاهاتنە.

شا تورە بوو بە وەزیری گوت: « بیبە بیکوژە.»

وەزیر کیژەکەی برد لە جەنگەڵ بەرەڵای کرد و هاتەوە گوتی؛ کوشتم

کیژ لە جەنگەڵ دەسوڕاوە توشی شوانێک بوو. شوان پرسی:« فەقیرۆکە دەچیە کوێ.»

– تەنیا و بێکەسم . بمکە بە کیژی خۆت. شوان ڕازی بوو ، گوتی: « منداڵم نیە، تۆ دەبیە منداڵی من. شوان و کچ کەوتنە ڕێ و چوونەوە ماڵێ. نانیان خوارد و خەوتن. بەیانی کیژەکە مرواریەکی لە پرچانی کردەوە و دای بە شوان و گوتی :

– بابە ئیتر مە چۆ بەر مەڕی. ئەم مرواریە بەرە بفرۆشە. دەوڵەمەند دەبی و چیت دەوێ بکڕە.

شوان بردی و فرۆشتی. ڕۆژی دوایە کیژەکە گوتی: « با بچین هێندێ بگەڕێین. ڕۆیشتن گەیشتنە بناری کێوێک. شوێنێکی جوان بوو. کانیەک لە زەوی هەڵدەقوڵی. کچ گوتی:« بچۆ کن پاشا و تکای لێبکە ئەم زەویەت پێ بفرۆشێ.»

شوان چوە کن پاشا و داوای لێکرد کە ئەو پارچە زەویەی بناری کێوی

www.kerimhisami.com

پێ بفرۆشێ. پاشا کە دیتی شوان هاتوە داوا دەکا زەوی بکڕێ، سەری سور ما: شوان پارەی زەوی کڕینی لە کوێ بوە،؟ پێی گوت:« زەویەکە بۆ تۆ و پارەشم نە گەرەکە.

شوان گەڕاوە و گوتی: « پاشا ئەم زەویەی پێ بەخشین،

کچەکە مرواریەکی دیکەی دایە و گوتی برۆ بە تاجرێکی بفرۆشە و بڵێ لە جیاتی پارە، کۆشکێکی چل تەبەقە لەو جێگایە دروست بکا. لە گەڵ بازرگانێک رێک کەوت و کۆشکی چل تەبەقە ئامادە بوو. کچ بە شوانی گوت:

– بابە، بچۆ بازار مانگایەکم بۆ بکڕە کە تازە زابێت و گوێلکی نێری هەبێت. شوان چوە بازار ومانگاو گوێلەکەی کڕی و هێنانیەوە. کیژەکە گوێلەکەی بردە قاتی چلە و هەموو رۆژێ سێ جار لە ئامێزی دەگرت و دەیهێناوە خوارێ، مانگاکەی دەدۆشی و گوێلک دەیمژت و دەیبردەوە سەرێ.

پێنج ساڵی تەواو ئەم کیژە گوێلکی دە بردە سەر و دەیهێناوە خوارێ. گوێلک گەورە ببوو. رۆژێ پاشا لەو جەنگەڵە ڕاوی دەکرد. کیژەکە بە شوانی گوت:« بچوو پاشای بۆ شەو بانگێشتن کە.»

شوان چوە کن پاشا و گوتی :

– ئەی سولتانی میهرەبان ئەمشەو میوانی من بە .

پاشا قبوڵی کرد و ئێوارە چوە کۆشکی شوان. کیژەکە نانی ساز کرد و خۆی بۆ مانگا دۆشین و هێنانە خواری گوێلک چوە سەر و مانگای دۆشی و گوێلکی بردەوە سەر. پاشا کە ئەوەی دیت سەری سوڕ ماو دەستی لە خواردن هەڵگرت و بانگی کرد:

– ئەی شوان! شتێکی سەیر دەبینم. وە موجیزە دەچێ. باسی کچکەتم بۆ بکە.

کچ گوێی لێ بوو هات بە پاشای گوت:

– ئەی قیبلەی عالەم! نە سەیرە و نە موجیزەیە، کار کاری ڕاهاتنە. پاشا بە بیستنی ئەم قسەیە گریا و قسەی کیژەکەی وەبیر هاتەوە کە کاتی خۆی وای پێگوتبوو.

www.kerimhisami.com

کیژەکە پرسی : « بۆ دەگری.؟»

پاشا باسەکەی بۆ گێڕاوە و گوتی : « کچەکەم بێ تاوان کوشت.»

کیژەکە پرسی :« ئەی پاشا ئەو کەسەی کچەکەتی کوشتوە زیندوە ؟»

- بەڵێ زیندوە.

- بیهێنە ئێرە،

پاشا خزمەتکارەکەی نارد و وەزیری هێنا . شا لێی پرسی:

- گوێ بگرە. داخوا ئەو ڕۆژە تۆ کیژەکەی منت کوشت.؟

- ئەی قیبلەی عالەم ئەمانم بدەیە تا ڕاستی بڵێم. شا گوتی: « ئەمانم دایەی »

- ئەو رۆژە کیژەکەم نە کوشت.

کچەکە گوتی: « ئەی پاشا ئەگەر ئێستا کیژەکەت بێنمە کن تۆ، سزای نادەی .؟

- بەڵێن دەدەم

کچ چارشێوی لە سەر خۆی لادا و پاشا ناسیەوە و لە شادیدا نوقم بوو گوتی:

- هەقتە. دەر کەوت تۆ لە من ئاقڵتری. کیژەکەی دا بە وەزیر و شوانی بردە کۆشکی خۆی. شایی و زەماوەندیان کرد.

www.kerimbisami.com

قچاقی ساختەچی ١٥

(قچاق کەسێکی روحانیە کە یەزیدی لایان وایە شتی غەیبی دەزانێ)

ژن و پیاوێکی پیر و فەقیر هەبوون و هیچیان نەبوو. ڕۆژێ پیرەمێرد گوتی :

چبکەین ؟ چۆن بژین و نانێک لە کوێ پەید کەین ؟

ژنەکەی گوتی : « لیباسی روحانیەک پەیدا کە ، کتێبێکی دەست دەیە و برۆ لە نێو شار خەڵک فریو بدە. خۆ دەبێ بەجۆرێک نان پەیدا کەین.»

هەر وەک ژن گوتبووی، ئاوای کرد. بە نێو شار دا کەوتە ڕێ. دیتی کوڕی پاشا لە گەڵ منداڵان جگێن دەکا. جگی کوڕی پاشا کەوتە قەڵشتێکەوە. منداڵان هەوڵیاندا و نەیان دیتەوە. قەڵشتەکەیان داپۆشی. کوڕی پاشا بە گریان چۆوە کن دایکی. قچاقی ساختەچی دەیزانی کەوتۆتە کوێ. ژنی پاشا چوە ئەو شوێنە کە منداڵ جگێنیان لێدەکرد. دیتی غەیبگۆی فاڵگرەوە لە وێ دانیشتوە. پێی گوت :

– ئەگەر بە راستی لە غەیب دەزانی، بزانە جگی کوڕەکەم کەوتۆتە کوێ، بیدۆزەوە.

قچاق گوتی: « بچۆوە ماڵێ. سەعاتێکی دیکە دێم و دەیهێنمەوە.»

ژنی پاشا رۆیی. قچاق جگی لە قەڵشتێ هێنا دەر و بۆ ژنی پاشای بردەوە. ئەویش سکە ئالتونێکی دایە. غەیبگۆ چۆوە ماڵ و بە ژنەکەی گوت:

– گوڵێ! بۆ ئیمرۆ شتێکم پەیدا کرد و بزانین بەیانی چۆن دەبێ.

ڕۆژی دوایی قچاقی ساختەچی، چوە باغچەی پاشا. تەماشای کرد کچی پاشا لە گەڵ کیژی وەزیر بە مرواری یاری دەکات. مرواری لە دەست کیژی پاشا کەوتە خوار. کچی وەزیر هەڵیگرتەوە و لە باخەڵی دا شاردیەوە. قچاق

www.kerimbisani.com

چاوی لێ بوو. بە ژنی پاشایان گوت : کیژەکەت مرواری ون کردوە. ژنی پاشا بە دوای قچاقی دا نارد و گوتی :

– مرواری کیژەکەم بزر بوە. تکایە بیدۆزەوە.

غەیبگۆ گوتی: بچۆوە. من دەیدۆزمەوە و بۆت دێنمەوە. شاژن ڕۆی. غەیبگۆش چوە ماڵی وەزیر و لە پشت دەرگا دانیشت. دیتی کیژی وەزیر دێتەوە. غەیبگۆ بانگی کرد و گوتی :« کیژم! بۆ چی مرواری کچی پاشات لە باخەڵت دا شاردەوە. ئەگەر ڕاستی نەڵێی، ئابڕوت دەچێ. کیژی وەزیر ترسا و مرواریيەکەی هێنا دەر ودایەوە بە قچاقی ساختە. ئەویش مرواری هەڵگرت و بردیەوە بۆ ژنی شا . ئەویش چەند سکە ئالتونی دایە. غەیبگۆ چۆوە ماڵ و بە ژنەکەی گوت:

گوڵێ ! ئیمڕۆش چەند ئالتونێکم پەیدا کردوە. ئیتر خۆمان پێ بەڕێدەچێ. بەڵام دەترسم کە لێمان ئاشکرا بێ و بەڵایێکم بە سەر بێنن. غەیبگۆی ساختەچی کەم کەم ناو بانگی دەر کرد. شەوێک حەوت دز خەزێنەی پاشایان لێدا وتەواوی ئاڵتون و جەواهراتیان برد. پاشا بە دوای ساختەچی دا نارد و گوتی :

– بیست و چوار سەعاتت مۆڵەت بێ بچی خەزێنەی من بدۆزییەوە. دەنا لە سەرت دەدەم. غەیبگۆ بە نارەحەتی گەڕاوە ماڵ و بە ژنەکەی گوت : « گوڵێ تێدا چووم. »

بەڵام دزەکان ئاگایان لە غەیبگۆ هەبوو نیوە شەو دوو لە دزەکان چوونە پشت دەرگای قچاق، تا بزانن کابرا باسی چدەکا. کونێک لە چوار چێوەی دەرگای قچاق دا هەبوو، غەیبگۆ حەوت جوجەڵەی هەبوون بە کونەکە دا هاتنە وە ژوور. غەیبگۆ بە ژنەکەی گوت:« دوویان هاتوونەوە، پێنجیان ماون.»

دوو دزەکان گەڕانەوە و چوونە کن هەڤاڵەکانیان و گوتیان :« لەعنەت لە زاتی. هەر کە چووینە سەربان، گوتی:« دوویان هاتوون و پێنجیان ماون.» دزەکان ترسان و هەموویان چوونە سەر بان و لە کولانەوە گوێیان دا بزانن دەڵێ چی. لەو کاتە دا جوجەڵەکانی دیکەش هاتنەوە. قچاق بە ژنەکەی گوت:

www.kerimhisami.com

- باشە. هەر حەوتیان هاتوونەوە.
دزەکان ترسان ، هاتنە خوار و چوونە کن غەیبگۆ. گوتیان : « ئێمە خەزێنەی پاشامان لێداوە. تکا دەکەین کارێکی وابکەی پاشا ئێمە نە کوژێ.»
قچاق گوتی: « بزانن من دوێنیش دەمتوانی لێتان لە هەرا بدەم. بەلام سەبارەت بە ژن و منداڵتان دلّم نەهات. برۆن هەرچی بردووتانە بیهێننە لای من و ئیتر برۆن و باستان ناکەم.»
دزەکان ئالتون و جەواهراتیان بۆ قچاق هێنا، ئەویش هەر یەکە چەند ئالتونێکی دانێ. گوتیان ئابڕومان نەبەی .
ڕۆژی دوایی پاشا ناردی کە غەیبگۆ بەرنە کن پاشا. غەیبگۆی ساختەچی گوتی :
- برۆن بە پاشا بڵێن، کاروانێک بنێرێ خەزێنەکەی بەرێتەوە.
پاشا کاروانی نارد و خۆشی هاتە ماڵی غەیبگۆ و گوتی :
- دەبێ ناوی دزەکانم پێ بڵێی.
- قیبلەی عالەم ناتوانم پێت بڵێم. چونکە پیرم ڕێگا نادا ناویان ئاشکرا بکەم.
پاشا خەزێنەی بردەوە و پیاڵەیەکی پڕ لە زێڕیشی دا بە قچاق.
ڕۆژێک قچاق لە ئاشی دەهاتەوە. بە پێش کۆشکی پاشادا تێدەپەڕی، پاشا لە گەڵ ژن و منداڵی لە هەیوانی کۆشک وێستا بوون و سەیری جادەیان دەکرد. کاتێ غەیبگۆیان دیت، پاشا گوتی :
تەماشا کەن ئەوە غەیبگۆی خۆمانە لە ئاشی دێتەوە. غەیبگۆ ریشی بە ئارد ببوو، دەستی هەڵێنا کە ئاردەکەی لە ریشی بکاتەوە. بەلام پاشا و ژنەکەی لایان وابوو کە ئەوان بانگ دەکا. لە هەیوان هاتنە خوارێ و چوونە کن غەیبگۆ. لە گەڵکو ئەوان هاتنە خوارێ، هەیوان رووخا. پاشا و ژنەکەی بە سەر سور مانەوە هاواریان کرد ئافەرین قچاق. چۆنت زانی هەیوان دەڕووخێ.؟ تۆ ژیانی ئێمەت نەجات دا. پاشا دوو پیاڵە زێڕی دا بە قچاق.
قچاق ناوبانگی دەر کرد. لە دنیا دەنگی دایەوە. ڕۆژێک پاشای وڵاتی

www.kerimhisami.com

جیـرانیـان هێندێ خـۆڵی کـردە سندوقـێک و هێندێ گـوڵی لـە سـەر دانا و بۆ پاشـای وڵاتی قـچاقی نارد. پیـاوەکانی سندوقیـان هێنا کن پاشـای غـەیبگۆ و گوتیان با غەیبگۆ بێت و بڵێ؛ ئەم سندوقە چی تێدایە.؟ پاشا ناردی غەیبگۆیان هێنا. گوتی:

– ئێستا بڵێ بزانم ئەم سندوقە چی تێدایە. نەیزانی لە سەرت دەدەم.

قچاق لە ترسان و لە ناهومێدی ناڵاندی و گوتی:

– ئاخ گوڵێ، ئاخ گوڵێ. سەری سندوقیان هەڵگرت و دیتیان خۆڵ و گوڵە.

پاشا ئافەرینی لێکرد و ئەمری کرد بە قورسایی خۆی زێڕی بدەنێ. ڕۆژی دوایی قچاق هاتە لای پاشا و گوتی:

– قـیبلەی عـالەم ئیـتـر نامـەوێ غـەیبگۆیی بکـەم پیـر بووم. پیـرەکـەم هەڕەشەی لێکردووم ئەگەر درێژەی پێبدەم، چاوم کوێر دەکات. ئایا بەزەییت بە من دانایە.؟

پاشـا مـەرەخـەسـتی کرد و قـچاق لە گـەڵ خـێزانی تا ئاخری تـەمـەنی بە خۆشی ژیانیان بردە سەر.

www.kerimhisami.com

سێ برادەر ١٦

سێ برادەری کورد و ئەرمەنی و جولەکە پێکەوە بەرەو شار کەوتنە ڕێ. لە سەر ڕێگا گەیشتنە میوانخانەیەک، ژوورێکیان گرت و ویستیان شەولە وێ بمێننە وە. ئێوارێ ویستیان بچن نان بخۆن. پارەکانیان بژارد، دیتیان بە هەرسێکان بەشی جەمە کەبابێکیان پێیە. کەبابیان کڕی و چوونە ژوورەکەیان.

هەرمەنی گوتی: « دەبێ من ئەو کەبابە بخۆم »

– بۆ دە بێ تۆ بیخۆی .؟

– چونکە خۆتان دەزانن لە هەر شارێک دەبێ هەرمەنیەک هەبێ. لەم شارەش دا هەر مەنی تەنیا منم. ئەگەر بمرم شارەکە بێ هەرمەنی دەبێ.

جولەکە گوتی: « ئەگەر بە هەق بێ دەبێ من بیخۆم. چونکە خۆتان دەزانن جولەکە قەومێکی بچوکن. ئەگەر بمرم یەکی تریش لە قەومی جوو کەم دەبێتەوە. ئەوەش باش نیە.

کوردەکو گوتی:« ئەگەر وایە با بخەوین. هەر کەس لە ئێمە شەو خەونی خۆشتری دیت، کەبابە کە بخوا .»

پێشنیاری کوردەیان پەسند کرد و خەوتن. بەیانی کە هەستان هەرمەنی گوتی: خەونێکی سەیرم دیوە. عیسا پێغەمبەر هاتە لام و گوتی هەستە با بڕۆین. سواری ئەسبێکی کردم و بەرەو عاسمان فڕین. ڕۆیشتین تا گەیشتینە کۆشکێک پڕ بوو لە خواردن و شەڕاب و شیرینی. منیش تا توانیم خواردم و خواردمەوە.»

جولەکە گوتی : « ئەو خەونە هیچ نیە. لە خەومدا موسا پێغەمبەر هات هەموو جۆرە خواردن و خواردنەوەیەکی بۆ هێنام. هێندێ کیژی جوانی وەک

www.kerimbisami.com

حۆریشی لە گەڵ خۆی هێنا بوو. هێندێ لەو کیژانە خواردنیان دەدامێ و هێندێ خواردنەوە. پاشان سەمایان دەکرد و منیش بە کەیفی خۆم دەمخوارد و دەمخواردەوە و کەیفم دەکرد.. هیچکامتان خەونی وا خۆشتان نەدیوە. کەباب وەبەر من دەکەوێ بیخۆم.»

کوردە گوتی : « گوێ بدەنێ. خەوم لێکەوت، هەستم کرد یەک ڕامدەوەشێنەێ. چاوم کردنەوە دیتم محەممەد پێغەمبەر لە سەر سەرم وێستاوە و دەڵێ : هەستە. مەگەر نازانی برادەرانی هەرمەنی و جولەکەت چۆن وا لە کەف و خۆشی و ڕابواردن دان. من هیچم بۆ تۆ نە هێناوە، ئێستا کە برادەرەکانت خواردوویانە و تێر و پڕن. لانی کەم کە هیچم بۆ نەهێناوی تۆ هەستە ئەو کەبابەی بخۆ. منیش هەستام و کەبابم خوارد.

هەرمەنی و جوو سەری قاپەکەیا لابرد، دیتیان کەباب نەماوە.

www.kerimhisami.com

دوو دراوسێ ١٧

دوو دراوسێ بوون و بیستانیان لە کن یەک بوو. یەکیان دوو کەری هەبوو. ڕۆژێکی کەرەکانی بردبوونە بیستان، یەکی بەستبۆوە و ئەویتریان بەرەڵا بوو. جیرانەکەی هات دیتی دوو کەر لە وێن. یەکیان بەستراوەتەوە و ئەوی دیکەیان چۆتە نێو بیستان و هەموو سەوزی و شتەکانی خواردوە و پێشێلی کردوون. کەرەکەی دەر کرد و چوە کن جیرانەکەی و سکاڵای کرد و گوتی:

– وەرە تەماشاکە. ئەو کەرەت بۆ نەبەستۆتەوە و هیچی لە بێستانەکەمدا نە هێشتوە.

– ڕاوەستە. ئێستا دێم و تۆڵەی لێدەکەمەوە. دارێکی دەست دایە و بۆ لای کەرەکان چوون. تەماشای کرد بە ڕاستی هیچی نەهێشتوە. چوە سەر کەری بەستراوە و وەریگەڕایە و جا وەرە لێیدە.

جیرانەکەی گوتی: « ئەو فەقیرە هیچی نەکردوە، بەستراوەتەوە، بۆ لێی دەدەی ؟

– تۆ نازانی، ئەوە ئەگەر نە بەسترا باوە بەجارێ وێرانی دەکرد.!

www.kerimbisami.com

دوو دۆست ١٨

دوو برادەر لە گوندێکەوە دەچوونە گوندێکێ دیکە. یەکیان عەبایەکی بە شانی دادا بوو، باران دەستی پێکرد و هەرتکیان چوونە بن عەباکە. باران خۆش دەباری. پاش تاوێک لێی کردەوە. خاوەن عەبا بە رفیقەکەی گوت :

- ئەگەر عەبای من نە بایە ، دەزانی چیت بە سەر دەهات.؟ چەند جاران ئەوەی دوو پات کردەوە، لەو کاتە دا بە لێواری روبارێکدا دەرۆیشتن. کابرای بێ عەبا خۆی دە چۆمی هاویشت و گوتی: هەر ئەوەم بەسەر دەهات کە دەمبینی.

سێ پەند ١٩

حەمباڵێک لە بن دیوارێک راوەستابوو، چاوەرێ بوو کەسێک پەیدا بێ و کارێکی پێبکا. پیاوێکی وێچوو هاتە لای و گوتی:

- کارت دەوێ ؟

- دیارە لە کار دەگەڕێم.

- کارت دەدەمێ، بەڵام پارەت نادەمێ، لە جیاتی پارە سێ پەندت پێ دەڵێم بە کارت دێ. تۆش سندوقە شوشەیەکم بۆ بەرە ئەو شوێنەی کە پێت دەڵێم.

عەمبال فیکری کردەوە و گوتی : « من کە ئێستا بێکارم. با سندوقی بۆ هەڵگرم، سێ پەندەکەش شتێکە، لەوانەیە بەکارم بێت،

کابرا سندوقی پێ هەڵگرت و ڕۆیشتن. کەمێک رۆیبوون، عەمباڵ گوتی:

www.kerimhisami.com

- باشە، پەندەکەت بێژە بزانم.

خاوەن سندوق گوتی : « یەکەم ئەوەیە ئەگەر کەسێک گوتی. برسی لە تێر بە هێز ترە، بڕوای پێ مەکە.»

عەمباڵ لە دڵی خۆیدا گوتی:« خۆم پێشتریش ئەوەم دەزانی.» بەڵام قەی ناکا. ڕەنگە پەندەکانی دیکەی بە کار بێ.

کەمێکی تر ڕۆیشتن، عەمباڵ گوتی:« ئەرباب، پەندەکەی تر چیبوو.؟»

کابرا گوتی : « ئەگەر کەسێک گوتی: پیادە لە سوار خۆشتر دەڕوا، باوەڕ مەکە.»

عەمباڵ تورە بوو لە دڵدا گوتی: قسەی قۆڕ، خۆشم ئەوەم دەزانی. بەڵام قەی ناکا، لەوانەیە پەندی سێیەم بەکار بێ،

گەیشتنە سەر لێوی کەنداڵێکی گەورە. خاوەن سندوق گوتی:

- پەندی سێیەمی من بۆ تۆ ئەوەیە ئەگەر کەسێک پێت بڵێ کە ئەم سندوقە بێ کرێ و بە لاش دەبەی، باوەڕ مەکە.

عەمباڵ کە ئەوەی بیست. سندوقی لە سەر ڕا دە کەنداڵی هاویشت و گوتی:

- ئەرباب ! منیش بۆ تۆ پەندێکم هەیە. ئەگەر کەسێک بە تۆی گوت کە لەم سندوقە شوشە تەنانەت یەکیش ساغ ماوە، بڕوا مەکە.!

ئاخر پێم نە گوتی ! ٢٠

ڕۆژێک دوو برادەریان داوەت کرد بوو. لە میوانداری دا هەر تک شەرابی زۆریان خواردەوە و پاشان بەرەو ماڵ گەڕانەوە.

یەکیان ئەوەندەی خوارد بۆوە کە نەیدەتوانی بە ڕێگا دا بڕوا. لە سەر جادە کەوت و هەڵنەستاوە. برادەرەکەی تەماشای کرد جگە لەوەی لە کۆڵی بکا و بیباتەوە، چارەی تری نیە. کابرای سەر خۆشی لە کۆڵ کرد و کەوتە ڕێ. چۆمێکیان لە سەر ڕێگا بوو، لە کاتی پەڕینەوە دا کابرای رفیقەکەی بە کۆڵەوە

www.kerimhisami.com

بوو، هەڵەنگوت. ئەوی لەپشتی بوو، تۆزێ وەخۆ هاتبۆوە. گوتی:
– ئەوە چیە وا بە لا دادێی. ئاخر پێم نەگوتی دوو پیاڵە کەمتر بخۆوە.!؟

سێ برادەر ٢١

سێ برادەر بە رێگادا دەڕۆیشتن، گەیشتنە گوندێک و میوانی کابرایەک بوون. هەر سێکیان پیاوی وێچوو. بە ئەدەب و بە رێز دەدوان. خاوەن ماڵ تەماشای دەکردن و لە دڵی خۆیدا گوتی:
– دەبێ تەجروبەیان بکەم. بزانم لە ناخەوەش وەک ڕوکار جوان و بە رێزن «؟.

لەم کاتە دا یەک لە وان چوە دەرێ. خاوەن ماڵ لە دو کەسەکەی پرسی:
– ئەم هەڤاڵەی ئێوە چ پیاوێکە؟
– کەر و ئەحمەقێکە تای نیە.

پاش تاوێک دوو کەسەکەی تر پێکەوە چوونە دەر. خاوەن ماڵ لە وەی تری پرسی:
– ئەم هەڤالانەی تۆ چۆنن ؟
– ئەوەی کڵاو ڕەش سەگێکی تەواوە. ئەوی دیکەیان کەر لەو باشترە.

شەو هەر سێک لە سەر سفریەک دانیشتن. خاوەن ماڵ قاپێکی جۆ لە پێش ئەوەیان دانا کە گوتبوویان کەرە، دەسکە وێنجەشی لە پێش ئەوەیان دانا کە گوتبوویان کەر لەو چاکترە، هێندێ وردە ئێسکیشی لە پێش ئەوەیان دانا کە گوتبوویان سەگە. بە سەر سور مانەوە تێکڕامان و تەماشای خاوەن ماڵیان دەکرد، خاوەن ماڵ گوتی:
– بۆ تەماشام دەکەن، خۆتان نەتانگوت؛ یەکتان کەرە و یەکتان سەگە و یەکتان لە کەر خەرابترە. منیش خواردنی خۆتانم بۆ هێناون..

www.kerimhisami.com

داندۆی فیڵباز ٢٢

کابرایەک بە ناوی مامۆ لە گەڵ ژنەکەی دەژیا. جوتی دەکرد، دروێنەی دەکرد، خەرمانی هەڵدەگرت، گەنمی دێناوە و دەیبردە ئاش و ئاردی دێناوە ماڵ. بەڵام ژنەکەی کە ناوی ئایش بوو، نانی جۆی دەدایە.

مامۆ سەری سور ما بوو. لە ژنەکەی پرسی:

– ئایشێ ئەوە چییە ؟ بۆ چی نانی جۆم دەدەی ـ ئەو ئاردە گەنمەی هێناومەتەوە چی لێهات.؟

ئایشێ گوتی :

– تۆ خوشکێکت هەیە جادوگەرە. لە بەغدا دانیشتوە و لە وێوە گەنمەکەی ئێمە دەکاتە جۆ.

مامۆ قینی هەستا و گوتی کە وابێ دەچم دەیکوژم.

ئایشێ گوتی :

– دەبێ ئاگات لە خۆ بێت، ئەگینا بە جادو تۆش لە بەین دەبات، بچو چەند ماری ژار بگرە و بیانخە ناو تورەکە و بڵێ؛ دیاریم بۆ هێناوی، کە زاری کیسەت کردەوە، مارەکان دێنە دەر و پێیەوە دەدەن و لە چنگانی خەلاس دەبین.

مامۆ بە قسەی ژنەکەی کرد و چوە کن خوشکی. خوشک بە دیتنی برای شاد بوو، خواردنی بۆ هێنا و لە حاڵی ژنەکەی پرسی و گوتی؛:

– ئەوە چیە بۆت هێناوم.؟»

– نازانم. ژنم بۆی ناردووی. زاری کیس بکەوە بزانە چیە.

خوشکی زاری کیسەی کردەوە و دیتی چەند دەسماڵی ئاوریشمی ڕەنگاو ڕەنگی تێدایە. لە خۆشیان هاواری کرد و گوتی:

www.kerimhisami.com

تۆ فەقیری ئەو دیارییە بە نرخەت بۆ هێناوە،؟

– ئەگەر دیاری بۆ تۆ نەهێنم ئەدی بۆ کێی بێنم. بەڵام ئەوەش بزانە لە جیاتی ئەو دەسرانە ژنەکەم ماری تێنابوون.

– مار ؟ مار بۆ چی ؟

– بۆ کوشتنی تۆ. پاشان هەموو شتێ رِک و ڕاست پێگوت. خوشکی گوتی:

– برام، ژنی تۆ فاسقی هەیە.

مامۆ بە جارێ تێکچوو گوتی:

– ئێستا دەبێ چبکەم.؟

ئێستا پێت دەڵێم دەبێ چبکەی. داندۆی کوڕم لە گەڵ خۆت بەرە تا فاسقی ژنەکەت دەگیر خات،

مامۆ خوارزای هەڵگرت و خوا حافیزی لە خوشکی کرد و کەوتە ڕێ. گەیشتنەوە مال و هیچی بە ژنەکەی نە گوت، رۆژی دوایی مامۆ و داندۆ چوونە مەزرایە جوتی بکەن. داندۆ لە نیوەی ڕێگا گەڕایەوە، گوتی شتێکم لە بیر چوە، تۆ بڕۆ، دەتگەمێ.

داندۆ گەڕاوە و لە نیزیک ماڵێ خۆی شاردەوە. دیتی کابرایەک دێ. گوتی ڕەنگە ئەوە فاسقی ئایشێ بێت. کابرا چوە ژوورێ و بە ئایشێی گوت:

– دەچمە جوتی. نانم بۆ بێنە مەزرایە.

ئایشێ گوتی: گایەکانت ڕەنگیان چۆنە.؟

– یەکێک ڕەشە و یەکیان بەڵەکە.

ئایشێ گوتی باشبوو لە گەڵ گای خۆمان لێم ناگۆڕێن. گایەکانی ئێمە سپین. پاشان دوو مریشکی سورەوە کراو ونانی گەنمی خستە دەسماڵێک و ڕووی کردە مەزرا.

داندۆ لە دوور دیتی. عەبایەکی ڕەشی بە سەر گایەکی خۆیان دادا و هێندێ پەڕۆی رەنگاو ڕەنگیشی بە سەر ئەوی تریان دادا و دەستی بە کێڵان کرد.

ئایشێ لە دوور دیتی یەکێک جوتی دەکا، گایەکی ڕەشە و یەکی بەڵەکە. گوتی ڕاست بۆ خۆیەتی. کە چوە پێش دیتی ئەوە مێردەکەیەتی. ویستی بە پەلە بگەڕێتەوە، داندۆ هاواری کرد:

- پورێ.. پورێ، خۆمانین. چۆن نامان ناسی. چاکت کرد نانت بۆ هێناین، برسیمان ببوو.

ئایشێ دیتی چاری نیە. ناچار هات و نانەکەی دانا، داندۆ و مێردەکەی مریشک و نانی گەنمیان خوار و ئایشیش بە گرژی و شەرمەزاری گەڕایەوە.

جارێکی تر مریشکی سوور کردەوە و نانی ساز کرد و چۆوە مەزرا و کابرای فاسقی دیتەوە. کابرا جنێوی دایە و گوتی بۆچ وادرەنگ هاتووی. لە کوێ بووی ؟

ئایشێ گوتی؛ « ئامان لە دەست داندۆ. حکایەتی بۆ گێڕاوە.

ڕۆژێکی دیکەش داندۆ لە نیوەی ڕێگا گەڕایەوە و گوتی : « کڵاوم لە بیر چوە، تۆ بڕۆ من دەتگەمێ. ئەمجاریش خۆی لە نیزیک ماڵێ شاردەوە. دیتی فاسقی ئایشێ هات. ئایشێ دەستی کرد بە سکاڵا لە داندۆ. فاسق پێی گوت:

- بچۆ زیارەت و دوعایە بکە چاوی داندۆی کوێر بن. ئایشێ نانی گەنم و پڵاوی ساز کرد و چوە زیارەت. داندۆ بە غار لە پێش ئەو دا خۆی گەیاندە ئەم ئەشکەوتە کە زیارەتگا بوو.

ئایشێ گەیشتە زیارەتگا و بە دەنگی بەرز دوعای کرد و گوتی : « ئەی حەزرەت !

داندۆ لە ناو ئەشکەوت دا بە دەنگێک گوتی : « مم..مم. مم..» ئایشی کەیف خۆش بوو گوتی: « حەزرەت قسەی لەگەڵ کردم. جارێکی تر گوتی : « ئەی حەزرەت. وابکە داندۆ چاوی کوێر بن » ئەمجارەش « مم. مم. مم » ی گوێ لێبوو، پڵاو و نانەکەی لە قەراخ ئەشکەوت دانا و گەڕایەوە.

داندۆ نان و پڵاوەکەی بردەوە کن خاڵی و پێکەوە خواردیان. چوونەوە ماڵێ داندۆ بە ئایشێی گوت :

- پورێ چاوەکانم دێشن، تاریک بوون، پەڕۆیەکم لە چاوان ببەستە.

ئایشێ خۆشحاڵ بوو، چاوەکانی بەست. ڕۆژی دوایی مامۆ بە ئایشێی گوت:

– گەنمی هەڵخە وشک بێتەوە، ئێوارێ کە هاتمەوە دەیبەمە ئاشی.

ئایشێ گوتی : « من بە تەنیام کەس نیە ئاگای لە گەنم بێ.»

داندۆ وەدەنگ هات و گوتی:

– پورێ گەنمەکە لە بەر دەرگا هەڵخە. چەکوچێکم بدە دەست و لە عەرزی دەدەم کە مریشک و داعبا نەیەن بیخۆن.

ئایشێ دەستی داندۆی گرت و لە بەر دەرگا داینا. چەکوچێکی دایە. داندۆ چەکوچەکەی لە عەرزی دەدا کە مریشک و داعبایانی پێ دەر کات. لە پڕ دیتی ئەوە فاسقی ئایشێ دێت، چەکوچێکی لە تەپڵی سەری داو کوشتی. ئایشێ هاواری کرد: – ئەیرۆ ئەوە چیت کرد، زەلامێکت کوشت. داندۆ ترسی وەبەر خۆ نا و هاواری کرد:

– ئێستا چبکەم ؟

ئایشێ گوتی تا کەس نەیزانیوە یارمەتیم بکە بیخەینە ناو چوم. یارمەتی بکە لە کۆڵمی نێم. داندۆ گوتی: تەنافێک بێنە.

تەنافی هێنا، مردویی لە پشتی ئایشێ قایم کرد و ڕۆیشتن بۆ لای چوم. گەیشتنە قەراخ روبار و ئایشێ گوتی:

– داندۆ تەنافەکەی بکەوە،

– وەرە سەر قەراغ چۆمی تا بیکەمەوە.

ئایشێ چوە سەرلێوی روبار و داندۆ پاڵێکی پێوە ناو ئایشێ بە کۆڵەوە دە چومیدا نوقم بوو. داندۆ هاتەوە ماڵ و بە خاڵی گوت

– دەچۆمیدا نوقم بوو نەجاتم دای. پاشان ژنێکی باشی بۆ خاڵی دیتەوە و زەماوەندی ساز کرد و حەوت شەو و ڕۆژ کردیانە شایی و ئەوان بە ئارەزوی خۆیان گەیشتن و ئێوەش پێدەگەن

پیاوی دوو ژنەی بە مەکر ٢٣

پیـاوێک بوو دوو ژنی هـەبوون و دەیویست وابکا هـەر تک ژن خـۆشـیـان بوێت. چوە بازار و دوو سێوی کرین و هەر یەکەی سێوێکی دانێ، بێ ئەوەی ژنەکان ئاگایان لە یەکتر بێ. شەو گەڕاوە ماڵێ و لە سەر دۆشک دانیشت و گوتی :

– ئەو ژنەی زیاتر خۆش دەوێ کە سێوی سوری شاردۆتـەوە. ژنەکان هەر تکیان لە خۆشییان نە دەحاوانەوە، هیچیان نەیان دەزانی کە مێردەکەیان وەک نانی سێڵێ دوو ڕوو و منافیقە.

چۆن ئیرادە بکەی ئاوا دەژی ٢٤

ڕۆژێک پاشـاو وەزیر لیـبـاسـیـان گـۆڕی و لە نێـو شـار دەگـەڕان. چوونە بازاری شـوتی فـرۆشـان. زسـتـان بوو. کـاتی جێـژی خدر پێـغـەمبـەر. قـیـمـەتی شـوتییـان پرسی. دوکـاندار قیـمـەتێکی گرانی گوت. پاشـا و وەزیر نەیانکڕی. پێیان حەیف بوو شوتی وا گران بکڕن. پاشا بە وەزیری گوت:

– گـوێ بدەیە. ئێـمـە پاشـا و وەزیرین. ئەگـەر من وتۆ ئەو مـیـوە گـرانە نەکـڕین، ئەدی کێ دەیکڕێ. وەرە با لە قوژبنێک ڕاوەستین، بزانین کێ شـوتی دەکڕێ.

هێندێ ڕاوەستان دیتیان لاوێک هات و قیمەتی شوتی پرسی.

دوکاندار گوتی: سێ سکەیە.

لاوەکە بێ ئەوەی قسـەی لێ بکات، پارەی دا بە کابرا و شـوتی هەڵگرت و ڕۆی. پاشا گوتی :

www.kermilisani.com

– تەماشا کە، من و تۆ نەمانکڕی، بەڵام ئەم لاوە هات کڕی. تۆ بڵێی لە ئێمە دەوڵەمەند تر بێ.؟

وەزیر لە وەڵامدا گوتی :

– نا ئەو لە ئێمە دەوڵەمەند تر نیە. بێگومان خۆشەویستەکەی نەخۆشە و ئیشتیای لە شوتییە.

پاشا گوتی : « با وەدوای کەوین، بزانین چدەکا.»

وەدوای کەوتن دیتیان لاوەکە شوێنێکی چۆلی دیتەوە، چەقۆی لە گیرفانی دەرهێنا و شوتی لەت کرد و ملی دەبەر خواردن نا، نیوەی خوارد و ئەوی دیکەشی فڕێدا و چەقۆ کەشی لە بیر چوو.. کە لاوەکە ڕۆی. پاشاو وەزیر دانیشتن و لە تە شوتییەکەیان خوارد. پاشا چاوی بە چەقۆیەکە کەوت، کاغەزێکی هێنا دەر و لێی نووسی:« چۆن ئیرادە بکەی ئاوا دەژی.» ئەم نووسراوەی لە پەنا چەقۆکە دانا و لە گەڵ وەزیر گەڕانەوە ماڵ.

ئێستا بزانین لاو چدەکا. دەستی دەگیرفانی ڕاکرد، دیتی چەقۆکەی پێ نەماوە. گەڕایەوە دیتی لە جێی خۆیەتی و نوسراوەیەکیشی لە پەنایە. خوێندیوە، دە گیرفانی نا و چۆوە ماڵێ. ئەم لاوە نە کاری دەکرد و نە دزی. ژیانێکی بێ خەمی دەبردە سەر.

ڕۆژێک چوە کن جیرانەکانی و داوای پارەی بە قەرزی لێکردن. چوو بەو پارەیە ئەسبێکی باش و لیباسێکی جوان و چەکێکی کڕی و سوار بوو چوە کن پاشای جیرانی وڵاتەکەیان. کاتێ پاشا چاوی پێ کەوت، وایزانی کوڕی پاشا و یا کوڕی ئەمیرێکە. وەک میوانێکی بە ڕێز پێشوازی لێکرد و لە دڵی خۆشیدا گوتی:

– دەبێ چ دیارییەکی بدەمێ.؟ ئەو کە پێویستی بە پارە و ماڵی دنیا نیە. باشترە کیژی خۆمی بدەمێ.

پاشا لێی پرسی:« کوڕی کێی ؟»

– لە وەڵامدا گوتی:« کوڕی پاشای وڵاتی دراوسێی تۆم.»

– باشە تۆ کوڕی پاشای، و ئێستاش دەبیە زاوای پاشا. کیژی خۆی دایە

www.kerimhisami.com

و زەماوەندی بۆ ساز کرد. دوو سێ ساڵ تێپەڕی، پاشا دیتی زاوای جارێکیش نە چۆوە وڵاتی خۆی. لەوە سەری سوڕ ما و لە بەر خۆیەوە گوتی:
- خۆ ئەوە بێ ماڵ و حاڵ نیە. بۆ چی جارێکیش سەر لە ماڵ و نیشتمانی خۆی ناداتەوە؟

ڕۆژێک نامەی بۆ پاشای وڵاتی دراوسێ نووسی:
- کوڕی تۆ بۆتە زاوای من. زیندو وسڵامەتە. نیگەرانی مەبە.!»
پاشا نامەکەی خوێندەوە و واقی وڕ ما.
- ئاخر من کوڕم نیە. کێ ئەو بێ ئەدەبیەی کردوە، خۆی کردۆتە کوڕی من؟ دەبێ ئەم کەسە زۆر سەیر بێ. چەندە بە غیرەتە ؟»
پاشان وەڵامی نامەکەی نووسییە وە و داوای کرد:« بوک و زاوای بۆ بنێرێتەوە. »
لاویان بە زۆری هێناوە کن پاشا. پاشا پێی گوت:
- بە چ غیرەتێک خۆت کردە کوڕی من و بووی بە زاوای پاشا.
- پاشا سلامەت بێ« چۆن ئیرادە بکەی ئاواش دەژی. تۆ خۆت ئەم وشانەت بۆ من نووسی؟» پاشان نووسراوەکەی خەتی خۆی پێ نیشاندا. پاشا هیچی نە گوت. بە کوڕی خۆی قبوڵ کرد و دیسان شایی و زەماوەندی بۆ ساز کردەوە.

www.kerimhisami.com

بازرگان ٢٥

بازرگانێک بوو بە ناوی کەریم. ڕۆژێک بە کاروانێک کالا و شتومەکەوە ڕووی کردە وڵاتێکی دوور. لە ڕێگادا لە پەنا کانیەک کاروانی خست. لە نیزیک کانی شوانێک مەڕی دەلەوەڕاند. بازرگان لە شوانی پرسی:

– کەست پێشک دێت کە لیباسەکانم بۆ بشوا.؟

– ژنی من لیباست بۆ دەشوا. شوان کە ناوی ئەحمەد بوو، لیباسەکانی بازرگانی هەڵگرت و دای بە ژنەکە و گوتی:

– ئەم لیباسانە بشۆ و بیانهێنە و خۆم بۆ بازرگانیان دەبەمەوە.

ژنی ئەحمەد بە ناوی زلێخا لیباسەکانی شوشت و چوەکن کانی. تەماشای کرد ئەحمەد مەڕی بردۆتە چیا و لە وێ نیە. بازرگان کە چاوی بە زلەخا کەوت، ئاشقی بوو. نۆکەرێکی بانگ کرد و گوتی:

– زلەخا بێنە ئێرە.

نۆکەر ی زلەخای بردە خێوەتی بازرگان، کابرا دەستی کرد بە قسان و سەری گەرم کرد. لەم بەینە دا نۆکەران کاروانیان بۆ ڕۆیشتن ئامادە دەکرد. ژنی شوانی بە زۆر سواری وشتر کرد و لە گەڵ خۆی برد.

ئەحمەد لە چیا گەڕایەوە دیتی نە ژنەکەی ماوە و نە بازرگان و کاروان. لە جیرانەکانی پرسی، ئەوان گوتیان:

– ژنەکەت لیباسی بازرگانی بردوونەوە و نەهاتۆتەوە. بێگومان بازرگان بردوویەتی.

ئەحمەد دوو کوڕی هەڵگرت و بە دوای بازرگاندا کەوتە ڕێ. توشی روبارێکی قوڵ و پان بوو. ئەحمەد یەک لە کوڕەکانی لە قەراخ چۆم دانا و

www.kerimhisami.com

ویستی یەکیان بپەڕێنێتەوە و دوایە بێ ئەوی دیکەش بەرێت. لە ناو چۆمی دیتی گورگێک منداڵەکەی پەلامار دا وبە دان گرتی. ئەحمەد گەڕایەوە گەیشتە قەراغ و لاقی خلیسکا ومنداڵەکەی ئاو بردی.

گورگ کە منداڵەکەی ڕفاند، توشی شوانێک بوو چەند سەگی پێ بوون. سەگەکان گورگیان پەلامار دا. گورگ منداڵەکەی فڕێدا و هەڵات. شوان هەڵیگرتەوە و گەورەی کرد.

منداڵەکەی کەوتە چۆم. ئاو بردی تا گەیشتە ئاشێک. ئاشەوان دیتی و گرتیەوە و کردی بە کوڕی خۆی. کوڕ گەورە بوو گوتی:

– بابە ڕێگا بدە بچم کارێک پەیدا بکەم. دەمەوێ یارمەتیت بدەم و تۆ بحەسێیەوە.

ئاشەوان ڕێگای دا. ئەو کوڕەی کە شوان گەورەی کرد بوو، ئەویش هەر ئەو کارەی کرد.

با بزنین ئەحمەد چدەکا. دەستی کرد بە گریان و هاوار و سەر لێ شێواو ڕێگای داگرت. گەیشتە وڵاتێک کە پێش ڕۆژێک پاشای ئەم وڵاتە مرد بوو. خەڵکی ئەم شارە بە گوێرەی داب و نەریت« بازی بەخت» یان هەڵدەفراند تا لە سەر هەر کەسێک بنیشێ، دەبێتە پاشای ئەم وڵاتە. باز لە سەر ئەحمەدی نیشت. خەڵک پێیان سەیر بوو:

– کابرای ئاوا ڕەش و ڕوت چۆن دەبێتە پاشا. دیارە باز بە هەڵە چوە.

ئەحمەدیان بردە ماڵێک و دەرگایان لە سەر داخست. جارێکی دیکەش بازیان هەڵفڕاند. باز شوشەی پەنجەرەی شکاند و چوو لە سەر سەری ئەحمەدی نیشت.

خەڵک گوتیان هیچ ناکرێ، ئەو هەر چەند بێگانەیە، بلا ببێتە شا. بەمجۆرە ئەحمەد بوو بە پاشا.

ڕۆژێک دوو لاو بۆ کار هاتنە ئەم شارە. هەر تکیان هاتنە کن پاشا. یەکیان بوو بە بەرخەوان و یەکیش گوێلکەوانی پاشا.

واز لەوان دێنین با بەرخ و گوێلکان بلەوەڕێنن. بزانین کەریمی بازرگان

www.kerimbisani.com

چدەکات ؟

کەریم بە کاروانەوە گەیشتە شارێک کە ئەحمەد پاشای ئەم شارە بوو. دیاری گەورەی بۆ شا برد و گوتی:

– ڕێگام بدە لە شاری تۆ بازرگانی بکەم.

ئەحمەد گوتی : « برۆ بازرگانیی خۆت بکە و چۆنی دەتەوێ شتی خۆت بفرۆشە. ئەمشۆش میوانی من بە.

شەو بازرگان هاتە کۆشکی پاشا و دەستیان بە قسان کرد، بەڵام کەریم هەر لە فیکری ژنەکەی دابوو. چونکە هەمیشە لە گەڵ خۆی دەبردە هەموو شوێنێ. لە ماڵی پاشا زۆر گیر نە بوو، ویستی بڕوا . ئەحمەد پرسی:

– بۆ وا زوو دەڕۆی؟ دانیشە قسان بکەین

پاشا سلامەت بێ: خیزانم لە گەڵمە و تەنیایە و دەترسم بترسێ.

پاشا گوتی: شوانەکانم بانگ کن. کە هاتن گوتی:

– بڕۆن لە خێوەتی بازرگانی کە ژنەکەی لەوێدا نوستوە، کێشک بکێشن.

ڕۆیشتن و کێشکیان دەکێشا . یەکیان پرسی :

– تۆ کوڕی کێی؟

– بە کوڕی ئاشەوانم دەزانن. بەڵام باوکی ڕاستیم شوان بوە و ناوی ئەحمەد بوە. پێم بڵێ تۆ کوڕی کێی ؟

– منیش کوڕی شوانێکم. بەڵام دەڵێن باوکم ناوی ئەحمەد بوە و ئەیش شوان بوە.

– دایکت ناوی چبوە.؟

– ناوی زلەخا بوە.

– دایکی منیش ناوی زلەخا بوە.

بەڵام زلێخا لە خێوەت دا ئەم قسانەی گوێ لێدەبوو.

پاشان یەکیان لە ویتری پرسی:

گوندەکەت ناوی چ بوە؟

– حەیدەر بەگ.

www.kerimhisami.com

– ناوی گوندەکەی منیش حەیدەر بەگ بوە.

– جیرانەکەتان ناوی چبوو؟

– ئاسۆیان پێدەگوت.؟

– کە وابوو ئێمە براین.

ژنی بازرگان کە ئەو قسانەی بیست، هەر تکی بانگ کرد و پرسی : چیرۆکی خۆتان بۆ من بگێرنەوە.

ئەوان گوتیان : چۆن باوکیان وەدوای بازرگان کە وتو و چۆن یەکیان گورگ بردوویە و یەکیان ئاو بردوویە، شوان و ئاشەوان گرتوویاننەوە.

زلێخا دەستی بە گریان کرد و گوتی :

– من دایکی ئێوەم و ئێوەش کوڕی منن.! پاشان چیرۆکی ڕفاندنی خۆی بۆکوڕەکانی گێڕاوە.

هەر سێک یەکتریان لە ئامێز گرت و یەکتریان ماچ کرد و دەستیان بە قسان کرد و لای بەیانی خەویان لێکەوت.

بازرگان گەڕاوە و دیتی دوو لاو لە ئامێزی ژنەکەیدا نوستوون. بە غار گەڕاوە بۆ کن پاشا و گوتی :

– ئەوانە کێن کە ناردووتن کێشک لە خێوەتی من بکێشن. ئەوانە لە ڕێگر خەرابترن.

پاشا بە سەر سور مانەوە پرسی :

– چبوە، چقەوماوە؟ بۆ هاوار دەکەی.!

کەریم گوتی: وەرە خۆت بیان بینە و بزانە چۆنە.

چوون پاشا دیتی: هەر تک کێشکچی دە ئامێزی ژنی بازرگاندا نوستوون. پاشا تورە بوو، جنێوی پێدان.

زلێخا گوتی:

– ئەی پاشا، جنێو مەدە. من ئێستا بۆت دەگێڕمەوە، ئەم دوو لاوە کوڕی خۆمن. من ژنی شوانێک بووم، ناوی ئەحمەد بوو، ئەم بازرگانە منی ڕفاند و لە گەڵ خۆی برد.

www.kerimhisami.com

پاشا گوتی:

- کە وایە هەموو وەرنە کۆشکی من تا مەسەلەکە ڕوون بێتەوە و هەموان دادگایی بکەم.

چوونە کۆشکی پاشا و بە جیا پرسیاریان لە لاوەکان کرد، قسەکانیان وەک یەک بوون.

پاشا گوتی:

- کۆنە لیباسەکانی منیش بێنن ئەوانەی کە هەوەڵ ڕۆژ هاتمە ئێرە و لە بەرم دابوون.

لیباسەکانیان هێنا. زلێخا کە دیتنی، دەستی کرد بە گریان و گوتی:

- ئەوانە لیباسی ئەحمەدی مێردی منن.

پاشا گوتی:

- ڕاستە. ئەوانە لیباسی منن و منیش ئەحمەدی میردی تۆم.

هەر لەوێ بازرگانیان کوشت . ئەحمەد پاشا و ژن و کوڕەکانی پێک شاد و شوکر بوون.

www.kerimhisami.com

ئەحمەد و گولیزار ٢٦

ئەحمەد بوو بە دوکتور و چۆوە شارەکەی خۆی. دوکتۆرێکی باشبوو. لە فیکری ئەوە دابوو کە نەخۆشەکانی زیاد بکەن. بەڵام ئەو تازە کار بوو، کەس نەیدەناسی و بۆ دەرمان کەس نە دەچوە لای.

ڕۆژێک ئەحمەد بە کوچە دا دەڕۆی بیستی جارچی جار دەکێشێ و دەڵێ:

– ئەی خەڵکینە! کوڕی پاشای وڵاتی مەغریب زۆر نەخۆشە! هەر کەس بتوانێ چاکی کاتەوە بە قەد گرانایی خۆی ئالتونی دەدەنێ.

ئەحمەد لە دڵی خۆیدا گوتی :

– من دەبێ زانستی خۆم لە پزشکیدا لە و نەخۆشیە نیشان بدەم. ئەگەر بەختم هەبێ و دەرمانی بکەم، ناوبانگ دەر دەکەم .

ئەحمەد بڕیاری دا بچێ هێزی خۆی تاقیکاتەوە. کیژێکی ڕەفیق بوو بە ناوی « گولیزار» پێکەوە دەرسیان خوێند بوو. یەکتریان خۆش دەویست. کاتێ ئەحمەد خۆی بۆ سەفەر ساز دەکرد، گولیزار پرسی :

– ئەحمەد بۆ کوێ دەچی و من بە تەنیا بە جێ دێڵی.؟

ئەحمەد گوتی: « تۆ دەزانی من دەبێ کار بکەم تا بناسرێم. زوو دەگەڕێمەوە.

ئەحمەد ماڵاوایی لە گولیزار کرد و بەرەو وڵاتی پاشای مەغریب کەوتە ڕێ. گەیشتێ و کوڕی پاشای تەماشا کرد و دیتی تاقە عیلاجی ئەوەیە کە بچێتە کوێستان وەهوای ئەوێ هەڵمژێ. بە هەڵکەوت وڵاتی ئەحمەد کوێستانی بەرز و ئاو وەهوای سازگاری هەبوو.

ئەحمەد بە پاشای گوت:

www.kerimbisani.com

-کورەکەت لە گەڵ من بنێرە، بیبەمە وڵاتی خۆم. لە کوێستانەکانی ئەوێ، کورەکەت چاک دەبێتەوە.

پاشا رازی بوو. کورەکەی ئەوەندە لاواز و بێ هێز ببوو گواستنەوەی بۆ شوێنێکی دیکە مەترسی هەبوو. ئەحمەد بە زەحمەت کوری شای بردە وڵاتی خۆی. لە گەڵ گولیزاری دۆستی، دەستیان کرد بە دەرمانکردنی. زەحمەتێکی زۆریان کێشا تا نیشانەی چا بوونەوەی دەر کەوتن. زۆری پێنەچوو کوری پاشا ساغ بۆوە. دیتیان کاتی ئەوە هاتوە کە کوری پاشا بەرنەوە وڵاتی خۆی. لە پێشدا کەسێکیان نارد خەبەر بۆ پاشا بەرێ کە کورەکەت چاک بۆتەوە و ئەوا لە گەڵ دوکتۆر دێتەوە.

پاشا کە ئەو مزگێنییەی پێگەیشت، لە گەڵ خەڵکی شار بە دەهۆڵ و زورنا بە پێشوازیانەوە چوون. ئەوانیان هێنا کۆشک و باشترین ژووریان دانێ.

پاشا بە ئەحمەدی گوت:

- هەرچی دەخوازی داوا بکە!

- پاشا سلامەت بێ هیچم ناوێ، لە ئەنجامی چاک کردنەوەی کوری تۆ، ئێستا ناوبانگم دەر کردوە و خەستەخانەی خۆم هەیە.

هەر چەند پاشا پێی داگرت، ئەحمەد هیچی وەر نەگرت و گەراوە بۆ شاری خۆی. لە گەڵ گولیزار کاریان دەکرد و خۆیان بۆ شایی و زەماوەند ئامادە دەکرد. بەڵام رۆژێک ئەحمەد نامەیەکی لە پاشای مەغریبەوە پێگەیشت کە بۆی نووسیبوو:

- ئەی ئەحمەد زوو خۆت بگەیێنە ئێرە، کورەکەم زۆر نەخۆشە و لە جاران خەراپترە.

ئەحمەد نامەکەی خوێندەوە سەری سور ما. پێی وابوو کە دوای ئەو دەرمان و چا کردنەوە یە، نە دەبوایە نەخۆش بێتەوە. ئەحمەد بەرەو وڵاتی مەغریب کەوتە رێ. تەماشای کرد هەموو لەشی کوری پاشا ساغ و سەلیمە. بەڵام نەخۆشیشە. جارێکی تر بە پاشای گوت:

- هیچ عیلاجی نیە. دەبێ دیسان لە گەڵ من بێتەوە کوێستانەکانی وڵاتی

www.kerimhisami.com

من. ئەحمەد کوڕی پاشای لە گەڵ خۆی برد و بەڵام لە گەڵ گولیزار هەر چی دەیانکرد، باشتر نە دەبوو.

جارێک ئەحمەد بە تەنیا چوە کن نەخۆش و لێی پرسی:

– ڕاستیم پێ بڵێ، چشتێک نارەحەتت دەکا. بۆ چی داو ودەرمان چارت ناکا.؟

کوڕی پاشا هیچی نەگوت. تەنیا هەناسەیەکی هەڵکێشا. ئەحمەد پرسیارەکەی دوو پات کردەوە. کوڕی پاشا ڕەنگی لە شەرمان سوور هەڵگەڕا و لە وەڵامی ئەحمەد دا گوتی :

– ئەم کیژەی لە گەڵ تۆ دەرمانم دەکا. ئاقڵ و هێزی لێ بڕیوم. ئەحمەد تێی نەگەیشت. گوتی:

– ئەگەر ناتەوێ، ئیتر با نەیەتە لات.

نەخۆش ترسا و گوتی:« نا.نا. ئەگەر نەیە هەر بە جارێک لە بەین دەچم.

– بۆ چی؟

لە وەڵامدا گوتی: « خۆشم دەوێ. ئەوەی لە دڵم دابوو پێم گوتی. چۆنت پێ باشە وابکە.

ئەحمەد کەوتە فیکر و گوتی:

– دەبێ لەم بارەوە یارمەتی بەم کوڕە بکەم، دەنا چاک نابێتەوە.

ئەحمەد بە کوڕی پاشای گوت:

– گوێ بدەیە. گولیزار نە خوشکی منە و نە کچی منە و نە ژنی منە،، ئەو لە ئاست منەوە بێگانەیە. ناتوانم لە جیاتی ئەو وەڵام بدەمەوە. قسەی لە گەڵ دەکەم و دێم وەڵامت دەدەمەوە.

ئەحمەد بە نارەحەتی چوە کن گولیزار، بەڵام نەیتوانی دەست بەجێ لە گەڵی باسبکات. ئاوای دەست پێکرد:

– ئەی گولیزار ئێستا چەند ساڵە پێکەوە کار دەکەین، هەمیشە دوو ڕەفیقی سەر کەوتوو بووین، یەکترمان خۆش ویستوە، کەس نەیزانیوە ئێمە خوشک و براین یا دڵداری یەکترین.

www.kerimhisami.com

گولیزار گوتی : « ئەو قسانە ڕاستە، بەڵام دەتەوێ بێژی چە.؟
- دەمەوێ پێکەوە خوشک و برا بین.!
گولیزار ڕەنگی گۆڕا. نەیتوانی هیچ بڵێ. پاش چەند دەقیقە هاتەوە سەر خۆ و گوتی :
- ئەحمەد ئەگەر تۆ منت وەک خوشک خۆش دەوێ، قەی ناکا، تۆ برای منی.!بەڵام پێم بڵێ بۆ چی ئەم مەسەلەت هێنا گۆڕی و دەتەوێ بڵێی چی ؟
ئەحمەد گوتی:« تۆ دەبێ شو بە کوڕی پاشا بکەی.»
گولیزار گوتی :« عیلاج نیە، من لە بەر خاتری تۆ ئامادەم ببمە ژنی کوڕی پاشا!»
ئەحمەد گوتی :« ئەو لاوێکی ئاقڵ و میهرەبانە، کوڕی پاشایە، لە هەموو بارێکەوە وەزعت باش دەبێ. من سەبارەت بەم ڕازی بوونەت سوپاست دەکەم.»
پاش ئەم گفتگۆیە ئەحمەد چوە کن کوڕی پاشا و گوتی:
- هەموو شت بە دڵی تۆیە. گولیزار ڕازیبوە. کوڕی پاشا بە بیستنی ئەم قسەیە چاوی گەشانەوە و ڕوومەتی سوور هەڵگەڕان و لەشی سوک بوو، لە جێ هاتە دەر و گوتی :
- داخوا دەتوانم ڕۆژێک تۆڵەی چاکەی تۆ بدەمەوە.
پاش چەند ڕۆژ کوڕی پاشا بە یەکجاری چاک بۆوە، ئەحمەد ئاهەنگی شایی و مارە کردنی ئامادە کرد و پاش مارە و زەماوەند. هەر سێکیان، ئەحمەد و گولیزار و کوڕی پاشا بەرە و مەغریب کەوتنە ڕێ. مزگێنی هاتنەوەی کوڕی پاشایان بۆ بابی برد و گوتیان:
- ئەحمەد کوڕەکەتی چاک کردۆتەوە و ژنیشی بۆ هێناوە.!
پاشا کەیف خۆش بوو، چوە پێشوازیان و جێژنێکی بەر بڵاوی ساز کرد پاشان بە ئەحمەدی گوت:
- نازانم چۆن چاکەی تۆ بدەمەوە، هەرچی دەتەوێ لە ماڵی من بخوازە.
ئەحمەد گوتی :
- پاشا سلامەت بێ، من هیچم ناوێ. ئێستا لە سایە کوڕەکەت لە تۆ کەمترم

www.kerimbisani.com

نیە.. مالاوایی خواست و بۆ وڵاتی خۆی گەڕایەوە. گەیشتەوە شار دیتی هەرایەکی سەیرە . ئەحمەد کەوتە فیکرەوە و توشی منداڵێک بوو، پرسیاری لێکرد و گوتی:

- ڕۆڵە گیان چ قەوماوە.؟

- دەڵێی چقەوماوە ؟ سێ ڕۆژە خەستەخانەی ئەحمەد دەسووتێ، بە جارێ بۆتە خۆڵە مێش.

ئەحمەد بە بیستنی ئەو خەبەرە ڕەنگی گۆڕا و ئەژنۆی لەرزین و دەڵە کوتەی گرت و هەر لە وێ دانیشت. فیکری کردەوە کە لەم شارە جگە لەمن ئەحمەدی دیکەی تێدا نیە. بێگومان خەستەخانەی من ئاگری گرتوە. بە زەحمەت خۆی گەیاندە خەستە خانە و دیتی داری لە سەر بەردی نەماوە. کاولێک نە بێ چیتری لێ نیە.

- ئێستا چبکەم. بچمە کوێ، جێگاو ڕێگام نیە. کێ یارمەتیم دەدا؟ لەو فیکرانە دا کوڕی پاشای هاتەوە بیر و گوتی:

- دەچمە کن ئەو تا یارمەتیم بدا.

ئەحمەد ئیتر پارەی نەما بوو. لیباسەکانی فرۆشت و بۆ لای وڵاتی کوڕی پاشا کەوتە ڕێ. ڕێگایەکی دوور بوو. چەند ڕۆژ نە هیچی خوارد و نە خۆی شوشت و نە حەسایەوە. کەسێک تەماشای کرد بایە، نەیدەزانی کە ئەوە دوکتۆرە. لای وابوو شوانێکە ساڵەهای ساڵ لە چیا بوە و ئینسانی نەدیوە و بۆتە وەحشی. مێشیش لێی دوور دەکە وتنەوە. بەم سەر و سیمایە چوە ماڵی کوڕی پاشا. لە دوورەوە دیتی گولیزار و کوڕی پاشا لە بەر پەنجەرە وێستاون وقسان دەکەن. کە ئەحمەدیان بینی پەنجەرەیان پێوە دا و ڕۆیشتن. ئەحمەد پێی سەیر بوو. لە دڵدا گوتی:

- ئەی خودا.. بۆچی وایان کرد. بێگومان منیان نە ناسی!

ئەحمەد چوە پێش و بە دەرکەوانی گوت:

- بڕۆ بە کوڕی پاشا بڵێ کە ئەحمەدی دوکتۆر داوات دەکا.

دەرکەوان چوو بە کوڕی پاشای گوت. لە وەڵامدا کوڕی پاشا گوتی:

www.kerimhisami.com

– پێی بڵێ کاتی نیە و نایەتە لای و ئیتر چی لە من دەوێ؟»
دەرکەوان گەڕایەوە و پەیامی کوڕی پاشای پێگەیاند. ئەحمەد کە ئەوەی بیست بە جارێ تێکچوو، نەیدەزانی چبکا. لیباسیشی نە مابوو کە بیفرووشێ و پارەی ئەو خەرجی سەفەر بکا و بگەڕێتەوە. گوتی: « با بچم عەمباڵی بکەم. چوە لەنگەر گای کەشتی و دەستی بە عەمباڵی کرد. ماوەیەکی زۆر خەریکی عەمباڵی بوو. ڕۆژێک دوو پیاوی گەنج بە دوو سندوقەوە هاتن و لێیان پرسی

– چەندەت بدەینێ ئەو سندوقانە بەریە ئەو شوێنە کە نیشانت دەدەین.

ئەحمەد گوتی: سکەیەک.

ئەوان گوتیان : دوو سکەت دەدەینێ سندوقەکان بەرە فلان جێ و لە وێ چاوەڕوانی ئێمە بە.

شوێنەکەیان بە ئەحمەد نیشاندا و ئەویش سندوقەکانی برد و لە وێ چاوە ڕوان وێستا. تا ڕۆژئاوا لە وێ بوو، خاوەن سندوق نەهاتن، شەو درنگ بوو، ناچار سندوقەکانی بردە ژوورەکەی خۆی و بەیانی دیسان هاتەوە ئەو جێگایە. و تا شەو چاوە ڕوان بوو کەس نەهات. ئەحمەد سێ ڕۆژان ئەوە کاری بوو کەس پەیدا نەبوو. ڕۆژی چوارەم سندوقەکانی برد و سەری هەڵگرتن تەماشای کرد یەکیان هەمووی ئامرازی دوکتۆریە و ئەوی دیکەیان پڕە لە ئاڵتون و جەواهیرات. ئەحمەد گوتی : « خەراب نیە. ڕاست ئەم شتەیە کە پێویستم پێیەتی.»

هەر ئەو ڕۆژە بەرەو وڵاتی خۆی گەڕایەوە. دەستی کرد بە دروست کردنی خەستە خانە، ڕاست وەک خەستە خانەی پێشوو. بەڵام قەت ڕەفتاری گولیزار و کوڕی پاشای لە بیر نە دەچۆوە. لە فیکری ئەوە دابوو کە چۆن بیانبینێ و ئەوەی لەدڵی دایە پێیان بڵێ.

ڕۆژێک ویستی هێندێ کەس داوەت بکا، داوەتنامەی بۆ هەموان نارد. میوان کۆ بوونەوە، کوڕی پاشا و گولیزاریش هاتن. لە دەوری سفرە کۆ بوونەوە. ئەحمەد هەستا و ئیجازەی قسەی خواست. ئەوەی لە نێوان ئەو و کوڕی پاشا و گولیزاردا ڕوویدابوو، هەمووی باسکرد. کە تەواو بوو، میوانان

www.kerimhisami.com

ویستیان هەر لەوێ گولیزار و کوڕی پاشا بکوژن. بەڵام کوڕی پاشا گورج ڕاست بۆوە و جامی خۆی هەڵێنا و ڕووی کردە خاوەن ماڵ و گوتی :

– ئەی ئەحمەد! داخوا بەو سەر و ڕیش و لیباسەوە هاتبایە ماڵی من، خۆت نارەحەت نە دەبووی؟

– بەڵێ.. شەرمم دەکرد. بەڵام ئاخر ئەو ڕۆژە بەدبەختی یەقەی گرتبووم

– منیش بۆیە ئەو ڕۆژە ڕێگام نەدای، تا هەست بە شەرم و خەجاڵەتی نەکەی. ئەو دوو لاوەی کە سندووقەکانیان دا بە تۆ، من و گولیزار بووین، ویستمان کارێک بکەین کە تۆ نارەحەت نەبی. و شەرم نەتگرێ. ئێستا خۆت داوەری بکە و بزانە کارێکی باشمان کردوە یا خەراب.

کاتێ کوڕی پاشا قسەکانی تەواو کرد هەموو بە سلامەتی ئەو خواردیانەوە. کوڕی پاشا خوشکێکی جوانی هەبوو دایان بە ئەحمەد و ئەوان بە ئاواتی خۆیان گەیشتن و داستانی ئێمەش تەواو بوو.

www.kerimhisami.com

چاکە و خەرابە ٢٧

پاشـایەک هەبوو، ڕۆژێک چوە ڕاو. لە سـەر ڕێگا پیـرە پیـاوێکی دیت بە ناوی «خانۆ» کۆڵە دارێکی بە پشتێوە بوو. پاشا گوتی :

- تۆ ئێستا پیر بووی، بۆ چما ژن و منداڵت نین لە جیاتی تۆ کار بکەن؟

- نا دەبێ خۆم کار بکەم. قەرزی خۆشم بدەمەوە و هێندێکیش بە قەرز بدەم بە هیدیکە.

- بە کێ قەرزداری و بە قەرز بدەی بە کێ ؟

- دایک و بابم هێشتا زیندوون، دەبێ کار بکەم تا قـەرزی ئەوان بدەمەوە. بە منداڵەکانیشم قەرز بدەم تا ئەوان پاشان بمدەنەوە.

پاشا قسەکانی خانۆی لێ خۆش هات. پێی گوت:

- دەبێ هەموو ڕۆژێ سەعاتێک بێیە لای من تا قسان بکەین.

خانۆ هەموو ڕۆژێ دەچوە کن پاشا. شا قسەکانی خانۆی پێخۆش بوو، هەموو ڕۆژێ مستێک زێڕی دەدایە.

پاشا وەزیرێکی حسـودی هەبوو. وەزیر دیتی پاشا خانۆی لەو خۆشتر گەرەکە و مەرحەمەتی لە گەڵ ئەوە لە زیادێیە، ویستی کارێکی وا بکا کە پاشا خانۆ بکوژێ و یا دەری بکا.

چەند مـانگی پێچوو وەزیر لە قـەسـدی خـۆی پەشـیمـان نە بۆوە. واتە نەهێشتنی خانۆی لە نییەت دابوو.

ڕۆژێک خانۆ بە پاشای گوت:

- ئەی پاشا. هەمیشە لە گەڵ چاکان چاکە بکە، بەڵام لە گەڵ خەرابان، خەرابە مەکە.

www.kerimhisami.com

پاشا پرسی بۆچی ؟

- چونکە خەرابەی فیکر و کردەوەیان بۆ ئەوان بەسە. پاشا ئەو قسانەی بە دڵ نە بوو ئیتر خانۆی بانگ نەکرد.

چەند مانگێک پێچوو. ڕۆژێک چەند میوانی وڵاتی دراوسێ هاتنە کن پاشا. پرسیاری زۆریان لێکرد و وەڵامی دانەوە. وەبیری هاتەوە کە ئەم وەڵامانە لە خانۆ فێر بوە. بە خۆی گوت :

-باشە دۆستایەتی ئێمە بۆ تێکچوو.؟

کاتێ ڕووداوەکەی وەبیر هاتەوە، خۆی بە تاوانبار زانی. بە وەزیری گوت کە دەست بەجێ خانۆی بۆ بانگ کات.

وەزیر کە بە دەر کردنی خانۆ شاد ببوو، ئێستا نارەحەت بوو، دیسان کەوتە بیری پیلان نانەوە تا خانۆ لە بەین بەرێ.. بەڵام بە ناچار چوە کن خانۆ و گوتی: « پاشا ئیمشەو چاوە ڕوانتە.»

پاشان گوتی:

- با ئێستا بچینەماڵی ئێمە. چەند ساڵە یەکتر دەناسین، جارێک نە هاتوویە ماڵمان.

خانۆ لە گەڵ وەزیر چوە ماڵیان. وەزیربە کەباب و سیر و ماست میوانداری کرد. سیرێکی زۆری دەماستەکەی کرد و بە خانۆی گوت: « تۆ دانیشە ئێستا دەگەڕێمەوە.»

وەزیر خانۆی بە جێهێشت و چوە کن پاشا و گوتی :

- نازانم بۆ خانۆت خۆش دەوێ و بانگی دەکەی؟

پاشا گوتی:« پیاوێکی ئاقڵە بۆ دۆستایەتی نەکەم.؟»

وەزیر گوتی :

-دەزانی خانۆ لە هەموو شوێنێ بڵاوی کردۆتەوە کە پاشا بۆگەنی لە زاری دێت.

پاشا تورە بوو گوتی :

- ئەگەر دەرکەوێ ڕاست دەکەی، فەرمان دەدەم دەست بە جێ سزای

www.kerimhisami.com

بدەن.

شەو کاتێ خانۆ هاتە کن پاشا، شا زۆر نیزیک لای دانیشت. هەر چەندی پاشا لێی نیزیک دەبۆوە، خانۆ خۆی لێ دوور دەخستەوە، جگە لەوە دەستیشی بە زاریەوە دەگرت. پاشا لە دڵدا گوتی:

– دیارە وەزیر ڕاست دەکات

پاشا بە گوێرەی داب هەموو جارێ، کاتی خانۆی بانگ دەکرد، کە دەهات بڕوا نووسراوێکی دەدایە بۆ خەزێنە دار تا چەند سکەیەکی بداتێ. ئەم جارەش یاد داشتێکی دایە و گوتی :

– بیدە بە خەزێنەدار. لە یاد داشتەکە نووسرا بوو: « هەر کەسێک ئەم یاد داشتەت بداتێ، دەست بە جێ ئیعدامی بکە و جنازەکەشی لە دەروازەی شار هەڵاوەسە و لە سەر سینگی بنووسن: «ئەوە چارە نووسی کەسێکە قەدری چاکە نەزانێ.»

وەزیر لە پەنجەرەی ماڵی خۆیان دیتی کە خانۆ بە نامەیەکەوە لە کۆشکی شا هاتە دەر. وایزانی کە دیسان لە خەزێنەدار پارە وەر دەگرێ. تەماعی ڕێکەوت و چوە نیزیک خانۆ و گوتی :

– ئەی خانۆ، تا ئێستا پاشا زێڕێکی زۆری داوە بە تۆ. وەرە پیاوەتی بکە و ئەم نامەیە بدە بە من، با ئەمجار من پارەکە وەر بگرم.

خانۆ گورج نامەکەی دا بە وەزیر. وەزیر بە خۆشیەوە چوە کن خەزێنە دار و نامەکەی دایە. خەزێنەدار نامەکەی خوێندەوە و بانگی « جەلاد» ی کرد

جەلاد گورج خۆی گەیاندێ. خەزێنە دار گوتی : « بە فەرمانی پاشا لە سەری بدە.!»

هەر چەند وەزیر پاڕاوە، خەزێنە دار مۆڵەتی نەدا و گوتی :« من دەبێ فەرمانی شا ئیجرا بکەم.»

جەلاد لە سەری وەزیری دا و جەنازەکەیان لە دەروازەی شار هەڵاوەسی. خەبەریان بە شا دا کە جەنازەی وەزیر لە دەروازە هەڵاوەسراوە. شا ئەمری کرد خەزێنە دار بێنن. خەزێنە داریان ئامادە کرد و پرسیاریان لێکرد. خەزێنە

www.kerimhisami.com

دار گوتی:

– ئەی قیبلەی عالەم ! خۆت ئەمرت کرد بوو.

ئەمجار پاشا گوتی: خانۆ بێنن و لێی پرسێ :

– کاتێ لە کن من دانیشتبووی، بۆ چی بە دەسرە زاری خۆت دەگرت.

خانۆ حکایەتی سیر خواردنی ماڵی وەزیری بۆ گێڕاوە. پاشا کە ئەوەی بیست گوتی :

– هەقت بوو. لەگەل خەرابان نابێ خەرابە بکەی، چونکە هەر خەرابەی نیەت و کردەوەیان بۆیان بەسە. دیتت کە وەزیری خەراب چۆن بە سزای خۆی گەیشت.

دوو کوێر ٢٨

ڕۆژێ کوێرێک بە ڕێگا دا دەرۆی چاوساخێکیش بە دوای ئەو دا ڕێی داگرتبوو. کابرای چاو ساخ چەمەدانێکی پێبوو، هێندێ لیباس و کەوش و شتی بۆ ماڵێ کریبوو. لە پشتەوەی کوێرەکە دەرۆیشت و گوتی با ئەم کوێرە تاقی کەمەوە بزانم چ پیاوێکە. دەڵێن کوێر ڕاست نین. بزانم ئەم قسەیە ڕاستە.

چاو ساخ دارێکی دەست دایە و دەعەرزی دەکوتا و بە کوێرەکەی گوت:

– برا گیان من کوێرم چاوساخیم بکە و لە گەڵ خۆتم بەرە.

– پەنا بۆ خوا. خۆم کوێرم، تۆ بۆ کوێ بەرم؟

– بۆ کوێ دەچی، منیش بەرە. دەستی لە کوێر هەڵنەدەگرت و ئاخرەکەی پێکەوە ڕێک کەوتن . برێک ڕۆیشتن. چاو ساخ گوتی

– برا گیان! ئاگات لەو چەمەدانەی من بێ، تا دەست بە ئاو دەگەیێنم. نەوەک یەکێک بێ و بیبات،

کوێرە گوتی :« برۆ برام. برۆ دڵنیا بە.

کابرای چاو ساخ چوو له پشت دارێک خۆی مات کرد و ئاگای له کوێره بوو. دیتی کوێره چەمەدانی کردە وە نێوەکەی کۆڵیەوە تا بزانێ چی تێدایە. پاشان هەڵیگرت و لە ڕێگا لایدا و گۆیا خۆی شاردەوە.

کابرای چاو ساخ لە پشت دارە کە هاتە دەر و چوە جێگای چەمەدانەکە و بانگی کرد:

– براکەم لە کوێی، ناتبینم. کوێرە بێدەنگ بوو.

– جارێکی تریش بانگی کرد و گوتی :

– برام من کوێرم، بەد بەختم، گەدایی‌م کردوە و هێندێ شتم بۆ منداڵان کڕیوە. بەزەییت بە من دانایە.؟

کوێرە بێدەنگ بوو، وەڵامی نەدایەوە، کابرای چاو ساخ بەردێکی دەست دایە و گوتی :« ئەی خودای گەورە، ئەم بردە بە سەری برای کوێرم دابدە. لە کوێرەی وە نیزیک کە وت بە ردەکەی توند لە پشتی دا. کوێرە هاواری کرد و گوتی:

– خودا درۆزن بگرێ، ئاخر کوێر چۆن دەتوانێ بەردی ئاوا بوەشێنێ.

www.kerimhisami.com

محەممەد ٢٩

محەممەد لە گەڵ سێ برادەری خۆی سوار بوون کە بچنە حەج. ماوەیەک بە ڕێگا دا ڕۆیشتن، ئەسپی محەممەد وەستا. بە ڕەفیقانی گوت: « ئێوە بڕۆن، خواتان لە گەڵ. من لە گەڵ ئێوە دەر ناچم.

ئەوان ڕۆیشتن. محەممەد لە ئەسپ دابەزی و زینی لێکردەوە و بەرەڵای کرد بلەوەڕێ. پاش حەسانەوە، ئەسپی زین کردەوە وسوار بوو کەوتە ڕێ. گەیشتە چادری سەحرا نشینان. لە چادرێک نیزیک بۆوە و دیتی ژنێک لە پێش چادرەکە دانیشتوە. محەممەد راوەستا و سلاوی کرد و گوتی : « میوان ڕادەگری ؟»

– میوان خۆشەویستی خودایە، فەرمو بە خێر هاتی. محەممەد دابەزی. ژن ئەسپی لێ وەر گرت و ئەسپەکەی لە مەزرایە بەستەوە، گەڕایەوە لبادێکی بۆ ڕاخست و ئاوی هێنا دەست ولاقانی بشوا. پاشان نانی هێنا و پێکەوە نانیان خوارد و محەممەد پرسی :

– ئایا پیاوت لە ماڵێ هەیە ؟

ژنە کە گوتی. تۆ چکارەت بەوە داوە، تۆ میوانی. هاتوویە ئەم چادرە. چکارت بەوەیە کە پیاو لە ماڵێ هەیە یان نا ؟

شەو جێگای بۆ ڕاخست و هەر تکیان چوون بخەون. نیوە شەو محەممەد وە خەبەر هات و چوە سەر جێگای ژنەکە.

ژن بە محەممەدی گوت:

– تۆ لێرە میوانی، بڕۆ بخەوە، بۆ هاتوویە ئێرە. ئەگەر مێردەکەم هاتەوە، ئیجازەی لێ وەر دەگرم، ئەگەر ئەو ڕێگای دا، وەرە لە گەڵ من بنوو.

www.kerimhisami.com

محەممەد چۆوە سەر جێگای خۆی و تا بەیانی لێی نوست، بەیانی کە هەستا گوتی:

– ئەسپەکەم لە کوێیە، دەمەوێ بڕۆم.

– ڕاوەستە. لە پێشدا نان بخۆ و دوایە بڕۆ.

نانی بۆ هێنا و محەممەد نانی خوارد و دیتی پیاوێک بە سواری ئەسپ و تفەنگ دەشانیدا، لە پێش خێوەت دابەزی، ژنەکە ئەسپی لێ وەر گرت، محەمەد لە ترسان زراوی چوو. ژنەکە بە مێردەکەی گوت:

– دوێنێ شەو میوانەکەمان دەیویست لە گەڵ من بنوێ. من گوتم مێردەکەم لە ماڵ نیە، کە هاتوە ئیجازە لەو دەخوازم.

مێردی ژنەکە بێدەنگ بوو. محەممەد گوتی:

– ئەسپەکەم لە کوێیە، دەمەوێ بڕۆم.

– ڕاوەستە. من تازە هاتوومەوە، با پێکەوە نانێکی بخۆین و دوایە بڕۆ. جارێکی تر دانیشتنە سەر سفرە و پاش خواردن محەممەد داوای ئەسبەکەی کرد. خاوەن مال گوتی:

– ئێستا هەر ماست و هەنگوینمان خواردوە. ڕاوەستە بەرخێک بکوژینەوە و بیکەینە کەباب و دەیخۆین و ئەمشەویش لای ئێمە بە و پاشان بڕۆ.

محەممەد ناچار گیر بوو. بەرخیان کوشتەوە وکەبابیاب خوارد وجێیان بۆ محەممەد ڕاخست و خاوەن ماڵ گوتی:

– بڕۆ لە گەڵ ژنەکەی من بخەوە. من لە جێگای تۆ دەنووم،

– نا،، ژنی تۆ دایک و خوشکی منە. بەیانی محەممەد زوو هەستا و ویستی سوار بێ و بڕوا.

خاوەن ماڵ گوتی:

–ڕاوەستە. نان بخۆ و بڕۆ. پاشان بە ژنەکەی گوت: « نان و گۆشتی سورەوە کراو بۆ میوان ئامادە بکە لە گەڵ خۆی بەرێ.» محەممەد کە لە ترسان ئارامی نەبوو، ماڵاوایی لە خاوەن ماڵ کرد و لە خێوەت چوە دەرێ. دیتی ئەسپەکەی زین کراوە و خورجێنێکی پڕ لە خواردەمەنی لە پاشتەرکی بەستراوە. سوار بوو

www.kerimhisami.com

کەوتە ڕێ.

ئەوش بڵـێم کـە مـحـەممەد زۆر دەوڵەمـەند و خـاوەنی چەند دوکـان بوو. ڕۆژێک لە پێش دوکانی خۆی وێستا بوو دیتی دوو کەس دەستی ژنێکیان گرتوە و ڕایدەکێشن. محەممەد ژنەکەی ناسیەوە. ئەو ژنە بوو کە لە خێوەت میوانیان ببوو.

محەممەد پرسی :

- ئەو ژنەی بۆ کوێ دەبەن.؟

گوتیان ئەو ژنە پێمان قەرز دارە و لە جیاتی قەرزی خۆمان دەیبەین.

- قەرزەکەی چەندە ؟

- سەت لیرە.

- وەرن ، ئەوە سەت لیرە ، وازی لێ بێنین.

مـحـەممەد ژنەکـەی بردەوە مـاڵێ و بە خـێزانـی گـوت: « ئەو ژنە خـوشکی منە. لیباسی تازەی بدەیە و نان و خواردن و با لە ماڵی ئێمە بێ.»

ساڵێک بە سەر چوو ڕۆژێک محەممەد دیتی دوو پیاو دەستی کەسێکیان گرتوە و ڕایدەکێشن. محەمەد پیاوەکەی ناسی.

پرسی بۆ کوێی دەبەن،؟

گوتیان دوو سەت لیرەمان پێ قەرز دارە و لە جیاتی قەرز دەیبەین.

مـحـمـەد دوو سـەت لیرەی دانێ و کـابـرای نەجـات دا و بردییەوە مـاڵێ. ناردییە حەمام و لیباسی جوانی دەبەر کرد و پاشان بردیە دوکان و گوتی :

- لەم لایە من دەفرۆشم و لەو لاش تۆ بفرۆشە. پاش ماوەیەک گوتی:

- دەمەوێ ژنت بۆ بێنم.

- خۆت دەزانی. چۆنت پێباشە وا بکە.

- خـوشکێکـی زۆر جـوانم هەیە دەیدەم بە تۆ. ئەوەش بڵـێم کە ژن و مێرد هیچیان محەممەدیان نە ناسیە وە.

محەممەد کابرای بردە کن ژنەکەی و یەکتریان ناسیـەوە و زۆر خۆشـحاڵ بوون

www.kentiblsani.com

مێرد لە ژنەکەی پرسی:« تۆ چۆن کەوتیە ئێرە،»

ژن گوتی : « سەت لیرەی دا بە قەرز دارەکان و منی نەجات دا.»

مێردەکەش گوتی :« بۆ رزگاری منیش دوو سەت لیرەی دانێ. ژن و مێرد حەوت ساڵان لە ماڵی محەممەد گیرسانەوە. رۆژێک پیاوەکە بە ژنەکەی گوت:

– ئێمە ئەوە حەوت ساڵە بۆ ئەرباب کار دەکەین. تۆ بڵێی بایی سێسەت لیرە کارمان نەکرد بێ.؟

بەڵام محەممەد لە چیایەکی نیزیک شوێنەکەی خۆی، خێوەتێکی هەڵدا. مێگەلە مەڕ و ڕەوە ئەسپ و ماڵاتی لە گەڵ فەرش و لیباس و خواردەمەنی بردە وێندەرێ.

ڕۆژێک مێردی ژنەکە بە محەممەدی گوت:

– ڕێگامان بدە برۆین. محەممەد بە ژنەکەی گوت نان و کەباب و خواردەمەنیان بۆ ڕێگا بۆ دانێ. پاشان سواری ئەسپی کردن و بردنی بۆ ئە و کێوە. ژن و مێرد چاویان بە مێگەلە مەڕ و ڕەوە ئەسپ و فەرش و شتی ماڵێ کەوت. محەممەد گوتی :

– ئەو شتانە هەموو بۆ ئێوەن. حەوت ساڵ کارتان بۆ من کردوە، ئەوەش پاداشی کارەکەتانە. ماڵاوایی لێکرد و ڕۆیشت.

پیاوەکە لە دڵی خۆیدا گوتی:

– چۆن چاکەی ئەو پیاوە بدەمەوە، باشترە بیکوژم و لە شەڕی ئەم هەقناسییە نەجاتم بێ.

سەری ئەسپی باداوە و بانگی محەممەدی کرد و گوتی: بوێستە.

محەممەد لە مەبەستی گەیشت و ڕاوەستا. کابرا لێی وە نیزیک کەوت و گوتی :

– تۆ ئەو هەموو چاکەت لە گەڵ من کرد. ئێستا چۆن تۆڵەی بکەمەوە. دەبێ بتکوژم و لە ژێر باری ئەم چاکەیە خۆم رزگار بکەم.

– چما تۆ من ناناسی ؟ من ئەو کەسەم کە میوانی تۆ بووم و دەمویست لە گەڵ خێزانت بنووم. ئەو پێی گوتی. تۆ لە جیاتی ئەوە ڕێزت لێگرتم. من گەڕامە وە و

www.kerimhisami.com

لە گەڵ خۆم شەرتم کرد کە ئێوە هەر تکتان بۆ من وەک خوشک و برا وابن. من هێشتا نیوەی ئەم چاکەشم تۆڵە نەکردۆتە وە کە تۆ لە گەڵ من کرد بووت.

هەر تک یەکتریان لە ئامێز گرت و ژن و مێرد لە و خێوەتە دا ژیانیان بردە سەر و محەممەدیش گەڕاوە لای ژنی خۆی و هەموویان بە خۆشی و شادی ڕۆژگاریان بردە سەر.

سێ ئەحمەد ٣٠

حاکمێک بوو ساڵێ جارێک دەچۆ کن ژنەکەی. ژنەکە دوو کوڕی بوون کوڕی هەوەڵ و دووەمیان ناو نان ئەحمەد. نایبێکی زۆر فێڵە زانی هەبوو، دەیزانی حاکم کەنگێ دەچێتەوە ژوور و دەچێتە کن ژنەکەی. جارێک بەر لەوەی حاکم بچێتەوە ژوور، چوە ژووری حاکم و لە تاریکی دا لە گەڵ ژنەکەی نوست.

پاشان حاکم چۆوە ژوور و لە دەرگای دا، خێزانی دەرگای لێکردەوە و بە سەر سور مانەوە گوتی :

– ئەوە چت لێهاتوە. تۆ پێش سەعاتێک هاتیە کن من. حاکم هەستی کرد چقەوماوە، گوتی:

– کیسە توتنم لە بیر چوو بوو. ڕۆیشت و ئیتر نە چۆوە ژوور. نۆ مانگ ڕابرد و خێزانی کورێکی دیکەی بوو ئەویشیان ناو نا ئەحمەد.

هەر سێ کوڕ پێکەوە گەورە بوون و زۆری پێنەچوو حاکم مرد. لە وەسیەتنامەکەی دا نووسیبووی: « ئەحمەد کوڕی منە و ئەحمەد کوڕی منە و ئەحمەد کوڕی من نیە و لە میرات بێبەشە.»

هەر سێ ئەحمەد وەسیەتنامەیان خوێندەوە و لێیان بوو بە کێشە. کە لەم

www.kerimbisani.com

سێ یانە کامیان کوڕی بابمان نیە. پاشان گوتیان: - بۆ کێشە بکەین. با بچینە کن حاکمی وڵاتی جیرانمان. لە ئاقڵ و حیکمەت دا بە ناو بانگە. داوای لێبکەین ئەو دادوەری بکا.

هەر سێ کەوتنە ڕێ. لە شوێنێ وێستان. برای گەورە تەماشای ئەملاو لای کرد و گوتی :

- تازە حوشترێک بێرەدا تێپەڕیوە. چاوێکی کوێر بوە و شەلیش بوە و دوو دانی پێشەوەشی نەبووە.

برای نێونجی گوتی:

- باری ڕۆن و هەنگوین بوە،

برای گچکە گوتی :

- ژنێکی سک پڕ سواری بوە.

لەم کاتە دا کابرایەک گەیشتێ و پرسی :

- هیچ حوشترتان نەدیوە. حوشترم بزر بوە و نایدۆزمەوە.

برا گەورەکە پرسی :

- داخواوشترەکەت شەلە و چاوێکی کوێرە ودوو دانی پێشەوەی نەماون ؟

برای نێونجی گوتی :

- داخوا باری ڕۆن و هەنگوینی لێ بوە ؟

برای گچکە گوتی :

- داخوا ژنێک سک پڕ سواری بوە ؟

خاوەن حوشتر گەلێک شاد بوو، گوتی :

-ڕاست خۆیەتی، کەوابوو ئێوە دیتوتانەتەوە، بۆ نامدەنەو ، لە سەر چی ڕاوەستاون،؟

- سوێند بە خوا، حوشتری تۆمان نەدیوە.

- نەماندیوە یانی چی. گاڵتەم پێدەکەن. یالله بابچینە کن قازی. چوونە کن قازی و خاوەن حوشتر ڕووداوەکەی بۆ باسکرد و گوتی :

- بێگومان حوشتریان لە جێگایەک شاردۆتەوە، بڵی بمدەنەوە.

www.kerimhisami.com

برایان گوتیان: « سوێند دەخۆین کە ئێمە هیچمان حوشترمان نەدیوە.»

قازی گوتی: « ئەگەر حوشترتان نەدیوە، ئەدی چۆن هەموو نیشانەکانی دەزانن.؟»

ڕووی کردە برا گەورەکەی و گوتی :

– تۆ چۆن دەزانی حوشترەکە شەل بوە وچاوێکی کوێر بوە ودوو دانی پێشەوەی نەماون.؟

– کاتێ بە ڕێگادا ڕۆیشتوە، لاقێکی بە سەر خاکدا کێشاوە و شوێنی دیارە. گیاشی هەر لە لایەکی ڕێگا خواردوە، یانی چاوێکی نەیدیوە. لە شوێنی دانەکانی پێشەوەی، گیا ساخ ماوەتەوە.. لە ڕووی ئەم نیشانانە، تێگەیشتم کە شەل بوە، چاوێکی کوێر بوە و دوو دانی پێشەوەی نەماون.

قازی لە برای نێونجی پرسی :

– باشە تۆ بێژە چۆن زانیت باری حوشترەکە ڕۆن و هەنگوین بوە ،؟

لە وەڵامدا گوتی :

– زۆر سادەیە. کاتێ حوشترەکە یخی خواردوە، لە لایەکی ڕۆن ڕژاوە و لە لایەکی هەنگوین. لای ڕۆنەکە مێرولەی تێهاڵاون و لای هەنگوینەکە مێش لێی کۆ بوونەوە.

قازی لە برای گچکەی پرسی :

– تۆ چۆنت زانی ژنی دووگیان سواری حوشتر بوە ،؟

لە وەڵامدا گوتی :

– بەو نیشانانە زانیم کە بە جێ مابوون. ژنەکە بۆ حەسانەوە لە سەر زەوی دانیشتوە. بەڵام کاتێ ویستوویەتی هەستێ، هەر تک دەست لە زەوی داناون و بە یارمەتی دەستەکانی هەستاوە.

ئەم بەڵگانە ئەوەندە قایم بوون کە قازی نەیتوانی هیچ بڵێ. بیری کردەوە کە چبکا و چ حوکمێک بدا؟ پاشان بە دەنگی بەرز گوتی:

– ئەمشۆ لای من بمێننەوە و شێو بخۆن و بخەون وبەیانی جارێکی دیکە قسەی لێدەکەین و ئیشەڵلە فیکرێکی لێ دەکەمەوە.

www.kerimhisami.com

بە خێزانی گوت : تا نانێکی باش ساز بکا. ئەویش بەرخێکی کوشتەوە وکەبابێکی خۆشی دروست کرد سفرەی ڕاخست.

برای گەورە پاروە گۆشتێکی هەڵگرت دە زاری نا، ئاخێکی هەڵکێشا و هێنایەوە دەر.

قازی گوت: « چۆن بوو، ناخۆشە ؟»

– بۆنی سەگی لێدێت، ببوورە، ناتوانم بیخۆم.

قازی گوتی :« شوانی بانگ کەن. شوان هات و قازی لێی پرسی:

– ئەم گۆشتە بۆچی بۆنی سەگی لێدێت.؟

– تۆ گەورەی منی. بمبەخشە. ئەو ڕۆژەی ئەو بەرخە لە دایک بوو، دێڵە سەگەکەی مەڕی شیری دەدا بە گجولەکانی. ئەو بەرخە ئەحمەقەش لە گەڵ گجولەکان دەستیکرد بە مژتنی شیری سەگ. خەتای من بوو ئاگاداری نە بووم. داوای لێبوردن دەکەم.

قازی گوتی: تا مەنجەڵە گۆشت فڕێ بدەن.. پاشان مەنجەڵی پلاویان هێنا. برای نێونجی پاروە برنجێکی هەڵگرت، دەزاری ناو هێنایەوە دەرێ و فڕێیدا.

قازی گوتی :« چیە بۆ ناخۆی.؟»

– بۆنی ئاسنی لێدێ. مەنجەڵەکەیان وەر گێڕا. دیتیان بزمارێکی گەورە لە بن برنجەکە دایە، پلاوەکەشیان ڕشت.

قازی گوتی :« تا کەباب ئامادە دەبێ، با شەڕاب بخۆینەوە. ئەوەی گوت و پیاڵەی پڕ کرد و دای بە برای گچکە. ئەویش لێوی لێدا وپیاڵەکەی دانا.

قازی گوتی : « چیە؟ بۆ نایخۆیەوە.؟»

– بۆنی خوێنی لێدێ.

– بۆنی خوێن.؟ یاللە شەڕاب ساز بانگ کەن. قازی پرسی: « ئەم شەڕابە بۆ چی بۆنی خۆنی لێدێت.؟»

کابرا گوتی :

– ئەی حەزرەتی قازی لێم تورە مەبە. کاتێ ترێمان دەشێلا، درکێکم دەلاقی ڕاچوو. خوێنی لێهات و کەوتە ناو ترێ.

www.kerimhisami.com

قازی ئەمری کرد کوپەی شەڕابەکە بڕێژن. پاشان ڕووی کردە خاوەن حوشتر و گوتی:

– ئازیزم بڕۆ بە خوات دەسپێرم. دڵنیا بە کە ئەوانە حوشتری تۆیان نەدیوە.

خاوەن حوشتر ڕۆیشت. قازی لەو سێ برایەی پرسی:« بڵێن بزانم بۆ کوێ دەچن.؟»

– دەچینە کن حاکمی ئاقڵی وڵاتی دراوسێمان کە شەرعی ئێمە بکات.

قازی گوتی:

– روو داوەکەم بۆ باس بکەن بەڵکو بتوانم یارمەتیتان بدەم.

براکان داستانی خۆیان بۆ گێڕایەوە. تکایان کرد کە بۆیان ڕوون بکاتەوە کە کامیان کوڕی حاکم نین.

قازی هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی :« وەڵامی ئەم پرسیارە دژوارە. نازانم بڵێم چی. باشترە تا بەیانی ڕاوەستین. قازی کیژێکی هەبوو لە پشت پەردەوە گوێی لە قسەکان دەبوو. بەر لە نوستن بە باوکی گوت:

– بابە نیگەران مەبە. من باس و کێشەی ئەم سێ برایە کۆتایی پێدێنم.

بابی دەنگی دا و گوتی : « باشە باش . تۆ چ تێدەگەی .»؟

بەیانی کیژەکە چوە کن ئەو سێ برایانە و گوتی:

– لاوەکان گوێ بدەنێ. حکایەتێکتان بۆ دەگێڕمەوە. ڕۆژێک کچێکی زۆر فەقیر هەبوو گوێلەگەلی گوندی دەلەوەڕاند و لەم ڕێگایەوە دەژیا. ڕۆژێک یەک لە گوێلکەکان چوە نێو مێگەلی شوانی جیرانیان. کیژەکە چوە کن شوان و پاڕاوە گوتی: گ – گوێلکەکەم هاتۆتە نێو مەڕی تۆ بمدەوە. شوان گوتی: ئەگەر لە گەڵم بنووی، دەتدەمەوە. ئەوەی گوت و دەستی کچەکەی گرت. کیژەکە پاڕاوە گوتی:

– من هێشتا کچم. لێم گەڕێ. گوێلکەکەم بدەوە، قەولت پێدەدەم کە مێردم کرد هەوەڵ شەو پێش ئەوەی بچمە کن مێردەکەم دێمە کن تۆ و پاشان دەچم لە گەڵ مێردەکەم دەنووم.

شوان بەزەیی پێدا هات و گوێلکەی داوە. کچ گوێلکی برد و ڕۆی. لە

www.kerimhisami.com

ڕێگادا تووشی کوڕی حاکم بوو. کوڕی حاکم کە چاوی بە لیباسی دڕاوی کیژەکە کەوت ، بەزەیی پێدا هات و هیچی نە گوت. تەنیا لە کیژەکەی پرسی: کێیە و لە کوێ دەژی؟ کچەکە وەلامی دایەوە و ڕێگای خۆی درێژە پێدا . ئەوەش بڵێم کە خدر پێغەمبەر ڕۆژی لە دایکبوونی کوڕی حاکم بە دایک و بابی گوتبوو کوڕەکەیان ئەگەر ژن بێنێ دەمرێ. هەربۆیە حاکم نەیدەویست کوڕەکە ژن بێنێ. ماوەیەک تێپەڕی خەڵک و کەس و کاری حاکم داوایان لێکرد کە بۆ ئەوەی وەجاخ کوێر نەبێ، ژن بۆ کوڕەکەی بێنێ. هەر چەندی حاکم هەولی دا حالیان بکات کە کوڕەکەی دوای ژن هێنان دەمرێ، فایدەی نەبوو. حاکم چاری نەما . کوڕەکەی بانگ کرد و گوتی:

– کاتی ژن هێنانتە، کیژێک بۆ خۆێ هەڵبژێرە.

کوڕی حاکم کە ئەوەی بیست. کیژە فەقیر و ڕووتەکەی وەبیر هاتەوە. لە دڵدا گوتی: « خۆ من هە ر دەمرم، کە وایە با ئە و کیژە لە هەژاری و فەقیری نەجات بدەم.» پاشان بە دەنگی بەرز گوتی: « من تەنیا کیژی گوێلکە وانی گوندی دێنم.»

حاکم گوتی:

شەرمە، خەڵک چیمان پێ ئێژن! چۆن ئەم کیژە پیسە بێنینە کۆشکی خۆمان.

کوڕی حاکم پێی لێ دەکەوشێکی کرد و گوتی:

– یا ئەو، یا هیچ کەس . چار نەبوو شایی و زەماوەند ساز کرا. کاتێ شەو بە سەر داهات و کوڕی حاکم چوە کن بوکێ، بوک پێی گوت: « بەر لەوەی ببیە مێردی من دەبێ قەولێکی من داومە پەسندی بکەی»

کوڕی حاکم پرسی: « چ قەولێکت داوە.؟»

کچەکە گوتی : « ڕۆژەکانی زۆر پێشتر قەولم بە شوانێکی داوە کە شەوی بوکێنیم لە پێشدا بچمە لای ئەو. ئێستا دەبێ تۆش ڕێگام بدەی، چونکە بەڵێنم داوە.»

کوڕی حاکم گوتی:« باشە ئێستا کە قەولت داوە بچوو.»

www.kerimhisami.com

کیژەکە چوە گوند و شوانی دیتەوە. شوان پرسی چکارت بە من هەیە ؟

ماوەیەکی زۆر تێپەڕیبوو، شوان قەول قەراری کیژەکەی لە بیر نەما بوو. کچەکە گوتی :

- بۆ لە بیرت چوە ئەو ڕۆژەی پێکەوە قەرارمان دا کە شەوی هەوڵی بوکێنیم. لە پێشدا بێمە کن تۆ .

شوان گوتی:« بمبەخشە. من ئەو دەم گەنج و نەزان بووم. تۆ لەجێی خوشکی منی و من براتم.)

کیژەکە خۆشحاڵ بوو گەڕاوە و گوتی : «لە گەڵ شوان شەرتی برایەتیمان بەست و من بووم بە خوشکی.»

بەڵام هەر کە ویستی لە گەڵ کوڕی پاشا بنوێ؛ عزرائیل پەیدا بوو گوتی:« هاتووم گیانت بکێشم»

کوڕی حاکم گوتی: « تۆزی بوێستە با لە پێشدا دایک و باوکم بانگ کەم و پاشان گیانم بکێشە!»

دایک و بابی هاتن. باوک تکای لە عزرائیل کرد و گوتی:« بەزەییت بە کوڕەکەم دابێ. لە جیاتی ئەو گیانی من بکێشە. عزرائیل دەستی کرد بە گیان کێشانی ئەو، گیانکەی گەیشتە ئەژنۆیان، باب هاواری کرد«.. ئاخ.. ئاخ.. بەرمدە. بڕۆ گیانی کوڕەکەم بکێشە.!»

دایکیشی هەر وایکرد. ئەو دەم ژنی کوڕی حاکم، واتە کیژە گوێلکەوانەکە لە پشت پەردە هاتە دەر و بە عزرائیلی گوت:

- گیانی من بکێشە و مێردەکەم با زیندوو بێت»

عزارائیل گیانی کیژەکەی گەیاندە گەروی. کچەکە گوتی: یاللە تەواوی کە و بیکێشە.»

عزرائیل کیژەکەی بەردا وگوتی :« لە جیاتی ئەو هەموو بیر باشییە سەت و چل ساڵ تەمەنت دەدەمێ.» کیژەکە گوتی:« ئەگەر وایە نیوەی بۆ من و نیوەی بۆ مێردەکەم.»

کاتێ حکایەتی کیژی قازی گەیشتە ئەو جێگایە ڕووی کردە سێ براکان و

www.kerimhisami.com

گوتی :

– ئێستا پێم بێژن لەو سێ کەسانە – کوڕی حاکم کە ڕێگای دا ژنەکەی بەڵێنی خۆی بەرێتە سەر و شەوی هەوەڵی بوکێنی دەپێشدا بچێتە کن شوانەکە، یا کیژەکە کە بەڵێنی خۆی بردە سەر و چوە کن شوانەکە، یا شوانەکە کیژەکەی بە خوشکی خۆی دانا – کامیان بە شەرەفتر و بە شەخسیەت ترن.

برا گەورەکەیان گوتی :« کوڕی حاکم! چونکە ئەگەر من لە جێگای ئەو بام، قەت ڕێگام نەدەدا ژنم کارێکی وابکات.

برای نێونجی گوتی : نا. کیژەکە. چەند ساڵ پێچو بوو، لەوانە بوو قەولەکەی لە بیر چوو بێتەوە. هەموو کەس ئامادە نیە کە نرخی شەوی هەوەڵی بوکێنی فیدای قەول بکات.

برا گچکەکەیان گوتی :« نا شوان کە وازی لە وە هێنا لە گەڵ کیژە کە بنوێ، لە وانیتر بە شەخسیەتترە.

کیژی قازی گوتی : « وا دیارە تۆ بیژووی و لە حاکم نی .!

www.kerimbisani.com

نۆکەری ئاقڵ ٣١

پیاوێک بوو کچێکی هەبوو. کیژەکە گەیشتە تەمەنی خۆی لە هەموولاوە خوازبێنی ڕوویان تێکرد. کچەکە پێی دەگوتن:

– لە پێشدا وەڵام پرسیاری من بدەنەوە،پاشان خوازبێنی بکەن.

کەس نەیدەتوانی وەڵامی پرسیاری کیژەکە بداتەوە. ئاخری دایک و بابی کیژە کە تورە بوون و گوتیان :

– ئێمە کارمان بە تۆ نیە . لەو ماڵە بچۆ دەر و بۆ کوێ دەچی بچوو.

کیژەکە گوتی: « خانوێیکی جیاواز بۆ من دروست بکەن.

باوک پارەیەکی زۆری خەرج کرد و ماڵێکی بۆ ساز کرد کیژ و خزمەتکارەکانی بۆ ئەو ماڵە گوێستەوە. دیوارێکی لە دەوری خانوکە کێشا و خواردەمەنی و پێداویستیی چل ساڵی بۆ لەو ماڵە دانا و بە کیژەکەی گوت :

– کیژم! ئێستا هەر چۆنی دەتەوێ ئاوا بژی. خوازبێنیکەر ڕوویان دەو ماڵە کرد، بەڵام کەس نەیتوانی وەڵامی پرسیارەکەی بداتەوە.

ئێستا داستانێکی دیکە باس دەکەین.

سی برادەر بوون یەکیان زۆر ئاقڵ و زاناو ئەمیر بوو. دووەمیان دەوڵەمەند و سێیەمیان نۆکەری ئەوان بوو. ڕۆژێک هەر سێکیان چوونە ڕاو. لە پەنا جۆگەلەیک ڕاوەستان. لغاویان لە ئەسبەکان کردەوە و بەرەڵایان کردن. پاش ئەوەی حەسانەوە، ئەمیر گوتی:

– وەرن با هەر یەک بە تەنیا ڕاو بکەین.

هەر یەکە ڕوویان دەلایەکی کرد. ئەمیر ماوەیەک گەڕا و هیچی نەدیتەوە. هیلاک و برسی و تینوو لە بن دار بادامێک دانیشت تۆزێ بحەسێتەوە.

www.kerimhisami.com

تەماشای دەور و بەری خۆی کرد. لە سەر ئەو چیایە هەموو جێیەک دیار بوو. ئەو کچەی دیت کە خزمەتکار دەوریان داوە، عاشقی بوو وای لێهات بێهۆش کەوتە سەر زەوی.

دووەمیشیان گەڕا و هیچی نەدیتەوە. ڕێگای کەوتە سەر ئەو چیایە و دیتی رفیقەکەی بێهۆش کەوتوە. گوتی: بێگومان رفیقەکەی شتێکی دیوە. ئەویش سەیری ئەملاولای کرد و کیژەکەی دیت، ئەویش عاشقی بوو، بێهوش کەوت.

بەڵام نۆکەر. ئەویش گەلێک گەڕا و هیچی دەست نەکەوت و گەیشتە هەمان چیا. هەرتک برادەری خۆی بە بێهۆشی چاو پێکەوت. پاشان سەیرێکی دەور و بەری کرد، ئەویش کیژەکەی دیت و عاشقی بوو، لە دڵی خۆیدا گوتی:« تۆ بۆ من دەبی» پاشان رفیقەکانی وە هۆش هێناوە. ئەوان هەستان و دیتیان کاتی ڕۆژئاوایە و هیچیان ڕاو نەکردوە.

ئەمیر گوتی: « وەرن بچینەوە. لە بەر خۆی بیری کردەوە کاتێکی هەموو خەویان لێکەوت دە چم خوازبێنی ئەو کیژە دەکەم. شەو درنگ ئەمیر بە یەواشی هەستا و چوە پەنا دەروازەی ماڵی کیژەکە و لە دەرگای دا. خزمەتکار دەرگای لێکردەوە و پرسی:

لە چی دەگەڕێی؟

ئەمیر لە وەڵامدا گوتی : « دەمەوێ خانمەکەت ببینم.»

– لێرە ڕاوەستە، بچم پێی بڵێم. ئەگەر ڕێگای دا دەتبەمە لای. خزمەتکار چوە کن کیژە کە و گوتی: کابرایەک هاتوە بتبینێ.

– برۆ پرسیارەکانی منی لێبکە. با وەڵام بداتەوە و پاشان بیهێنە.

خزمەتگار گەڕاوە و گوتی :« وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە: مانگایەکمان هەیە، نە گەورەیە و نە بچوک. نە قەڵەوە و نە لاواز، چەند مەن ڕوون دەدا.؟»

ئەمیر فیکری کردەوە وەڵامێکی نە دۆزییەوە. گوتی : حەوت مەن.

خزمەتکار چو وەڵامەکەی بە کیژەکە ڕاگەیاند. کیژەکە گوتی :

– برۆ پێی بڵێ کە بۆ من نابێ. هێشتا پێنەگەیشتوە. دەبێ زۆر شت فێر

www.kerimbisami.com

بێ. منداڵە، تەنانەت سەری لە دڵداری دەر ناچێ ، جا چۆن لە قسەکانی من تێدەگا .

ئەمیر ئەم وەڵامەی بیست و گەڕایەوە. دیتی ڕەفیقەکەی بۆ لای دەروازەی کیژەکە دەچێ. خۆی لە بن پردێ مات کرد و بە خۆی گوت:« با وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە و کچەکە بۆ ئەو بێت، پاشان من لێی دەستێنم.

ڕەفیقی دووەم لە دەرگای دا و خزمەتکار دەرگای کردەوە و چوە کن کیژەکە و گوتی :

– ئەی خانم یەکی دیکە هاتوە، چی پێ بێژم ؟

– بڕۆ پرسیارەکەی پێ بێژە. ئەگەر وەڵامی ڕاستی دایەوە. بیهێنە. ئەگەر جوابی نەداوە، بینێرە کن ئەویتر.

خزمەتکارهاتەوە کن کابراو لێی پرسی:« مانگایەکمان هەیە، نە گەورەیە و نە گچکە. نە قەڵەوە ونە لاواز. چەند مەن ڕۆن دەدا؟

زۆری بیر کردەوە، لە ئاخر دا گوتی : شەش مەن.

کیژەکە گوتی : بڕۆ پێی بێژە: تۆ هێشتا منداڵی. ڕاوەستە با تۆزێ گەورە بی

کابرا گەڕایەوە کە بچێتەوە ماڵ. دیتی یەکێک بۆ لای دەروازەی ماڵی کچەکە دەچێ. لە بنپرد خۆی شاردەوە. دیتی ڕەفیقی گەورەی لە وێیە. لە ئەمیری پرسی:« باشە تۆش ئەوە لێرەی؟ ئەوەی بۆ لای ماڵی کیژە کە دەچوو ناسیان کە نۆکەرەکەیانە.

نۆکەر لە دەرگای دا و خزمەتکار دەرگای کردەوە و پرسی کارت چیە؟

نۆکەر گوتی : هاتوومە خوازبێنی. خزمەتکار بێ ئەوەی لە کیژەکە بپرسێ، پرسیارەکانی لێکرد و گوتی : مانگایەکمان هەیە نە گەورەیە و نە گچکە، نە قەڵەوە و نە لاوازە.چەند مەن ڕۆن دەدا ؟

دوو کەسەکەی تر لە بن پرد گوێیان دابوە قسەکان. لە بەر خۆیانەوە گوتیان: ئێمە کە ئاقڵ و زانا و دەوڵەمەندین، نەمانتوانیوە وەڵام بدەینەوە، با بزانین ئەو دەڵێ چی ؟

www.kerimhisami.com

نۆکەر لە وەڵام دا گوتی :« هەرچەندی بیدا گرنگ نیە. من بە دڵ و گیان ئامادەم وەری بگرم و تا مردن خزمەتی بکەم.

خزمەتکار چوو، وەڵامی نۆکەری پێگوت:

کیژەکە گوتی: با بێتە ژووریٚ. نۆکەر هاتە ژوور. کە گەیشتە ماڵ، دیتی ژوورەکە چۆڵە و کورسییەک لە نێوە ڕاست دانراوە. گوتیان: دانیشە.

دانیشت. خزمەتکار کەشەفێکی هێنا و شوتییەک و کێردێکی لە سەر بوو.

خزمەتکار گوتی :« وەڵامی پرسیارێکت داوە. ئێستا دەبیٚ وەڵامی پرسیاری دووەم بدەیەوە.

جاریٚ با بزانین ئەم دوو کەسەی ژێر پرد چدەکەن.

ئەمیر بە رەفیقی دووەمی گوت:« وەرە با بچینە حەسار و بزانین ئاخری بە گویٚ دەگات. چوونە حەسار و لە پەنا پەنجەرە خۆیان مات کرد، دیتیان نۆکەر، کێردەکەی هەڵگرت ، شووتیەکەی لەتکرد وکێردەکەی لە کن دانا و ناردییەوە بۆ کیژەکە.

پاشان کیژەکە سێوێک و قوتوە دەرزییەکی بۆ نارد و خزمەتکار گوتی : ئێستا وەڵامی ئەم پرسیارە بدەوە.

نۆکەر سێوەکەی هەڵگرت، دەرزییەکانی تێچەقاند و بۆ کیژەکەی ناردەوە. پاشان کچەکە لاپەڕە کاغەزێک و مقەستێکی بۆ نارد. نۆکەر مقەستی هەلگرت و کاغەزەکەی ورد کرد و بۆی ناردەوە. کیژەکە هاتە لای و گوتی:

– باشە ئێستا من هی تۆم و تۆ هی منی. بەیانی وەرە.

نۆکەر ڕۆیشت. ئەمیر و رەفیقەکەشی چوونەوە. بەیانی ئەمیر گوتی: نۆکەر بێننە ئێرە و لێی پرسی : دوێنیٚ شەو لە کویٚ بووی

– لە ماڵیٚ نوستبووم

– درۆ مەکە. ڕاستی بێژە، دوێنیٚ شەو لە کویٚ بووی.؟

نۆکەر دانی پێدا نەهێنا. ئەمیر فەرمانی دا کە لەداری بدەن. کاتیٚ کە ویستیان تەنافی بخەنە ئەستۆ لە پڕ دیتیان سوارێک لە دوورەوە بە غار دێت تا

www.kerimhisami.com

گەیشتە دارەکە و هەنارێکی لە گیرفانی دەر هێنا بە دارەکەی دادا . هەنار قەڵشی و دەنکەکانی بە سەر زەویدا بڵاو بوونەوە.

کاتێ نۆکەر ئەمەی دیت هاواری کرد:« بەرم دەن، تا ئێستا هەموو شت بڵێم.»

ئەمیر گوتی بەریدەن و پرسی :

– باشە، ئێستا بڵێ بزانم مەتەڵی ئەم مانگایە چیە؟

– کیژەکە بەم مەتەڵە پرسی:« تۆ کە چاکە و خەرابەی من نازانی چۆن خوازبێنیم لێدەکەی»؟ من لە وەڵامدا گوتم:« هەر چی بێ بەدڵی منی .»

باشە مانای کێرد و شوتی چیە ؟

– کیژەکە بەم هۆیە گوتی :« ئەگەر ئەمیر بزانێ کە من دەبمە هاو سەری تۆ، لە تۆم دەستێنێ.»

لە وەڵامدا گوتم:« ئەگەر وەک ئەم شوتییە دوو لەتم کەن، ڕازی ئەوە بە کەس ناڵێم.»

– باشە. مانای سێو و دەرزییەکان چیە ؟

– ئەوەش مانای ئەوە بوو کە ئەگەر وەک ئەم دەرزییانە شیرم لە لەشی ڕابکەن، قسێک نادۆڕێنم

ئەمیر پرسی :کاغەز و مقەست بۆ چی بوون:

–کاغەز بەو مانایە بوو ئەگەر وەک ئەم کاغەزە ورد وردم بکەن دیسان هیچ ناڵێم.

ئەمیر گوتی: ئەدێ بۆ هەموو شتێکت درکاند.؟

– چونکە کیژەکە گوتی:« ڕووداوەکە باس کە.»

ئەمیر گوتی: ئەو خۆ نە هاتە ئێرە، چۆن توانی پێت بڵێ هەموو شت باس کەی ؟

– ئەو سوارەی کە هەنارەکەی بە دارەکە دادا، کیژەکە خۆی بوو. بەم هۆیەوە گوتی: ڕازی ئێمە هەموو دەزانن، هەموو شێ بڵێ.

پاشان نۆکەر گوتی : ئێستا ئەگەر تۆ ئەمیرێکی باش و ئینسان و

www.kerimhisami.com

میهرەبان بی، دەبێ شایی و زەماوەندمان بۆ ساز کەی.
ئەمیر مەجلیسی شایی و بوکهێنانی ساز کرد و ئەوان بە ئاواتی خۆیان گەیشتن. هیوادارین ئێوەش پێبگەن،

ئەحمەد پاشا ٣٢

خوا لە دایک و بابی ئێوەش خۆش بێ. ڕۆژێ کیژی ئەحمەد پاشا بۆ گەڕان چوە مەزرا. لە گەڕانەوە دا منداڵێکی دیت لە عەرزی کەوتوە. بە خزمەتکارەکەی گوت:
- ئەو منداڵە هەڵگرە، لەوانەیە بێکەس بێ، بیبەین گەورەی بکەین.
منداڵەکەیان بردەوە و دیتیان کوڕە. پاشا کوڕێکی هەبوو، ئەو منداڵەش بوو بە کوڕی دووەم.
هەرتک کوڕ گەورە بوون، ڕۆژێک پاشا ژن و کوڕەکەی هەڵگرت و چوە حەجێ، کوڕە دۆزراوەکە کە ناوی « تاپ تیغ» بوو لە گەڵ کچەکەی لە ماڵێ بەجێهێشت. ڕۆژێک تاپ تیغ چوە نێو بازار، توشی پیرێژنێک بوو. پیرێژن پێی گوت : « ئەی «تاپ تیغ» کیژی پاشای بێنە. نە ئەو خوشکی تۆیە و نە پاشا باوکتە. تۆیان لە سەر ڕێگا دۆزیوەتەوە. کیژی پاشا بکە ژنی خۆت و دەبیە خاوەنی سامانی ئەو.
تاپ تیغ هاتەوە ماڵ و لە گەڵ کیژی پاشا دەستێی بە گەمە کرد و خۆی تێهەڵدەقوتاند.
کچی پاشا گوتی : ئاخر تۆ برای منی.
- کێ گوتی من برای تۆم. من منداڵی سەر ڕێگام.

کیژی پاشا دیتی کە «تاپ تیغ» وازی لێ ناهێنێ. ئاسنێکی لەسەری دا و لە ماڵێی دەر کرد. خوێنی لە سەر هات و چوە لای دوکتۆر، دوکتۆر سەری برژاندەوە و دەرمانی کرد. لە شار دەنگ بڵاو بۆوە کە پاشا لە حەج دێتەوە. تاپ تیغ چوە پێشوازی و گوتی:« ئەی پاشا! کیژی تۆ کاری خەراب دەکا. پێمگوت دەست لەو کارانە هەڵگرە، تورە بوو سەری شکاندم.

پاشا بە کورەکەی گوت: « لە پێشدا برۆ خوشکت بکوژە.»

کوری پاشا رۆی. گەیشتەوە ماڵ و دەستی خوشکی گرت بردیە جەنگەڵ تا بیکوژێ. کیژەکە لە دەستانی رایکرد و تەواوی شەو هەڵدەهات، تا بوو بە رۆژ. لە دڵی خۆیدا گوتی: « لەم جیهانە دا ئینسانی خەراب زۆرن . لەوانەیە ئازارم بدەن. چبکەم.»

کانیەک لە جەنگەڵدا هەبوو دارێکی لە سەر روا بوو. ئاوی خواردەوە و چوە سەر دارەکە و لە نێو لق و پۆپی دارەکە دا خۆی شاردەوە.

کوری ئەمیری عەرەبان لەم جەنگەڵە راوی دەکرد. هاتە سەر کانی و عەکسی کیژەکەی لە ئاوێ دا دیت، هێنایە خوارێ و بردیەوە ولە خۆی مارە کرد. چەند ساڵ لە ماڵی کوری ئەمیری عەرەب ژیا و دوو کوری بوون و بەڵام لەم ماوەیە دا یەک قسەی نەکرد. مێردەکەی وایزانی کە لاڵە.

رۆژێک کوری ئەمیری عەرەب لە بازار دەگەرا، توشی پیرێژنێک بوو،لە گەڵی دایمەزراند و گوتی :« ژنێکی باشم بە نسیب بوە، هیچ عەیبێکی نیە، بەڵام لاڵە.

پیرێژن گوتی :« نا لاڵ نیە. دوو سێوان بکرە. یەکی سوور و یەکی سپی. بیدە بە کورەکانت. لە پشت دەرگا خۆت مات کە. بزانە چۆن لە گەڵ کورەکان دەدوێ.»

کوری ئەمیری عەرەب قسەی پیرێژنی بە جێگەیاند. مناڵەکان لە سەر سێو لێیان بوو بە کێشە. دایکیان گوتی :

– رەبی باوکتان خێر نە بینێ. نەیدەتوانی دوو سێوی وەک یەک بکرێ. خێر نە دیتوو یەکی سووری کریوە و یەکی سپی.

www.kerimhisami.com

مێردەکەی خۆی نیشاندا و گوتی: « ئەدی بۆ تا ئێستا دەنگت نە دەکرد.؟

– چونکە ئەگەر دەنگم کرد بایە، دەتپرسی کچی کێی و منت دەناردەوە کن دایک و بابم. بەڵام ئێستا دەتوانم بڵێم: کیژی ئەحمەد پاشام.

کوڕی ئەمیری عەرەب کەیفی ساز بوو گوتی:« لەوەی باشتر کە کیژی پاشای. هەر سبەی ئەسبابی سەفەرت بۆ ئامادە دەکەم، بچی دایک و بابت ببینی. ڕۆژی دوایە ژنی لە گەڵ وەزیر و چل سوار و دوو کوڕەکانی بۆ ماڵی پاشا خستە ڕێ.

قۆناخێک ڕۆیشتن و شەو بۆ حەسانەوە ڕاوەستان. وەزیر بە سوارانی گوت:« ئێوە بخەون، من کێشک دەکێشم.»

شەو چوە خێوەتی ژنی کوڕی ئەمیری عەرەب . ژن وەخەبەر هات . وەزیر گوتی: « دەبێ لە گەڵم بنووی.»

– ئەی وەزیر، ئەم قسانە چیە تۆ لە جێگای باوکی منی، چۆن دەتوانی قسەی وا بکەی ؟

وەزیر گوتی: « لە گەڵم نەنووی دەتکوژم.

– هەر چی دەکەی بیکە. لە گەڵت نانووم. وەزیر سەری کوڕێکیانی بڕی و گوتی: سەری تۆش ئاوا دەبڕم.

– هەرچی دیکەی بیکە. جوابت نادەمەوە. وەزیر سەری کوڕەکەی تریشی بڕی و بە ژنەکەی گوت؛ ئێستا سەری تۆش دەبڕم.

– ئەگەر هەر سەرم دەبڕی، ڕێگا بدە بچمە دەر و پاشان سەرم ببڕە. لە خێوەتێ وەدەر کەوت و بۆ جەنگەڵ هەڵات.

وەزیر کە دیتی نێچیر لە چنگانی ڕایکردوە. مەیتی دوو کوڕەکانی هەڵگرت و گەڕایەوە. بە کوڕی ئەمیری عەرەبانی گوت:

– ژنەکەت شێت بوە، سەری منداڵەکانی بڕیوە و ڕایکردوە.

کوڕی ئەمیری عەرەبان بە دوای ژنەکەیدا کەوتە ڕێ. لەم هەرایە دا ژنەکە توشی شوانێک هات و ماندوو نەبوونی لێکرد.

شوان جوابی داوە و گوتی: « خوشکێ بە خێر هاتی سەر چاوان.

www.kerimhisami.com

ژن گوتی : مەڕێکی لاوازم بدەیە، جلەکانی خۆمت دەدەمێ.

شـوان گـوتی: تۆ خـوشکی منی. جلەکـانم ناوێ و مـەڕیشت دەدەمێ و ئێستاش بۆت سەر دەبڕم.

شوان ژنەکەی بردەوە ماڵێ. مەڕی بۆ کوشتەوە. بەیانی شوان مەڕی بردە مەزرا. ژنی کوڕی ئەمیری عەرەبان، لیباسی وی کردە بەر و ورگی مـەڕەکەی لە سەر نـاو ڕاست وەک ئینسانی کـەچەڵ کە مووی لە سەری نەهاتبێ، کەوتە ڕێ. ڕۆی ڕۆی تا گـەیشـتـەوە وڵاتی بابی. لەو لاشـەوە کـوڕی ئەمـیـری عـەرەبان بە پرسیاران دەڕۆی تا گەیشتە ئەو وڵاتە. ژنەکە لە ماڵی بابی بوو بە قازەوان.

شـەوێک کـوڕی ئەمـیری عـەرەبان مـیوانی ئەحـمـەد پاشـا بوو. بە قـسـان سـەریان گـەرم بـوو. ئەحـمـەد پاشـا تکای لێکرد، حکایەتێکی بۆ بڵێ. کـوڕی ئەمیری عەرەبان گوتی : « هیچ نازانم. هیچم لە بیر نیە.»

لەو کـاتە دا ژنی کـوڕی ئەمـیـری عـەرەبان هاتە ژوور و گـوتی: « پاشـا سلامەت بێ، ڕێگا بدە من حکایەتت بۆ بڵێم. پاشا گوتی : « تۆ بیڵێ » کیژەکە دەستی پێکرد و هەر چی بەسەری هاتبوو گێڕایەوە.

ئەحمەد پاشا گوتی : « باشە. ئاخری ئەو ژنە چی بەسەر هات،

– ژن کـڵاوی ورگـە مـەڕی لە سـەر کـرد و گـوتی: « من کـیـژی تۆم. ئەوەی گوتم بە سەر خۆم هاتوە.»

ئەحـمـەد پاشـاو کوڕی ئەمـیری عـەرەبان زۆر شـاد بـوون و « تاپ تیغ» و وەزیریان هـەر لەوێ بە سـزای خۆ گـەیاند. کـوڕی ئـەمـیـری عـەرەبان ژنەکـە ی هەڵگرت و بۆ وڵاتی خۆی گەڕایەوە و ژیانیان بە خۆشی بردە سەر.

www.kerimbisami.com

محەممەد پاشا و وەزیرەکەی ٣٣

ڕۆژێک محەممەد پاشا لە گەڵ وەزیرەکەی لیباسیان گۆڕی و دەسوڕانەوە، لای ئێواری گەیشتنە دە ور و بەری شار. لەوێ شوانێک دەژیا.پاشا و وەزیر چوونە خانووی ئەو شوانە. شەو ژنی شوان ژانی هاتێ. پاشا دیتی کە شوان سەری لێ شێواوە و بەملاو لادا دەگەڕێ. پاشا پرسی:

– ئەوە چیە. بۆ وا سەرت لێ شێواوە.؟

– ئاخر ژنەکەم منداڵی دەبێ.

– باشە، ئێمە دەچینە دەر، ژنی جیرانەکەت بانگ کە یارمەتی بدا. ژنی جیران هات و ژنەکە منداڵی بوو.

پاشا پرسی : « باشە، ژنەکەت چی بوە ؟

– کوڕی بوە. وەزیر پێکەنی؛

پاشا پرسی : « بۆ پێدەکەنی ؟»

– هیچ.. هەر وا پێکەنینم هات.

– وا نیە، ڕاستی بێژە.

– ئەگەر ڕاستیت دەوێ، چارە نووسی ئەم کوڕە ئاوایە کە دەبێتە هاوەسەری کیژە تۆ.

پاشا گوتی: من ناهێڵم شتی وا بقەومێ. پاشان پاشا چوە کن شوان و گوتی:« کوڕەکەت بە من بفرۆشە!»

شوان گوتی: « دەچم لە گەڵ ژنەکەم تەگبیر دەکەم بزانم دەڵێ چی.

ژنی شوان پێی گوت: « وەرە با داوای پارەیەکی ئاوای لێ بکەین کە بۆی نە درێ. شوان هاتە کن پاشا و گوتی:

www.kerimhisami.com

– بە قەدرایی قورسی کوڕەکەم زێڕمان دەوێ.

پاشا خورجێنی کردەوە وبە گرانی کوڕەکە زێڕی دایە و منداڵی شوانی لە گەڵ خۆ برد. گەیشتنە پردێک، پاشا گوتی :

– ئەی وەزیر، تۆ گوتت ئەم کوڕە دەبێتە مێردی کیژی تۆ. وا نیە ؟

وەزیر لە وەڵامدا گوتی: « بەڵێ وایە »

پاشا منداڵەکەی لە سەر پردەوە فڕێدا نێو روبار و ئاو بردی.

ئاشەوانێک دیتی بوخچەیەک بە ئاوێدا دێت، بە دارێکی درێژ هێنایە قەراخ و گرتیەوە. دیتی کوڕێکی تازە لە دایک بوە. منداڵی هەڵگرت و گەورەی کرد.

با بگەڕێینەوە لای پاشا:

ڕۆژێک پاشاو وەزیر دەگەڕان و توشی ئاشێک بوون. وەزیر گوتی با ئەمشۆ لەم ئاشە بخەوین. لە گەڵ ئەم وتەیەش پێکەنی .پاشا پرسی:

– بۆ پێدەکەنی.؟

– تەماشای ئەم کوڕە بکە، بزانە دەیناسی ؟ ئەوە زاوای تۆیە. هەمان منداڵە کە دە ڕوبارت هاویشت.

پاشا گوتی: « وەرە با لە ئاشەوان بپرسین.»

ئاشەوان هاتە لایان و وەزیر لێی پرسی :« ئەم کوڕە چی تۆیە ؟»

– کوڕی منە.

– چۆن ئەوە کوڕی تۆیە، هیچ وە تۆ ناچێ. ڕاستی بێژە.

– من لە روبار دا گرتوومەتەوە. ئاو بە قەراخ ئاش دا دەیهێنا.

پاشا گوتی : بە منی بفرۆشە. خۆ ئەوە کوڕی تۆ نیە. تا ئێستا چەندەت لێ خەرج کردوە، لێم وەر گرە و بیدە بە من.

ئاشەوان گوتی: « با لە گەڵ خێزانم تەگبیر بکەم » ژن گوتی هەتا پێت دەکرێ، زێڕی زیاتر لەم بێگانەیە وەر بگرە.

ئاشەوان هاتە وە کن پاشا و گوتی :« پێنج هەنبانە زێڕم دەیە و بیبە.»

پاشا زێڕەکەی دایە و کوڕەکەی برد. بە پەنا جەنگەڵێکدا دەڕۆیشتن، پاشا

www.kerimbisani.com

به وەزیری گوت:

– وەرە با سەری ئەم کورە ببڕین.

وەزیر گوتی: « چیکردوە کە سەری ببڕین. با لە سەر ئەو دارەی دابنێین. دەکەوێتە خوار و گورگ دەیخۆن.

پاشا ڕازی بوو. وەزیر چوە سەر دار و کورەکەی لە سەر لقە دارێک دانا. کوڕ دەگریا و بە لقە دارە وە نووسا. پاشا و وەزیر ڕێگایان گرتە بەر و ڕۆیشتن.

بازرگانێک بە کن ئەم دارە دا دەڕۆی. دەنگی گریانێکی بیست. تەماشای کرد منداڵێکە لە سەر دار دەگری. بە نۆکەری گوت:

– بچۆ سەر دار و بیهێنە خوارێ. منداڵیان هێنا خوار و بازرگان بردیەوە ماڵ و گەورەی کرد.

پاش ماوەیەک پاشا و وەزیر کە خەریکی گەڕان و سوڕانەوە بوون. چوونە ماڵی بازرگان. وەزیر جارێکی دیکەش پێکەنی.

پاشا گوتی: « بە چی پێدەکەنی ؟

– بۆ چما ئەو کوڕەت نە ناسی.؟ ئەوە هەمان کوڕە کە دەبێتە زاوای تۆ.

پاشا تورە بوو گوتی: « بۆ قسەی بێ جێ دەکەی ؟»

– باوەڕ ناکەی وەرە لە بازرگان بپرسین. بازرگان هات و وەزیر لێی پرسی:« ئەم کوڕی چی توە ؟

– کوڕمە.

– چۆن ئەوە کوڕی تۆیە. هیچ وەتۆ ناچێ. ڕاستی بێژە.

– ڕاستی ئەوەیە. لەم جەنگەڵە لە سەر دار دیتمەوە و هێنامە خوار و بردمەوە و بە کوڕی خۆم قبوڵ کرد.

– نووسین و خوێندنت فێر کردوە؟

– بەڵێ، ئێستا یازدە زمان دەزانێ و تەنیا یەک زمان ماوە کە فێری بێ. پاشا گوتی : « با بیبەمە کۆشکی خۆم و زمان دوازدەهەمیش فێر بێ. بازرگان ڕازی بوو. پاشا لاوەکەی بانگ کرد و پرسی :

www.kerimhisami.com

کام زمان نازانی؟

– زمانی هیندی نازانم

پاشا بە زمانی هیندی نامەی بۆ نایبی خۆی نووسیّ و دای بە لاوەکە. لە نامـە دا نووسیـبووی:« ئەی نـایب. ئەگـەر ئەم کـوڕە بەیانی زوو گـەیشـتـە لات، دەست بەجیّ بیخـە ناو مـەنجەڵی سـابوون. ئەگـەر شـەویش گـەیشت، هـەر بەو شەوە بیخە ناو مەنجەڵی سابوون.»

لاو نامـەی وەر گـرت و کـەوتـە ڕیّ تا گـەیشـتـە وڵاتەکـە. چوە نێـو باغی کۆشک. سـەر و ڕوی شوشت و لە بن دارێک ڕاکشـا، نامـەکـەشی لە بن سـەری دانا و خەوی لێکەوت.

ڕۆژی دوایە بەیانی کـیژی پاشا هاتە نێو باغ و دیتی لاوێکی جوان لە بن دارێک خەوی لێکەوتوە و نامەیەکی لە بن سەری داناوە.

کچی پاشا سـەبروکە نامەکەی هـەڵگرت و خوێندییـەوە. کچی پاشا دوازدە زمـانـەکـەی دەزانی. کـیژی پاشـا عاشـقی کـوڕی لاو بـوو. نامـەکـەی دڕاند و لە جـێگای ئەو نامـەیەکی بە زمـانی پاشـاوە نـووسـی: « ئەی نایب. ئەگـەر ئەم لاوە بەیانی گەیشتە کن تۆ، هـەر بەو بەیانە کیژەکەمی لیّ مارە کە. ئەگەر شـەویش گەیشتیّ، هـەر بەو شەوە لێی مارە کە.»

نامەکەی لە بن سەری کوڕەکە دانا و ڕۆیشت.

لاو وەخـەبەر هـات و چوە کۆشک، نامەکەی دا بە نایبی پاشا. نایب خەڵکی داوەت کرد و گوتی :

– خـەڵکینە! ئاگـا دار بن، چونکی ئەگـەر پاشا بگـەڕێتـەوە، لەوانەیە بیـانوم پیّ بگریّ، خەتا بارم بکا. شـایەد بن. ئەوە نامەی خۆیەتی و فەرموویە کچەکەی بدەم بەو لاوە.

بەزم و جـێژنی بوکیـان ساز کـرد و کـیژی پاشـایان دا بە لاوەکە. سـاڵێکی پێچوو پاشا نەهـاتەوە، کیژی پـاشا کوڕ و کـچێکی بوو. خـەبەر هـات کە پـاشا و وەزیر دێنەوە. هـەموو چوونە پێشوازی. وەزیر بە پاشای گوت:

– قـیبلـەی عـالـەم، تەمـاشـا کـە و بزانە ئەو کـوڕەی دەتویـست کـە لە بەینی

بەری. بۆتە زاوای تۆ. کچەکەت کوڕ و کیژیکی لەو هەیە.

– ئەم قسە قۆڕە چیە. ماوەیەکە ئەو کوڕە لە مەنجەڵی سابوندا تواوەتەوە. لەم قسانە دا بوون نایبی پاشا هات. حکایەتی تەواوی بۆ گێڕاوە. پاشا قینی هەستا و کەفی دەپرژاند و گوتی :

– کێ ڕێگای بە تۆ داوە کە کچی من بە شو بدەی؟ وەکیل نامەی پاشای پێ نیشاندا. پاشا دیتی هیچ چاری نیە. وەزیر گوتی :

– ئەی قیبلەی عالەم. ئەوە چارە نووسی ئینسانە هەر وا دەبێ و نا توانی بیگۆڕی .

باڵوڵی زانا و بازرگان ٣٤

ڕۆژێک لە ڕۆژان بازرگانێک لە گەڵ کاروان بە قەراخ بەغدا دا تێدەپەڕی. لە پشت دەروازەی بەغدا کاروانی خست. بە نۆکەری خۆی گوت: بڕۆ لە نێو شار چل هێلکەی کوڵاو بکڕە و بیهێنە تا نانی بخۆین. نۆکەر چوە بازار و توشی پیرێژنێکی بوو گوتی:

– چل هێلکەم بۆ بکوڵێنە. پیرێژن چل هێلکەی بۆ کوڵاند. نوکەر گوتی ئێستا دەچم پارەکەت بۆ دێنم. هێلکەکانی برد، خواردیان و لە بیری چوو پارەی پیرێژن بدات. لە ڕێگا دا بازرگان لە نۆکەرەکەی پرسی:

– پارەی هێلکەی پیرێژنت دا.؟

– لە بیرم چوو. بازرگان حیسابداری بانگ کرد و گوتی :

– پارەی هێلکەی پیرێژنێ چەندە، بیخە سەودا، تا قازانج بکا و ئەگەر ڕێمان دە بەغدا کەوتەوە بیدەینێ.پاش حەوت ساڵان جارێکی تر بازرگان ڕێی کەوتە بەغدا. بە نۆکەرەکەی گوت:

– بڕۆ، پیرێژن بدۆزەوە و بیهێنە. نۆکەر پیرێژنی هێنا کن بازرگان. لێی پرسێ:« قیمەتی هێلکەکانت چەند بوو؟

www.kerimhisami.com

– چل فلس،

– ها له جیاتیان چل سکه ئاڵتون وەرگرە و برۆ. لەم حەوت ساڵە دا، چل فلسی تۆ، بۆتە چل سکە ئاڵتوون.

پیرێژن بە خۆشی و بە غار گەڕایەوە. لە ڕێگا توشی جیرانی بوو، کابرا لێی پرسی:« چۆنە وا بە کەیفی.؟»

– ئاخر لە جیاتی چل فلس، چل سکە ئاڵتوونم وەر گرتوە.

کابرا گوتی؛ « بازرگان فریوی داوی. خۆت حیسابی کە. لە چل هێلکە، چل جوجکە پەیدا دەبوو. دەبوون بە مریشک. هەر مریشکەی پێنج شەش سکەی دەکرد. ئێستا حیسابی کە چەندییان فێڵ لێکردووی.

پیرێژن قسەی جیرانی باوەر کرد و چوە کن قازی و شکایەتی لە بازرگان کرد.

قازی ئەمری کرد، بازرگانیان هێنا، پێیگوت: « بۆچی پیرێژنت فریو داوە:؟»

– فریودانی چی.؟ من لە جیاتی چل فلس چل سکە ئاڵتوونم داوەتێ.

قازی گوتی نا فریوت داوە. لە چل هێلکە چل مریشک پەیدا دەبوون. خۆت حیسابی بکە، ئێستا دەبێ هەموو کاروان و کالای خۆت بدەی بە پیرێژنێ.

بازرگان چاری نەما هەرچی هەیبوو دای بە پیرێژن و بە دەستی بەتاڵ گەڕاوە. خەمبار لە شار دەسوڕاوە، توشی بالولی زانا بوو.

بالول لێی پرسی: « بۆچ وا خەمگینی؟»

بازرگان ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە.

بالول گوتێ خەمێ مەخۆ. فێرت دەکەم چبکەی. برۆ مستێک گەنمی کوڵاو هەڵگرە و بچۆ حەساری قازی و بە حەساریان وەر کە، قازی دێتە دەر و دەڵێ : « ئەحمەق.. ئاخر گەنمی کوڵاو چۆن دەچێنرێ؟» شین نابێ. کە وایگوت تۆش بڵێ:« ئەدی هێلکەی کوڵاو جوجکەی دەبێ؟» قازی لە وەڵامدا دەڵێ نا، ئەو دەم داوای لێبکە کاروان و شتەکانت بداتەوە،

بازرگان پەندی بالولی بە کار هێنا و شتەکانی وەر گرتەوە.

www.kerimhisami.com

چۆن بالولی زانا فێڵی لە حاجی بە تەماع کرد ٣٥

هەبوو نە بوو ، غەیری خودا هیچکەس نەبوو. پیاوێکی فەقیر هەبوو بە ناوی سلێمان. دەچوو لقە داری کۆ دەکردنەوە ودەیفرۆشت و لەم ڕێگایەوە ژیانی دەبردە سەر. بە زەحمەت هێندێ پارەی کۆکردەوە بۆ ئەوەی کەرێک بکڕێ و بارکێشی بکا . بەڵام کاتێ قیمەتی کەرێکی پارە کۆ کردەوە، فیکرەکەی گۆڕی. گوتی: « هێندێکی دیکەش کۆ دەکەمەوە و لە جیاتی کەر ، ئەسپێک دەکڕم. سلێمان دە ترسا کە پاشکەوتەکەی خەرج بکا. بۆیەبریاری دا و چوو پارەکەی دا بەحاجی.

بەڵام بالولی زانا لە دوورەوە دیتی کە سلێمان چۆن پارەکەی داوە بە حاجی. بالول دەیزانی کە حاجی کابرایەکی تەماعکار و نا ڕاستە. کاتێ سلەمان لە ماڵی حاجی دەر کەوت، بالول لێی چوە پێش و گوتی:

– بۆ چی پارەت دا بەو کابرا تەماعکارە؟ هەر ئێستا بچو پارەکەتی لێ وەر گرەوە. دیارە ئەو پارەکەت ناداتەوە و لێیشت دەدا . بەڵکوو بتوانی لە بەر چنگی ڕابکەی. ئەو دەم وەرە لای من، چاوە ڕوانت دەبم.

سەلمان چوە کن حاجی و گوتی :« حاجی پارەکەم بدەوە. ئیتر نامەوێ ئەسب بکڕم . پارەکەی دام بە تۆ بەشی کەر کڕین دەکا و دەمەوێ کەرێک بکڕم. کاتێ ئەو قسانەی کرد حاجی لێی دەست دا دار و گوتی :

– کام پارە ؟ شێت بووی؟ هەوەڵ جارە کە دەتبینم. حاجی ئەوەی گوت و داری دەست دایە کە لە سەری بدا، لە بەر دەستانی هەڵات و چوە کن بالول. بالول گوتی :

– پێم نەگوتی کە پارەکەت ناداتەوە و لێشت دەدا؟ باشە، قەی ناکا .

www.kerimhisami.com

دەچمە کن حاجی و ئیشەللە پارەکەی لێ دەستێنمەوە. تۆ لێرە بە و تەماشامان بکە. کاتێ دەستم هەڵێنا، وەرە کن حاجی و بڵێ: « حاجی پارەکەم بدەوە، نامەوێ ئەسب بکڕم و کەرێکی دەکڕم.»

ئەگەر لێی دای، قەی ناکا. بچوو لە جێیەک ڕاوەستە وا بێ کە تۆ ئێمە ببینی و ئێمە تۆ نەبینین. دوو بارە کە دەستم هەڵێنا، وەرەوە کن حاجی و بڵێ: « حاجی پارەکەم بدەوە، ئەسب ناکڕم و دەمەوێ کەر بکڕم.

بالول چوە کن حاجی و گوتی :

– حاجی کوپەیەکم زێر دۆزیوەتەوە، بەڵام خۆت دەزانی کە ئالتوونم پێویست نیە، بەڵام کوپەکە ئەوەندە بەرزە. بۆ نیشاندانی بەرزی کوپە دەستی بەرز کردەوە. سلێمان کە چاوی بە دەستی بالول کەوت، هاتە کن حاجی و گوتی:

– حاجی پارەکەم بدەوە، ئەسب ناکڕم و بەشی کەر کڕین دەکات.

حاجی تورە بوو، سلێمانی پەلامار دا و گوتی : « بڕۆ. ئیتر نەتبینمەوە. دوور کەوە و لێمان گەڕێ کاری خۆمان بکەین.

سلێمان چوو لە هەمان جێ ڕاوەستا و چاوە ڕوان بوو تا بالول دەست بەرز دەکاتەوە.

بالول قسەکانی درێژە پێدا و گوتی :

– کوپەکەم بردۆتە ئەشکەوتێک کە بیشارمەوە. دیتم لەو ئەشکەوتە کوپەی دیکەی پڕ لە زێڕ ڕیز کراون. کوپەکان بەم بەرزییە. دیسان بۆ نیشاندانی بەرزی کوپەکان دەستی هەڵێنا و گوتی :« حاجی! دەزانم تۆ پیاوێکی ڕاست و لە خوا ترسی. لەم قسانە دا، سلێمان هاتەوە و گوتی : « حاجی پارەکەم بدەوە، وازم لە ئەسب کڕین هێناوە و دەمەوێ کەر بکڕم.

حاجی لە دڵی خۆیدا گوتی : « ئەگەر پارەی سلێمانی نەدەمەوە،بالول لێم وەشک دەکەوێ و لەم زێڕانە بەشم نادا.»

حاجی پارەی سلێمانی داوە و سلێمان ڕۆی. بالول گوتی :

– ئەی حاجی دەزانم تۆپیاوێکی دنیا دیتوی، سارد و گەرمی زەمانەت

چێشتوه. ئێستا گوێ بدەیە. لە نێو زێڕەکان ئەنگوستیلەیەکم دیتەوە. دەقامکم کرد فرەوان بوو، دە باسکم کرد، دیسان فرەوان بوو، کە وام دیت ئاڵقەکوم خستە ملم، لە پڕ تەنگ بۆوە دەهات بخنکێم. سەرم ڕاوەشاند، دیتم بەیانە و ڕۆژە. وەخەبەر هاتم. ئێستا مانای ئەم خەونەم بۆ لێک بدەوە.

بەمجۆرە بالول کڵاوێکی لە سەری حاجی فێڵە زان و تەماعکار نا.

بالولی زانا و خەلیفە ٣٦

www.kerimbisami.com

پیاوێک قەستی سەفەری کرد. سەت سکە ئالتوونی هەبوو، بردی دای بە خەلیفە بۆی هەڵبگرێ و گوتی:

– ئەم پارەیەم بۆ لە کن پارەکانی خۆت دابنێ، تا دەگەڕێمەوە. خەلیفە پارەکانی وەر گرت، پاش ساڵێک خاوەن پارە لە سەفەر گەڕایەوە و چوە کن خەلیفە و داوای پارەکەی کرد و گوتی:

– ئەی خەلیفە، من ئەوا هاتوومەوە و پارەکەم بدەوە.

خەلیفە گوتی: «خۆشەویستم، پارەکەت مشک خواردوویە».

– چۆن شتی وا دەبێ؟ بۆچی پارەی تۆیان نە خواردوە، تەنیا پارەی منیان خواردوە.؟

خەلیفە توڕە بوو، کابرای وەدەر نا و گوتی: بڕۆ وون بە. تۆ هەر پارەت نەداوە بە من.

خەڵک بە کابرای فەقیریان گوت: بچۆ کن بالولی زانا، بۆی باسبکە،ئەو یارمەتیت دەدا.

کابرای فەقیر ناوی «علۆ» بوو. علۆ چوە کن بالول و نەقڵەکەی بۆ گێڕایەوە. بالول پێی گوت:

- برِۆ لە ماڵی خۆت دانیشە و نیگەران مەبە. من خۆم پارە ئالتوونەکەت بۆ دێنمەوە.

بالول چوە کن خەلیفە و گوتی :

- ئەی خەلیفە، ئیمرۆ هەموو منداڵانی شار بۆ گەڕان دەبەمە مەزرا، تۆش زارۆکی دەخۆ رێگا بدە لە گەڵ من بێن بۆ گەڕان.

خەلیفە گوتی : فەرموو، هەر سێ کوڕانم بەرە.

ئێوارەی ڕۆژی دوایە منداڵ هەموو گەڕانەوە و بالول منداڵەکانی بردەوە ماڵی خۆیان و تەسلیمی دایک و بابی کردنەوە. بەڵام منداڵەکانی خەلیفەی لە وەتاغی خۆی حەبس کرد و دەرگای لێ گاڵە دان.

شەو خەلیفە هاتە کن بالول و لە زارۆکانی پرسی:« منداڵەکانم لە کوێن؟»

- منداڵەکانت کەرویشک خواردونی.

خەلیفە بە سەر سور مانەوە گوتی :« چۆن منداڵەکانی دیکەیان نە خوارد و تەنیا زارۆکی منیان خوارد؟

بالول گوتی : « چۆنی ناوێ. هەر وەک مشک پارەی علۆیان خوارد و کاریان بە پارەی تۆ نەبوو. ئێستا برۆ پارەی علۆ بدەوە تا منیش زارۆکی تۆ نەجات بدەم. بەم فێڵە علۆ پارەکەی وەگیر کەوتەوە..

www.kerimhisami.com

جل و لغاوی خەراب ٣٧

ڕۆژێک جیرانی کەربەلایی فەڕاش گایەکەی جل و لغاو کرد و بە کەربەلایی گوت:« برۆ بۆخۆت لە مەزرا گیا بار کە و بیهێنەوە،

کەربلایی فەراش بەیانی زوو بۆ گیا هێنانێ چوە مەزرایە و بەڵام شەو درنگ هاتەوە. جیرانەکەی پرسی:

– کەربەلایی بۆ وا درنگ هاتیەوە؟

لە وەڵامدا گوتی:« تۆ جل و لغاوەکەت ئەوەندە خەراب وە گایەکە خستبوو، من ناچار بووم لە ڕێگا دا حەوت جار بیکەمەوە و بیبەستمەوە.

www.kerimhisami.com

دەرمانی موجیزە گەر ٣٨

ڕۆژێک کەربەلایی فەڕاش توشی بێ پارەیی بوو. هەر چەندی لە ماڵێ گەڕا هیچی وای نەدیتەوە بەرێ لە بازار بیفرۆشێ. پاش ناهومێدی تورەکەی پڕ کرد لە کشپەڵ و چوە بازار. بە هەڵکەوت یەکێ لە بەگ و گەورەکان لە بازار دەگەڕا، بەگ لە کەربەلایی فەراش وەنیزیک کەوت و سەیرێکی تورەکەی کرد. کشپەڵ ئەوەندە وشک ورەش هەڵگەڕا بوو نە دەزانرا چیە.

بەگ پرسی :« کەربەلایی فەراش چ دەفرۆشی ؟ »

– شتێکی زۆر بە قیمەتە و خواردنی تۆ نیە.

– بڵێ بزانم چیە و پاشان قسان بکە.

– دەرمانێکی موجیزەگەرە. هەر کەس بیخوا ئەگەر ئاقلیشی نە مابێ، دوو بارە دێتەوە،

بەگ بە سەر سور مانەوە گوتی :« ڕێگا دەدەی یەکێکی تاقیکەمەوە،؟

– بەڵێ.. بۆچ نا. تاقیکەوە.

بەگ کشپەڵێکی هەڵگرت و دەزاری نا و تامی کرد و ڕووی گرژ کرد و گوتی :

– هیچ نەمزانی چیە. تامی نیە.

– باشە. یەکی دیکە هەڵگرە و تاقیکەوە.

کشپەڵێکی دیکەشی هەڵگرت و تامی کرد و گوتی:

– بە خوا سەرم لێ دەر ناچێ، هەر نەمزانی تامی چ دەدا.

– وەرە یەکی دیکەش تاقیکەوە. بەگ یەکی دیکەشی دەزاری ناو جاوتی و گوتی :« ئەوە کشپەڵی مەڕە.!»

www.kerimhisami.com

کەربەلایی فراش گوتی: « بەڵێ ڕاستە. چاکت ناسی. کاتێ دیتی بەگ توڕەیە و وەختە بتەقێ، لێی زیاد کرد و گوتی :

– توڕە مەبە. من ڕاستیم بە تۆ گوت. لە پێشدا ئاقڵت نە مابوو. دوو جارت تاقیکردەوە نەتزانی. بۆ جاری سێیەم کە جاوتت، ئاقڵت هاتەوە سەر و زانیت کە کشپەڵی مەڕە.!

چۆن دەکرێ عزرائیل بدۆزیەوە ٣٩

لە گوندێ دا پیاوێکی شەڕانی و خەراب دەژیا. ڕۆژێ هەموو کۆ ببوونەوە و خۆیان بۆ جێژن ئامادە دەکرد، کەربەکایی فەراش زۆر جنێوی بە کابرای خەراب دا.

کابرا هاواری کرد: ئاخ عزرائیل. لە کوێی عزرائیل !

کەربەلایی فەراش پرسی : « زۆرت پێویستی بە عزرائیل هەیە.؟

– بە لێ.. یەکجار زۆر.

پاشان کەربەلایی گوتی: « تەماشا کە. ئەو ڕەوەزە بەرزە دەبینی. بچۆ سەر لوتکەی ئەو. لە وێوە خۆت هەڵدێرە. کاتێ چەند گەزت ما بگەیە عەردی، ئەو دەم عزرائیل دێتە لات و چیت لە دڵ دایە پێی بێژە.!

www.kerimhisami.com

کەربەلایی فەڕاش و دزەکان ٤٠

ڕۆژێ کەربەلای فەراش لە سەفەری دوور دەگەڕاوە. گەیشتە کن ماڵەکەی خۆی دیتی دز لە باغی میوەی لێ دەکەنەوە. بە غار چوە سەر تەپکێکی بەرز و هاواری کرد:

– زوو بگەنێ وەرنە ئێرە، کەربەلایی فەراش مردوە و مەیتەکەی لێرە کەوتوە.

ئەوانەی لە باغی بوون، گەورە و بچوک غاریاندا. دەنگی کەربەلایی فەراشیان نە ناسیبوو، کە چوون دیتیان ساخ و سەلیم دانیشتوە. هەموو هێرشیان کردێ و گوتیان: « ئەو درۆیە چبوو، ئەوە نیە زیندووی. گوتت مردووم،

– راستە مردووم. ئەگەر زیندوو بام چۆن ئێوە دەتان وێرا بێنە نێو باغی من و میوە لێبکەنەوە،؟×

× دەبێ ئەم سێ ئەفسانەیە کوردی نەبن. چونکە لە نێو کوردان دا کەربەلایی نیە. و ناوی ئاواش لە کەس نانێن. وەرگێڕ

www.kerimhisami.com

یوسوپ ٤١

پیاوێکی بە دەستەلات لە وڵاتی ڕۆم دەژیا بە ناوی رەشید بەگ. چوارسەت گوندی کورد نشینی هەبوو باج و مالیاتی لێ دەستاندن. حاکمەکانی ڕۆم خۆیان دە رەشید بەگ نەدەگەیاند و باجیان لێ وەر نەدەگرت. رەشید بەگ سەروەت و سامانێکی زۆری وە سەر یەک نابوو. ڕۆژێک رەشید بەگ خەریک بوو شایی بۆ کورە گەورەکەی بکا. لە نێو کوردان داب وایە ئەگەر بۆ سەر شایی داوەت بکرێن، دیاری لە گەڵ خۆ دەبەن. لە هەموو چوار سەد گوندی رەشیدبەگ زیاتر لە چوار هەزار کەس داوەت کرا و دیارییان هێنا،

لە ناو میوانەکاندا لاوێک هەبوو بەناوی « یوسوپ » یوسیوپلاوێک بوو جوان، چالاک، سوار چاک و نەترس. داب وایە لە نێو کوردان ئە گەر میوانێکی بەرێز لە مالی میواندار نیزیک دەبێتەوە، زاوا لە گەڵ هێندێ سوار بە دەهۆڵ و زورنا دە چێتە پێشوازی و یەک لە میوانان لە گەڵ زاوا جلیت دەکا.

زاوا- واتە کوری رەشید بەگ هاتە مەیدان و بۆ جلیت داوای حەریفی کرد، کەس نەیوێرا جلیتی لە گەڵ بکات.

یوسوپ خۆی پێ ڕانەگیرا و چوە پێش و لە گەڵ کوری رەشید بەگ دەستی پێکرد، دار جلیتی هاویشتێ و وەسەری کوری رەشید بەگ کەوت و کلاوی سەری کەوتە خوار و نیزیک بوو خۆشی بکەوێ.

کوری رەشید بەگی زۆر خەجاڵەت بۆوە. چونکە ئەگەر کاتی بوک هێنان کلاوی زاوا بکەوێ، شەرمێکی گەورەیە. زاوا هەڵیکێشا شیر و غاریدا سەر یوسوپ. یوسوپ دەیزانی بە گوێرەی دابی کوردان کەسێک شیر هەڵکێشێ تا خوێن نەرێژی، نایخاتەوە کالان. یوسوپ دەمانچەی دەر هێنا وگوللەیەکی پێوە

نا و زاوا کەوتە خواریّ و یوسوپ بزر بوو. بەگ و پیاوەکانی وەدوای کەوتن، بێفایدە بوو نەیاندیتەوە. یوسوپ نەوێرا بچێتەوە ماڵ و بوو بە جەردە و ڕێگر و بە« یوسوپ ڕێگر» ناوی دەر کرد.

بەڵام رەشید بەگ شەو ورۆژ لە فیکری ئەوە دا بوو کە چۆن یوسوپ بە زیندویی بگریّ و ئازاری بدا. رەشید بەگ نارەحەت بوو لە کەن خەڵک و بەگی دیکە خەجاڵەتی دەکێشا لەوەی کە یوسوپ لە ماڵی خۆی کوری کوشتوە و بەو هەموو دەستەڵات و سامانەوە ناتوانیّ تۆڵەی بکاتەوە.

رەشید بەگ گوتی: « هەر کەسێک یوسوپ بکوژێ و یا زیندوویی بیگریّ و بۆم بێنیّ، هەموو سامانی خۆمی دەدەمیّ و جەمیلەی کچیشمی لیّ مارە دەکەم.

زۆر کەس کەوتنە هەوڵ و تەقەلا کە یوسوپ بگرن، فایدەی نەبوو، رۆژێکیان کابرایەک شوێنی یوسوپی بە رەشید بەگ نیشاندا. رەشید بەگ کەیف خۆش بوو، دوو کور وچوار نۆکەری بەکاری هەڵگرت و شەو چوە ئەم ئەشکەوتە کە پێیان نیشان دابوو.

گەیشتنە ئەشکەوت ولە ئەسبان دابەزین، ئەسپەکانیان دە دارێک خست و یەکێکیان بۆ کێشکی ئەسپەکان دانا و شەش کەسیان ئەشکەوتیان گەمارۆ دا.

رەشید بەگ گوتی: « هیچکەس نە چێتە نێو ئەشکەوت و تەقەش نەکەن و چاوەڕوانی بەیانی بن. رەشید بەگ لای وابوو ئەگەر ئوسوپ لە ئەشکەوت دا بیّ، درنگ یا زوو دێتە دەر. بە پیاوەکانی خۆی گوت: لەگەڵ کوو یوسوپ هاتە دەر، بیگرن، ئەگەر بۆتان نەگیرا، بیکوژن،»

یوسوپ شەو لە خەو دا دیتی کە ئەشکەوت گەمارۆ دراوە.، هەستی بە مەترسییەک کرد. بەیانی کە وە خەبەر هات، بریاری دا نە چێتە دەر. یەک دوو سەعات دانیشت و ئاخرەکەی گوتی: هەر دەبیّ بچمە دەر، چار نیە، دەستی دا تفەنگ و لە ئەشکەوت دەر کەوت. هەر شەشیان گورج پەلاماریاندا و گوتیان :« تەسلیم بە » یوسوپ هە رشەش کەسی درِ پێدا و خۆی هاویشتە پشت بەردێک و دەستی بە تەقە کرد. پێنج کەسی کوشت. تەنیا رەشید بەگ مابوو، ڕایکرد

بۆلای یوسوپ. یوسوپ ئەگەر ویستبای، دەیتوانی ئەویش بکوژێ. بەلاّم دەستی بۆ نەچوو. رەشید بەگ پیاوێکی گەلێک وێچوو بوو.

پاش ئەم روو داوە ئیتر رەشید بەگ ئارامی نەبوو. سەر شۆڕ بوو کە حەوت کەس بە یوسوپی نەوەستاون و بە تەنیا پێنج کەسی لێ کوشتوون.، یوسوپ لە سەرانسەری کوردستان ناو بانگی دەر کرد.

دوو سێ ساڵ تێپەڕی. رەشید بەگ وردە وردە هاتەوە سەر خۆ و خەم و خەفەتی لە بیر کرد. رۆژێک قەستی سەفەری عەرەبستانی کرد تا لە داب ونەریتی کوردەکانی وێندەری شارەزابێ. دە سواری لە گەڵ خۆی برد و کەوتە رێ. لە سنوری ترکان تێپەڕین و وە سەر چیایێکی بەرز کەوتن. لە بناری ئەم چیایە چادر و رەشماڵی زۆریان دیتن و زانیان دەبێ هەواری کوردان بن. لە چیا هاتنە خوار و لە چادران نیزیک بوونەوە، سوارێک هاتە پێشوازیان.

رەشید بەگ پرسی:

– ئەو چادرانی هی کێن؟

– بۆ نازانی چادری خالید بەگن. خالید بەگ کە دیتی سوار بۆچادری وی دێن، خۆی چوە پێشوازیان. رەشید بەگ و سوارەکانی دابەزین. نۆکەرانی خالید بەگ ئەسپەکانیان دابین کرد و تفاقیان دانێ و میوانیان بردە چادر و خالید بەگ بەخێر هاتنی کردن. سفرەیان داخست و نانیان هێنا. بەیانی خالید بەگ و رشید بەگ لە دەور و بەری هەواری چوونە گەڕان و گەیشتنە سەر کانیەک، رەشید بەگ دیتی کیژێک ماینێک دێنێتە ئاوێ. ماین بە دەوری کیژەکە دا سەما دەکا. ماینێکە لە هەموو ژیانیدا شتی وا جوانی نەدیوە. لە خالید بەگی پرسی:

– ئەو ماینە هی کێیە؟

– ئەوە ماینی منە و کچەکەم هێناویاتە ئاوێ.

رەشید بەگ گوتی: «تکا دەکەم ئەو ماینە بە من بفرۆشە.»

– بە هیچ قیمەتێک نایفرۆشم. وەرە با بچینە نێو رەوە، هەر ئەسبێکی دڵت گرتی، پێشکێشە،

www.kerimbisami.com

– نا .. من تەنیا ئەم مایینەم دەوێ. هەرچەندی بخوازی دەتدەمێ. ئەگەر بە گرانایی مایینەکە زیریش بخوازی.

– ئەگەر دە ئەوەندەی قورسایی ئەو زێرم بدەیەی نایفرێشم.

گەڕانەوە بۆ چادر. جارێکی تر سفرە و نان ئامادە کرا. لای ئێوارە رەشید بەگ مالآوایی خواست بەرە و مالٚ گەڕایەوە. شەو و رۆژ لە فیکری ئەم مایینە دا بوو، خەو و خۆراکی لێ هەلٚگیرا بوو، کز و بێ تین ببوو. لێیان دەپرسی:« چتە، بۆ وات لێهاتوە.؟»

– لە عەرەبستان خالید بەگ مایینێکی هەیە تا ئێستا ئادەمیزاد ماینی وا جوانی نە دیوە. دلٚم گرتوویەتی، بەلآم خالید بەگ پێم نافرۆشێ. ئە گەر سواری ئەم مایینە نەبم و سەرانسەری کوردستانی پێ نەگەڕێم، دیق دەکەم و دەمرم.

ئێستا با واز لە رەشید بەگ بێنین و بزانین یوسوپ چدەکا. یوسوپ خەبەری زانی کە رەشید بەگ چۆتە عەرەبستان و چاوی بە ماینی خالید بەگ کەوتوە ودلٚی گرتوویەتی و خالید بەگیش بە هیچ قیمەتێک پێی نافرۆشێ. یوسوپ نامەیەکی ئەمجۆرەی بۆ رەشید بەگ نووسێ :«.. ئەی رەشید بەگ! بیستوومە چوویە عەرەبستان و دلٚت ماینی خالید بەگی گرتوە، ئەوەشم زانیوە بە هیچ قیمەتێک پێت نافرۆشێ. ئەگەر بەلێن دەدەی و رابردوو فەرامۆش دەکەی و دەمبەخشی، مایینەکەت بۆ دێنم. بەلآم چۆنی دێنم، دەیدزم، دەیئەستێنم، پێوەندی بە خۆمەوە هەیە.»

رەشید بەگ نامەی خوێندەوە و کەوت فیکر و بیر کردنەوە. « چۆن دەتونێ لە یوسوپ خۆش بێ کە سێ کوری ئەوی کوشتوە. داخوا دەتوانی بۆ مایینێک لەو هەموو تاوانە خۆش بێ؟ چ بە خەلٚک بلێ.؟ لە بەرانبەر خەلٚکدا شەرمەزار دەبێ. ئەگەر مایینیشی دەست نەکەوێ دیق دەکا.»

رەشید بەگ لە وەلآمی نامەی یوسوپ دا نووسی:« ئەی یوسوپ !ئەگەر مایینەکەم بۆ بێنی، لە رابردوو خۆش دەبم و جەمیلەی کچی خۆشمت دەدەمێ.»

یوسوپ نامەی خوێندەوە و زۆر کەیف خۆش بوو. چۆوە مالٚ چەکی هەلٚگرت و سوار بوو بەرە و عەربستان و هەواری خالید بەگ کەوتە رێ. کە لە

www.kerimhisami.com

وێ نیزیک بۆوە، چوە سەر چیا و تەماشای دەور و بەری کرد دیتی لە نیزیک چادران دەهۆڵ و زوڕنا و زەماوەندە. سوار خەریکی جلیت و ڕمبازین. بە خۆی گوت: یا شایی و بوکهێنانە، یا شیرینی خواردنە. ئەگەر بە سواری بچمە نێو چادران، ناچار دەبێ لە چادرێک دابەزم، خەلک چەکەکەم دەبینن و لێم وەشک دەکەون. نەخشەکەم تێکدەچێ. تەماشای دەو ر وبەری کرد، ئەشکەوتێکی دیت. ئەسبەکە لەوێ بەستەوە و پیادە بۆ چادران چوو.

دابی کورەان وایە. لە شایی و شیرینی خواردندا، ڕێبوار و گەڕۆک هەر کەس بێ، دەتوانی لە سەر سفرە دانیشێ و کەس ناپرسێ کێیە. یوسوپ چوە کن میوانان و لە سەر سفرە دانیشت تا ئێوارە خواردی و خواردییەوە. شەو بەسەر داهات و دەهۆڵ و زوڕنا بێدەنگ بوو بلاوەیان کرد. یوسوپ تەنیا مایەوە. تەماشای کرد لە پەنا ئەو چادرێکی گەورە هەلدراوە و میوانی زۆری تێدا کۆ بوونەوە. زینی زۆریش لە سەر یەک داندراون. لە پەنا ئەو چادرەش خێوەتێکی ئاوریشم هەلدرا بوو، لە وانەیە چادری کیژی خالید بەگ بێت. یوسوپ لە پشت زینەکان خۆی مات کرد و شتێکی بە سەر سەری دادا کە بخەوێ.

مانگ هەلات بوو دەور و بەر دیار بوو. لە پڕ یوسوپ دیتی کە یەکێک بۆ لای چادرەکان دێت. یوسوپ لێی وەنیزیک کەوت و دیتی کابرایەکی عەڕەب و بالآ بەرز و ڕەش ئەسمەرە. کابرای عەرەب لە چادری کیژی خالید بەگ وەنیزیک کەوت و چوە نێو چادرەکە.

کێ دەتوانێ بەو شەوە بچێتە چادری کیژی خالید بەگ.؟ تەنیا چوار کەس بۆیان هەیە: دایک و باب و برا و خوشک بەلآم کابرای عەرەب کە چوە ژووریَ، نە دایک و بابە و نە خوشک و برا.(چونکە خالید بەگ کورد بوو) یوسوپ بیری کردەوە گوتی: ئەم ماستە بێ موو نیە. لە چادرەکە پتر نیزیک بۆوە وگوێی دایە.

عەڕەب گوتی :« ئەی زدینە، حەوت ساڵە خزمەتی باوکت دەکەم و بەلێنی دابوو کە تۆم بداتێ. فریوی داوم. تۆ دەدەن بە کەسێکی تر. هەر ئێستا دەبێ لە گەڵم بنووی.

– ئەگەر دەزگیرانم بپرسێ ناموست چی لێهاتوە، چی وەڵام بدەمەوە.؟ بشم کوژی لە گەڵت نانووم.

عەرەب شیری هرلکێشا و لە سەر سەری زدینەی ڕاگرت. کیژەکە ترسا و دەستی بە پاڕانەوە کرد و گوتی:

– ڕێگام بدە تاوێک بچمە دەر. ئێستا دێمەوە ئەو دەم چدەکەی بکە.

– نا. ڕێگا نادەم بچیە دەرێ. دەزانم هەر دەر کەوی ڕادەکەی و دەست دەکەی بە هاوار. لەو قسانە گەڕێ. ئێستا دەبێ لە گەڵم بنوی.

کیژە کە دەستی بۆ دوعا هەڵینا و گوتی :« ئەی خوای گەورە. قاچاخ یوسووپ بنێرە بە هاوارمەوە بێ و ناموسم نەجات بدا.»

یوسوپ بە خۆی گوت:« سەیرە! تەنانەت لێرەش من دەناسن، گورج لە پەناگا هاتە دەر و هەڵیکێشا شیر ولە چادر چوە ژوور و سەری عەرەبی پەڕاند.

زدینە ترسا و گوتی: تۆ کێی. ئادەمیزادی یاپێغەمەری ؟

– من پێغەمبەر نیم. خوای گەورە دوعای تۆی قبوڵ کرد و منی بۆ یارمەتی تۆ نارد. من ئەم یوسوپەم کە داوات کردبوو بۆ یارمەتیت. بە هەر دووکیان کەلاکی عەرەبیان لە خێوەتێ بردە دەر و دە چاڵاوێکیان هاویشت.

زدینە گوتی :« ئەی یوسوپ تکا دەکەم دانیشە خواردنت بۆ بێنم.

– من لە ماڵی ئێوە ناتوانم هیچ بخۆم. چونکە ئەگەر نان و نمەکی کەسێک بکەی، ئیتر ناتوانی هیچی لە ماڵێ هەڵگری و بیبەی.

زدینە پرسی: « مەگەر خەیاڵی چیت هەیە.؟»

– ئەمشۆ دەمەوێ ماینی ئێوە بفرێنم. بۆیە لەم ماڵە نابێ هیچ بخۆم.

زدێنە گوتی :« تۆ ژیان و ناموسی منت نەجات دا، هەر لێرە بە، هەر ئێستا ماینەکەت بۆ دێنم و زینی دەکەم و سوار بە و برۆ.

زدینە ماینی هێنا و زین و لغاوی کرد وبانگی ئوسیبی کرد:

– ئەی یوسوپ وەرە ماینەکە وەر گرە، تەنیا بڵێ بە کام ڕێگادا دەڕۆی.؟

یوسوپ ڕێگای بە کیژەکە نیشان دا. زدێنە گوتی:« تکا دەکەم جڵەوی ماینەکە شل مەکە. کەمێک جڵەوی شل بکەی هەڵت دەگرێ و لە عەرزت دەدا.

www.kerimhisami.com

دوو لای ئەم جادەیە زەلکاوە. تۆ لە زەلکاو دا گیر دەکەی، هاتنەوە دەرت دژوارە. برۆ بە هومێدی خوا.

زدینە گەڕاوە بۆچادر و یوسوپ سواری ماین بوو کەوتە ڕێ. کەمێک ڕۆیشت بوو، قسەکانی کیژەکەی لە بیر بردەوە و جڵەوی ماینی شل کرد و ماین هەڵیگرت، بە عەرزی دادا. یوسوپ لە زەلکاو دا گیر بوو نەیتوانی بێتەوە دەر. ماین گەڕاوە بۆ چادر و جێگای خۆی. زدینە دیتی ماین بێ سوار گەڕایەوە. زانی یوسوپ دە زەلکاو کەوتوە. گورج سواری ماین بوو، ڕۆی تا یوسوپ بدۆزێتەوە. هێندێ ڕۆی، دیتی بە ڕاستی لە زەلکاو دا ماوەتەوە و ناتوانێ بێتەوە دەر. لە ماین دابەزی، جڵەوی لە دارێکی بەست و چوە پەنا زەلکاوەکە و گوتی :

– یوسوپ، ئاخر پێم نە گوتبووی جڵەوی ماینەکە شل مەکە. ئەگینا دە زەلکاو دەکەوی. بە گوێی منت نە کرد و توشی ئەم ڕۆژە بووی.

– ئەی زدینە، ئەوەی تۆ بە منت گوت، هەر لەوێ لە پەنا چادر بە جێما. ئێستا وەرە نەجاتم دە، تا زووتر لەم زەلکاوە بێمە دەر.

زدینە دەستی درێژ کرد و کەم کەم ئوسیبی بۆ لای خۆ کێشا. بەڵام توانای ژن چەندە ، ئەویش دە زەلکاو کەوت و لە کن یوسوپ مایەوە. با یوسووپ و زدینە لە زەلکاو دا بن، تا بزانین لە ماڵی خالید بەگ چباسە.

دایکی زدینە بەیانی لە خەو هەستا و دیتی زدینە دیار نیە. بە غار چوە تەویلە و دیتی ماینەکەش نەماوە. مێردەکەی بانگ کرد و گوتی : « ئەی خالید بەگ تۆ لە خەو دای و زدینەی کچتیان ڕفاندوە. ماینەکەشیان بردوە.

خالید لە جێ هەستا و هەموو نۆکەرەکانی دەنگدا و فەرمانی دا کە دەست بەجێ هەموو چیا و کەژ و دۆڵ و جادەکان بگەڕێن و زدینە و ماینەکە بدۆزنەوە و بیهێننەوە.

نۆکەر سوار بوون و وەدوای زدێنە کەوتن. کەمێک لە چادر دوور کەوتبوونەوە دیتیان ماینەکە لە دارێک بەستراوەتەوە. زدینەش لە پەنا لاوێک دە زەلکاو دا کەوتوە. هەر تکیان لە زەلکاو هێنا دەر و بردیاننەوە. خەڵک بیستیان

www.kerimhisami.com

کە ڕاکردوەکانیان گرتوونەوە. هەموو لە مەیدان کۆ بوونەوە.

خالید بەگ فەرمانی دا کە دەست بەجێ لە سەریان بدەن.

زدینە گوتی : « بابە لە پێشدا ڕێگا بدە دوو قسان بکەم و پاشان چدەکەی بیکە، خۆت خاوەن دەسەڵاتی.

خالید بەگ گوتی ؛ بلێ بزانم .

زدینە هەر چی بە سەری هاتبوو گێڕایەوە. کاتێ زدینە وتەکانی تەواو کرد، خالید بەگ ڕووی کردە یوسوپ و گوتی :

– باشە، دەتوانین چبکەین. ئێستا کە تۆ ژیان و ناموسی کیژی منت نەجات داوە، هەر چی بلێی، بەڵێن دەدەم بەجێی بگەیێنم. یوسوپ لە وەڵام دا گوتی:« تەنیا یەک شتم دەوێ. ماینەکەت بدە بە من و هیچیتر.

خالید بەگ کە ئەوەی بیست، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا. لە لایەکی دیکەش لە پێش خەڵک بەڵێنی دابوو، نە دەکرا پەشیوان بێتەوە،

ئەمری کرد ماینەکە بۆ یوسوپ بێنن. ئەویش سواری ماینی جوان بوو بەرەو وڵاتی ڕۆم کەوتە ڕێ. چوە کن ڕەشید بەگ و ماینەکە ی تەسلیم کرد. ڕەشید بەگیش بەڵێنی خۆی بردە سەر و لە یوسوپ خۆش بوو، جەمیلەی کیژی خۆی لێ مارە کرد.

www.kerimhisami.com

ئەفسانەگەلی سیحر و جادوو.

ئەحمەد خان و عەلی وەلی ٤٢

دوو برا بوون،یەکیان پاشا بوو، ئەویتریان وەزیر. هیچ منداڵیان نەبوو. ڕۆژێک پاشا تەماشای ئاوێنەی کرد دیتی پیر بوە و ریشی چەرموک بوە و هێشتا منداڵی نیە. قورئانی هەڵگرت و دەستی کرد بە پاڕانەوە و گریان و گوتی :« پیر بووم و منداڵم نیە » خوای گەورە دوعاکەی بیست . عەلی وەلی خۆی هێنا سەر شکڵی دەروێش و هاتە پەنا کۆشکی پاشا و دەستی بە دوعا کرد.

پاشا سەری هەڵنەهێنا و تەماشاشی نەکرد.

وەلی لێی پرسی:« بۆ سەیرم ناکەی »؟

پاشا گوتی : « بۆ سەیرت ناکەم؟. نابینی وا لە خەم و خەفەت دام. بڕۆ لەو ماڵەی کە ژنەکەمی تێدا دەژی، چ بخوازی دەتدەنێ.»

وەلی گوتی: من هیچم ناوێ. تەنیا دەمەوێ بزانم تۆ بۆ دەگری.

– تۆ چیت لە گریانی من داوە؟

– تا هۆی گریانی خۆتم پێ نە ئێژی، لێرە ناڕۆم.»

– باشە، پێت دەڵێم. دەزانی کە من پیر بووم، بەڵام هێشتا منداڵێکم نیە.

وەلی سێوێکی دایە و گوتی:

– ئەم سێوە دوو لەت بکە، نیوێکی بخۆ و نێوێکیش بدە بە خێزانت. دڵنیا بە منداڵێکی دەبێ.

پاشا سێوەکەی لێ وەر گرت و گوتی :« براکەشم منداڵی نیە »

وەلی سێوێکی دیکەشی دایە و ڕۆیشت. پاشا سێوەکەی تری دا بە براکەی و گوتی:« ئەم سێوە دوو لەت کەو لە گەڵ خێزانت بیخۆن.»

www.kerimhisami.com

ڕۆژێکیان پاشاو وەزیر لە ڕاوێ بوون. وەزیر گوتی:« لام وایە بەم زوانە ژنەکەم منداڵی دەبێ.»

پاشا گوتی :« منیش وا گومان دەکەم کە ژنەکەم بەم زوانە منداڵی ببێ.»

هەر لەوێ قەراریان دانا ئەگەر یەکیان کوڕ بێ و یەک کچ. لێکیان مارە کەن. هێندەی پێنەچو ژنی پاشا کچی بوو، ژنی وەزیریش کوڕ. پاش ماوەیەک وەزیر مرد و کوڕەکەی هەتیو بوو. ژنەکەی مناڵەکەی گەورە کرد . کاتێک بوو بە لاوێکی وێچوو، پێیان گوت:

- تۆ و کیژی پاشا دەزگیرانی یەکترن .

ناردییە خوازبینی و داوای کرد کە کیژەکەی لێ مارەکات. پاشا لە وەڵامدا گوتی :« زێڕ بێنە تا کیژەکەمت بدەمێ.»

لاو چبکا.؟ زێڕ لە کوێ بێنێ.؟ تەنانەت سکەیەکی زێڕیشی نەبوو، سەر گەردان و بێ بەرنامە دەستی کرد بە گەڕان بە دەوری دنیادا. تەماشای کرد دووکەڵێکی کەم لە دوورەوە دیارە. ڕووی دەوێ کرد، دیتی ئەشکەوتێکە و پڕە لە شتی خواردن. دانیشت تا تێر بوو خواردی. تەماشای ئەملاو لای کرد، دیتی لە قوژبنێک زێڕ ڕژاوە. کیسەی پڕ کرد لە زێڕ و بە کۆڵی دادا و هات وەدەر کەوێ، لە پڕ خاوەن ئەشکەوت بە سواری پەیدا بوو.

- تۆ.. تۆ چۆن وێراوتە بێیە ماڵی من؟ وەرە شەڕ بکەین و هەرکام شکا، سەری ببڕدرێ.

شەر دەستی پێکرد و کوڕی وەزیر کەوت، سوار شیری هەڵیکێشا کە سەری ببڕێ. کوڕی وەزیر هەناسەیەکی خەفەتاوی هەڵکێشا .

خاوەن ئەشکەوت گوتی :« ئەم هەناسەیە چبوو. بۆ تۆ پیاو نی.؟

- هەناسەم بۆیە هەڵنەکێشا لە مردن بترسێم. دەزگیرانێکم هەیە کە هێشتا نەمتوانیوە بیگوێزمەوە. هەناسەکەم بۆ ئەوەیە.

خاوەن ئەشکەوت بەزەیی پێدا هات و پێی گوت:« وەرە پەیمانی برایەتی ببەستین. منیش دەزگیرانێکم هەیە. لە پێشدا دەچین ئەوی دێنین و دوایە وەدوای دەزگیرانی تۆ دەکەوین.»

www.kerimhisami.com

پەیمانی برایەتیان بەست. چوونەوە نێو ئەشکەوت و دانیشتن، نانیان خوارد. خاوەن ئەشکەوت کە ناوی ئەحمەد بوو، گوتی :

– جارێ تۆ لێرە بە، من دوو ئەسپ و دوو شیرم هەنە. ئەسپێکی هەر لێرە دە ئەشکەوت دا دەبەستمەوە، شیرێکیش لێرە هەڵداوەسم. کاتێکی بینیت خوێن لە نوکی شیرەکە دێتە خوار، بزانە توشی بەڵایەکی بووم. ئەوە دەم دەست بدە شیر و سواری ئەسب بە وبە هاوارمەوە وەرە.

کوڕی وەزیر لە ئەشکەوت دا بە جێما و ئەحمەد وەدوای دەزگیرانی کەوت. ڕۆژێک کوڕی وەزیر دیتی خوێن لە تیغی شیرەکە دێتە خوار. گورج شیری دەست دایە و سوار بوو ڕۆیشت، دیتی شایی و زەماوەندە. کوڕی وەزیر چوە مەجلیسی شایی و دەستی کرد بە تار لێدان. کاتێ میوان بڵاوەیان کرد، کوڕی وەزیر چوە کن بوکێ و لێی پرسی :« نازانی ئەحمەد خان لە کوێیە.؟»

کیژەکە پرسی: ئەو دەستە برای تۆیە؟

کوڕی وەزیر گوتی : « بەڵێ دەستە برامە»

کیژەکە کە هەمان دەزگیرانی ئەحمەد خان بوو، قوتوێکی بچوکی پڕ لە تۆزی خەو هێنەر دا بە کوڕی وەزیر و گوتی:

– دەستە برای تۆیان لە چاڵاوی ڕەش بەند کردوە. چل کەس کێشکی لێ دەکێشن. تۆ بچۆ کن ئەوان تاریان بۆ لێدە. پاشان بێژە داب وایە کە میوان شەڕاب بۆ میواندارانی تێبکا. ئەوان ڕازی دەبن. چل جامت دەدەنێ شەڕابیان بۆ تێبکەی. بۆ خۆشت تێکە. لەم تۆزەش بۆ هەموان نەختێک دە شەڕابەکەی بکە و هەموویان بێهۆش دەبن.. سەری هەموان ببڕە. کلیلێک لە گیرفانی سەر کێشکچی دایە، ئەو کلیلە بدە بە ئەحمەد تا زنجیری لاقی بکاتەوە، هەر بەم شەوە دەبێ ڕابکەین.

کوڕی وەزیر چوە کن کێشکچیان و گوتی چاوەشم. هەموو پێیان خۆشبوو، گوتیان بە خێر هاتی فەرموو. کە دانیشت دەستی کرد بە گۆرانی و تار لێدان. هەوا تاریک بوو، دانیشتن کە نان بخۆن. کوڕی وەزیر گوتی:

– دابی ئێمە وایە کە میوان دەبێ شەڕاب تێکا.

www.kerimhisami.com

– هیچ عەیبی نیە. چل پیاڵەیان لە سەر کەشەف دانا وکوڕی وەزیر تۆزی دەهەموان کرد. دەست کرا بە خواردنەوە. هەموویان بێهۆش بوون. کوڕی وەزیر سەری هەموانی بڕی و کلیلی لە گیرفانی سەر کێشکچی هێنا دەر و دای بە ئەحمەد خان. ئەویش زنجیری پای کردە وە ولە زیندان هاتنە دەر و چوونە کن کیژەکە. سوار بوون و کەوتنە ڕێ.

ڕۆیشتن تا بوو بە ڕۆژ. لە پڕ کچەکە تەماشای کرد بە لایەک دا ڕۆیشتوون کە وا تەپ و تۆزێکی زۆر دیارە ولەشکر وە دوایان کەوتوە. کیژەکە نەیویست خۆشەویستەکەی وەخەبەر بێنێ، دەستی کرد بە گریان و فرمێسکی کەوتە سەر ڕوی ئەحمەد خان و وەخەبەر هات. پرسی : بۆ دەگری.

– لەشکری باوکم بۆ ئەولایە دێت. ئەحمەد خان هەستا، کوڕی وەزیری وە خەبەر هێنا و بیریان لێکردەوە کە چبکەن.

ئەحمەد خان گوتی: « ئێمە سێ کەسین و ئەوان زۆر. وەرن با شەڕ بکەین و تا بتوانین لێیان بکوژین.»

کیژەکە گوتی : « من بە شیر لە شانیان دەدەم و ڕاست وچەپ لێیان دەوەشێنم»

ئەحمەد خان گوتی – «من لە سەریان دەدەم و لە گەڵ ئەسب دوو لەتیان دەکەم»

کوڕی وەزیر گوتی: « من لە پشتەوە دوو لەتیان دەکەم.

لەشکر وەنیزیک کەوت و شەڕ دەستپێکرا. زۆری پێنەچوو کە هێندێ ڕایان کرد و هێندێ کوژران. کوڕی وەزیر و کیژەکە دیتیان ئەحمەد خان دیار نیە. هەر ئەوان ماون. بە نێو کوژراواندا گەڕان، مەیتی ئەحمەد خانیان دیتەوە. زانیان کیژەکە بە هەڵە خۆی کوشتوویەتی. لەو نیزیکانە کانیەک بوو، مەیتی ئەحمەد خانیان شوشت و بۆی گریان بە خاکیان ئەسپارد.

کوڕی وەزیر گوتی : « چار چیە. با بڕۆین. هێندێ وە دوور کەوتن، کیژەکە گوتی:« تۆ کەمێک بوێستە. من دچمە سەر گۆڕی ئەحمەد خان، ڕێزی لێدەگرم و ئێستا دێمەوە،.»

:- منیش لە گەڵت دێم.

- نا، تۆ هەر لێرە بوێستە.

کوڕی وەزیر دانیشت و چاوەڕوان بوو. بەڵام کیژەکە چوە سەر گۆڕی ئەحمەد خان و شیری هەڵکێشا و بە سینگی خۆیەوە نا و خۆی بە سەر دادا. کوڕی وەزیر دیتی، کچەکە لە سەر گۆڕی ئەحمەد خان کەوتوە و ڕاست نابێتەوە.

- بچم بزانم بۆ هەڵناستێتەوە. هاتە کن گۆڕەکە و دیتی کیژەکە خۆی کوشتوە.

بە پەرۆیەک چاوی خۆی بەست و مەیتەکەی شوشت و لە پەنا ئەحمەد خان بە خاکی ئەسپارد و خۆی کەوتە ڕێ و بۆ ئەشکەوت گەڕایەوە و لە وێ دانیشت. شەو و ڕۆژ بۆ دەستە برای دەگریا، ماوەیەکی درێژ کاری هەر تازیە و گریان بوو. وای لێهات ریشی درێژ ببوو.

ئێستا بگەڕێینەوە بۆ چیرۆکی عەلی وەلی.

ڕۆژێک چاوی دێشا. یەکێکی ناردە شار و گوتی: « ئەگەر کابرایەکی ریش درێژت بینی، بیهێنە کن من تا حکایەتێکم بۆ بگێڕێتەوە و ئارام بگرم. قاسید چوە شار و کوڕی وەزیری دیتەوە و گوتی:« لە گەڵ من وەرە، عەلی وەلی داوای کردووی.»

کوڕی وەزیر لە گەڵ کابرا چوە کن عەلی وەلی. پێی گوت:

- چاوەکانم زۆر دێشن، شتێکی بڵێ ژانیان بشکێ.

- ئاخر من تەمەنێکی وام نیە، هیچ نازانم و سەر گوزەشتێکم نیە.

- داخوا دەبێ بەڵایەکت بەسەر نەهاتبێ و کارەساتێک ڕووی نەدابێت؟

- دیارە کە بەڵایەکم بەسەر هاتوە هەر باسی ناکرێ. ئێستا بۆت دەگێڕمەوە.

کوڕی وەزیری تەواوی سەر بردەکەی بۆ عەلی وەلی گێڕاوە.

وەلی گوتی :« تۆ بەڕاستی لە سێوی سیحراوی پەیدا بووی؟ باشە. ئێستا من بەرە سەر گۆڕی ئەحمەد خان و کیژەکە.

www.kerimhisami.com

گەیشتنە سەر گوڕیان. عەلی وەلی لە نێوان دوو گۆڕەکە دانیشت و دەستی بە دوعا خوێندن کرد. لە نەکاو گۆڕەکان کرانەوە و ئەحمەد خان وکیژە کە هاتنە دەر و ڕاست بوونەوە. گوتیان ئێمە خەوتبووین، بۆچی خەبەر و کردینەوە؟

کوڕی وەزیر گوتی :« خەوی چی.؟ ئێوە مردبوون، من چەند ساڵە لە تازیەی ئێوەدا دەگریم. پیر بووم و ریشم وا درێژ بوە.

عەلی وەلی جارێکی تر دوعای کرد و کوڕی وەزیر گەنج بۆوە. هەموو سواری ئەسپان بوون و چوونەماڵی کوڕی وەزیر و عەلی وەلیش چۆوە ماڵی خۆی.

بەڵێ ئەم سێ کەسە هاتنە کن پاشا. کوری وەزیر بە پاشای گوت: « ئێستا کیژەکەی لە من مارە کە.»

پاشا بەزمی بوکی ساز کرد و حەوت شەو ورۆژ شایی و زەماوەند کرا. ئەوان بە ئاواتی خۆ گەیشتن و ئیشەڵلە ئێوەش پێدەگەن.

www.kerimhisami.com

بالولی زانا و خەلیفەی بەغدا ٤٣

خـــەلیـــفـــەی بەغــدا و بالـولی زانـا دوو بـرا بوون. ڕۆژێک بالـولی زانـا منداڵەکـانی شـاری هەڵگرت و چوە قـەراخ دەریا و لـە وێ خـانوێکیـان بۆ خـۆ دروست کـرد. خـەلیـفـەی بـەغدا دوو ژنـی هـەبوون ولە گـەڵ ژنەکـانی بۆ گـەڕان چوونـە قـەراخ دەریا و دیتـیـان بالول لـەوێیـە. سـڵاویان لێکرد و بالـول وەڵامی دانەوە و گوتی:

عەلێکە سـەلام، بوکـە خۆشیەویستـەکـان، بە خێـر هـاتن، سـەفـاتان هێنا، فەرموون.

ژنە گەورەکەی خەلیفە پرسی:

– ئەم خانوە بە من نافرۆشی ؟

– لە جیاتیان چیم دەدەی ؟

– نانی شیرینی خۆشت بۆ دروست دەکەم.

– باشە. ڕازیم. بالول سێ جار گوتی :« ڕازیم»

ژنی گچکە ی خـەلیفە پێدەکەنی. هـەر تکیـان گەڕانەوە بۆ مـاڵ. ژنی گچکە خـەوی لێکەوت. لە خـەویدا ژنی گـەورەی خـەلیـفـە لە بەهەشت دا لە کۆشکێکی سـپی وەک بەفـر دانیـشـتـوە. وەخـە بەر هـات، دیتـی خـەونە. سێ جـار خـەوی لێکەوت و هـەموو جـارێ ئەم خـەونەی دەبینی. بەیانی کـە هـەسـتـا ،یەکسـەر چوە کن بالول وگوتی:

– ئەم خانوە بە من بفرۆشە.

– ها . ئێستا وەبیرت هاتۆتەوە.؟ ئێتر نایفرۆشم.

– سەت سکە ئاڵتونت دەدەمێ، پێم بفرۆشە.

www.kerimhisami.com

– نا. نایفرۆشم.

– هەموو زێڕ و جواهێراتی خۆمت دەدەمێ، پێم بفرۆشە

– بە خودایەتی خودا، نایفرۆشم.

– ئێستا کە وایە، شتی وا لە سەر تۆ بە خەلیفە دەڵێم کە بتکوژێ.

– برۆ، بێژە پێی با بمکوژێ.

ژنی گچکە لیباسی خۆی دڕاند و بە غار چوە کن خەلیفە و گوتی: خاکت وەسەر. بزانە برای شێتت چی لێکردووم. هەموو جلەکانی دڕاندووم و بە زەحمەت لە چنگانی نەجاتیم بوە.

خەلیفە دەستی دا شیر و بانگی کرد: کوا بالول لە کوێیە، ئێستا دەیکوژم.

لەم بێنە وبەرەیە دا ،بالول مەنجەڵێک و هێندێ جاو(بۆ کفن) و پێمەرەیەک و بێڵێکی هەڵگرت و چوە قەبرستان و گۆڕێکی هەڵکەند و لە پەنای راوەستا. خەلیفە شوێنی هەڵگرت و هاتە وێندەرێ و بانگی کرد:

– ئێستا لە سەرت دەدەم.

بالول گوتی : من کفنم ئامادە کردوە و ئاوم گەرم کردوە و گۆڕم هەڵکەندوە و ئامادەم کە بمکوژی.

خەلیفە لێی چوە پێش. بالول گوتی :« من و تۆ براین و لە دایک و بابێکین. دەستت بدە بەمن و قاچت لە سەر لاقی من دابنێ و یەکتر ماچ کەین و دوایە بمکوژە.»

لە گەڵکو خەلیفە قاچی خستە سەر لاقی بالول و دەستی دایە دەست، بالول سورێکی خوارد وخەلیفەی رێگای هەزار سال دوور هەڵداشت. خەلیفە وەهۆش هاتەوە، تەماشای کرد تا بزانێ لە کوێ کەوتوە، لە کام وڵاتە.؟ هەستا و کەوتە رێ. گەیشتە گوندێک و پرسی: دەزانن بەغدا لە کوێیە ؟

– ئەم ناوەمان نە بیستوە، ئینسانە یا جانەوەرە.؟

– شارە. رۆژە رێیەک دوور لێرە، کابرایەک دەژی کە سەت ساڵی تەمەنە، رەنگە ئەو بزانێ بەغدا لە کوێیە.

www.kerimhisami.com

خەلیفە کەوتە ڕێ. ڕۆژێکی تەواو ڕۆیشت، کۆشکێکی دیت. چوە کۆشک و دیتی پیرە مێردێکی ڕزیو، ریش سپی دانیشتوە. سڵاوی کرد و گوتی: میوان ڕادەگری ؟

پیرە مێرد گوتی : « میوان ئازیزی خودایە. پاشان ژنە پیرەکەی بانگ کرد و گوتی: فەرشێکی بۆ میوان ڕاخە با دانیشێ. ژن نەبزوت، پیرە مێرد دوو سێ جار دوو پاتی کردەوە، بەڵام ژن نە بزووت. پیرە مێرد هەستا ،لبادێکی بۆ ڕاخست و بە خەلیفەی گوت: فەرموو دانیشە. خەلیفە دانیشت، خاوەن ماڵ دارێکی دەست دایە و پیرێژنی باش کوتا. پاشان خەلیفەی بانگ کردە سەر سفرە کە نان بخوا. خەلیفە گوتی :« تا پێم نەڵێی بەغدا لە کوێیە. نان ناخۆم.»

– من لە کوێ دەزانم.؟ هەوەڵین جارە ئەم ناوە دەبیسم. سەت ساڵ ژیاوم، ناوی وام نەبیستوە، ڕۆژە ڕێیەک لێرە وە دوور، برام دەژی. تەمەنی دوو سەت ساڵە، ڕەنگە ئەو بزانێ.

ڕۆژی دوایە خەلیفە ناوی خوای هێنا و کەوتە ڕێ تا گەیشتە ماڵی کابرا. لە بەر دەرگا وێستا بوو. خەلیفە چوە ژوور و خاوەن ماڵ بانگی ژنەکەی کرد و گوتی :« ژن! فەرش بێنە میوان دابنیشێ. پیرێژن بە نەقە نەق هەستا ولباد و باڵنجێکی هێنا و میوان دانیشت. پاشان نانیان هێنا. خەلیفە گوتی: تا ڕێگای بەغدام پێ نیشان نەدەی، دەست لە خواردن نادەم.»

خاوەن ماڵ گوتی:« ڕێی بەغدا لە کوێ دەزانم. هەوڵجارە ئەم ناوە دبیسم. بەڵام ڕۆژە ڕێیەک لێرە وە دوور، برایەکم دەژی کە سێسەت ساڵی تەمەنە. لە وانەیە ئەو بزانێ بەغدا لە کوێیە.

خەلیفە ماڵاوایی لێ خواستن و کەوتە ڕێ. ڕۆژێک ڕۆیشت گەیشتە ماڵی برای سێیەم. خاوەن ماڵ لە بەر دەرگا وێستا بوو.

– میوان ڕادەگری؟

– میوان خۆشەویستی خودایە. فەرموو دانیشە. خەلیفە چوە ژوور. ژنی خانە خوێ هەستا، لبادێکی ڕاخست، باڵنجی هێنا، پاشان تەشتێکی ئاو هێنا، قاچی خەلیفەی شوشت و وشکی کردەوە. ئەوەش بڵێم کە ژنی خاوەن ماڵەکە

www.kerimhisami.com

سگیشی پڕ بوو. خاوەن ماڵ بانگی خەلیفەی کرد بۆ خواردن. خەلیفە گوتی :

– تا نەڵێی بەغدا لە کام لایە، نان ناخۆم.

– سێسەت ساڵە لێرە دەژیم. نازانم بەغدا لە کوێیە. بەڵام بیستوومە لە پەنا زیارەتگای ئێمە دارێک هەیە، باڵندەیەک دێتە سەر ئەو دارە، ڕۆژەکانی هەینی خەڵک لە وێ کۆ دەبنەوە و مەڕ سەر دەبڕن و خێرات دەکەن . باڵدار دوعا دەکا و خەڵک بڵاوەی دەکەن. باڵندەکەش دەفڕێ و دەڕوا . دەڵێن ڕێگای بەغدا بەو لایە دایە کە باڵندەکە بە لایدا دەفڕێ. ئەوەی دەمزانی پێتم گوت. ئێستا نان بخۆ. نانیان خوارد و خاوەن ماڵ بە ژنەکەی گوت:

– بچو لە ژێر زەمین شوتی بێنە تا میوانمان تاقیکاتەوە. پێویستە بگوترێ کە ئەم ژن و پیاوە تەنیا یەک شوتیان هەبوو. ژنەکە شوتی هێنا . کابرا ڕێکی کوشی، گوتی: ئەوە باش نیە، بچو یەکیتر بێنە.

ژن چۆوە ژێر زەمین و هەر هەمان شوتی هێناوە. کابرا ڕێکی کوشی، گوتی کاڵە، بچوو یەکی تر بێنە.

ژن چۆوە ژێر زەمین و هەمان شوتی هێناوە. خەلیفە ڕووی کردە خاوەن ماڵ و گوتی: بەسە لێی گەڕێ، سگی پڕە. چل پلیکان چوونە سەر و هاتنە خوار گاڵتە نیە. بێنە لەتی کە، باش یا خەراب دەیخۆین.

شوتیان لەت کرد و خواردیان. خەلیفە لە خاوەن ماڵی پرسی:

چەند ساڵی ؟

– سێسەت ساڵ.

– ئەدی بۆ چی براکەت کە سەت ساڵە لە تۆ پیر ترە.؟ تۆ لەو باشتر ماوی.

خاوەن ماڵ لە وەڵامدا گوتی:« هۆی ئەم جیاوازییە ژنە. ژنی ئەو کەر سیفەتە، دەبێ وەک کەر بیکوتی تا کارێکی دەکا، بۆیە مێردەکەی پیر بوە،

– ئەدی برایەکەی دیکەت کە دوو سەت ساڵە، لە تۆ پیرتر دیار دەکا؟

– چونکە ژنەکەی سەگ سیفەتە. کە میوان یا دراوسێ چوە مالیان، وەک سەگ مڕە مڕ دەکا و دەناڵێنێ، بە وتەیەک کار ناکا. بەڵام ژنی منت بینی؟

www.kerimhisami.com

بینیت چەند جار لە پلیکانەکان چوە ژێر زەمین و هاتەوە سەر. ئێمە تەنیا شوتییەکمان هەبوو، بینیت چەند جار چوو دیسان هەر ئەو شوتییەی هێناوە و ڕووی گرژ نەکرد.؟

چوونە سەر جێ و خەوتن. بەیانی هەستان و نانیان خوارد. خاوەن ماڵ خەلیفەی هەڵگرت و چوونە زیارەتگا. باڵندەکە هات و لە سەر دارەکە نیشت و دەستی کرد بە دوعا خوێندن. خەڵک کۆبوونەوە، مەڕیان کوشتەوە، چێشتیان لێنا و دایان بە هەموان. پاشان خەڵک بڵاوەیان کرد و خەلیفە بە یەواشی چوە سەر دار و لاقی باڵندەکەی گرت. باڵندە فڕی. خەلیفە زۆر ترسا و لە دڵدا گوتی:« ئەگەر لاقی بەردەم دەکەوم و هەلا هەلا دەبم» لاقی باڵندەکەی توندتر گرت، باڵندە فڕی وئاخرەکەی لەو گۆڕستانەی دانا کە بالول لە پەنا قەبرەکە وێستا بوو. خەلیفە چاوی هەڵێنا و دەتگوت بۆ هیچ کوێ نە چوە. دیتی بالول لە پەنا ئاگر وێستاوە و مەنجەڵێکی پڕ لە ئاوی لە سەر ئاگر داناوە و گۆڕێک هەڵکەنراوە. بالول گوتی :

– باشە خەلیفە ئێستا ئەگەر باوەڕ بە قسەی ژنەکەت دەکەی. مەحتەل مەبە و بمکوژە.

خەلیفە دەستی بالولی گرت و بردیە کۆشک و ئەمری کرد تا ژنە گچکەکەی بێنن. دوو حوشتریش ئامادە بکەن لاقێکی ژنەکەیان لە حوشترێک بەست و لاقەکەی دیکەشیان لە حوشترێکی دیکە. حوشتریان دەنگ دان و ژنەکە دوو لەتبوو. خستیانە نێو ئەم گۆڕە کە بالول هەڵیکەند بوو. بەمجۆرە خەلیفە لە دەست ژنی حیلە بازی خۆی نەجاتی بوو.

www.kerimhisemi.com

حەسەن حەکیم ٤٤

پاشایەک بوو کوڕێکی هەبوو. حەوت ساڵە بوو کوڕی پاشا زۆر نەخۆش بوو. تەواوی دوکتۆریان هێنانە سەر، نەیانتوانی دەرمانی بکەن. ڕۆژێکیان پاشا بیستی کە حەسەن حەکیمێک هەیە و هەموو نەخۆشیەک چار دەکا. لەم و لەوی دەپرسی کە داخوا کەس ئەم حەسەن حەکیمە دەناسێ و دەزانێ لە کوێیە.؟ بەڵام کەس لە بارەی ئەو هیچی نەبیستبوو. پاشا کە وای دیت، دوو کەسی لە نیزیکانی خۆی ئامادە کرد و گوتی: کەل و پەلی سەفەر ئامادە بکەن و وەداوی حەسەن حەکیم کەون، بیدۆزنەوە. پاشا ئەسپی وێرغە و خورجێنی پڕ لە ئاڵتونی دانێ و گوتی: بێ حەسەن حەکیم نەیەنەوە.

پیاوەکان کەوتنە ڕێ، ماوەیەکی زۆر ڕۆیشتن، لە هەر کەسێکیان دەپرسی، کەس ناوی حەسەن حەکیمی نەبیستبوو. چەند مانگ لەڕێدا بوو. ڕیشیان درێژ ببوو، ئاخرەکەی گەیشتنە شاری جزیرێ.

یەکیان گوتی :« با ڕیشمان بتاشین. چوونە حەمام و خۆیان شوشت و چوونە کن سەر تاش. سەر تاش دیتی بێگانەن. پرسی لە کوێوە دێن و دەچنە کوێ و کاریان چیە.؟ پیاوەکان حکایەتی خۆیان بۆ گێڕایەوە.

سەر تاش گوتی: لە وانەیە بتوانم یارمەتیتان بدەم. ئەمشەو جارێکی دیکەش وەرنەوە ئێرە.

کاتێکی پیاوەکان شەو چوونە کن سەرتاش، دیتیان ناوبراو چاوەڕوانیانە. گوتی : « لە گەڵ من وەرن.»

ماوەیەک ڕۆیشتن. سەر تاش ئەوانی بردە قەبرستانێک و نیزیک بۆوە و دەستی لێکدان و گوتی :

www.kermhisami.com

- یا شێخ عەدی ×

کاتێ ئەوەی گوت دەست بەجێ دەرگای قەبرستان کرایەوە، سەرتاش و پیاوەکان چوونە ژوور و چوونە وەتاغێکی ڕازاوە.

پیاوێکی لیباس ڕەش لە نێوە ڕاست وەتاغەکە لە سەر سەکۆیەکی بەرز دانیشتبوو. سەرتاش کڵاوی لە سەر خۆی هێنا خوار و لە بەرانبەر ئەو ئەژنۆی دادا. پیاوەکانیش هەر وایانکرد. سەرتاش بە دەنگی بەرز گوتی:

- سڵاو بۆ تۆ ئەی حەسەن حەکیم!

حەسەن حەکیم وەڵامی داوە و گوتی:

- سڵاو بۆ ئێوە. ئیزن دەدەم هەستنەوە! کام گیر و گرفتێک ئێوەی گەیاندۆتە ئێرە.؟

یەک لە پیاوەکان گوتی: «بێگومان تۆ دەزانی کە کوڕی پاشا زۆر نەخۆشە. پاشا تکات لێدەکات کە دەرمانی بکەی.»

حەسەن حەکیم گوتی: «بۆ شاری خۆتان بگەڕێنەوە، من بە دواتاندا دێم.»

هەر سێک سەریان دانواند و گەڕانەوە و سوپاسی سەرتاشیان کرد و گوتیان:

- لە تۆڵەی ئەو خزمەتەی بە مەت کردوە، ئەم کیسە ئاڵتونە وەر گرە.

سەرتاش گوتی: «ئاڵتونی خۆتان بۆ خۆتان، من پێویستم بە هیچ شتێک نیە. تەنیا دیتم ئێوە غەریبن و کارتان هەیە و بەزەییم پێتاندا هات و ویستم یارمەتیەکم بە ئێوە کرد بێ. ئەوەی گوت و بزر بوو، دەتگوت هەر نە بوە.

× شێخ عەدی دامەزرێنەری کۆمەڵی عیرفانی عەدەویە کە لە نێو کورداندا لە سەدەی شەشەمی کۆچی دا نفوزێکی زۆری هەبوە. کوردەکانی پیڕەوی ئەم کۆمەڵەیە خۆیان بە یەزیدی ناو دەبەن. یەزیدیە تاقە مەزە بێکی جیهانیە کە کەس ڕێی تێ نەبردوە و بێگانەش وەر ناگرێ. مەزەبی یەزیدیە تێکەڵاوێکی لە ئیسلام وزەردەشتیگەری و مەسیحیەت و یەهودییەت. قەبری شێخ عەدی زیارەتگای یەزیدییەکانە و لە باکوری عراق لە «لالش» هەڵکەوتوە.

www.kerimhisami.com

پیاوەکان بۆ کن شا گەڕانەوە و دیتیان حەسەن حەکیم بەر لە وان گەیوەتە وێ و لە پەنا شا دانیشتوە. پاشا بە حەسەن حەکیمی گوت:« ئەی حەسەن حەکیم ! کوڕەکەم چا بکەوە، لە پاداش دا دەستەڵات و پاشایەتیم دەدەم بە تۆ.»

حەسەن حەکیم لە وەڵامدا گوتی: « با بچین کوڕەکەم نیشان بدە.»

حەسەن حەکیم تەماشای نەخۆشی کرد و گوتی:« پەڕە کاغەزێکم بۆ بێنن.

پاشا نۆکەرێکی بانگ کرد و گوتی:« بچۆ دوکانی مەیمون و پەڕە کاغەزێک وەر گرە و زوو وەردەوە.»

حەسەن حەکیم گوتی : « منیش لە گەڵی دەچم. نارەحەت مەبە، زوو دێمەوە. حەسەن حەکیم و نۆکەری پاشا گەیشتنە دوکان. دیتیان دوکانێکی گەورە و پڕ لە شتو مەکە. بەڵام فرۆشیار مەیمونە. بە تاقی تەنیا، شت دەدا و پارە وەر دەگرێ. خاوەن دوکان لە کەنارێک دانیشتوە و نا بزوێ. مەیمون هەموو کارەکان دەکا . حەسەن حەکیم لە وە کە مەیمون بە زیرەکی کارەکان دەکات و هیچ بە هەڵەش ناچێ، سەری سور ما .

ئاخرەکەی بوو بە شەو. دوکانیان داخست. خاوەن دوکان تەنافێکی خستە ملی مەیمون و بردیە حەسار و تا توانی لێی دا. پاشان بە دوای خۆیدا ڕایکێشا و لە ڕێگاش نێوە نێوە لێی دەدا . حەسەن حەکیم بە دوایدا دەڕۆی. خاوەن دوکان ئاوڕی داوە و دیتی پیاوێک بە دوایانەوەیە. گوتی :

– بە دوای ئێمەدا مەیە. دەبینی لە مەیمونەکەم دەدەم تۆزی لێ هەڵدەستێ و لە لیباسی تۆ دەنیشێ و پیسی دەکا .

حەسەن حەکیم گوتی:

– ئەمشەو میوانی تۆم.

– باشە، ئەگەر بۆ میوانی هاتووی، فەرموو. گەیشتنەوە ماڵ. حەسەن حەکیم دیتی ماڵ پڕە لە میوان. هەموو دانیشتوون، دەخۆن و دەخۆنەوە و مەجلیسی بەزمیان ساز کردوە. خاوەن ماڵ حەسەن حەکیمی دانا و گوتی : نان بێنن.

حەسەن حەکیم گوتی:« نا، ئازیزم، تا ڕازی ئەم مەیمونەم پێ نەڵێی، دەست لە خواردن نادەم. ئاخر ئەم حەیوانە بە ڕاستی و دروستی لە بەیانیەوە تا ئێواریێ شت دەفرۆشێ، لە دوکان کار دەکا، تۆ لە پاداشدا لێی دەدەی. بۆ چی ؟ چیکردوە.؟ تکادەکەم دەلیلی ئەوەم پێ بڵێ. ئاخر من میوانی تۆم.!

– چەند خانوو لەولای ماڵی من خاوەنی سەگێکی ڕەش دەژی. هەر کاتێ ئەو حکایەتی سەگە ڕەشی بۆ گێڕایەوە، منیش داستانی مەیمونت بۆ باس دەکەم. حەسەن حەکیم گورج هەستا و چوو ماڵی خاوەنی سەگە ڕەشی دیتەوە و چوە ژوورێ و گوتی:

– میوان ڕادەگرن.؟

– میوان خۆشەویستی خوادایە. سەر چاوان، فەرموو. حەسەن حەکیم تەماشای دەور و بەری کرد، دیتی لە وەتاغێ دا سەگێکی ڕەش لەسەر حەوت باڵنجان وەر کەوتوە وقەڵەدەیەکی زێڕی لە ملی دایە.

خاوەن ماڵ حەسەن حەکیمی لە سەر فەرش دانا و خواردنی بۆ هێنا.

حەسەن حەکیم گوتی:« سوپاست دەکەم. تا داستانی ئەم سەگەم بۆ باس نەکەی، دەست لە خواردن نادەم. زوو بۆم باسکە. ئاخر من میوانی تۆم.»

خاوەن سەگ لە وەڵامدا گوتی :« لە نیزیک ماڵی من قازی دەژی. ئەگەر ئەو داستانی خۆی بۆ باسکردی، منیش سەرگوزەشتی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە.

حەسەن حەکیم هەستا و چوو ماڵی قازی دیتەوە. ماڵەکەی دیار بوو زۆر نیزیک بوو. کاتێ حەسەن حەکیم گەیشتە نیزیک دەرگای ماڵی قازی، قازی لە ماڵ دەهاتە دەر. قازی بە پێکەنین و کەیف خۆشی هاتە دەر و بۆ لای منارە ڕۆیشت. پاشان چوە سەر منارە و دەستی کرد بە دوعا و موناجات و تا ڕۆژ ئاوا لە سەر منارە بوو. پاشان بە گریان و هاوار هاتە خوار و بۆلای ماڵێ چۆوە. لە ڕێگادا لە سەر و ڕووی خۆی دادە و دەگریا. حەسەن حەکیم وە دوای قازی کەوت و گوتی:

– من ئیمشەو میوانی تۆم.

قازی گوتی:« میوان خۆشەویستی خودایە و بە خێر هاتی. قازی حەسەن

حەكیمی بردە ماڵێ. كەس لە ماڵ نە بوو. قازی خواردنی هێنا و لە پێشی دانا. حەسەن حەكیم گوتی :

–نا، سوپاست دەكەم. تا حكایەتی خۆتم بۆ باس نەكەی، دەست بۆ خواردن نابەم. پێم بێژە بزانم بۆ چێ وا بە خۆشی و پێكەنین لە ماڵ وەدەر كەوتی و بە فریاد و هاوار گەڕایەوە.؟

– خانوێک لە و لای ماڵی من كابرایەكی كوێری شامی(واتە خەڵكی شام)دەژی، بلا ئەو حكایەتی خۆیت بۆ بگێڕێتەو، تا منیش باسی داستانی خۆم بكەم.

حەسەن حەكیم چوە كن كابرای كوێر ، كە لە دەرگای ماڵە كە نیزیک بۆوە دیتی ماڵە كە پڕە لە میوان. پرسی:

– كوێر لە ماڵە.؟

– نا،نا، لە ماڵ نیە. وا لەو سەر پردە وێستاوە سواڵ دەكا. حەسەن حەكیم بۆ لای پرد چوو، دیتی كابرای كوێر لە سەر پرد وێستاوە و سواڵ دەكا. هەر كەسێ شتێكی دەداتێ. كوێرە تا ڕۆژ ئاوا لە وێ ڕاوەستا. حەسەن حەكیم –یش لە پەنا وی.

كابرای كوێر كیسەیەكی پڕ لە پارەی كۆ كردەوە و كە شەو داهات بە كوێرە كوێرە سێ پارەی شكاوی لە كیسە هێنا دەر و خستیە گیرفانی.. كیسەكەی هەڵگرت و بە سەر شانی دادا و ڕووی كردە مەیدان. كە گەیشتە مەیدان، پارەی ناو كیسەی لە سەر عەردی ڕۆ كرد و ڕۆیشت. حەسەن حەكیم بە دوایدا. لەم ناوە دا خەڵک هێرشیان برد و پوڵەكەیان هەڵگرتەوە و هیچیان لێ نەهێشت.

كابرای كوێر كە هەستی كرد لە پشتەوە دەنگی قاچی كەسێک دێت، پرسی :

– كێیە بە دوای من دادێت. باشترە وەپێش بكەوی. چونكە گۆچانەكەم تۆز هەڵدەستێنێ و لیباسەكانت پیس دەكا.

حەسەن حەكیم گوتی : ئەمشەو میوانی تۆم، من بەرەوە ماڵی خۆت.

www.kerimhisami.com

کوێر له وەڵامدا گوتی :« پێت له سەر چاوان، میوان خۆشه ویستی خودایه و ماڵی من ماڵی تۆیه.»

گەیشتنەوه ماڵێ. حەسەن حەکیم دیتی له قوژبنێکی ماڵەکه هێندێ خاك و قوڕ ڕژاوه. کابرای کوێر بۆلای ئەو قوژبنه چوو له سەر خۆڵەکه درێژ بوو.

حەسەن حەکیم بانگی کرد:

- چدەکەی ؟ له جێی خۆت درێژ به، بۆ دەچی له سەر خاك و قوڕ درێژ دەبی.؟

کابرای کوێر گوتی :« دانیشه و نانەکەت بخۆ و نیگەرانی من مەبه. من دەزانم چبکەم. لەو کاته دا کەشەفێکی پڕ له خواردنیان له پێش دانا.

حەسەن حەکیم گوتی :« نا،نا، تا داستانی تۆ نەزانم، دەست له خوراکی تۆ نادەم.»

- بخۆ، بخۆ ! له کاتی خواردندا سەر گوزەشتەی خۆمت بۆ دەگێڕمەوه. گوێ بدەیه و له بیرت بێ. سەر دەمێک برایێکم هەبوو. برایەکەم پاشا بوو. ڕۆژێک چوه زیارەتی مەککه. منی له جێگای خۆ دانا تا حکوومەت بکەم و ولات به ڕێوه بەرم. من بووم به پاشا. خەڵک و ولاتم خەراب به ڕێوه برد. حەوت ماڵم موحتاجی جوته گایەک کرد. بوو به قاتی. خەڵک نیزیک بوو یەکتر بخۆن. من زوڵمم لێ دەکردن. کاتێکی برام له زیارەت گەڕایەوه، خەڵک شکایەتیان لێکردم و برام دوعای لێکردم کە:« ڕەببی له هەر تک چاوان کوێر بی و له سەر قوڕ و خاك بنووی و داهاتت تەنیا سێ پوڵی شکاو بێ. دوعاکەی وی گرتی و ئێستا دوازده ساڵه هیچ شتێ نابینم.»

حەسەن حەکیم گوتی :« لەم دوازده ساڵه دا قەرەبوی گوناحەکانت کردۆتەوه. ئه گەر به کەمیشی دابنێین، ئەوه که پارەکانی کۆ کراوه دەدەی به خەڵک، خۆی ئەوه قەرەبوی تاوانەکانه. حەسەن حەکیم دوعایەکی کرد و کابرای کوێر چاک بۆوه و خاك و قوڕی ناو ژوورەکەش نەما. حەسەن حەکیم له گەڵ خاوەن ماڵ خوا حافیزی کرد و چوه کن قازی و سڵاوی کرد.

- عەلێکه سەلام. باشه. چۆن بوو، داستانی کوێری شامیت زانی؟

www.kermhisami.com

– بەڵێ زانیم. ئێستا بۆت دەگێڕمەوە. حەسەن حەکیم داستانی بۆ قازی گێڕاوە و گوتی :

– ئێستا تۆ حکایەتی خۆتم بۆ باس بکە. گوێت بدەمێ.

– چەند ساڵ لە مەو بەر، ڕۆژێک وەک ڕۆژان چوومە سەر منارە و دەستم بە دوعا و موناجات کرد. لە پڕ داعبای زۆر بۆ لام هاتن. لەقلەقێکیان لە گەڵ بوو، دندوکی لە سەر شانی من دانا و تا من لە دوعایان بوومەوە هەر وا وێستا بوو. من دەستم بە پشت و باڵەکانیدا هێنا، لە نەکاو فڕی. من لاقەکانیم گرت، لەقلەق منی بۆ حەوا بەرز کردەوە. ماوەیەک دەفڕین، لە ترسان چاوم هەڵنە دەهێنا. کاتێ چاوم لێک کردنەوە، خۆم لە باخێکی خۆش و جوان دیت. لە دڵدا گوتم: « بێگومان ئێرە بەهەشتە»، کیژێکی جوانی وەک حۆری بەهەشت هاتە لام و گوتی؛ بە دوایدا بڕۆم. منی بردە وەتاغێک، سێ کیژی لێبوون. سێ کیژی لە خۆی جوانتر. کیژەکە لە منی پرسی :« دەتوانی بڵێی لەم کیژانە کامیان لەقلەقە؟» گوتم« نا، لە کوێ بزانم ؟» پاشان گوتی: « باشە. چاوەکانت ببەستە و دەست درێژ کە و یەک لە وانە بگرە.» من بە قسەم کرد. پاش تاوێک کیژێکم گرت. کچەکە گوتی: « ئەوە هەمان لەقلەقە کە تۆی هێناوەتە ئێرە.» من لە گەڵ ئەم کیژە جوانە مارەییم بڕی و ژیانێکی خۆشمان ڕادەبوارد. مانگ و ساڵ و سەدە تێپەڕین– نازانم– بەڵام لام وایە هەر ڕۆژێک پێکەوە بووین، نازانم چۆن بوو کەوتمە بیری خێزان و ماڵ و منداڵانم، هەوای گەڕانەوە لە سەری دام. بە کیژی لەقلەقی– هاوسەرم– گوت: « بمبەوە ماڵێ دەمەوێ ژن و منداڵەکانی خۆم ببینم.» لە وەڵامدا گوتی: « بۆ خاتری خوا، ئەمە چ قسەیێکە.. ئاخر ئەوە زەمانێک تێپەڕیوە، لە کەس و کاری تۆ یەکیش نەماوە.» بڕوام بە قسەکانی نەکرد و ویستم بمباتەوە و پێم داگرت کە لەو کاتەوە ماڵی خۆم بە جێهێشتوە، هەر ڕۆژێک گوزەراوە. هەر چەند ویستی من قانیع بکات، لە سەر ویستی خۆم وەستام و گوتم:« من بەرەوە!» ئاخرەکەی کیژەکە هاتە سەر شکڵی لەقلەق و من توند قاچم گرت و وە حەوا کەوت و منی لە سەر منارە هێنا خوار و خۆی گەڕایەوە. من لە منارە هاتمە خوار و چوومەوە ماڵ. دیتم نە ماڵ و نە کۆڵان

www.kerimhisami.com

دیاره و نه شـوێنەواری ژن و منداڵانم مـاوه. له هـەر کـەسم پرسی کـەس نەیدەزانی. پیره مـێـردێک گوتی:« بێگومـان تۆ لەو دنیـاوه هاتووی! نـەکـا تۆ هـەمـان قازی بی کـه له منداڵیدا له باپیرم بیستوومـه. بەڵام ئەم روداوه ئەوەنده کۆنه که هیچ کەسی تۆ نەماون.» ئاوا من به تەنیا مـامەوه. کەسم نیه. هـەموو ڕۆژێ بەیان دەچمه سەر مناره و به هیوای ئەوه که لەک لەک به دوامدا بێتەوه. بەم فیکر و هیوایه دڵم خۆشه. پێدکەنم و شایی دەکەم. دوای نێوه ڕۆ تا ڕۆژ ئاوا چاوەڕوانی لەقلەقم و شەو دەگەڕێمەوه. کاتی بیر له تەنیایی و بێکەسی خۆم دەکەم و دەبینم که تەواوی شەو دەبێ به تەنیا بم، دەست به گریان و هـاوار دەکەم و به سەر خۆم دادەدەم. هیچ شتێ دژوار تر و خەرابتر له ماڵی خـاڵی و وەجاخی سارد و دڵی سوتاو و گریان نیه! مردن لەم ژیانه باشتره.

حەسەن حەکیم گوتی: « ئایا پێت خۆشه بچیەوه بۆ ئەو باخه بەهەشتە؟»

– دیاری پێـمـخـۆشـه، جگه لەوه ئاواتی دیکەم نیـه. حـەسـەن حـەکـیم دوعایەکی خوێند. له پڕ دەنگی باڵی باڵنده بیسرا و لەقلەقێکی گەوره له پەنا ماڵی قازی له عەردی نیشت. قازی له خۆشیان نەیدەزانی چبکا، له ماڵێ وەدەر کەوت. لاقی لەقلەقی گرت و باڵنده بۆ حەوا فڕی و قازیشی ڕەحەوا خست، حەسەن حەکیم چوه کن خاوەنی سەگه ڕەش.

– باشه، چتکرد. هیچ له داستانی قازی ئاگادار بووی یان نا،.؟

– بەڵێ ئاگادار بووم.

حەسەن حەکیم حکایەتی قازی بۆ خـاوەنی سەگه ڕەش گێڕاوه و گوتی : « ئێستا نۆرەی تۆیه.»

– گـوێ بدەیه. ڕۆژێک چوومه زیارەتی مەککه. مـاوەیەکی زۆر له شـار و وڵات و مـاڵی خـۆم دوور کەوتبوومـەوه تا له ئاخردا گەڕامەوه. هـەمـوو خـەڵکی گـوندی هاتنه پێشوازم و له مـاڵی من کـۆبوونەوه. پـاشـان که ڕۆیشتن، من و خیزانم به تەنیا مـاینەوه. ژنەکەم ئاوی هێنا که لاقانم بشـۆم. لاقیکی شوشتم ولاقـەکـەی دیکەم له تەشـتـی دا بوو، وازی لێ هێنام و ڕۆیشت. من ڕاست بوومەوه که وەدوای کەوم. سەگه ڕەشم هەڵگرت و به دوایدا، ئەو گەیشته دەور

www.kerimhisami.com

و بەری شار و من سەبروکە بە دوایدا بووم دیتم چۆە نێو ئەشکەوتێک. من لە پەنا ئەشکەوت خۆم مات کرد. دیتم چل دز لە ئەشکەوتەکە دان یەک لە وان گۆیا سەرۆکی دزان بوو گوراندی بە سەریدا و گوتی :« بۆ وا درنگ هاتیەوە.؟» ژنەکەم وەڵامی داوە و گوتی :« مێردەکەم لە حەج هاتەوە، دراوسێکان لە ماڵی ئێمە کۆبوونەوە. پاشان ویستم لاقی مێردەکەم بشۆم. ئەوەندە بە پەلە بووم هەر لاقێکم شوشت و لاقەی دیکەم لە ئاوێدابە جێهێیشت و بە پەلە گەڕامەوە.!»

سەرۆکی دزان زۆر تورە بوو دەستی دا گەسک و لە ژنەکەمی دا. پاشان هەموویان چوونە دەجێ بنوون، ئەوانەم بە چاوی خۆم دیت. کاتێ هەموو خەویان لێکەوت، من یەواشەکی چوومە ئەشکەوت و سەری دە دزم بڕی. ژنم لە خەو وەخەبەر هات و سەرۆکی دزانی وەخەبەر هێنا و گوتی :« ئەی گەورەی دزان! داعبایەک هاتۆتە ناو ئێمە و سەری دە داعبای بڕیوە.»

سەرۆکی دزان گوتی :« بێگومان تۆ خەون دەبینی و وڕێنە دەکەی. بنوو بنوو.» کاتێکی ئەوان خەوتنەوە سەری بیست و نۆ دزی دیکەم بڕی، تەنیا سەرۆکی دزان و ژنەکەم مابوون. خێزانم جارێکی دیکەش سەرۆکی دزانی ڕاوەشاند و گوتی :« خەو بەسە. ئێستا مێردەکەم سەری تۆش دەبڕێ» سەرۆکی دزان ڕاست بۆوە و منی پەلامار دا. من ئەوم لە عەردی دا و وەبەر پێلاقانم دا. بەڵام لەم بەینە دا ژنەکەم لاقی منی گرت و کێشای. وەعەردی کەوتم. سەرۆکی دزان سوارم بوو دەیویست بمخنکێنێ. زۆر بە هێز بوو پێی نە دەوێرام. کەمی مابوو بمخنکێنێ. لەو کاتەدا سەگەکەم بانگ کرد. سەگ سەرۆکی دزانی پەلامار دا و کێشای و گەروی گرت، من هەستام و بە زەبرێک ژنەکەم دوو لەتکرد. پاشان سەگی وەفا دارم هەڵگرت و چوومەوە ماڵێ. سەبارەت بە وەفاداری ئەوم لە باشترین شوێنی وەتاغەکەم داناوە و زنجیری زێڕیشم خستۆتە ملی. ئەوە داستانی منە و وەسەلام و تەواو.

تەواوی ئەو کارانەت باش بوە، تەنیا ئەوە نەبێ کە سەگ نابێ لە باشترین شوێنی وەتاغ دا وەرکەوێ. ئەو جێگای ئادەمیزادە، ئاخر ئادەمیزاد ئەشرەفی مەخلوقاتە. بەڵێن بدە سەگەکە لە حەسارێ ڕابگری هەر وەگ شیاوی سەگانە.

www.kerimhisami.com

هەر ئەوە کە خواردنی باش و تەواوی دەدەیەی بەسیەتی.

خاوەن سەگی ڕەش قسەکای حەسەن حەکیمی دە گوێ گرت و سەگی لە حەساری بەرەڵا کرد.

حەسەن حەکیم چوە کن خاوەنی مەیمون. خاوەن مەیمون پرسی:

- باشە داستانی سەگە ڕەشت زانی.؟

- بە لێ زانیم، تەواوی داستانەکەی بۆ گێڕامەوە

- ئێستا بەڵێنی خۆت بەرە سەر و داستانی مەیمونم بۆ بگێڕەوە.

- کە وابوو گوێ بدەیە. سەردەمێکی کە زۆر گەنج بووم کیژی پاشام خواست و هێنامە ماڵێ خێزانم خزمەتکارێکی هەبوو کە زۆری خۆش دەویست و لە گەڵ خۆی هێنا بوویە ماڵی من. شەو کە چوومە ژووری کن خێزانم، خزمەتکار لە زار دەرگا پێشی پێگرتم و گوتی :« ناهێڵم بچیە کن ژنت. دەبێ لە پێشدا لە گەڵ من بنووی، دوایە لە گەڵ ئەو.» خێزانم گوێ لەم قسانە بوو، بە سەریدا گوڕاندی؛« ئەی مەیمونی پیس! هەر ئێستا ڕێگای مێردم بدە بێتە لام » خزمەتکار ڕێگای دام و بەڵام بە ژنەکەمی گوت: « تۆ نە بە زیندویی دەمێنی و نە مردوو. تا ڕۆژی قیامەت هەر وا دەمێنیەوە!» نەفرینی هەر تک ژن وەدیهاتن. خزمەتکار بوو بە مەیمونێکی مێ، ژنەکەشم بۆ تە بەرد. نە زیندوە و نە مردوو. ساڵانی ساڵە هەر لەم حاڵە دایە.!

حەسەن حەکیم گوتی:« من بەرە کن ئەو!»

خاوەن دوکان حەسەن حەکیمی بردە وەتاغیک پەنای کیژێک کە بێ حەرەکەت لە سەر دۆشەگێک دانیشتوە. کیژێکی جوان وەک مانگ. دەتگوت بۆتە بەرد. نە قاچی دەبزوێ و نە دەستی. حەسەن حەکیم دوعایەکی خوێند وکچ دەست بەجێ بزەیەکی هاتێ و لە جێ هەستا و شاد و بە پێکەنین دەستی بە ڕۆیشتن کرد. خاوەن دوکان و کیژەکە چوونە کن حەسەن حەکیم و سوپاسیان کرد.

حەسەن حەکیم گوتی: « ناچار دەبێ مەیمونەکە بکوژن. چونکە نەفرینێکی دیکە بکات، دیسان هەر تکتان توشی بەد بەختی دەبن. خاوەن

www.kerimhisami.com

دوکان هەر لەوێ مەیمونەکەی کوشت . حەسەم حەکیم گوتی : « ئێستا پەڕە کاغەسێکی باشم بدەیە.

خاوەن دوکان پەڕێکی کاغەزی هەر باشی بۆ هێنا. حەسەن حەکیم مالآوایی لێکردن و بە تالوکە چوە کن کوڕی نەخۆشی پاشا.

شا بە پێشوازیەوە هات و گوتی :« لە کوێ بووی. پەلە بکە، کوڕەکەم لە سەرە مەرگ دایە.

حەسەن حەکیم گوتی : « ئێستا دەرمانی دەکەم. قەڵەمی هەڵگرت و نیشانەیەکی نە خوێنراوە و دوعای نووسی و پاشان کاغەزەکەی لە سەر سەر و دڵی نەخۆش ڕاگرت و دوعای خوێند. پاش چەند دەقیقە کوڕی پاشا ساخ و سەلیم هەستا و دەتگوت قەت نەخۆش نەبوە. پاشا گوتی :« تاج و تەختی خۆم بە تۆ دەبەخشم»

– من پێویستم بە هیچ شتێ نیە. تاج و تەخت و حکوومەت بە تۆ دەبەخشم. خۆشبەخت بژی و بە عەدڵ و داد بە سەر خەڵکدا حکوومەت بکە. ئەوەی گوت و بزر بوو، دەتگوت هەر نە بوە. پاشا حەوت شەو و ڕۆژ جێژنی گرت و خەڵکی بانگ کرد. ئەوان بە ئاواتی خۆیان گەیشتن و هیوادارین ئێوەش بە ئاوات بگەن.

www.kerimhisami.com

پەندەکانی حەکیمانە ٤٥

کابرایەک هەبوو بە ناوی ئەحمەد و ژنەکەشی ناوی « سەیران» بوو. لەو پەڕی هەژاری و فەقیری دا بوون. ڕۆژێک ئەحمەد بە خێزانی گوت: « دەچمە شار و کارێک پەیدا دەکەم بەڵکو پارەیک وە دەست بێنم و خەرجی بکەین.»

خۆی ساز کرد و کەوتە ڕێ. چەند شەو و ڕۆژان ڕۆی گەیشتە حەڵەب. چوو لە کن پیاوێکی دەوڵەمەند بوو بە کرێکار. حەوت ساڵ لە کن کابرا کاری کرد. کابرای دەوڵەمەند حەوت هەنبانە زێڕی دایە. ئەحمەد زێڕەکانی وەر گرت و ماڵاوایی لە خاوەنکار خواست و خۆی بۆ گەڕانەوە ئامادە کرد. لە ماڵ هاتە دەر و دیتی خاوەن کارەکەی لە نیزیک ماڵیان دانیشتوە و گۆزەیەکی پڕ لە گەنمی کوڵاو لە پێش خۆی داناوە. گەنمەکە دەنک دەنک هەڵدەگرێ و فڕێی دەدا.

ئەحمەد پرسی: « ئاغا چدەکەی ؟»

– پەندی حەکیمانە دەژمێرم.

– خودا عەمرت بدا. یک لەو پەندانە بە من بێژە.

– قیمەتی هەر پەندێک هەمبانێک زێڕە.

ئەحمەد لە هەمبانەکان یەکێکی دا بە کابرا و گوتی:« باش گوێ بدەیە: « لە هەموو کارێکدا سەبر پێویستە.»

ئەحمەد پێی سەیر بوو. پرسی: « هەر ئەوە »

– هەر ئەوە. ئەگەر دەتەوێ پەندێکی دیکەت بدەمێ، دەبێ هەمبانەیەکی تریش بدەی.

ئەحمەد هەمبانەیەکی دیکەی دایە. کابرای دەوڵەمەند گوتی:

www.kerimhisami.com

– له بیر مەبەوە کە « جوانتر لە هەموو کەس ئەو کە سەیە کە دڵ پەسندی دەکات»

ئەحمەد هەمبانەی سێیەم و چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەفتەمیشی دایە و حەوت پەندی حەکیمانەی وەر گرت:

« تا شتێکت لێ داوا نەکەن، هیچ مەدە بە کەس»

« ڕازی خۆت لە گەڵ ژنەکەت باس مەکە »

« ئەگەر لە شوێنێکی ڕێزدار دانیشتووی، لە گەڵ ئەو کەسە قسە مەکە کە لە نوختەی بەرانبەرت دینیشتوە،»

« کاتێ دەچیەوە ماڵ. لە ڕێگا دا هەر چی لە بەزد سوکتر بێ هەڵیگرەوە»

« لە جێیەک کە دانیشتووی هەڵمەستە.»

ئەحمەد جارێکی تر وەک پێش حەوت ساڵ یەک پوڵی ڕەشی نەبو. ڕاستە کە حەوت پەندی حەکیمانە فێر بوە، بەڵام پەندی حەکیمانە سک تێر ناکا. ئەحمەد دەبوایە خۆی و مناڵەکانی تێر کردبایە. برسی و هیلاک ڕێگای ماڵی داگرت. دیتی کاروانێک خستوویەتی. گوتی:« با بچمە کن سەر بازرگان، بەڵکو خواردنێکم بداتێ»

چوە کن سەر بازرگان و سڵاوی کرد. سەر بازرگان پرسی: « کێی و بۆ کوێ دەچی ؟»

– ڕێبوارم.

– باشە. دانیشە نان بخۆ تا پاشان قسان بکەین. ئەحمەد خواردی تا تێر بوو. دوایە سەر بازرگان پرسی:« کێی و بۆ کوێ دەچی»

ئەحمەد گوتی : « خۆشم نازانم. حەوت ساڵە بە دوای کاردا لە ماڵێ وەدەر کەوتووم. بە دەستی بەتاڵیش دەگەڕێمەوە.»

سەر بازرگان گوتی :« دەتەوێ لای من کار بکەی.»

– بۆ نامەوێ. دیارە دەمەوێ.

بەڵێ، ئەحمەد بوو بە خزمەتکاری سەر بازرگان. کاتی ڕۆژ ئاوا سەر بازرگان خزمەتکارەکانی بانگ کرد و گوت:

www.kerimbisani.com

– باشـــــه. كـــامــــهتان دهچنه چاڵاو ئاو بێنن. دهبێ بهر له ڕۆیشـتن حوشترهكان ئاو بدهین.

ئهحمهد دیتی خزمهتكارهكان ههموو له گهڵ یهك سرت و خورتیانه. به چهند دهسته دابهش بوون و ئهو تهنیا ماوهتهوه.

ئهحمهد پرسی : « چ نهخشهیهكتان ههیه. نهكا خهیاڵی كوشتنی منتان ههبێ؟»

خزمهتكارهكان گوتیان: « ئهم قسانه چیه. بۆچ دهتكوژین.؟ ئهرباب دهڵێ یهك له ئێمه بچێته چاڵاو وئاو بێنێ. ئێمه دهزانین ههر كهسێكی بچێته ئهم چاڵاوه. به زیندویی نایهتهوه.»

ئهحمهد گوتی: « من دهچم»

ســهر بازرگـان گـوتـی :« من خـوێنبـایی تۆ ده دهم. ئهگـهر به زیندویی هاتیـهوه دهر، پارهكـه دهدهم به خـۆت. ئهگـهر نهگـهڕایهوه، پارهكــه دهدهم به ژنهكهت. تهنیا ناوی گوند و ژنهكهت بڵێ.»

ئهحمهد ناو ونیشانی شوێنی ژیانی خۆی و ژنهكهی دایه و تهنافێكی خسـته ناو قـهد و چوه ده چاڵاو. ئاو زۆر بوو. سـتڵ سـتڵ ئاوی ناردە ســهر و كاتێكی حوشتر ههموو ئاو دران و ئاخرین ستلیان ههڵكێشا و ئهحمهد خۆی ئاماده كرد بێتهوه دهر، له گهڵ بانگی كرد: ههڵم كێشن، له نهكاو دهنگێكی به ترس ههسـتاو دیواری چاڵاو كرایهوه ولاوێكی باڵا بهرز لهوێ هاته دهر یهقـهی ئهحمهدی گرت و له گهڵ خۆی برد.

ئهحمهد كه وهخۆ هاتهوه و تهماشای دهور و بهری كرد، دیتی وهتاغێكی فراوان و ڕوناك و جوانه. كیژیكی جوانی وهك ڕۆژ له سهر باڵنجێك دانیشتوه و له قوژبنێكی دیكه بۆقێكی دزێوی بهدفهڕ مات بوه. لاو شیری ههڵكێشا و له سهر سهری ئهحمهدی ڕاگرت و گوتی:

– ئێستا دهبێ بێژی لهم كیژ و بۆقه كامیان جوانتر و كامیان بۆ دڵداری دهبن؟ ئهگهر وهڵامی ڕاستیش نهدهیهوه، سهرت دهبرم

ئهحمهد نهیدهزانی بڵێ چی. سهری لێ شیوا بوو. فیكری كردهوه چبڵێم ؟

www.kurdishsami.com

ئەگەر بڵێنم کیژەکە جوانترە، بێگومان دەمکوژێ. ئەگەر بڵێم بۆقەکە جوانترە، درۆم کردوە. هەر چۆنێک بێ دەکوژرێم. چبکەم. لە پڕ پەندێکی خاوەن کارەکەی وەبیر هاتەوە و گوتی:

– ئەی جوامێر. جوانتر ئەوەیە کە دڵ پەسندی بکا.

لە گەڵکوو ئەم قسەی کرد، دەنگێک هات و بۆق بوو بە کیژێکی ئەوەندە جوان کە زەلامی بۆ شێت دەبوو.

لاو شاد بوو، ئەحمەدی لە ئامێز گرت و گوتی؛: « هەرچی دەتەوێ داوا بکە.»

ئەحمەد گوتی :« جگە لەوەی بچمەوە سەر زەوی هیچ ئاواتێکی دیکەم نیە.

لاو پرسی: « ئایا ژن و منداڵت هەیە ؟»

– ئێستا حەوت ساڵەماڵم بە جێهێشتوە. ئەو دەم دەبوایە ژنە کەم منداڵی ببێ. نازانم ژن و منداڵم زیندوون یا نا.

لاو سندوقێکی گەورەی زێڕی کردەوە وحەوت هەناری گەورەی جوانی هێنا دەر ودای بە ئەحمەد و گوتی :« پاداشی ئەو خزمەتەی بە منت کردوە.» پاشان دەستی ئەحمەدی گرت و لە ماڵی بردە دەر. ئەحمەد دیتی دیسان بنی چاڵاوە. بانگی خزمەتکارێکی کرد:

– هەڵم کێشنەوە، ساخ و سەلیمم.

ئەحمەدیان هەڵکێشاوە. سەر بازرگان کە دیتی ئەحمەد شاد و بە کەیفە. خورجێنێک زێڕی دایە و گوتی:« ئەوە خوێنبایی تۆیە. شوکری خوا کە زیندوی.»

ئەحمەد گوتی:« من دەمەوێ دیسان بە دنیا دا بگەڕێم. تکام لە تۆ ئەوەیە ئەم پارە و هەنارانە بە ژنەکەم بگەیێنە. بە درێژی ناو و نیشانی ژنەکەی دا بە سەر بازرگان کە چۆن بیدۆزێتەوە. سەر بازرگان هەنارەکانی وەر گرت و لە گەڵ کاروان کەوتە ڕێ.

پاش ماوەیەک کاروان گەیشتە ئەو گوندە کە سەیرانی ژنی ئەحمەدی

www.kermhisami.com

لێبوو. سەر بازرگان وەدوای کەوت کە بیدۆزێتەوە. کاتێ دیتیەوە، پارە و هەنارەکانی دایە و پێی گوت: ئەحمەد زیندوە و سلامەتە و بەڵام دەیەوێ ئێستا بە دەوری دنیا دا بگەڕێ. پاشان ماڵاوایی لە سەیران خواست و ڕۆیشت.

سەیران کوڕێکی حەوت ساڵەی هەبوو بە ناوی سمایل. کاتێ هەناری بە دەست دایکیەوە دیت، داوای کرد بیداتێ. دایکی هەنارێکی لەت کرد . یاقوت و مرواری و ئەلماسی لێهاتە دەر. سەیران تێگەیشت و بە کوڕەکەی گوت:« ئەم هەنارە ناخورێ. وەرە بچینە بازار هەناری شیرین و خۆشت بۆ بکڕم.

چوونە بازار. سەیران چەند هەناری باشی کڕی و دای بە سمایل. پاشان چوە کن جەواهێر فرۆش یەک لە گەوهەرە بە نرخەکانی پێ فرۆشت و پارەیەکی زۆری وەر گرت. هێندێ وەستا و بەننای بانگ کرد و خانوێکی گەورە و جوانی دروست کرد. لە دەورەی خانوەکە باخێکی گەورەی ساز کرد و دیوارێکی بەرزی لە دەوری کێشا. سەیران چەند نۆکەر و کلفەتی ڕاگرت و ژیانێکی خۆشی دەستپێکرد.

ڕۆژێکی دەرکەوانی بانگ کرد و گوتی : « ئەگەر پیاوێکت بینی سێ جار لە دەرگای دا و هەناسێکی قوڵی هەڵکێشا، بیهێنە کن من.

ئێستا با سەیران لە ماڵی خۆی ژیان بەرێتە سەر و بزانین ئەحمەد چ دەکا؟

ئەحمەد چەند ساڵان بە وڵاتاندا گەڕا. تا پارەیەک پەیدا بکا. بەڵام هیچی وەگیر نە کەوت. ئاخرەکەی بڕیاری دا بچێتەوە ماڵی خۆی.

کاتێ گەیشتەوە نیزیک گوندەکەیان، دیتی مارێکی تۆپیو لە سەر جادە فڕێدراوە. پەندی خاوەن ماڵی پێشووی وەبیر هاتەوە کە گوتبووی:« هەر چی لە سەر ڕێی ماڵ دۆزیتەوە، لە بەرد نەرمتر بێ هەڵیگرەوە.» مارە تۆپیوی هەڵگرتەوە و خستیە نێو خورجێن و ڕۆی. گەیشتە گوندی. ویستی ماڵەکەی خۆی بدۆزێتەوە. دیتی لە جێگای خانوی ئەو ماڵێکی گەورە و جوان ساز کراوە. ئەحمەد لای وابوو کە ڕێگای لێ گۆڕاوە. گەڕایەوە و هێندێ وەدوور کەوت و سەرنجی دا و گوتی: نا ڕاستە، ئێرەیە. جارێکی تر چوە نیزیک خانۆکە و

www.kerimhisami.com

دیسان گەڕایەوە. پاشان چوە سەر تەپۆڵکەیەک و لە وێوە سەیری گوندی کرد. دیتی هەوە و هەموو شت لە جێی خۆیەتی. خانووی جیرانەکەیان هەر لە وێیە. بەڵام خانووی خۆی دیار نیە. بۆ جاری سێهەم چوە کن خانۆکە و تەماشای کرد و هەناسەیەکی هەڵکێشا و ویستی بگەڕێتەوە دەرکەوان دەستی گرت و گوتی :« لە گەڵ من وەرە، خانمی ماڵ بانگی کردووی.»

ئەحمەد وەدوای دەرکەوان کەوت. بەر لە وەی بچێتە ژوور، مارە تۆپیوی لە خورجێنێ دەر هێنا و لە پێش پلیکانان لە حەسارێ داینا و خۆڵی بەسەر داکرد. چوە ژوورێ. ئەحمەد دیتی سەیرانی ژنی لە سەر تەخت نوستوە و کوڕێکی گەنج و جوان لە پەنای درێژ بوە. توڕە بوو ، ئاگری گرت و گوتی : « چۆن شتی وا دەبێ. ژنم بێ ئەوەی چاوە ڕوانی من بێ، مێردی کردوە. هەڵیکێشا خەنجەر و نیزیک بوو پەلاماریان بدا و هەرتکان بکوژێ. پەندی خاوەن ماڵی وە بیر هاتەوە کە گوتبووی: « لە هەموو کارێک سەبرت هەبێ» خەنجەرەکەی فڕێدا ولە پەنا وەتاغ دانیشت و چاوە ڕوان بوو تا خێزانی وەخەبەر بێت. پاش ماوەیەک دیتی، کوڕکە بزووت و گوتی :« دایە سەرمامە پێم دادە.» ئەحمەد گوتی : سەیرە، کەمی مابوو کوڕی خۆم بکوژم» چوە کن سەیران و وەخەبەری هێنا. سەیران کە چاوی بە مێردی کەوت، لە خۆشیان خۆی دە ئامێزێ هاویشت. بەڵێ. هەرتکیان دانیشتن و ئەوەی بە سەری هاتبوو هەمووی باسکرد.

زۆری پێنەچوو کە دراوسێ لە هاتنەوەی ئەحمەد ئاگادار بوون. هەموو لە ماڵی ئەو کۆ بوونەوە و لەوەی کە بە سلامەت گەڕاوەتەوە پیرۆز باییان پێگوت و هەموو شتیان لێ پرسی. لەو ماوەیە دا لەم شوێنەی کە ئەحمەد ماری تۆپیوی لێ وەبن زەوی دابوو دار میوەیەکی گەورە شین بوو. سەیران پرسی :

– ئەم دار میوەیە لە کوێ هاتوە؟ ئایا تۆ چاندووتە؟ چیە، هەرمێیە.؟

کاتی ئەوەی گوت، دارەکە پڕ بوو لە سێو، ئەوانەی لە دەوری دارەکە بوون، واقیان وڕ ما. هەر کەس جۆرێ بۆی دەچوو کە ئەمە چ دارێکە. یەک دەیگوت :« دار سێوە» کاتێ ئەوەیان دەگوت، دارەکە هڵوی پێوە دەبوو. یەکی

دەیگوت هڵوە، دارەکە قەیسی پێوە دەبوو. سێیەمی گوتی: دەزانم ئەم دارە قەیسیە.

ئەحمەد گوتی: « هەر کەس بزانێ ئەم دارە لە چی شین بوە، ماڵ و سامانی خۆمی دەدەمێ. ئەگەر راستی نەزانی، سامانی خۆی بدا بە من. خوازیاری وەڵام دانەوە زۆر بوون. بەڵام هیچکەس نەیتوانی بڵێ: ئەم دارە لە چی و چۆن ڕواوە. کە یەک دەیگوت هەرمێیە، دارەکە هەڵوچەی پێوە دەبوو. ئەگەر دەیگوت هەڵوچەیە، سێوی پێوە دەبوو. هەر بەم جۆرە بەری دەگۆڕی. ئەحمەد وا دەوڵەمەند بوو کە جێی نەما ماڵ و سامانی لێ کۆبکاتەوە. دوکاندارێکی بە تەماع لەم کارە ئاگادار بوو. ئەم کابرایە ئەوەندە فێڵباز بوو شەیتانی دەرس دادەدا. ماوەیەکی زۆر بوو تەماعی دە سەیران کرد بوو. چوە کن پیرێژنێک و گوتی:

– بچۆ کن ژنی ئەحمەد و وا بکە کە ببیە راز داری ئەو. تکای لێبکە چەند ڕۆژێ سندوقێکی بە ئەمانەت لە ماڵی ئەوان دابنێی. جگە لەوە، وای لێ بکە لە مێردەکەی بپرسێ کە ئەو دارەی لە باخەکەیان ڕواوە چیە. منیش لە پاداشی ئەوە دا دوو ئەوەندەی گرانی خۆت زێرت دەدەمێ.

پیرێژن چوە ماڵی ئەحمەد. پیرێژن ئەوەندە زمان لوس بوو کە ماری لە کون دێنا دەرێ. سەعاتێکی پێنەچوو لە ماڵی ئەحمەد بووو بە خۆمانی و سەیران هەر لە فیکری ئەوە دابوو لە کوێی دابنێ و چی بداتێ. پیرێژن گوتی: « ئاخ سەیران بەزەییم پێت دادێ»

– بۆ بەزەییت بە من دادێ، هەمووومان ساخ و سلامەتین. سەروەتێکی زۆرمان هەیە. مێردم خۆشی دەوێم ئیتر چیم گەرەکە.؟

– بەڵێ وایە. بەڵام ئەوە دەردی سەرە کە ئەحمەد تۆی خۆش ناوێ. خۆت بیری لێبکەوە، ئەگەر تۆی خۆش دەوێ، بۆ چی ڕازی دارەکەی خۆی لە تۆ دەشارێتەوە.

سەیران گوتی: هەقتە. لێی دەپرسم. کاتی ڕۆژ ئاوا پیرێژن ویستی بڕوا. بەڵام سەیران بەری نەدەدا و دەیگوت بێ تۆ چۆن دەژیم.

www.kerimhisami.com

پیرێژن گوتی دێمەوە. دەبێ سبەی سندوقەکەم بێنم، بەڵام نازانم لە کوێی دابنێم. جێ نیە.

سەیران گوتی :« دەتوانی لە وەتاغی منی دابنێی. هەتا دەتەوێ و یا کارت پێی دەبێ،» پیرێژن ڕازی بوو، بە خۆشحاڵی گەڕایەوە و دیتی دوکانداری بە تەماع چاوە ڕێیەتی، دوکاندار لێی پرسی: چتکرد؟ توانیت ژنی ئەحمەد ڕازی بکەی؟

پیرێژن گوتی: هەموو کارەکان تەواو بوون. یاڵا نیوەی پاداشەکەی وادەت دابوو بمدەیە تا سندوق بەرمە ماڵی سەیران.

دوکاندار کەیفخۆش بوو، نیوەی زێڕی وادە پێدراوی دایە و گوتی: بەیانی وەرە سندوق لە گەڵ خۆت بەرە. بەیانی زوو دوکاندار بە سندوقێکی گەور و دوو حەمباڵ هاتە ماڵی پیرێژن. دوکاندار چوە ناو سندوق و حەمبال سندوقیان هەڵگرت بۆ لای ماڵی ئەحمەد. پیرێژنیش بە دوایاندا.

سەیران بە هاتنی میوان شاد بوو بە حەمباڵەکانی گوت تا سندوق لە ژووری خەوی ئەو لە جێیەکی باش دابنێن و خۆی خەریکی میوانداری پیرێژن بوو. ڕۆژ ئاوا ئەحمەد هاتەوە دیتی سندوقێک لە ژوورەکەی خەویان دانراوە. پرسی: ئەم سندوقە چیە؟

– پیرێژنی فەقیر جێی نە بوو هێناویەتە ئێرە، با هەر لەوێ بێ.

ژن و مێرد چوون بخەون، ئەحمەد دیتی کە سەیران جێگای خۆی جیا کردۆتەوە. پرسی : ئەوە چیە، چ قەوماوە.؟

– تۆ من بە ژنی خۆت نازانی ، هەموو شت لە من دەشاریەوە. بۆ چی پێم ناڵێی ئەم دارەی نێو باخی چیە و لە چی ڕواوە؟ ئەگەر منت خۆش گەرەک بایە، لێمت نە دەشاردەوە.؟

ئەحمەد نەیتوانی ڕازەکە بشارێتەوە. گوتی: دارەکە لە مارێکی مردوو ڕواوە کە لە ڕۆژی هاتنەوەیدا لە حەسارێ چاڵی کردوە.

سەیران گوتی : باشە. ئەوە ماری دارە،. ئەحمەد پێشی قسەکەی گرت و گوتی. یەواش . بەرز قسە مەکە لەوانەیە کەسێک گوێی لێبێت. سەیران کەیف

www.kermalisami.com

خۆش بوو، ئەحمەدی لە ئامێز گرت و ماچی کرد و گوتی: « ئێستا دەزانم کە منت خۆش دەوێ »

هەر وەک باسمان کرد دوکانداری فێڵباز هەموو ئەم قسانەی بیست. ڕۆژی دوایی پیرێژن بە حەمباڵەوە هات و سندوقی بردەوە. دوکاندار لە سندوق هاتە دەر و زۆر بە کەیف بوو. دەست بەجێ زیڕەکەی دیکەشی دا بە پیرێژن کە بەڵێنی دابوو.

باشە. با پیرێژن بە خۆشی و شادی زێڕەکانی بژمێرێ. بزانین دوکانداری فێڵباز چدەکات. ئەو ئێوارە هاتە کن ئەحمەد و گوتی :

– من دەتوانم بڵێم کە داری باخی تۆ لە چی ڕواوە. وەرە شەرت ببەستین. ئەگەر ڕاستم نە گوت، هەر چی هەمە بۆ تۆ. ئەگەر ڕاستم گوت، سێ شتی دلخوازی خۆم لە تۆ داوا دەکەم و دەبێ بمدەیەی.

ئەحمەد رازی بوو. هەرتک قەراردادیان ئیمزا کرد و خەڵکیان کردە شایەد و خەڵکیان داوت کرد. دوکاندار گوتی:

– داری تۆ مار دارە و لە مار ڕواوە، لە گەڵکو وایگوت، دارەکە ئاگری گرت و بە چرکەیەک سووتا و لە بەین چوو.

ئەحمەد گوتی: « ڕاستت گوت. ئێستا چیت لە من دەوێ بێژە.

دوکاندار گوتی :« لە ماڵەکەت دەست لە سێ شتان بدەم، دەبێ ئەو سێ شتانەم بدەیەی.

ئەحمەد گوتی : « سێ ڕۆژانم مۆڵەت بدە. پاش سێ ڕۆژ وەرە و سێ شتەکە بەرە.» دوکاندار ڕازی بوو.

ئەحمەد بەیانی ملی ڕێگای گرت بۆ حەڵەب کن خاوەن کاری پێشووی، ئەوەی پەندی دابۆیە. گەیشتێ و سڵاوی کرد و داستان و بەڵای خۆی بۆ گێڕایەوە.

پیرەمێرد گوتی :« ئەمشەو لە ماڵی پاشا داوەت کراوم. تۆش لە گەڵ من وەرە. سبەی باسی کاری تۆ دەکەین. لە ماڵی پاشا ئاگادار بە کە لە پەنا من دانیشی. گەیشتنە ماڵی پاشا . پیرە مێرد لە پەنا پاشا لە جێیەکی موحتەرەم

www.kerimbisami.com

دانیشت و ئەحمەدیش لە پەنا وی دانیشت. وردە وردە میوان کۆ دە بوونەوە. پیرە مێرد دیتی هەر میوانێکی دێت، ئەحمەد جێگای خۆی دەداتێ. زۆری پێنەچوو ئەحمەد کەوتە پەنا دەرگا. پیرەمێرد کە وای دیت، نێوچاوانی تێک نا و بێدەنگ بوو. میوان هەموو دانیشتن و پاشا هات و نۆکەران سفرەیان داخست . لە ئاخر دا شوتیەکی گەورەشیان هێنا.

پاشا ڕووی کردە میوانان و پرسی: « کامەتان کێردێکی تیژ و پێیە شوتی پێ لەت کەین.»

کەس هیچی نە گوت. ئەحمەد بانگی کرد و گوتی : « من کێردی تیژم هەیە.». بێ ئەوەی کەس داوای لێبکا، کێردەکەی لە گیرفان دەرهێنا و بۆ پاشای برد.

پاشا کێردەکەی وەر گرت ، واقی وڕ ما . دەسکی کێردەکە ئەوەندە جوان بوو کە باسی نە دەکرا، تەواوی بە یاقوت و ئەڵماس و مرواری ڕازابۆوە.

وەزیر لە پاشای پرسی : « چیت دیوە کە وا سەرت سور ماوە.؟» پاشا کێردەکەی بە وەزیر نیشان دا . وەزیر تەماشای کرد و پێکەنی.

پاشا پرسی:« بۆ پێکەنی .؟»

– ئاخر من وەزیری باوکت بووم. ڕۆژێ کە هێشتا بابت زیندو بوو، دز خەزێنەیان لێدا بوو. لە نێو شتە بە نرخەکاندا کە برد بوویان، یەکیش ئەم کێردە بوو. ئێستا تۆ کێردی باوکت ناناسیەوە. بەڵام من دەست بەجێ ناسیمەوە. ئەو دزەش ئیمڕۆ لە ماڵی تۆیە.

پاشا گورج جەلادی بانگ کرد. جەلاد هات و ئەحمەدی پێنیشان دا و گوتی : « لە سەری بدە.»

لەو کاتە دا پیرەمێردی خاوەن کاری پێشووی ئەحمەدی هەستا و گوت:

– پاشا سڵامەت بێ، ئەحمەد میوانی منە. لە ڕێگای دوورەوە هاتۆتە ماڵی من. من ئەوم هێناوەتە ئێرە. ڕێگا بدە ئەمشەو لە ماڵی من بنوێ. ناکرێ نە هێڵی میوان بخەوێ. سبەی دێتە کن تۆ. دەبێتە میوانی تۆ. چۆنت پێخۆشە وای لێبکە.

www.kerimhisami.com

– نا، تۆ فێری دەکەی کە چ بڵێ و چ بکات.

پیرە مێرد گوتی :« بەڵێن دەدەم و سوێند دەخۆم تەنانەت یەک قسەشی لە گەڵ ناکەم.» پاشا ڕازی بوو.

پیرەمێرد و ئەحمەد چوونەوە ماڵ. لە ڕێگادا ئەحمەد ویستی لە گەڵ پیرەمێرد قسان بکا ، بەڵام پیرە مێرد وەڵامی نە دایەوە.

کاتێ گەیشتنەوە، پیرە مێرد بانگی کچەکەی کرد و گوتی :

– زەری ! کەرەکە بێنە ئێرە و دارێکی ئەستووریشم بۆ بێنە. زەری کەرەکەی هێنا و بەستیەوە. پیرە مێرد دەستی دار و کەوتە گیانی کەر و گوتی :« مەگەر پێم نەگوتی لە جێی یەکی کە دانیشتی هەڵمەستە.؟ بۆ بە قسەت نە کردم.؟

پاشان دارێکی دیکەی لێدا و گوتی : « مەگەر پێم نەگوتی کە هەتا داوای شتێکت لێ نەکەن، هیچ مەدە بە کەس؟ بۆ بەقسەت نەکردم؟

پاشان چەند داری دیکەشی لێدا و گوتی :« باشە. ئێستا گوێ بدەیە، ئەوەی پێت دەڵێم لە بیرت بێ و بەیانی بە پاشایان بلێ. پێی بڵێ :

– ئەی پاشا ! زۆرم پێخۆشبوو کە دەر کەوت تۆ خاوەنی کێردەکەی. حکایەتەکەی وایە کە بابم بازرگانێکی زۆر دەوڵەمەند بوو. ڕۆژێک ڕێگر لە کاروانیان دا و هەموو کاروانچیەکانیان کوشتن و تاڵانیان کرد و بزر بوون. کاروانچیەکان هیچیان زیندوو نەمان. بابیشم کوژرا. ئەم کێردەی کە بینیت، دە سینگی بابمیان ڕۆ کرد بوو بە جێ مابوو. لەو کاتەوە من ئەم کێردە لە گەڵ خۆم دەگێرم بەڵکوو خاوەنەکەی بیناسێتەوە تا تۆڵەی خوێنی باوکمی لێ بستێنمەوە. ئێستا زۆرم پێخۆشبوو کە قاتڵی بابم دیتەوە. کێردەکەی خۆت هەڵگرەوە وخوێنبایی باوکم لە تۆ دەوێ.

پیرەمێرد کە قسەکانی تەواو کرد، دارێکی دیکەی وای لە کەرەکە دا کە کەر کەوت و بە کیژەکەی گوت:

– وەرە کەرەکە بەرەوە تەویلە.

شەو هەموویان نوستن. بەڵام ئەحمەد خەوی لێ نە دەکەوت. تەواوی شەو

له فیکری ئەو قسانە دابوو کە دەبوایە بە پاشایان بڵێ.

ڕۆژی دوایە بەیانی پیرەمێرد ئەحمەدی بردەوە کن پاشا و گوتی :

– باشـە، ئەی قیبلەی عالەم، میوانی خۆم هێناوە. ئێستا چیت دەوێ بیکە.

پاشا بانگی جەلادی کرد و گوتی : سەری ئەم دزە بپەڕێنە.

ئەحمەد گوتی:« ئەی پاشا ڕێگا بدە بەر لە مردن، دوا قسەم بکەم.»

پاشا گوتی : قسەکانت بکە. بەڵام کورت بن.

ئەحمەد گوتی :« زۆر شادم کە دەر کەوت تۆ خاوەنی کێردی. ڕوو داوەکە ئاوایە کە بابێکی بازرگان و دەوڵەمەندم هەبوو. کاروانێکی گەورەی هەبوو، ڕۆژێک ڕێگر لە کاروانی دەدەن و هەموو کاروانچیەکان دەکوژن و دەڕۆن. کەس لە کاروانچیان زیندوو نامێنێ و بابیشم دەکوژرێ. ئەم کێردەیان دە سینگی بابم ڕاکرد بوو لە وێدا بە جێ مابوو. لەو کاتەوە من ئەو کێردە لە گەڵ خۆم دەگێرم تا خاوەنی بناسمەوە و تۆڵەی باوکمی لێ بکەمەوە. زۆرم پێخۆشبوو کە لە ئاخر دا قاتڵی بابم دیتراوە. کێردی خۆت هەڵگرە و خوێنبایی بابم لە تۆ دەوێ.

پاشا گوتی : من ئەو کێردەم بە هی خۆم نەدەزانی. وەزیر ناسیەوە.

ئەحمەد لە وەزیری پرسی: « ئەی وەزیر، کێردەکەی دەناسی ؟»

وەزیر لە وەڵامدا گوتی : « ئەحمەد گیان من ئەم داستانەم بە ئانقەست ساز کرد بوو تا کێردەکەت لێ بستێنین.

ئەحمەد گوتی: « باشە، دەر کەوت هەر ئاوا ماڵی خەڵک تاڵان دەکەن و لێیان دەستێنن. پاشاش هەر بۆیە تۆی کردۆتە وەزیر.»

پاشا گورج جەلادی بانگ کرد و ئەمری کرد لە سەری وەزیر بدا. بە ئەحمەدیشی گوت تۆ بڕۆ.

ئەحمەد و پیرە مێرد چوونەوە ماڵ. پیرە مێرد بە ئەحمەدی گوت:

– هەر بەڵایەکی بە سەرت هاتوە، هەمووی خەتای خۆتە. ئاخر پیتم نە گوت قەت ڕازی خۆت بە ژنەکەت مەڵێ، بۆ بە قسەت نەکردم؟ ئایا دەزانی کە

www.kerimhisami.com

دوکانداری فێڵە زان چی لە تۆ دەوێ؟ یەکەم سەری تۆ. دووەم ژنی تۆ، سێیەم دارایی و سامانی تۆ. ئێستا دەبێ چبکەی؟ گوێ بدە قسەکانم و ئەوەی پێت دەڵێم لە بیرت بێ: بچۆوە ماڵێ. نێردیوانێکی سە پلەی زۆر لێک دوور دروست بکە و پاڵی وە باڵە خانە بدە. پەنجەرەکانی ماڵێ لە ژوورەوە توند دابخە. لە گەڵ ژنەکەت بچۆ سەر باڵە خانە و چاوە ڕوان بە تا کابرای دوکاندار دێت. کە هات و تۆی لە باڵە خانە دیت، دەیەوێ بێتە سەر لای ئێوە. کە دەستی لە پلەی یەکەم دا بێتە سەر، تۆ بڵێ: « ئەوە یەکەم» کە دەستی لە پلەی دووەم دا، زوو بڵێ« ئەوە دووەم» کە دەستی لە پلەی سێیەم دا، بڵێ: « ئەوەش سێیەم». پاشان بڵێ دەستت لە سێ شتی ماڵی من داوە و شەرتت بردۆتەوە. نێردیوانەکە هەڵگرە و برۆ. ئیتر هیچی پێ ناکرێ جگە لەوە کە بە دەستی خاڵی بگەڕێتەوە. تەنیا ئاگا دار بە چەند شایەد لە وێ ئامادە بن.

ئەحمەد سوپاسی پیرەمێردی کرد و بە تاڵوکە بەرە و ماڵ بۆوە. کاتێ گەیشتەوە ماڵێ، پیرە مێرد چی پێگوت بوو . وای کرد.

دوکانداری فێڵباز هات و دیتی ئەحمەد و ژنەکەی لە سەر باڵە خانەن. پلەکانیشیان بە خانوویەوە ناوە. دوکاندار دەستی وە پلەی یەکەم کەوت و ئەحمەد بانگی کرد و گوتی : « ئەوە یەکەم.»

دوکاندار گەیشتە پلەی دووەم، ئەحمەد بە دەنگی بەرز گوتی : « ئەوە دووەم»

کاتێ دەستی گەیشتە پلەی سێیەم، ئەحمەد هاواری کرد:« ئەوەش پلەی سێیەم ». ئێستا بە گوێرەی قەرار داد تۆ دەستت لە سێ شتی من داوە. ئەو سێ شتەش نێردیوانە، بیبە و برۆ.

دوکاندار ویستی گێچەڵێک بگێڕێ، بەڵام شایەدەکانی گوتیان هەقی ئەحمەدە و قەرارتان وا بوە. دوکاندار بە دەستی خاڵی و بە خەم و خەفەتەوە گەڕایەوە و ئەحمەد یش بە ئارەزوی خۆی گەیشت. ئیشەڵا ئێوەش پێدەگەن.

www.kerimhisami.com

ئەقڵ و ئیقباڵ ٤٦

لە نێوان ئاقڵ و ئیقباڵ بوو بە گفتگۆ. بەخت گوتی :« ئەگەر من لە ئینسان دوور کەومەوە، تۆ هیچ کارێکت لە دەست نایە.»

ئاقڵ گوتی: کەسێک ئاقلی لە سەر دا نە بێ، بەخت بە کاری چی دێت و فایدەی چیە. وەرە من ئەو کابرایەی کە خەرێکی جوت کردنە، ڕایدەگرم، بزانم تۆ چیت لە دەست دێت.

ئیقباڵ ڕازی بوو، گوتی: زۆر باشە. هەر لەو کاتە دا گاسنی کابرای جۆتیار– کە ناوی میرزا بوو – لە شتێک ئاڵقا و گیر بوو. میرزا تەماشای کرد و دیتی دوو کوپە دە عەرد گیراوە، یەکیان پڕە لە زێڕ و ئەوی دیکەش پڕە لە جەواهێر. میرزا کە ئاقڵی لە سەر دا نەما بوو گوتی: « بێگومان ئەوە پەمۆ دانەیە و دەیدەم بە گایەکان و کەیفی پێدەکەن.» کوپەکانی لە پێش گایەکان دانا. لە بەر بروسکەی زێڕ و جەواهێر گایەکان ڕەوینەوە.

لەو کاتە دا کاروانێک بە وێدا تێدەپەڕی. میرزا زۆر برسی بوو. مستێکی زێڕ و جەواهێرات هەڵگرت و چوە کن سەر کاروان و گوتی: « هێندێ لەم پەمۆ دانەم هەیە، ڕەنگە حوشترەکانت بیخۆن. لە جیاتیان هێندێ خواردەمەنیم بدەنێ.»

سەر کاروان کە زێڕ و جەواهێراتی بینی گوتی:

– بە ڵێ، حوشترەکانی ئێمە هەموو شت دەخۆن. بڵێ بزانم لەم پەمۆ دانانە چیدیکەت نیە؟

میرزا گوتی : « بۆچی دوو کۆپەی پڕم هەیە.

سەر کاروان گوتی: « بچو بیانهێنە با حوشترەکان بیخۆن.

هەر دوو کوپەی هێنان. سەر کاروان خواردنی دایە، بخوا و تێر بێ. بە

www.kerimhusami.com

پیاوەکەی خۆی گوت:« تا نەیزانیوە کە فریومان داوە لێرە برۆین.» پیاوەکەی گوتی :« باشترە لە گەڵ خۆمانی بەرین. دەنا لە وانەیە چەند جواهێرێکی لە کن مابێ. کەسێک بیبینێ و بپرسێ« لەکوێت هێناوە» ئەویش لە وەڵامدا بڵێ: لە وانە زۆرم هەبوە و سەر کاروان کە ئێستا ڕۆی لێی وەر گرتووم. ئەو دەم وەدوامان دەکەون. هیچ پێویست نیە خۆمان بخەینە دەردە سەری. باشترە لە گەڵ خۆی بەرین و لە بیابانێکی چۆل سەر بە نیستی بکەین. سەر کاروان ڕازی بوو.

میرزایان سواری حوشتر کرد و توند بەستیان و کەوتنە ڕێ. بەڵام نەیانتوانی بیابان و جێگای چۆل پەیدا کەن، دە چوونە هەر جێیەک ئاوەدانی بوو. گەیشتنە شارێک. بە گوێرەی داب و نەریت چوونە دیدەنی پاشا و یەک لە گەوهەرەکانیان بە دیاری دا بە پاشا.

پاشا گەوهەرێکی بێ وێنە و بە نرخی دی، تەواوی زانا وئاقڵمەندانی شاری خۆی داوەت کرد و گوتی: نرخی ئەم بەردە قیمەتیە دیاری بکەن. ئەوان هەڵیان سەنگاند و گوتیان :

– پاشا سڵامەت بێ! نرخی ئەم گەوهەرە خەرجی دە ساڵی وڵاتی تۆیە.

پاشا لە وەزیری خۆی پرسی:« چۆن قەرەبۆی ئەم دیارییە بکەمەوە کە منەتبار و قەرزداری وان نەبم.»

– لە سەر کاروان بپرسە کە کوڕی هەیە یان نا. ئەگەر کوڕی هەیە کیژی خۆتی لێ مارە کە.

پاشا ڕازی بوو. سەر کاروانی بانگ کرد و پرسی:« کوڕت هەیە»؟

سەر کاروان ویستی بڵێ:« نا». بەڵام لە پڕ میرزای وە بیر هاتەوە و گوتی:« هەمە، هەمە»

پاشا گوتی:« دەمەوێ کیژی خۆم بدەم بە کوڕەکەت!

سەر کاروان گوتی: « مەیل مەیلی موبارەکە.»خواردنیان هێنا و هەر لەو دانیشتنە دا کیژی خۆی کردە دەزگیرانی میرزا. پاش ماوەیەک پاشا گوتی:« هەموو کەس ئاگادار بکەن کە پاشا کیژی خۆی بە شو دەدا و لە مەجلیسی

www.kerimhisemi.com

شایی دا ئامادە بن.»

هەموو لە مەجلیسی شایی دا کۆ بوونەوە. میوانان گوتیان:« زاوا بێت، دەمانەوێ بیبینین.!

بە سەر کاروانیان ڕاگەیاند و ئەویش بە میرزای گوت: « وەرە، ئیمرۆ دە چینە میوانیی پاشا. بەڵام ئاگات لە خۆ بێت. تەواوی گەورە پیاوان لەو میوانیە دا ئامادەن. دەبێ ڕەفتارت ڕێکو پێک بێ.. لە هەر جێیەکیان دانای لە وێ دانیشە و مەبزوو. تا پرسیارت لێ نەکەن ، قسان مەکە.»

میرازا گوتی : « باشە » ڕۆیشیتن. کاتێ گەیشتنە کۆشکی پاشا، هەموو لە بەریان هەستان. ئاخر زاوای پاشا هاتبوە ژوور.! میرزا کەوشی دەرهێنان و وەبن باخەڵی دان. سڵاوی لە کەس نە کرد و ڕاست چوو لە سەرووی مەجلیس دانیشت. خەڵک پێیان سەیر بوو.

وەزیر لێی پرسی:« ئەوی بن باخەڵت چیە»؟

– کەوشەکانمن.

– بۆ کەوشت وەبن باخەڵێ داون.؟

میرزا گوتی :« دەترسم بیان دزن.

پاشا لە گەڵ وەزیر تەگبیری کرد و گوتی:« چبکەین؟ ئەم زاوایە بە کار نایە.»

وەزیر لە وەڵامدا گوتی: « ئەگەر پەشیوان بیەوە باش نیە. ناچارین شایی بە ڕێوە بەرین. وا دیارە لە ڕۆژی هەوەڵ چارە نووسی وا بوە.» شایی بە ڕێوە چوو. میرزا چوە ژووری بوکێ. بوک نیگەران و نارەحەت دانیشتبوو، کچ و خزمەتکار دەوریان دابوو.

بوک لە میرزای پرسی :« هاتیە ژوور، بۆ سڵاوت نەکرد »؟

میرزا گوتی :« تۆ ژنی منی. منیش مێردی تووم. هاتووم لە گەڵت بنووم. ئەو قسانەی پێناوێ.»

کیژی پاشا بە کچەکان و خزمەتکارانی گوت: « لەوبێکارەی هەڵدەن و وەدەری بنێن.»

www.kerimhisami.com

کچەکان هەر یەکەی داریکیان دەست دایە و میرزایان پەلامار دا. میرزا هەڵات و چوە سەر بانی کۆشک و ویستی خۆ فرێداتە خوار. لەو کاتە دابەخت داوای یارمەتی لە ئاقڵ کرد و گوتی :« زوو بمگەیە ، کار خەرابە.»

ئاقل گورج دەفریای میرزا هات. میرزا تەماشای کرد دیتی لە قەراخ بانی کۆشک وەستاوە وئەگەر بکەوێ، دەمرێ. فیکری کردەوە و لە بەر خۆیەوە گوتی:« چۆن بوو هاتمە کۆشک و ئەم جۆرە قسانەم کرد» گەڕایەوە وپاشان چوە کن سەر کاروان و چۆنی پێویست بوو سڵاوی کرد و ئیجازەی دانیشتنی خواست. سەر کاروان دیتی میرزا ئاقڵ بوە، بەڵام ویستی تاقیکاتەوە. پێی گوت :- میرزا بچو ماست بێنە تا لە گەڵ سرکە تێکەڵی بکەین و بیخۆین.

- سەر کاروان ئەم قسەیە چیە ؟ کەس هەیە ماست و سرکە تێکەڵ بکات.؟ هەر تکیان ترشن، ماست دەبێ لە گەڵ شەکر بخورێ یا لە گەڵ شیرە.

سەر کاروان دیتی کە قسەکانی میرزا ئاقڵانەن. ماست و شەکریان خوارد و جارێکی دیکە چوونە کۆشکی پاشا.

ئەم جارە میرزا چوە ژوور و خزمەتکاری بانگ کرد و گوتی :

- بڕۆ بە خانمەکەت بڵێ کە نۆکەری وەفاداری هاتوە و ئیجازەی هاتنە ژوور دەخوازێ.

خزمەتکار چوە کن کیژی پاشا و قسەکانی میرزای بە کیژی پاشا ڕاگەیاند.

کچی پاشا ڕێگای دا و گوتی: با بێتە ژوور. میرزا چوە ژوور و چۆنی پێویست بوو ڕێزی بە جێهێنا و گوتی:

- من عەبدی بە وەفای تۆم. ئایا ڕازی بە مەیلی باوکت ببزوویەوە و ببیە هاو سەری من.»

کیژەکە گوتی : « ڕازیم» بەم جۆرە ئاقڵ بە سەر بەخت و ئیقباڵدا سەر کەوت.

www.kerimhisami.com

وەستا یوسوپ ٤٧

وەسـتـا یوسـوپ لـه گـەڵ دایکی دەژیا. ئەوان زۆر هـەژار و فـەقـیـر بوون. دایکی دەچوە جـەنگەڵ داری کۆ دەکردنـەوە و یوسـوپ لەم دارانە شـتـی جوانی گـەمـەی منداڵانی دروست دەکـرد، لە بازار دەیانفـرۆشت و ڕۆژیـان پێ دەبردە سەر.

ڕۆژێ پاشـا و وەزیر جلیان گـۆڕی و لە شـار دا دەگـەڕان و چوونە بازار. پاشا شـتـەکانی ئوسـیـبی دیت و پێی جـوان بوون. لە یـوسـوپی پرسـی:« ئایا دە توانی مەڕێکی گەورەم بۆ لە ئاڵتون درست بکەی.؟»

– دیارە دەتوانم.

– بۆ دروست کردنی مەڕێک چەندە ئاڵتون پێویستە.؟

– کیسەیەک.

ڕۆژی دوایی پاشا کـیسـە ئاڵتونێکی بۆ وەسـتـا یوسـوپ نارد و خـەریکی دروست کـرد نی مـەڕبوو لـە ئاڵتون. پاش حـەوتویێک مـەڕی ئاڵتونی ئامادە بوو. پاشـا زۆری بە کـەیفێ بوو. بە دەست ئـاواڵەیـی پاداشـی دا بە یوسـوپ و لە کۆشکی خـۆی نیـزیک کـردەوە. هـەمـوو باسی هونـەر و تەر دەسـتـی و ئاقڵ و داهێنەریی یوسوپیان دەکرد. پاشا نەیدەهێشت لێی دوور کـەوێتەوە، وەزیری لە بیر برد بۆوە. وەزیر ئێرەیی پێ دەبرد و لە داخـان دیقی دەکـرد. لە فـیکری ئەوە دا بوو کە چۆن یوسوپ لە بەین بەرێ و لە دەستانی رزگار بێ.

ڕۆژێک وەزیر لیباسی گۆڕی و چوە کن دایکی یوسوپ و گوتی:

– دایە گـیـان یوسـوپ منی ناردوە و خـواهـیـشـتی کـردوە ئەو ئاڵـتونەی لە پەیکەری مەڕەکە ماوەتەوە بۆی بنێری.

پیرێژنی بێ خەبەر لە هەموو شت، شکی لێ نەکرد و نیوەی کیسە ئاڵتونی دا بە وەزیر. وەزیر ئاڵتونی هەڵگرت و ڕاست چوە کۆشکی پاشا. کۆشک پڕ بوو لە خەڵک و گوێیان دەدا بە قسەکانی ئوسیب.

وەزیر چوە کن پاشا و گوتی:

- بزانە، تۆ بڕوات بە یوسوپ کرد، لە خۆت نیزیک کردەوە، دەمێک بە بێ ئەو نابی. بەڵام ئەو پیاوێکی ناڕاستە وتۆی فریو داوە

پاشا هاواری کرد و گوتی :

- ئەگەر وایە با یوسوپ بخەنە ژێر چاوە دێری و پاشان لە سەر کورسی ریسوایی دابنێن تا بەیانی ئیعدامی بکەن.

گورج یوسوپیان گرت و بردیان لە سەر کورسی ریسوایی دایان نا. کۆڵەکەیەکی زۆر بەرزیان لە نێوەڕاستی مەیدان چەقاند. تەختە دارێکیان لە سەر کۆڵەکە قایم کرد و یوسوپیان لە سەر ئەو تەختەیە دانا.

با یوسوپ لە سەر ئەو کۆڵەکە بێ و بچین بزانین دایکی چدەکا.؟ دایکی یوسوپ چاوی لە ڕێگای یوسوپ بوو بە لام هەر نەهاتەوە. بەرەو کۆشک بە دوایدا چوو. بە مەیداندا تێدەپەڕی، گوێی لە دەنگێک بوو کە دەیگوت:« دایە وا لێرەم.» تەماشای دەور و بەرێکی خۆی کرد کەسی نە دیت و ڕۆیشت. جارێکی دیکەش بیستی کە دەڵێ:« دایە! من لێرەم تەماشای سەرەوە بکە.»

پیرێژن سەری بەرز کرد و بینی یوسوپ لە سەر کۆڵەکەیە. هاواری کرد و گوتی :

- ڕۆڵە گیان، خوا بمکوژێ، تۆ لەوێ چدەکەی؟ خاک بە سەرم، خوایە کوێر بم و تۆ بەم ڕۆژە نە بینم.

یوسوپ هاواری کرد و گوتی:« دایە ئێستا کاتی گریان نیە. زوو بچۆوە ماڵێ. هێندێ دەزوو و تەناف و هێندێ هەنگوین و مێرولەیەک بگرە و بیهێنە تا پێت بڵێم چبکەی.!

دایک بە پەلە چۆوە ماڵێ و ئەوەی یوسوپ گوتبووی ئەنجامی دا.

یوسوپ گوتی:« ئێستا تا ئەو جێیەی دەستت دەگاتێ، هەنگوین دە و

کۆڵەکە هەڵسوو. پاشان سەری دەزوو لە لاقی مێروولە ببەستە و میرولەکە لە سەر کۆڵەکە بەرەڵا کە.» دایک ئەو کارانەی ئەنجام دا ومێرولەی بەرەڵا کرد. مێرولە بە دوای هەنگویندا چوە سەر و تا گەیشتە یوسوپ. یوسوپ دەزوی لە لاقی مێرو کردەوە. ئێستا سەرێکی دەزوو بە دەست یوسوپەوە بوو، سەرێکیشی لە خوارێ. یوسیوپ بانگی دایکی کرد و گوتی :« ئێستا تەنافەکە لە سەری دەزووەکە بخە.» دایک وای کرد و یوسوپ تەنافەکەی هەڵکێشا تا دەستی گەیشتە تەناف. پاشان بە دایکی گوت: تەنافەکە لە قەدی خۆت ببەستە. دایک تەنافی لە خۆ بەست و یوسیوپیش سەرێکی لە قەدی خۆی بەست و تەناف دەستی بە جۆلانە وە کرد و دایکی هەڵکێشا بۆ سەر و گەیشتە سەر کۆڵەکە. ئەو دەم یوسوپ بە دایکی گوت:« دایە ! تۆ مەترسێ، ئەوانە کاریان بە تۆ نەداوە. بەڵام من دەبێ رابکەم، دەنا لە سێدارەم دەدەن.»

ئەوەی گوت و رایکرد. هەڵات تا گەیشتە شوانێک و تکای لە شوان کرد کە:« قاپە شیرێک و لەتە قامیشێکی بداتێ.»

شوان دەست بەجێ ئەوەی یوسوپ ویستبووی ئامادەی کرد. یوسوپیش لەتە قامیشی لە سەر قاپە شیرەکە دانا و لە سەری دانیشت.

با یوسوپ لە وێ دانیشێ با بزانین پاشا چدەکا. بەیانی جەلاد هاتنە مەیدان تا یوسوپی لە سەر کۆڵەکە بێننە خوار و لە داری بدەن.. دیتیان لە جیاتی یوسوپ دایکی لە وێ دانیشتوە. هێنایانە خوار و ئازادیان کرد.

پاشا حەکیم و چاو بەست و فالگرەوەی شاری کۆ کردنەوە وگوتی: « دەبێ دیاری بکەن کە یوسیوپلە کوێ خۆی شاردۆتەوە،

ئەوان رەملیان هاویشت و فاڵیان گرتەوە و گوتیان:

– یوسیوپبە سەر پردێکدا لە دەریای سپی پەڕیوەتەوە.

پاشا دەستەیەکی بۆ دۆزینەوەی یوسوپ بە رێکرد.

با بزانین یوسوپ چی لێهات. لە راستیدا یوسوپ لە وڵات نە چوو بوە دەر. لە کن پیاوێکی دەوڵەمەند کاری دەکرد. بەڵام پاشا هەر وا لە یوسوپ دەگەڕا، و نەیدەدیتەوە. پاشان هەموو دەوڵەمەندەکانی بانگ کرد و پێی گوتن:

www.kerimhisami.com

– سبەی دەبێ هەر یەکەی بەرخێک بێن، بەیانی هەموویان بەرخیان هێنا و ئەربابی یوسوپیش لە گەڵیان بوو. پاشا گوتی ئەو بەرخانە بکێشن و ناوی خاوەنەکانیان بنووسن. بە دەوڵەمەندەکانی گوت:

– ڕاست ساڵێکی دیکە ئەو بەرخانە بێننەوە ئێرە. وریاش بن نابێ نە کەم بکەن نە زیاد. هەر کەسێککێش بەرخەکەی زیاد بکا یا کەم، لە سێدارەی دەدەم.

ئەربابی یوسوپ بە داماوی گەڕایەوە و فیکری لە وە دەکردەوە کە :« ساڵێک زیاتر تەمەنی نە ماوە» یوسوپ هەستی کرد کە ئەربابەکەی خەمی هەیە. لێی پرسی: « ئەرباب چقەوماوە؟»

ئەرباب داستانی بۆ گێڕاوە.

یوسوپ گوتی : « خەمێ مەخۆ. من دەزانم دەبێ چبکەی. وەرە بچینە جەنگەڵ. بێچوە گورگێک بدۆزینەوە و بیگرین.»

چوون بێچوە گورگیان دیتەوە و هێنایانەوە. یوسوپ گوتی :« ئێستا بەرخ و بێچوە گورگ لە ئازەڵێکدا ببەستەوە، وابێ کە بیچوە گورگ هەمیشە لە بەر چاوی بەرخ بێ. بەرخەکە دەلەوەڕێ، زیادیش دەکا، بە لام کە چاوی بە بێچوە گورگ کەوت، لە ترسان وەک خۆی لێ دێتەوە. بەمجۆرە تا ساڵێک کێشی نە کەم دەکا و نە زیاد.

ئەرباب بە چاکی ڕاسپاردەی یوسوپی بە جێگەیاند. ڕاست لە سەری ساڵ هەموو دەوڵەمەندەکان لە کۆشکی پاشا کۆبوونەوە. کاتێ بەرخەکانیان کێشان دەر کەوت یەکێک نە بێ، ئەوانیتر هەموو کێشیان گۆڕاوە. پاشا هەمووی ڕێگا دان بچنەوە، ئەربابی یوسوپی هێشتەوە و لێی پرسی: « پێم بڵێ بزانم کێ تۆی ڕێنوێنی کردوە،؟

ئەربابی یوسوپ گوتی: کرێکارێکم هەیە بە ناوی یوسوپ، ئەو فێری کردم کە چبکەم.

پاشا گوتی: « بیهێنە کن من.» ئەرباب گەڕایەوە بە یوسوپی گوت: بەیانی دەبێ بچیە کن شا.»

www.kerimhisami.com

یوسوپ هەر ئەو شەوە لە ماڵی ئەربابی هەڵات. بەیانی چوە کن پاشا و گوتی:« یوسوپ ئەو شەو ڕایکردوە.»

یوسوپ ئەوجار بۆ وڵاتێکی دیکە هەڵات و چوە کن پاشای ئەو وڵاتە. پاشا کوڕێکی هەبوو بە ناوی ئەحمەد. زۆری پێنەچوو پاشا دیتی یوسوپ لە هەموو کەسانی دەور و بەری شا ئاقڵتر و زانا تر و تێگەیشتووترە. ڕۆژێک بە کوڕەکەی گوت:

– کوڕم! لە گەڵ یوسوپ دۆستایەتی بکە و بیکە بە گەورەی چل نۆکەری خۆت.

ئەحمەد قسەی باوکی بردە سەر. یوسوپی کردە گەورەی چل نۆکەری خۆی. ڕۆژێ یوسوپ و ئەحمەد چوونە ڕاو، نێچیرێکی زۆریان ڕاو کرد بوو. لە پڕ لە نێو جەنگەڵ مامزێکی جوان دەر پەڕی. ئەحمەد وە دوای مامز کەوت. ماوەیەک لە دەشت و چیا بە دوایەوە بوو تا مامز چوە سەر لوتکەی چیایەک و ئەحمەدیش بە دوایدا.

کانیەک لە سەر ئەم کێوە بوو، مامز بۆ لای کانی ڕۆیشت و بزر بوو. ئەحمەد تەماشای دەور و بەری کرد و لە نەکاو چاوی بە کیژێکی جوان کەوت وەک ڕۆژ ، ئاقڵی لە سەر دا نەما. لە کیژەکەی پرسی: « ناوت چیە،؟»

کیژەکە لە جیاتی وەڵام دەسرەیەکی نیشان دا.

ئەحمەد دوو بارە پرسی : « ناوت چیە، و کچی کێی .؟»

کیژەکە ئاماژەی بە کەوشەکانی خۆی کرد.

ئەحمەد ئەو جاریش لێی پرسی:« خەڵکی کام شاری .؟» ئەمجارە گۆزەیەکی مسی پێ نیشاندا. کیژەکە ئەوەندە جوان بوو کە ئەحمەد بێهۆش بوو لە ئەسب کەوتە خوار. کاتێ وەهۆش هاتەوە کچەکەی لە کن نەما بوو. لەو کاتە دا یوسوپ هاتە لای و ئەحمەد هیچی پێ نەگوت.

لەو ڕۆژەوە ئەحمەد کز وخەمگین بوو. خەو و ئارامی لێبڕا. نە دەیخوارد و نە دەیخواردەوە. پاشا یوسوپی بانگ کرد و گوتی: – بڕۆ بزانە کوڕم چی بە سەر هاتوە، یارمەتی بدە. بە زەحمەت بە ڕێگادا دەڕوا.

www.kerimhisami.com

یوسیوپچوە کن ئەحمەد و پرسیاری لێکرد و لە روو داوی پەنا کانی ئاگادار بوو. ئەحمەد دوای گێڕانەوەی داستان گوتی:

– ئێستا جگە لەو کیژە هیچ فیکری دیکەم لە سەر دانیە. بەڵام لە کوێ بیدۆزمەوە. نازانم کچی کێیە و ناوی چیە، هیچ نازانم.

یوسوپ گوتی: « نازانم کامیانە.» کاتێکی لێت پرسی ناوت چیە، دەسرەی بە تۆ نیشان دا. کە وابوو ناوی « دەسماڵ خانمە» کاتێ لە وەڵامی پرسیاری: کچی کێی، کەوشی بە تۆ نیشان داوە، مانای وایە ناوی باوکی شیمۆ پاشایە. لە وەڵامی پرسیارت دا کە خەڵکی کام شاری، گۆزەی مسی پێ نیشان داوی، مانای وایە کە لە میسر دەژی.

ئەحمەد کەیف خۆش بوو گوتی:

– باشە. ئێستا دەیدۆزینەوە. ئەحمەد و یوسوپ خۆیان ساز کرد تا بچنە میسر و کیژەکە بدۆزنەوە. باوکی ئەحمەد ئەسب و ئاڵتونی دانێ و کەوتنە رێ. کاتی رۆژ ئاوا گەیشتنە میسر. چوونە کن پیرێژنێک و یوسوپ پێی گوت:« میوانت ناوێ.»؟

پیرێژن گوتی:« من نە جێم هەیە و نە پێخەف.» یوسوپ مستە زێرێکی دایە و گوتی :

– بچۆ بازار و بۆ خۆت و بۆ ئێمەش لیفە و دۆشەک و خواردنی خۆش بکڕە و بێنەوە.

پیرێژن پارەی وەر گرت و چوە بازار و خواردن و شتی پێویستی کڕی، هەر سێکیان تێریان خوارد و کاتێ هات بنوون یوسوپ لە پیرێژنی پرسی:« دایە گیان تۆ دەسماڵ خانمی کچی شیمۆ پاشا ناناسی.؟»

پیرێژن گوتی: « چۆن نایناسم.؟ هەمیشە دەچمە ماڵی وسەری دەشۆم وبەیانیش دەبێ بچم.

یوسوپ فرە کەیفخۆش بوو گوتی:

–بەیانی بە دەسماڵ خانم بێژە بە دوایدا هاتوون. لە تۆڵەی ئەم خزمەتە، خورجێنێک ئاڵتونت دەدەینێ.

www.kerimhisami.com

پێرێژن شاد بوو. ڕۆژی دوایی چوه کن دەسماڵ خانم و گوتی :« کارێکم پێته.»

دەسماڵ خانم گوتی: بڵێ بزانم.

پیرێژن گوتی: « دەترسم پێت بێژم.

بەڵام دەسماڵ خانم لە ڕووداوەکە ئاگادار بوو. بۆ ئەوەی کە پیرێژن لە ڕازی وی ئاگادار نەبێ خۆی توڕە کرد و ئەمری کرد لە ژێر دار هەرمێ لێی دەن. پیرێژنی لێدراو بە زەحمەت خۆی گەیاندەوە ماڵ و هاواری کرد:

– سەبارەت بە پەیامی ئێوە دەسماڵ خانم ئەمری کرد لە ژێر دار هەرمێ بە قامچی لێم دەن، یالله لە ماڵی من وەدەر کەون.

یوسوپ هێندێ زێڕی دایە و پیرێژن هاتەوە سەر خۆ. پاشان بە ئەحمەدی گوت:

– زوو بە با بڕۆین. دەسماڵ خانم دێتە بن دار هەرمێ، دەبێ لەوێ چاوە ڕوانی بی. یوسوپ و ئەحمەد چوونە باغی کۆشک. ئەحمەد لە ژێر دار هەرمێ دانیشت. یوسوپ بە ئەحمەدی گوت: « وریا بە خەوت لێ نەکەوێ.»

ئەحمەد چاوە ڕاونی دەسماڵ خانم بوو ، ڕاوەستا و ئاخرەکەی خۆی ڕانەگرت و خەوی لێکەوت. دەسماڵ خانم هاتە بن دار هەرمێ دیتی ئەحمەد خەوتوە. گرژ بوو مستێک مێوژی دە گیرفانی ئەحمەد کرد و ڕۆیشت. یوسوپ سەبر سەبر بە دوای دەسمال خانم دا ڕۆی و بە جۆرێ کە نە زانێ تیتۆڵێکی لە داوێنی دەسمال خانم بڕی و دە گیرفانی نا. پاشانْ چوو ئەحمەدی وەخەبەر هێنا و چوونەوە ماڵی پیرێژنێ. یوسوپ ئەو خورجێنە ئاڵتونەی کە بەڵێنی دابوو، دای بە پیرێژنێ و سوار بوون بۆ وڵاتی خۆیان گەڕانەوە. کەمێک بە ڕێگادا ڕۆیبوون، گەیشتنە ئەشکەوتێک ئەسب وئامرازی خۆیان لە ئەشکەوت دا شاردەوە و بە پێیان بۆ میسر گەڕانەوە. کاتێ گەیشتنە میسر چوونە مەیدانی شار و یوسیوپ دەستی کرد بە هاوار کە:« دز تاڵانیان کردووین و لیباسیان لە بەر دەرهێناوین. لەم شارە دا ڕێگر هەن. خەبەریان بە پاشا دا و ئەمری کرد، ئەم دوو لاوە بەرنە کن وی و پرسیاری لێکردن. یوسوپ گوتی : « ئێمە بە

میوانی هاتینە شاری تۆ. چل نۆکەرمان هەبوو، لە نیزیک شار دەستەیەک ڕێگر پەلاماریان داین. ئەسپ و هەرچی زێڕ و پارەی هەمانبوو بردیان. لیباسەکانیان لە بەر داکەندین و پیاوەکانیان کوشت و ئێمە دوو کەس ماینەوە. من نەمتوانی ئەوان بە باشی ببینم، بەڵام لە داوێنی یەکێکیان گۆیا سەرۆکی دزان بوو تیتۆڵە پەڕۆیەکم بڕیوە کە یارمەتی بە دۆزینەوەی دزەکان دەکات.

شیمۆ پاشا گوتی: یوسوپ ئەو تیتۆڵە پەڕۆیە نیشان بدات.

وەزیر لە گەڵ بینینی ئەو هاواری کرد و گوتی:« ناسیم. ئەو پارچە پەڕۆیە لە لیباسی دەسماڵ خانمێیە. هەموو سەریان سورما.

پاشا ئەمری کرد کە ئەو لیباسەی دوێنێ دەسماڵ خانم لەبەری کرد بوو بیهێنن..لیباسیان هێنا و هەموو دیتیان کە پارچەی بڕاو ڕاست لە لیباسی دەسماڵ خانمێیە.

یوسوپ بە دەنگی بەرز گوتی : « کە وابوو کچی تۆ، کیژی پاشای میسر سەرۆکی ڕێگرانە.

پاشا تەریق بۆوە و جەلادی بانگ کرد و گوتی : تا دەست بە جێ دەسماڵ خانم سزا بدەن.یوسوپ گوتی :« نا، نا، کیژەکەی بدە بە مە تا خۆمان بە سزای بگەیێنین.

پاشا دەسماڵ خانمی تەسلیمی وان کرد و فەرمووی لیباس و ئەسپی تازەیان بدەنێ و ئیزنی دان. یوسوپ و ئەحمەد کچیان هەڵگرت و بۆ وڵاتی خۆیان گەڕانەوە.

باوکی ئەحمەد بە دیداریان شاد بوو ئەمری کرد دوو بوکان بخاتە ڕێ، ئەحمەد لە گەڵ دەسماڵ خانم و بەدیلی خوشکی ئەحمەدیش لە گەڵ یوسوپ بوونە هاو سەر. پاشان هەموویان چوونە میسر و داستانیان بۆ شیمۆن پاشا گێڕایەوە. ئەوان بە ئاواتی خۆیان گەیشتن و چەنە خۆش دە بوو ئێمەش بە ئاوات گەیشتباین.

www.kermhisani.com

بۆ ماسی پێکەنی ٤٨

پیاوێکی فەقیر لە گەڵ خێزانی دەژیا، ماوەیەک بوو ژن و مێرد بوون، منداڵیان نەدەبوو. کابرای فەقیر شەوێک خەونی بینی کە ساڵێکی دیکە ژنەکە منداڵێکی دەبێ. ڕاست سەری ساڵ کوڕێکی بوو ناویان نا « میرزا». کوڕێکی جوان و بە هۆش بوو.

پاشای ئەو وڵاتە کیژێکی هەبوو بە ناوی گوڵنار. گوڵنار چل خزمەتکاری هەبوو، سی و نۆ یان کچ بوون. یەکیان کوڕێک بوو کە جلی ژنانی دەکردە بەر و ئەوەندە جوان و وەکچان دەچوو کەس بۆی نە دەچوو کە ئەوە پیاوە. ئەو کوڕە مەعشوقە(یار)ی گوڵناریّ بوو، بەڵام کەس نەیدەزانی. ڕۆژێک گوڵنار بە خزمەتکارانی گوت دوو ئەسپ زین بکەن، لە گەڵ یارەکەی سوار بوو بۆ گەڕان. کەس بە خەیاڵی دانەدەهات کە گوڵنار لە گەڵ یاری بچێتە گەڕان و خولانەوە بە سەحرادا. گوڵنار شاد و بە کەیف ڕووی کردە لاوە کە و گوتی :« کێ دەتوانێ هەست بکا کە تۆ پیاوێکی گەنجی. هەموو وادەزانن تۆ خزمەتکاری منی.

گوڵنار و یارەکەی بە پەنا خانووی کابرای فەقیردا دەڕۆیشتن کە ژن و مێرد و میرزای کوڕیان لە وێدا دەژیان. باب و کوڕ خەریکی وێنجە دروونێ بوون. میرزا کە چاوی بە گوڵناریّ کەوت گوتی :

– سڵاو لە کیژی پاشا و زاوای پاشا.

گوڵنار و مەعشوقە کوی چاوێکیان لێکتر کرد و گوڵنار لە کوڕەکەی پرسی:« ناوت چیە و چەندساڵی.؟»

– ناوم میرزا یە و پێنج ساڵم. گوڵنار و یارەکە جڵەوی ئەسپانیان وەر گێڕا و ڕۆیشتن. گوڵنار هاتەوە ماڵ و لە جێگادا خۆی نەخۆش کرد و گوتی

www.kerimhisami.com

باوکی ئاگادار بکەن. کاتێ بابی هات گوتی :

حاڵم زۆر خەرابە و دەمرم. تەنیا دەرمانی دەردم یەک شتە. لە پەنا شار پیاوێکی فەقیر دەژی. کوڕێکی پێنج ساڵەی هەیە بە ناوی میرزایە. دەبێ سەری وی ببڕن و بیکوڵێنن و من بیخۆم و چاک ببمەوە.

پاشا کیژەکەی زۆر خۆش دەویست، هەر چەند دڵی نەدەهات کوڕەکەی بکوژێ، بەڵام مردنی کیژەکەشی لا گران بوو. وەزیری بانگ کرد و خورجێنێک زێڕی دایە و گوتی:

– ئەم خورجێنە زێڕە هەڵگرە وبیدە بە کابرای فەقیر و کوڕەکەی بێنە ئێرە. وەزیر چوە ماڵی کابرای فەقیر. کابرا وەزیری لە دەرکی ماڵی خۆی دیت و پرسی: « ئەی وەزیر چ ئەمرێکت هەیە.؟»

وەزیر گوتی: « پاشا ئەم خورجێنە زێڕەی بۆ ناردووی و دەیەوێ کوڕەکەت بدەی بەو.. کابرا و خێزانی دەستیان کرد بە گریان و بەڵام دیتیان چار نیە. ئەگەر کوڕەکەیان نەدەن، پاشا بە زۆر دەیئەستێنێ. میرزا رووی کردە دایک و بابی و گوتی :

– خەمێ مەخۆن. خورجێنە زێڕ وەر گرن و وای دانێن کە هەر کوڕتان نەبوە. لە بارەی منیشەوە نیگەران مەبن و خەم مەخۆن.

وەزیر کوری سوار کرد و خورجێنە زێڕی دا بە کابرای فەقیر و ڕێگای کۆشکی گرتە بەر. لە ڕێگا دا میرزا بە وەزیری گوت:

– ئەی وەزیر گوێ بدەیە. کیژی پاشا کوشتنی منی بۆ چاک بوونەوەی خۆی ناوێت. تەنیا دەیەوێ لە شەڕی من نەجاتی بێت، گوێ بدە ئامۆژگاری من. من مەکوژە و لە ماڵی خۆت بمشارەوە. ڕۆژێک بە کارت دێم. بەڵام بۆ کیژی پاشا سەری رەفیقی من ببڕە کە ڕاست وە من دچێ و دوێنێ مردوە و ناشتوویانە. قەبرەکەی بدەوە، لاشەکەی بێنە دەر و سەری ببڕە و بیدە بە کیژی پاشا.

وەزیر ئامۆژگاری میرزای بە کار هێنا و سەری کولاوی کورەکەی دا بە کیژی پاشا و ئەویش چاک بۆوە. میرزاش لە ماڵی وەزیر دەژیا. با ئەو لە ماڵی

www.kerimhisami.com

وەزیر بژی و گەورە بێت. داستانی کابرای ماسیگر باس دەکەین:

لەو وڵاتە ماسیگرێکی فەقیر دەژیا. ڕۆژێک ماسییەکی سەیر و جوانی گرت. لە دڵی خۆید اگوتی:« ئەو ماسییە بەرمە بازار و بیفرۆشم، فایدەی چیە. باشترە بیدەم بە وەزیر» ماسیگر وایکرد، وەزیر هەمبانەیەک زێڕی دایە. ماسیەکەی بردەوە ماڵ. میرزا پێی گوت:« ئەو ماسییە لە ماڵدا ڕامەگرە، و بیدە بە پاشا.»

وەزیر وایکرد. پاشا زۆری پێخۆشبوو. فەرمووی حەوزێکی جوان ساز بکەن و پڕی کن لە ئاوی دەریا و ماسیەکەی بخەنە ناو. ماسی لە ئاوێدا بروسکی دەدا و هەمووئاشقی ببوون و تاریفیان دەکرد. ڕۆژێ پاشا ویستی ماسیەکە بدا بە گوڵناری کچی. لەم بارەوە پرسی بە دەوروبەری خۆی کرد.. هەموو گوتیان: چۆنت گەرەکە وابکە. مەیلی خۆتە. پاشا خزمەتکارێکی ناردە کن گوڵنار و پەیامی پاشای پێگەیاند و گوتی: « پاشا دەیەوێ جوانترین ماسی بە دیاری لێ قبوڵ بکەی.»

گوڵنار لە وەڵامدا گوتی:« ئەگەر ماسی مێ بێت، قبوڵی دەکەم، بەڵام ئەگەر نێر بێ نا. چونکە لە ژووری من تەنانەت حەیوانی نێریش نابی هەبێت.

کاتێ خزمەتکار ئەو قسەی بە پاشا گوت، ماسی سەری لە ئاو هێنا دەر و پێکەنی. هەموو سەریان سور ما. پاشا لە دڵی خۆیدا گوتی :« ئەو ماستە بێ موو نیە» بە وەزیری گوت:« بڵێ بزانم، ماسی بۆ پێکەنی؟»

وەزیر گوتی: من لە کوێ دەزانم، من غەیبگۆ نیم. پاشا بە سەریدا نەڕاندی و گوتی:

- ئەو قسانەم بە گوێ داناچێ. چل ڕۆژت مۆڵەت بێ، پاش چل ڕۆژ وەڵام نەدەیەوە لە سەرت دەدەم.

وەزیر خەمبار و داماو چۆوە ماڵ. میرزا لێی پرسی: « چقەوماوە.؟»

- پاشا لێی ویستووم کە بزانم ماسی بۆ پێکەنیوە. ئاخر من لە کوێ بزانم کە هۆی پێکەنینی ماسی چیە. چل ڕۆژی مۆڵەت داوم، ئەگەر وەڵامی نەدەمەوە لە سەرم دەدات.

www.kermhisami.com

میرزا گوتی : « خەمێ مەخۆ. من لە بیرمە کە چۆن منت لە مردن رزگار کرد. ئێستا نۆرەی منە تۆڵەی بکەمەوە. سواری ئەسپ بە و سی و نۆ ڕۆژ بە کەیفی خۆت بگەڕێ و کەیفێ بکە. ڕۆژی چل وەرەوە ماڵێ.

وەزیر سوار بوو ڕۆی. سی و نۆ ڕۆژ گەڕا و ڕۆژی چل هاتەوە ماڵ. میرزا گوتی: « ئێستا بچۆ کۆشک و هیچ نیگەران مەبە.

پاشا و دارو دەستەی هەموو چاوە ڕوانی وەزیر بوون و دەیانویست بزانن ماسی بۆ پێکەنیوە. پاشا کە وەزیری دیت، پرسی:

– باشە وەزیر ئێستا دەڵێی چی؟

میرزا گوتی : پاشا سلامەت بێ، ڕێگا بدە با من بڵێم ماسی بۆ پێکەنیوە ؟

پاشا گوتی : بڵێ!

– دەترسم ئەوەی دەیڵێم بە کەیفێت نە بێ و لێم تورە بی و ئەمر بکەی لە سەرم بدەن. سەعاتێک دەسەڵات و جێگای خۆت بدە بە من. تا لەو ماوەیەدا ببمە پاشا و ئەو دەم هەموو شتێکت بۆ ڕوون کەمەوە و بیڵێم.

پاشا گوتی :« زۆر باشە. سەعاتێک تەختی پاشایەتی دەدەم بە تۆ. بڵێ.

میرزا لە سەر تەخت دانیشت و گوتی: « بەر لەوەی هۆی پێکەنینی ماسی باس بکەم. داستانێکت بۆ دەگێڕمەوە، گوێ بدەیە.

ڕۆژێک بوو، ڕۆژگارێک بوو. پاشایەکی بە دەسەڵات بازێکی هەبوو زۆری خۆش دەویست و قەت لە خۆی جیا نەدەکردەوە.. ڕۆژێک باز خەمبار و کز بوو، نە هیچی دەخوارد و نە دەیخواردەوە و نە خۆش کەوت. وەزیر بە پاشای گوت:« بازەکە ئازاد بکا» پاشا نەیدەویست بازی خۆشەویستی وەلا بنێ، بەڵام چاریشی نەبوو. فەرمووی تا زنجیری زێری لە قاچی بکەنەوە. باز باڵی لێکدان و فڕی و ڕۆیشت. زۆری پێنە چوو کە خێزانی پاشا زۆر نەخۆش بوو. باشترین حەکیمانی شار هیچیان بۆ نەکرا . ڕۆژ بە ڕۆژ حاڵی خەرابتر دەبوو. ڕۆژێکی بازەکە لە پەنجەرەی کراوە هاتە نێو کۆشک. لە ماوەی ئازاد بوونی دا هاتبۆوە سەر خۆ و جوان ببوو. باز تا کن پاشا فڕی و دوو دەنکی لە مستی پاشا نا .

www.kerimhisami.com

پاشا دەنکەکانی دا بە خولامی خۆی و گوتی : لە باغ بیانچێنێ. پاشان دارە سێوێک لەو دەنکانە شین بوو. دوو سێوی زێڕین دارەکەیان جوان کرد بوو. پاشا کێشکچی لە بن دارەکە دانا و فەرمووی ئاگای لە سێوەکان بێ. شەو کێشکچی خەوی بەسەر داهات و یەک لە سێوەکان کەوت. مارێک بۆ لای سێوەکە چوو گەستی. کێشکچی وەخەبەر هات، ماری دوور کردەوە و سێوەکەی هەڵگرت و بردیە کن پاشا. پاشا سێوەکەی دوو لەت کرد. نیوێکی دا بە سەگ و نیوەش بە پشیلە.. هەرتکیان لەوێ وشک هەڵاتن.

پاشا تورە بوو. بازی خۆشە ویستی خۆی گرت و بە زەوی دادا و کوشتی. سێوەکەی تر لە سەر دار مایەوە. پاشا فەرمووی: – ئەو سێوە بدەن بە ژنەکەم تا بیخوا و لە ئازار نەجاتی بێت. ئەو نە زیندوە و نە دەمرێ. سێویان بۆ ژنی پاشا برد. کە لەتێکی خوارد، دەست بەجێ ساخ بۆوە وجوانتر لە جاران. ئەو دەم پاشا زانی کە بە خۆڕایی بازی کوشتوە. زۆر پەشیمان بۆوە بەڵام تازە درنگ بوو پەشیوانی فایدەی نەبوو. تۆش ئەی پاشا لە وەی کە دەپرسی ماسی بۆ چی پێکەنیوە، پەشیوان دەبیەوە. باشترە لەوە نەکۆڵیەوە.

پاشا پێی داگرت کە هۆی پێکەنینی ماسی بزانێ.

میرزا ئاخرەکەی گوتی :« ئێستا کە خۆت دەتەوێ بزانی، داستانت بۆ باس دەکەم. کیژەکەت و چل خزمەتکارەکەی بانک کە بێنە ئێرە.» گوڵنار و چل خزمەتکاری هاتن. میرزا گوتی دەرگاکان داخەن. پاشان گوتی :

– کێردێکی زۆر خۆشەویستیان لە من دزیوە. دەبێ هەموتان بگەڕێم. ڕووت بنەوە. سی و نۆ خزمەتکار لیباسیان دەر هێنا، بەڵام یەکیان لە جێ نە بزوت. گوڵنار بە پاڕانەوە گوتی:

– تکا دەکەم کارتان بەوە نەبێ، ئەوەندە بە شەرم و حەیایە تەنانەت کاتی خەویش لیباس داناکەنێ.

میرزا وازی نە هێنا و گوتی : نا. دەبێ ئەویش بگەڕێم. بە زۆر ئەویشیان ڕووت کردەوە و دیتیان کە پیاوێکی گەنجە. پاشا و ئامادە بوان واقیان وڕ ما.

سەعاتی پاشایەتی میرزا کۆتایی هات. پاشا جارێکی دیکەش هاتەوە

www.kerimhisami.com

سەر تەخت و فەرمووی کوڵناری کچی و ماشوقەکەی بەراو پشت سواری کەر بکەن و بە کۆڵانی شار دا بیانگێڕن و ریسوایان بکەن و پاشان لە وڵات شار بەدەریان بکەن. هێشتا بە سواری کەر دەڕۆن. پاشا میرزای کردە وەکیلی خۆی. میرزاش دایک و بابی فەقیری هێنا کۆشک و تا ئاخری ژیان بە خۆشی ڕۆژیان بردە سەر.

www.kerimhisami.com

دوو دەستە برا ٤٩

دوو دەستــە برا بوون، یەکـیـان عـەلی و ئـەویـتریان عـمرۆ. یەکـتـریان زۆر خۆشـدەویست. هـەر یەک لە گـوندێک دەژیان. عـەلی ژنی هـەبوو، عـمرۆ هێشـتا سـەڵت و ڕەبەن بوو. ڕۆژێک عـمرۆ ویـستـی بچی سـەرێکی عـەلی بدا. نەیدەزانی عـەلی ژنی هێناوە. عـمـرۆ چوە مـاڵی عـەلی و کـیـژێکی جـوانی لە وێ بینی. لە دەستە براکەی پرسی:« ئەو کیژە کێیە.؟»

عەلی شـەرمی کرد بڵێ خێزانمە. گوتی :« ئامۆزامە »

– ئێستا کە ئامۆزاتە بیدە بە من.

عـەلی گـوتی : « باشـە. چ قـەیدیە، بیـهێنـە .» ژنی عـەلی هـیـچی نە گـوت وعمرۆی خۆش ویستبوو، بە دڵ پێی خۆش بوو کە دەبێتە ژنی عمرۆ.

عەلی گـوتی :« بە شـەرتێک دەتدەمێ منداڵی دووەمتان ئەگەر کچ بێ بیدەی بەمن.»

عـمرۆ ڕازی بوو، چەند ڕۆژان مـیوانـی دەسـتـە برای بوو، پاشـان ژنی دوا ڕۆژی هـەڵگرت و گـەڕایەوە. زەمـاوەندێکی خـۆشـی سـاز کرد و عـمرۆ و ژنەکـەی ژیانێکی خـۆشـیـان دەسـتـپێکرد. پاش سـاڵێـک ژنەکـەی کـچێکی بوو. سـاڵێکی دیکەش کـچێکی دیکە. عـەلی لەم ڕووداوە ئاگـادار بوو، چوە کن دەسـتـە براکـەی وگوتی :« باشـە. ئێستا بەڵێنی خۆت بەرە سـەر و کچەکەتم بدەیە.»

عمرۆ گـوتی : چونکە بەڵێنم داوە، کچەکە هـەڵگرە و بڕۆ».

عەلی کیژەکەی هـەڵگرت بردیە سـەر چیایەکی بەرز و بڕیاری دا تـەنیا دوور لە خـەڵک بژی. لە سـەر چیـا خـانوێکی بۆ خۆی ساز کرد و لە گـەڵ کـیـژەکە لە وێ دەژیا. ڕۆژانـە دەچوە ڕاو، مـامـز یا گـا کێویـەکی ڕاو دەکرد و شـەو دەهـاتـەوە ماڵ

و چێشتی لێ دەنا و خواردنی دەدا بە کیژەکە. ئەمە ژیانی ئەوان بوو.

بەڵێ ، هیلاکتان نەکەم. کیژ گەورە بوو عەلی مارەی کرد. یەکتریان خۆش دەویست و ژیانێکی بەختەوەرانەیان هەبوو.

ڕۆژێ کوڕی پاشای ئەم وڵاتە لە وێ خەریکی ڕاو بوو. چوە سەر چیا و خانوێکی لە وێ چاو پێکەوت. کوڕی پاشا پێی سەیر بوو، بە خۆی گوت:« سەیرە چ دەبینم؟ لە پێشدا ئێرە خانووی لێ نەبوو. بۆ لای دەرگای خانوەکە چوو، دیتی کیژێکی جوان، وەک ڕۆژ لە ژوورێ دانیشتوە. کوڕی پاشا ئاشقی بوو، ئاقڵی لە سەر دا نەما. هاتەوە ماڵ و هەموو پیرێژنی شاری کۆ کردەوە و گوتی: کامەتان دەتوانن من و ئەو کیژە بگەیێننە یەک کە دیدارێکمان هەبێ.

یەک لە پیرێژنەکان داو تەڵەب بوو گوتی :« ئەم کارە بە من بسپێرە، هەموو شت ساز دەکەم.

کوڕی پاشا خۆشحاڵ بوو، مستێک زێڕی دایە و چاوە ڕوان ما. پیرێژن چوە سەر چیا و لە خانوو وەنیزیک کەوت و خۆی لە فەقیری و غەریبی دا و دەستی بە گریان کرد. ژنی عەلی هاتە دەر و پرسی:« لێرە چ دەکەی ؟»

– ئەی کیژم ئێمە چەند کەس بووین دەچووینە زیارەت، من لە هاوڕێکانم بە جێ ماوم ڕێگام بزر کردوە. پەنام دەیە تا هاوڕێکانم دێنەوە ئێرە.

ژنی عەلی بە پیرێژنی گوت: « من جێگام نیە و لێرە بڕۆ خوات لە گەڵ. پیرێژن چوە دەر و لە سەر جادە دانیشت تا عەلی بێتەوە. کە لە دوورەوە ئەوی دیت، دەستی کرد بە گریان.

عەلی دیتی پیرێژنێ لە قەراخ ڕێگا دانیشتوە و دەگری. بەزەیی پێدا هات و لێی پرسی:« بۆ لێرە دانیشتووی ؟»

پیرێژن بە سکاڵاوە گوتی :« لە هاوڕێیانی خۆم بە جێ ماوم و ڕێگام بزر کردوە. تکام کرد لە ماڵی تۆ بمێنمەوە، ژنەکەت دری کردم.

عەلی گوتی:« وەرە بچینە ماڵی مە و تا دەتەوێ لەوێ بمێنەوە.» پێکەوە چوونە ماڵ و عەلی بە ژنەکەی گوت:

– ئەو ژنە پیرە، تەنیا و غەریبە، بچێتە کوێ ؟پیاو بەزەیی پیدا دێت،

www.kerimbisarani.com

لێگەڕێ تا ڕەفیقەکانی دێنەوە با لێرە بێ.»

ژن گوتی: « ئێستا کە تۆ خۆت دەتەوێ، با بمێنێتەوە. پیرێژن وەک فرفرە دەتگوت کـچـیکی چاردە سـاڵەیە دەسـتی بـە کـار کـرد و مـاڵی هـەڵدەوێژارد و هەموو کاری ماڵی دەکرد. چەند ڕۆژ پێچوو پیرێژن بە ژنی عەلی گوت:

– کچم ! حـەیف بۆ تۆ، بەزەییم پێت دادێ، بەو جوانیـەت لە م چۆل و هۆلە دوور لە خەڵک دەژی. تۆ بۆیە دەبی ژنی کوڕی پاشا بی.

– چ شتێکی کوڕی پاشا لە مێردی من باشترە؟

پیـرێژن گـوتی : ئەو قسـانە چیە، بۆ خـاتری خـوا. ئاخر ئەگـەر ژنی کـوڕی پاشا بی لە سەر دۆشەک دادەنیشی، و خزمەتکار لە بەر دەستت ڕادەوەستن.

زێنەب(نـاوی ژنی عـەلی زێنـەب بوو) فـیکری کـردەوە و گـوتـی : « باشـە. کوڕی پاشا بێنە ئێرە بزانم خۆشم دەوێ یان نا!»

پیـرێژن لە خـۆشـییان بە غـار چوە کن کـوڕی پاشـا و گـوتی : « کـارەکـەم ساز کردوە، ئێستا دەتوانی بچیە کن کیژەکە.»

کوڕی پاشا چوە کن زێنەب و هەر تک ئاشقی یەکتر بوون.

عـەلی فـەقیر بێ خـەبەر لە هـەموو شت، شـەو هاتەوە مـاڵ. نانیـان خـوارد. عەلی ڕاکشـا کە بحسێتەوە. لە پڕ دیتی یەک لە تیرەکانی لە بەری میچی دراوە و هەڵاوەسراوە. عەلی لە بەر خۆیەوە گوتی : « سـەیرە. من تیرم نە هاویشتۆتە میچ. ژنیش ئەم توانایەی نیە. بێگومان پیاوێک ئەو کارەی کردوە» ژنەکەی بانگ کرد و تیرێکی دایە وگوتی :

– یاڵا، تاقی کەوە بزانم دەتوانی ئەو تیرە وا باوێی لە بەری میچی بچێتە خوار.؟

زێنەب تیـرەکە وەر گـرت و هـاویشـتی. بەڵام نیوەش نـەڕۆی. عەلی پیـرێژنی بانگ کرد و گوتی: تۆ تیرەکە باوێ. ئەویش نەیتوانی.

عەلی هیـچی نەگوت و لە دڵدا گوتی :« کە وابوو پیـاوێک تیری هـاویشـتوە. پاشان چوە سەر جێ و تەواوی شەو خەوی لێ نەکەوت.

ڕۆژی دوایی عـەلی بە دڵێکی داخـدارەوە چوە ڕاوێ. ئەوێ ڕۆژێ هیـچی

ڕاو نەکرد. لە بن دارێک دانیشت و چوو دە فیکرەوە. لە نەکاو دیتی لەو نیزیکانە کچێک و کوڕێک لە قەراخ جۆگەلەیەک دانیشتوون و یەکتر ماچ دەکەن و لە ئامێز دەگرن. دیارە یەکتریان خۆش دەوێ. هیچیان ئاوڕیان وە عەلی نەدا. کیژەکە دانیشتبوو، لاوەکە ڕاکشا و سەری لە سەر ئەژنۆی کیژەکە دانا و خەوی لێکەوت. کیژەکە لە سەر خۆ سەری لە سەر زەوی دانا و هەستا کەمێک لەولا تر دەستی دە باخەڵی ڕاکرد و سێوێکی هێنا دەر. سێوەکەی ماچ کرد و سێو بوو بە لاوێکی جوان. پاشان کچەکە بە کەیفی خۆی لە گەڵ لاوەکە دەستی بە کەیف و ماچ و بەزم کرد. پاشان کردیەوە بە سێو و دە باخەڵی ناوە. پاش کەمێک لاوی نوستووی وەخەبەر هێنا و گوتی:

– خۆشەویستم هەستە. ڕۆژ ئاوایە، دەبێ بچینەوە.

عەلی هەموو ئەوانەی دیت. پاشان چوە لایان و سڵاوی کرد و گوتی:« تکا دەکەم ئیمشەو میوانی من بن.»

چوونە ماڵی عەلی. زێنەب سفرەی داخست و پێنج دەوری دانا. عەلی چاوێکی لە سفرە کرد و گوتی:« دەوری شەشەمیش بێنە»

زێنەب گوتی: « چیتە. شێت بووی؟ دەوری شەشەمت بۆ کێیە؟

عەلی دەنگی دا و گوتی: « کاتێ دەڵێم بێنە، بێنە.» زێنەب دەورییەکی دیکەی هێنا و لە سەر سفرەی دانا.

پاشان عەلی ڕووی کردە کیژەکەی کە تازە لە گەڵ خۆی هێنا بوو گوتی:« ئەو کەسەی ئەم دەوریەمان بۆ داناوە، بیهێنە.»

کچەکە بە سەر سور مانەوە گوتی:« لە کوێ بێنم؟»

عەلی گوتی: بیهێنە. ئەگەر نەیهێنی، سەرت دەبڕم.!

کچ ترسا و دەستی دە باخەڵی ڕاکرد و سێوێکی هێنا دەر و ماچی کرد و سێو بوو بە لاوێکی جوان. کیژەکە لە پەنا خۆی دانا.

عەلی ئەمجار بانگی ژنەکەی کرد و گوتی:« دەورییەکی دیکەش بێنە.

ژن پرسی: چیت لێقەوماوە، ئیمڕۆ دەڵێی شێت بووی.

عەلی بە سەریدا گوڕاندی و گوتی: قسان مەکە. زوو دەورییەکی دیکەش

بێنه.

زێنەب دەورییەکی دیکەی لە سەر سفرە دانا. عەلی بە ژنەکەی گوت:«باشە. ئێستا ئەو کەسەی ئەو دەوریەت بۆ دانا، بیهێنە،

ژنی عەلی دەستی بە گریان کرد و گوتی : « لە کوێ بێنم.؟»

عەلی هەڵیکێشا شیر و گوتی. بە قسەم نەکەی لەت و پەتت دەکەم.

زێنەب چوە ساردار وکوڕی پاشای لە وێ هێنا دەر. عەلی هەستا و دەرگای داخست و شیری دەست دایە. سەری هەموانی بڕی:

– ژنەکەی و ماشوقەکەی و پیرێژن و کچەکەی تر و ماشوقەکەی– تەنیا ئەو لاوەی هێشتەوە کە لە پەنا جۆگەلە خەوی لێ کەوتبوو.

دەر کەوت کە ئەو مێردی کچەکە بوو کە سێوی دە باخەڵی دابوو.

عەلی رووی کردە لاوەکە و گوتی :« خۆشەویستم، هەر چی لەو ماڵە دایە هەمووی هی تۆیە. من ئیتر نامەوێ لێرە بژیم. دەڕۆم و بە تەنیا دەژیم و ئیتر ژنیش ناهێنم.

عەلی ڕۆی. ماوەیەکی زۆر لەم دنیا پان و بەرینەدا خەریکی سەیر و سوڕانەوە بوو. چوە شارێک، دیتی خانوێکی رەش رەش لە وێیە. عەلی خانووی تەماشا کرد. لە ئەسب دابەزی و چوە نیزیک خانوەکە. لەو کاتە دا ژنێکی جوان لە خانوەکە هاتە دەر و پێشوازی لە عەلی کرد . ژنەکەش تەواو ڕەش پۆش بوو. بە عەلی گوت: « لاو بە دوای مندا وەرە،!»

عەلی وەدوای کەوت تەماشای کرد هەموو شتێکی ئەو ماڵە ڕەشە لەو ژنەش زیاتر کەسی دیکەی تێدا نیە. ژن خواردنی هێنا لە پێش عەلی دانا . عەلی گوتی :« تا حیکایەتی خۆتم بۆ نەگێڕیەوە دەست لە خواردن نادەم.»

ژن گوتی :« دانیشە و بخۆ. داستانی خەم و تازیەی من بە کاری چی تۆ دێت؟»

عەلی پێی داگرت و گوتی:« تا بۆم باس نەکەی دەست لە خواردن نادەم. »

ژنەکە دیتی عەلی بە ڕاستی دەس بۆ خواردن نابات، دەستی پێکرد و گوتی : « گوێ بدەیە! دەزگیرانێکم هەبوو زۆر یەکترمان خۆش دەویست. شاییمان کرد،

منی بردە ماڵی خۆی، هەر تک سوێندمان خوارد کە ئەگەر ئەو بمرێ من قەت شوو نەکەم و ئەگەر منیش بمرم ئەو قەت ژن نەهێنێ. ڕۆژی دوای بوکێنیم مێردەکەم مرد. ئێستا حەوت ساڵە من بە تاقی تەنیا دەژیم.»

پاشان ژن لە عەلی پرسی:

– باشە، ئێستا تۆ سەر بردەی خوت بگێرەوە بزانم وەدوای چی کەوتووی.؟

عەلی گوتی : « دەردی من لە هی تۆ سەخت ترە.» پاشان دەستی پێکرد لە نوکەوە داستانی خۆی بۆ گێڕاوە.

ژن گوتی: ڕاست دەکەی دەردی تۆ سەخت ترە.

عەلی کەوتە فیکر و سەیری ژنەکەی کرد و لە دڵدا بریاری دا کە :« وەرە ئەو ژنە بێنە». عەلی بە ژنەکەی گوت:

– خۆشە ویستم گوێ بدەیە! من و تۆ هەرتکمان سوێندمان خواردوە و شەرتمان کردوە کە نەبینە هاو سەر. وەرە هەرتکمان سوێندەکە بشکێنین و ببینە ژن و مێرد. گوڵێ کە ناوی ژنەکە بوو، ڕازی بوو. چوونە سەر جێ و پێکەوە نوستن. عەلی بەیانی هەستا و لە کارەکەی خۆی پەشیوان بۆوە. بە گوڵێی گوت:« خوا حافیز و من لێرە ڕۆیشتم.»

گوڵێ گوتی : « ئەوە کارێکی باش نیە، بۆ کوێ دەڕۆی؟» هەر چەندی خواهیشتی کرد، فایدەی نەبوو. نەمایەوە.

گوڵێ گوتی : « ئێستا کە هەر دەڕۆی. ئەوەی لەو ماڵە دایە حەلاڵی منی کە.»

عەلی پێی سەیر بوو گوتی :« چی حەلاڵی تۆ بکەم. هەموو ماڵی خۆتە. من هیچ شتێکم نە هێناوەتە ئێرە.»

گوڵێ گوتی:« پاش ئەوەی شەوێک لە گەڵ من نوستووی، هەموو شتی ئەو ماڵە بۆتە هی تۆ.»

عەلی گوتی : « باشە. هەموو ماڵ و ئاژەڵی ئەو ماڵەت حەلاڵ بێ.»

سێ هەنار لە ژوورەکەی گوڵێ بوو، عەلی ئەوانی نە بینی بوو ناوی نە برد

بوون. بەم پێیە عەلی ئەو سێ هەنارەی حەلاڵ نە کرد بوو. عەلی خوا حافیزی کرد و کەوتە ڕێ.

بەڵام گوڵێ! هەر ئەو شەوە منداڵی وەسگی کەوتبوو. شەوێک لە خەو هەستا و ئیشتیای چوە ترشی. خزمەتکارەکەی گەڕا هیچی نە دیتەوە. پاشان هەناری بیر کەوتەوە، گوتی: « ئێستا هەنارت بۆ دێنم.»

گوڵێ گوتی « نابێ، عەلی ئەو هەنارانەی لە من حەلاڵ نە کردوە. ناتوانم بیانخۆم. خزمەتکار فیکرێکی کردەوە و گوتی:

– کە وابوو کارێکی دیکە دەکەین. یەک لەو هەنارانە کون دەکەین تۆ بیمژە. بەمجۆرە هەم هەنارەکە لەت نەکراوە و ساخە، هەمیش تۆترشێت مژتوە. وایان کرد. پاش نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ گوڵێ کوڕێکی بوو.

با گوڵێ و کوڕی لە وێ بن، بزانین عەلی چدەکات. ئەو حەوت ساڵ گەڕا و ئاخرەکەی بڕیاری دا بچێتەوە کن گوڵێ. لە ماڵەکەی نیزیک بۆوە دیتی گوڵی لە باڵەخانە وێستاوە و تەماشای جادە دەکات. گوڵێ عەلی بینی کەیف خۆش بوو، چوە پێشوازی. ئەسبی لێ وەر گرت و بردیە تەویلە و عەلی بردە ژوور وخواردنی دایە و جێی بۆ چاک کرد. عەلێ کوڕێکی لە ماڵەکەی بینی و پرسی:

– ئەو کوڕی کێیە ؟

گوڵێ کوتی: « کوڕی تۆیە. عەلی تەماشای کرد بە ڕاستی زۆر لەو دەکات، هیچی نەگوت. چوو درێژ بوو، بەڵام ژنەکەی ڕێ نەدا بچێتە لای. گوڵێ پرسی : « بۆ ناهێڵی بێم لە گەڵ تۆ بخەوم ؟

عەلی گوتی : « تا دڵنیا نە بم کە ئەوە کوڕی منە، لە گەڵت نانووم. هەر چەند بە ڕواڵەت لە من دەکا، بەڵام هیچ لە ئەخلاقی نازانم. ئەگەر رەفتار و کردەوەشی وەک من بێ، دیارە کوڕی منە.

عەلی بەیانی لە خەو هەستا و کوڕەکەی لە گەڵ خۆی بردە ناو شار. سەریان لە دوکان و بازار دا، کوڕەکە دەستی بۆ هیچ شتێ نە برد و داوای هیچ شتێکیشی لە بابی نە کرد. عەلی لە دڵی خۆیدا گوتی : « بەڵێ، لە باری ئەخلاقیشەوە لە من دەکا.» چوونە بازار، کوڕەکە دەستی لە هیچ میوەیەک نەدا،

www.kerimbisami.com

داوای هیچ شتی لە باوکی نەکرد. عەلی ئەمجاریش بیری کردەوەکە« بە ڕاستی کوڕی منە»

بۆ مـاڵ گـەڕانەوە. دیتـیـان کـابرایەکی دیهـاتی مـەشکەیەکی شـەراب بە پشتێوەیە لە پێش ئەواندا دەڕوا. لە پڕ کوڕەکە سەیری زەوی کرد و لە شتێک دەگـەڕا. بزمـارێکی دیتـەوە، هەڵیگرت و دە مـەشکەی کـابرای ڕاکـرد و شەڕابەکەی لێ ڕژا. عەلی وشک بوو. گوتی:

« نا ئەوە کوڕی من نیە » گەیشتنەوە ماڵ و بە ژنەکەی گوت:

– کـوڕەکـە لە هـەمـوو بارێکەوە چاک دەر چوو. بەڵام کـارێکی منی پەرێشان کرد. ڕوو داوەکەی بۆ گوڵێ گێڕایەوە. گوڵێ گوتی:

دەزانم کوڕەکەمان بۆ وای کردوە. لە بیرتە کاتێ هەموو ماڵەکەت لە من حەڵاڵ کرد، سێ هەنار لە زەوی کەوتبوون تۆ ئەوانت نە دیبوو، شەوێک ترشیم دەویست، نەموێرا دەست لە هەنارەکان بدەم. تەنیا کونم کرد و مژتم. من بە تۆم گوتبوو هەموو شتەکان ناو بەرە، بەڵام تۆ گوتت: من هیچم نە هێناوەتە ئێرە. ئەوەیە لە کوڕەکەت دا دەر کەوتوە. عەلی بڕوای بە قسەی گوڵێ کرد و هەر سێکیان بە خۆشی و شادی ژیانیان بردە سەر.

www.kerimhisami.com

میرزا مەحمود و هەزاران بلبل ٥٠

شەوێکیان پاشا و وەزیر بە لیباسی گۆڕاو لە نێو شاردا دەگەڕان. بە ژێر پەنجەرەی ماڵێکدا تێدەپەڕین گوێیان لە دەنگی سێ کچ بوو کە پێکەوە قسەیان دەکرد. کیژەکان سێ خوشک بوون. پاشا و وەزیر ڕاوەستان و گوێچکەیان هەڵخست کە ئەوان دەڵێن چی.

یەکەمیان دەیگوت: « ئەگەر پاشا بمهێنێ، لە خۆشیان وەک باڵندە لە حەوا دەفڕم.»

دووەمی دەیگوت:« ئەگەر پاشا بمهێنێ خواردنی وا خۆشی بۆ ساز دەکەم قامکی خۆی پێوە بخوا.»

سێیەمی دەیگوت:« ئەگەر پاشا بمهێنێ کوڕێکی کاکۆڵ زێڕ و کچێکی موو زەردی بۆ دێنم»

پاشا بە وەزیری گوت:« بیستت ئەوانە چییان گوت؟» هەر سبەی ئەمر دەکەم هەر سێکان بێننە کۆشک. بەیانی هەر سێ کیژیان هێنانە کن پاشا و هەر سێکی مارە کردن. شەوی هەوەڵ چوە کن ژنی یەکەم و شەوی دووەم کن ژنی دووەم و شەوی سێیەم چوە کن ژنی چووکتر و لێی پرسی:« لە سەر بەڵێنی خۆت ماوی؟»

ژنەکە گوتی: « دیارە لە سەر بەڵێنی خۆم ماوم نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ و نۆ سەعاتان ڕاوەستە، تا ببینی. لە ڕاستیشدا لە کاتی خۆیدا ژنی گچکە دوو منداڵی بوون، کوڕ و کچ کە هەر تک موو زەرد بوون.

خوشکە گەورەکان دژی خوشکی چوکیان فیکری خەرابیان بۆ هات. پیرێژنێکیان ناردە لای و پێیان گوت: بە نهێنی منداڵەکان بدزێ و دوو گجولە

www.kerimhisami.com

سەگان لە جێی وان دابنێ. پیرێژن وایکرد. کوڕ و کچەکەیان دە سندوقێ نا و خستیانە دەریاوە.

خەبەریان بە پاشا دا کە« ژنت دوو توڵە سەگی بوە» پاشا بە نۆکەرانی گوت:« ژنەکەم لە گەڵ گجولە سەگان لە دەروازەی کۆشک لە کۆڵەکە ببەستن و هەر کەس بەوێدا تێپەڕێ لێیان بدا. لە جیاتی خواردنیش پاشماوەی خواردن و ئێسکیان دە پێش کەن.»

با ئەوان لە جێی خۆیان بن، بزانین سندوقەکە چی بە سەر هات. شەپۆلی دەریا سندوقەکەی برد و تا کەوتە داوی ماسیگرێک. ماسیگر تۆڕی لە ئاو هێنا دەر و دیتی سندوقێکی گەورەی تێدایە. زۆر خۆشحاڵ بوو لە دڵدا بیری کردەوە کە :« بێگومان لە پاپۆرەوە کەوتۆتە دەریا. خوا دەزانێ چی تێدایە. لە وانەیە پڕ بێ لە ئاڵتون و جەواهێرات.»

سندوقی بردەوە ماڵ و بە ژنی پیری خۆی گوت:« بزانە لە دەریا چیم گرتوە »

سندوقیان کردەوە و دیتیان کوڕ و کچێکی تازە لە دایک بوو لە شەمەدێکی سپیدا نوستوون.- هەر تک موو زەرد - توکی سەریان دەدرەوشا. پیرێژن شاد بوو، بە مێردەکەی گوت: « ئێمە چیمان لە خوا دەخواست؟ کوڕێک و کیژێک. ئیمڕۆ خودا ئاواتی ئێمەی بە جێ هێناوە. کوڕ و کچێکی بۆ ناردووین، کە هەر تکیان موو زەردن.

منداڵەکانیان ڕاگرت و ئاگاداریان کردن تا گەورە بون. کوڕەکەیان ناو نا میرزا مەحمود و کیژەکەش گوڵیزار.

چەند ساڵ پێچوو. منداڵەکان گەورە بوون. ڕۆژێک پیرە مێردی ماسیگر میرزا مەحمودی بانگ کرد و گوتی :

- ئەی میرزا مەحمود، ئێمە پیر بووین زۆری نەماوە بمرین. کاتێ من مردم تۆ ناتوانی لێرە بژی. ئەو دار دەستەی من کە لە پەنا وەتاغە هەڵیدەگری و بە هەموو تواناوە بەرەو ئەم چیایە فڕێی دەدەی. لە هەر شوێنێ بکەوێتە عەردی لەو شوێنە کۆشکێکی جوان پەیدا دەبێ. تۆ و گوڵزار بچن لەو کۆشکە بژین.

بەڵام دار دەستەکە ڕابگرە، هەر جارەی بچیە ڕاو. بە کارت دێت.

کاتی پیرەمێرد و پیرێژن مردن، میرزا مەحمود دار دەستی هەڵگرت و بە هەموو تواناوە بەرەو چیا هەڵیداشت. پاشان تەواوی شرە وبرەی خۆی کۆ کردەوە و لە گەڵ گولیزار چوە سەر چیا. تەماشای کرد بە ڕاستی کۆشکێکی جوان لەوێ ئامادەیە. میرزا مەحمود و گوڵزار لەوێ نیشتە جێ بوون. میرزا مەحمود هەموو ڕۆژێ بەیانی دەچوە ڕاو، مامزێک و گا کێوییەکی ڕاو دەکرد و ئێوارە دەهاتەوە ماڵێ و ئاوا ڕۆژی دەبردە سەر.

ڕۆژێکیان کە میرزا مەحمود خەریکی ڕاو بوو، سوارێکی بینی کە بە غار وەدوای گاکێویەک کەوتوە و نایگاتێ. میرزا مەحمود دار دەستی پێدا دا و کوشتی. هەڵیگرت و بردیەوە ماڵ. سوارەکە پێی سەیر بوو. ئەو کە سوار بوو نەیتوانی بیگاتێ ، کوڕێکی پیادە ئەو حەیوانە ڕاو دەکا.

ئەو سوارە پاشا خۆی بوو. ئەو چەندە نارەحەت بوو، بەڵام نەیدەزانی بۆ چی کوڕەکەی خۆش ویستوە، ئێوارە پاشا بە خەمگینی گەڕایەوە. وەزیر لێی پرسی: « قیبلەی عالەم بۆ چی وا خەمبارە ؟

– ئیمڕۆ بە دوای گاکێویەکدا ئەسبم غار دەدا و هەر چی کردم نەی گەیشتمێ. لە نەکاو کوڕێک پەیدا بوو، گا کێوی ڕاو کرد و بردی. من بە سواری نەیدەگەیشتمێ، ئەو بە پێیان گەیشتێ. بەڵام ئەی وەزیر، باوەڕ کە خۆشەویستی ئەو کوڕە کەوتە دڵم و وەک کوڕی خۆم خۆشم ویست.

هەر تک ژنی پاشا بە نهێنی ئەم قسانەیان بیست و هەستیان کرد کە منداڵەکان زیندوون. هەمان پیرێژنیان بانگ کرد و گوتیان: بچێ منداڵەکان بدۆزێتەوە و بیان کوژێ. پیرێژن کەوتە ڕێ، کۆشکی میرزا مەحمود و گولیزاری دیتەوە. لە سەر ڕێی میرزا مەحمودی دانیشت و چاوە ڕوان بوو. تەماشای کرد میرزا مەحمودی لە دوورەوە دێت، چوە پێشی و دەستی بە گریان کرد و گوتی:

– من غەریبم وتەنیا ماومەوە. کەسم نیە. من بەرە ماڵی خۆت، تا ببمە خزمەتکاری تۆ و گوڵزار.

میرزا مەحمود بەزەیی پێدا هات و بردیەوە ماڵێ. گولیزار کە پیرێژنی

www.kerimhisami.com

دیت ، گوتی :« ئەم جاڵجاڵۆکە پیرەت بۆ هێناوەتەوە، فەڕی خەرابە.» میرزا مەحمود گوتی:« پیاو بەزەیی پێدا دێت، ئاخر ئەویش ئینسانە. یارمەتیت دەکا. کاتێ من دەچمە ڕاوێ، تۆ بە تەنیا نابی. تۆ بە تەنیا لەو ماڵە دڵتەنگ دەبی.»

گولیزار ڕازی بوو. پیرێژن لە ماڵی واندا مایەوە. بە چالاکی هەموو کاری ماڵێی ئەنجام دەدا. میرزا مەحمود بە گولیزاری گوت:

– بزانە چەند باش بوو، کەمێک دەحەسێیەوە.. گولیزار لە گەڵ پیرێژن ڕاهات و بوو بە دۆستی. پیرێژنیش هەستی بەوە کرد و ڕۆژێک بە گوڵیزاری گوت:« داوا لە میرزا مەحمودی برات بکە« زەرد خەبەر»ت بۆ بێنێ. « زەرد خەبەر »کیژیکی جوانە و هاو تەمەنی تۆیە. لە گەڵ ئەو ڕۆژگاری خۆش ڕادەبوێری. من کە ناتوانم هەمیشە لای تۆ بم، دەبێ بچمەوە کن منداڵەکانم.»

پیرێژن ئەو قسانەی کرد و ماڵاوایی خواست و ڕۆی. میرزا مەحمود ئێوارە گەڕایەوە و دیتی گوڵیزار تەنیا دانیشتوە و خەمگینە و دەگری. پیرێژنیش لە ماڵێ نیە. میرزا مەحمود پرسی :

– گولیزار پیرێژن لە کوێیە؟ بۆ دەگری ؟

گولیزار گوتی: « پیرێژن لە ماڵی ئێمە ڕۆیشت و چۆوە ماڵی خۆی.»

میرزا مەحمود گوتی :« قەی ناکا. تۆ بە تەنیاش دەتوانی بژی.» گولیزار گوتی : « نا ناتوانم بە تەنیا بمێنمەوە. بڕۆ « زەرد خەبەر» م بۆ بێنە» میرزا مەحمود فیکری کرد کە بێگومان پیرێژنی جادوو گەر ئەم قسەی فێر کردوە. پاشان هەناسێکی هەڵکێشا و گوتی :

– باشە، نانی ڕێگام بۆ ساز کە تا بچم « زەرد خەبەر» بدۆزمەوە. بەیانی زوو نان و خواردنی ڕێگای هەڵگرت و خوا حافیزی لە گولیزار کرد و وەدوای « زەرد خەبەر »کەوت. ڕۆی ڕۆی تا گەیشتە چوار ڕێیانێک. میرزا مەحمود ڕاوەستا و نەیدەزانی بە کام ڕێدا بڕوا. دیتی پیرەمێردێک بۆ لای دێت. پیرە مێرد گوتی :

– ئەی میرزا مەحمودی برای گولیزار، سڵاو. بێگومان ئەو پیرێژنە ئاقڵی خوشکتی دزیوە و تۆشی ئاوا سەرگەردانی جیهان کردوە.

www.kerimhisami.com

– بابە گیان! چبکەم. دەچم « زەردخەبەر » پەیدا بکەم.

– ڕۆڵە گیان گوێ بدە قسەکانی من و مەڕۆ. بەڵام ئەگەر هەر لە سەر ئەم بڕیارە پێ دادەگری، بچۆ سەر لوتکەی ئەو چیایە، باخێکی جوان دەبینی و گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ لە وێدا شین بوون. لەو باخەدا کۆشکێکی سپی و جوان هەیە، بچۆ ناو کۆشک. پیرێژنێکی دەبینی، دانیشتوە و پرچی بڵاو کردوون. مەمکی ڕاستەی هاویشتۆتە سەر شانی چەپە و مەمکی چەپەی هاویشتۆتە سەر شانی ڕاستە. بچۆ لای ئەو. مەمکی ڕاستەی کە لە سەر شانی چەپەیەتی بیمژە. وریا بە بە هەڵە نەچی. دەنا پیرێژن پارچە پارچەت دەکا. پیرە مێرد ئەوەی گوت و بزر بوو.

میرزا مەحمود چوە سەر چیا و دیتی بە ڕاستی باخێکی جوان دەوری کۆشکێکی سپی بەرزی داگرتوە. میرزا مەحمود چوە ناو کۆشک و دیتی پیرێژن بە پرچی بڵاو دانیشتوە و مەمکی ڕاستەی هاویشتۆتە سەر شانی چەپەی و مەمکی چەپەی لە سەر شانی ڕاستیەتی. میرزا مەحمود چوە پێش و سڵاوی کرد و مەمکی ڕاستی مژی.

پیرێژن گوتی : « ئەی بەد زات. بێگومان کەسێک فێری کردووی. باشە. بڵێ بزانم بۆ هاتوویە ئێرە.؟

میرزا مەحمود گوتی :« هاتووم « زەرد خەبەر » لە کن تۆ بەرم.» پیرێژن هەستا و دەرگای کردەوە و بانگی کرد:« ئەی « زەرد خەبەر» بە دوای تۆ داهاتوون.» کیژێک لە بەر دەرگا دەر کەوت. کیژێکی ئەوەندە جوان کە مرۆ لە تەماشای تێر نە دەبوو.

پیرێژن گوتی : « ئەوەش « زەرد خەبەر » میرزا مەحمود چەند ڕۆژێک لەو کۆشکە مایەوە ورۆژێ بە کیژەکەی گوت:« دەبێ لێرە بڕۆین. گولیزار چاوی لە ڕێگای تۆوە.» زەرد خەبەر گوتی : « چبکەین. ئەگەر ڕێی حەوتساڵانیش لە پیرێژن وە دوور کەوین، دیسان دەمان دۆزێتەوە. بەڵام قەی ناکا ، بیرێک دەکەمەوە. ڕۆژی دوایە میرزا مەحمودی بانگ کرد و گوتی :

– سبەی بەیانی من و تۆ دەکەوینە ڕێ. من شانەی سەری پیرێژن و

www.kerimhisami.com

سابونێک هەڵدەگرم و تۆش ئەو لەگەنە هەڵگرە کە بۆ شوشتن ئاوی تێدەکا. ڕۆژی دوایی سەر لە بەیانی ئەو شتانەیان هەڵگرت و کەوتنە ڕێ، کەمێک ڕۆیشتن ئاوڕیان داوە، دیتیان تۆز و گێژەڵوکەیەک هەستاوە. « زەرد خەبەر» گوتی : « ئەوە پیرێژنە وەدوای ئێمە کەوتوە. ئەوەی گوت و شانەکەی بۆ لای پیرێژن هاویشت. دەست بەجێ لەو شانە جەنگەڵێکی چڕ پەیدا بوو کە دارەکانی هەموو دڕک بوون. پیرێژن لە نێو جەنگەڵ دا حاسیە بوو، هەموو لیباسەکانی دڕ بە دڕ بوون. دەستەکانی بە خوێن بوون. بەڵام لە گەڵ ئەوەش توانی لە جەنگەڵ بێتە دەر.

« زەردە خەبەر» و میرزا مەحمود دیتیان کە دیسان لێیان وەنیزیک کەوتوە.« زەرد خەبەر» سابوونەکەی بۆ پشت خۆیان هاویشت. لە جێگای سابوون چیایەکی گەورەی سەهۆڵ پەیدا بوو. پیرێژن دەیویست لە کێوی سەهۆڵ سەر کەوێ، نەیدەتوانی و دەخلیسکا، نەیدەتوانی هەنگاوێک بچێتە پێش. بەڵام ئاخرەکەی بە هەر زەحمەتێک بوو لە چیاکەش سەر کەوت و کەوتە دوایان.« زەرد خەبەر» دیتی نیزیکە بیانگاتێ. بانگی میرزا مەحمودی کرد کە تەشتە ئاوەکە بۆ پشتەوە فڕێ بدا. میرزا مەحمود تەشتە ئاوەکەی هەڵداشت و بوو بە دەریایەکی مەزن و پیرێژنی تێدا نوقم بوو.

میرزا مەحمود و « زەرد خەبەر» بە سلامەتی و بێ ترس گەیشتنەوە ماڵ. گولیزار هەر لە هەوەڵەوە « زەرد خەبەر» ی خۆشویست و هەر سێک ژیانێکی خۆشیان هەبوو. ڕۆژێک پاشا دیسان چوە ڕاوی و توشی میرزا مەحمود بوو. پاشا ویستی بیدوێنێ. بەڵام میرزا مەحمود وەدوای مامزێک کەوت و بزر بوو. پاشا جارێکی دیکەش بە خەمباری گەڕایەوە. شەو بە وەزیری گوت:

– دیسان ئەو کوڕەم لە جەنگەڵ دیت. تا هاتم بانگی بکەم، ون بوو. وەختە دڵم بۆی بتەقێ.

دوو ژنی پاشا زانیان کە منداڵەکان زیندوون. جارێکی دیکە پیرێژنیان ناردە کن میرزا مەحمود و گولیزار. پیرێژن هاتە کن گولیزار و کیژەکە خۆشحاڵ بوو. پیرێژن لە گولیزاری پرسی:« باشە، میرزا مەحمود« زەردخەبەر»

بۆ هێنای یان نا ؟»

کیژەکە گوتی: « بەڵێ هێناویە،» پیرێژن گوتی : « بلێ هەزار بلبلت بۆ بێنێ، ئەوەی گوت و گەڕایەوە. « زەرد خەبەر» پیرێژنی بینی و هەستی کرد کە زیانیان پێدەگەیێنێ. تیر و کەوانی میرزا مەحمودی هەڵگرت و پیرێژنی کوشت و گەڕایەوە. بەڵام دیتی گولیزار نایدوێنێ. « زەرد خەبەر» هەر چەند کردی و بیری کردەوە نەیزانی کە چی قەوماوە. ئێوارە میرزا مەحمود هاتەوە دیتی گولیزار کز و خەمگینە. لێی پرسی . چی قەوماوە ؟

گولیزار گوتی : دەمەوێ « هەزار بلبل» لێرە بن.

میرزا مەحمود گوتی : « زۆر باشە. تێشوی ڕێگام بۆ ساز کە، سبەی بەیانی وەڕێ دەکەوم. بەیانی خورجێنی تێشوی ڕێگای هەڵگرت و کەوتە ڕێ. دیسان توشی پیرە مێردی گۆڕین بوو. پیرە مێرد لێی پرسی:« دیسان گولیزار تۆی بۆ مردن نارد.»؟

میرزا مەحمود وەڵامی داوە:« بەڵێ بابە گیان، چی بکەم. دەچم هەزار بلبل پەیدا بکەم.

– کارێکی دژوارە. بەڵام من یارمەتیت دەدەم. بچۆ سەر ئەم کێوە. دەبینی بەردی زۆری لێن. ئەگەر باش تەماشا بکەی دەبینی کە ئەو بەردانە ئینسان و جانەوەر ومێگەلە ئاژەڵن کە هەزاران بلبل کردوونی بە بەرد. کاتێکی گەیشتیە وێ، بانگ کە« ئەی هەزاران بلبل، ئەی هەزاران بلبل» ئەو لە وەڵام دا دەڵێ:« نەفرین لە تو» ئەو دەم تا ڕانەکانت دەبنە بەرد. جاری دووەم بانگ کە؛« ئەی هەزاران بلبل» ئەو دیسان دەڵێ:« نەفرین لە تو» تا پشتت دەبێتە بەرد. جاری سێیەم بانگ کە و سەر تا پات دەبێتە بەرد. ئەگەر گولیزار بۆ دۆزینەوەت بێ، ڕزگار دەبی و دەنا بۆ هەمیشە بە بەرد دەمێنیەوە. پیرە مێرد ئەوەی گوت و بزر بوو.

میرزا مەحمود چوە سەر چیا و دیتی ئینسان و جانەوەر و مەڕ و ماڵاتی زۆر بوونە بەرد. میرزا مەحمود بانگی کرد:

– ئەی هەزاران بلبل !

www.kerimhisami.com

هەزاران بلبل وەڵامی داوە: « نەفرین لە تۆ»

میرزا مەحمود هەر ئەو دەم هەستی کرد کە لاقی بوون بە بەرد. جاری دووەم بانگی کرد و جاری سێیەم سەرتا پا بوو بە بەرد. با ئەو لە وێ بێت. بچین بزانین گولیزار و « زەرد خەبەر» چی دەکەن. ئەم دوو کیژە چاویان لە رێی میرزا مەحمود بوو کەی دەگەڕێتەوە. دیتیان نایەتەوە، خۆیان بۆ سەفەر ئامادە کرد و بە دوای ئەو دا کەوتنە رێ. هەمان پیرە مێرد لە سەر رێیان سەوز بوو گوتی :

– باشە، گولیزار میرزا مەحمودت نارده جێیەک کە هیچ ئادەمیزادێک لەوێ ناگەڕێتەوە، ئێستا خۆت وەدوای کەوتووی. باشە یارمەتیت دەکەم. بچنە سەر ئەو چیایە، کۆمەڵێک ئادەمیزاد و جانەوەر و ئاژەڵ و چوار پێ دەبینن کە بوونە بەرد. لە نێو ئەواندا میرزا مەحمود دەناسیەوە. موە زەردەکانی با بڵاوی کردوە. ئەی گولیزار، بۆ لای ئەو بچوو، لە ئامێزی گرە و هەزاران بلبل بانگ کە. هەزاران بلبل کیژێکە و کیژی خۆش دەوێن. لە وەڵامی تۆ دا دەڵێ:« گیان » لە گەڵکوو ئەوەی گوت تەواوی ئینسان و لاوەکان تا پشت زیندوو دەبنەوە. سێ جار بانگی کە تا هەموویان زیندوو دەبنەوە. ئەو دەم هەموو ڕا دەبن و بۆ ئەملا ولا ڕادەکەن. ئەگەر میرزا مەحمود نە گری و ڕاینەگری، ئەویش ڕادەکا و ئیتر نایبینیەوە. توند بیگرە تا لە دەستت ڕانەکا.

کچەکان وە سەر چیا کەوتن و دیتیان هەر چی پیرەمێرد گوتی ڕاست بوە. گولیزار میرزا مەحمودی ناسی و بۆ لای چوو لە ئامێزی گرت و سێ جار بانگی کرد:« هەزاران بلبل ». سێ جاریش وەڵامی « گیان» ی بیست. جاری سێیەم تەواوی ئەوانەی ببوونە بەرد، گیانیان هاتەوە بەر و بۆ ئەملا ولا ڕایان کرد و تا ئێستاش هەر وا ڕادەکەن. بەڵام گولیزار توند میرزا مەحمودی گرت، تا ئەقڵی هاتەوە سەر. ڕۆژی سێیەم هەر سێکیان چوونە کۆشکی هەزاران بلبل. سێ ڕۆژ لەو کۆشکە میوان بوون و پاشان بەرەو ماڵ کەوتنە ڕێ. هەزاران بلبل– یش لە گەڵیان چوو. لە ڕێگا توشی پیرەمێردی گۆڕین بوون و گوتی :

– من یارمەتی ئێوەم دا تا بە ئاوات گەیشتن. ئێستا ئێوە دوعا بکەن کە من گەنج ببمەوە.

هەموو تێکرا دوعایان کرد و پیرە مێرد لە بەر چاوی ئەوان بوو بە لاوێکی قۆز و لە گەڵ ئەوان هاتە ماڵیان. بەیانی میرزا مەحمود ویستی بچێتە ڕاو. هەزاران بلبل پێی گوت :« ئیمرۆ هەمان سوار دەبینی کە وەدوای مامزێک کەوتوە، نایگاتێ. تۆ ڕاوی کە و بیدەیە. پێت دەڵێ:« ئیمرۆ تو میوانی من بە» قبوڵی کە. کە چوویە کنی، دەسکە گوڵێک لە گەڵ خۆت بەرە و بۆ ژنێکی باوێ کە لە پەنا دەروازەی کۆشک لە دار بەستراوە. لە هەر شوێنێ دانیشتی، لە جێی خۆت هەڵمەستە. کاتێ خواردنیان لە پێش دانای، کەمێکی بدە بە پشیلە. ئەگەر خواردی و هیچی لێ نەهات، بێ ترس بیخۆ. ئەگەر پشیلەش مرد، دەستی لێ مەدە و هەستە و خوا حافیزی بکە و وەرەوە.

میرزا مەحمود قسەکانی هەزاران بلبلی بە وردی ئەنجام دا. کاتێکی خزمەتکار خواردنیان لە پێش دانا، کەمێکی هاویشتە پێش پشیلە. خواردی و لە وێ وشک هەڵات. میرزا مەحمود دەستی بۆ خواردن نە برد ، هەستا و بۆ ماڵێ گەڕایەوە، .ڕۆژی دوایە هەزاران بلبل بە میرزا مەحمودی گوت:

– ئەگەر ئیمرۆ پاشات لە سەر ڕێگای خۆت بینی، ئەو جاریش مامز ڕاو کە و بیدەیە، پاشان داوەتی بکە بۆ میوانی.

میرزا مەحمود گوتی : ئاخر ماڵی من بچوکە و هیچم نیە. بۆ کوی داوەت بکەم. هەزاران بلبل گوتی :

– لەم بارەوە نیگەران مەبە. من هەموو شت جێ بە جێ دەکەم. میرزا مەحمود چوە ڕاو. دیتی پاشا دیسان بە دوای مامزێکدا ئەسب لنگ دەدا و نایگاتێ. میرزا مەحمود مامزێکی ڕاو کرد و بە دیاری دای بە شا و گوتی :

– قیبلەی عالەم! ئیمرۆ میوانی من بە!

کاتی ڕۆژ ئاوا پاشا و وەزیر لە گەڵ هاو ڕێیانیان هاتنە ماڵی میرزا مەحمود. تەماشایان کرد کۆشکێکی بەرز و جوان و لە هەموو لاوە نۆکەر لە هاتوو چۆ دان. میرزا مەحمود خۆی یارمەتی کرد پاشا دابەزێ و پاشا ن

www.kerimhisami.com

ئەسبەکەی بردە تەویلە. هەموو هاتنە ژوور. خواردنیان هێنا. هەر یەکەی دەورێکی ئاڵتونی پڕ لە خواردنیان لە پێش دانان. بەڵام بۆ وەزیر و پاشا تەنیا یەک دەوری ئاڵتونیان دانا. هەزاران بلبل بە میوانانی گوت:« کە نانتان خوارد و تێر بوون، دەورییەکان بۆ خۆتان هەڵگرن، پێشکێشتان دەکەین.

هەموو خواردیان و تێر بوون. پاشا و وەزیر لە سەر دەوریەکە لێیان بوو بە کێشە. پاشا دەیگوت؛ دەوریماڵی منە» وەزیر دەیگوت: نا « ماڵی منە » کەمی مابوو لە دمی یەک بدەن.

هەزاران بلبل ڕووی کردە میوانان و گوتی :« ئەی میوانینە تەماشا کەن چۆن قیبلەی عالەم و وەزیری لە سەر دەوری کێشە دەکەن.» هەموو پێکەنین.

پاشان هەزاران بلبل گوتی :« ئەی پاشا دەورییەکە بدە بە وەزیر، ئێمە بۆ تۆ دیاری زۆرمان ئامادە کردوە. باشترە وەبیر خۆت بێنیەوە کە چۆن بە قسەی ژنەکانت باوەڕ کرد کە ژنە گچکەکەت دوو گجولە سەگی بوە. پاشان هەزار بلبل تەواوی حکایەت و روو داوەکەی بۆ پاشا گێڕاوە و گوتی: ئەوانە میرزا مەحمود و گولیزاری مو زەردی منداڵی تۆن.»

پاشا زۆر شاد و کەیف خۆش بوو، میرزا مەحمود و گولیزاری ماچ کرد و لە گەڵ میرزا مەحمود و گولیزار وهەزاران بلبل و « زەردە خبر» بۆ کۆشکی خۆی گەڕایەوە.

کاتێ گەیشتنەوە کۆشک، پاشا ئەمری کرد کە دوو ژنەکانی بێن. دوو حوشتریان هێنا، ماوەیەک تفاقیان نەدا بە یەکیان و ئاو بە ئەویتریان. هەر تک ژنیان لە حوشتران بەستن . حوشترەکان یەک بۆ تفاق و یەک بۆ ئاو، هەر یەکە ڕوویان دە لایەک کرد و ژنەکانیان لە بەر یەک هەڵدڕی. ئەو جار ئەمری کرد کە ژنە گچکەکەی لە دار بکەنەوە و بیبەنە حەمام و لیباسی جوان و شازی دەبەر کەن، دایکی ئەو دوو منداڵە لە پەنا پاشا لە سەر تەخت دانیشت. پاشان دوو زەماوەندیان بە جارێک ساز کرد. گولیزاریان دا بەو لاوە کە هەزاران بلبل تەلیسمی وی شکاند بوو، گەنجی کرد بۆوە.« زەرد خەبەر» و هەزاران بلبل- یشیان دا بە میرزا مەحمود و هەمویان بە ئاواتی خۆیان گەیشتن.

ڕۆستەمی زاڵ ٥١

زاڵ و خوشکی هەتیو بوون و کەس نە بوو نانیان بداتێ. کەوتنە ڕێ تا بە دەوری دنیا دا بگەڕێن. ماوەیەکی زۆر گەڕان، ماندو بوون، زەحمەتێکی زۆریان کێشا، ئاخرەکەی گەیشتنە وڵاتی قەراڵی کافر. زاڵ و خوشکی لە پەنا حەساری شار دانیشتن، سەرمایان بوو، پاڵیان وێک دا و خەویان لێکەوت.
وەزیری قەرالی کافر بە لایاندا تێپەڕی تەماشای کرد دوو منداڵ لە پەنا حەسار لە ئامێزی یەکتردا خەوتوون. وەزیر تەماشایکردن و دیتی موسڵمانن. چۆوە دیوانی قەرال و گوتی :« دوو موسڵمان هاتوونە شاری ئێمە لە پەنا حەسار خەوتوون، چی یان لێبکەین ـ»
قەرال گوتی : برۆ هەر دوکیان بکوژە تا تۆرەمەی موسڵمانان نەمێنێ.
وەزیر گوتی :« دوو منداڵی بچوکن. سەریان لە هیچ دەر ناچێ. با گەورەیان بکەین، ڕۆژێ بە کارمان دێن.»
قەرالی کافر ڕازی بوو گوتی:« باشە، بە نۆکەرێکیان بسپێرە و بڵێ ئاگای لێیان بێت ، با گەورە بن.»
سەرتان نەیێشێنم زاڵ و خوشکی گەورە بوون پازدە ساڵیان تەواو کرد. ڕۆژێ قەرالی کافر گوتی :« لاوەکە بێننە کن من وکیژەکەش بچێتە ژوور. کاتێ قەرال زاڵی بینی ئاقڵی لە سەر دا نەما. دیتی زاڵ بە ڕاستی پاڵەوانێکە. تاقیکردەوە و بە سەر هەموو پاڵەوانەکاندا زاڵ بوو. قەرال پاڵەوانێکی هەبوو بە ناوی قەمبەر کە سەر کردەی هەموو پاڵەوانەکانی بوو. زاڵی بەو سپارد و قەمبەر بۆ هەر شەڕێک دەچوو. زاڵیشی لە گەڵ خۆ دەبرد.
لە وڵاتی قەرالی کافر ، شارێک لە ڕۆخی دەریا بوو. لەو شارە جانەوەرێکی

سامناک پەیداببوو کە هەموو کەسی دەکوشت و دەیخستە دەریاوە. قەرالیان ئاگادار کرد. هەموو خەڵک و پاڵەوانەکانی کۆ کردەوە و گوتی:

– هەر کەس بە سەر ئەم جانەوەرە سامناکەدا زاڵ بێ، ئەم شارە دەبێتە مڵکی وی حکوومەتی بەسەردا بکا و باج وماڵیات بۆ خۆی وەر گرێ.

هەموو پاڵەوانەکان کەوتنە فیکر و ئەوەندەیان سەبیلە کێشا کە سوتووی سەبیلەکانیان کێوێکی لێ کەوتەوە، بێدەنگ بوون. زاڵ لە ناویاندا هەستا و گوتی :« پاشا ئەم کارە بە من بسپێرێ. نە دایکم هەیە و نە باب. من و خوشکم بێکەسین. ئەگەر بشکوژرێم کەس نیە تازیەم بۆ دابگرێ.»

قەرال زاڵی خۆش دەویست، گوتی :« من ئەو هەموو پاڵەوانەم هەنە، یەکیان ئامادە نەبوو بچێتە شەڕی ئەم جانەوەرە. ئافەرین بۆ تۆ کە ئامادەی بچی.»

زالیان بۆ شەڕ ئامادە کرد و چەک و ئامرازی پێویستی هەڵگرت و لە گەڵ خوشکی ڕێیان داگرت. ڕۆیشتن تا گەیشتنە ئەو شارە. زاڵ تەماشای کرد دوکان هەموو کراونەوە، بەڵام کەس دیار نیە. زاڵ خانوییێکی جوانی هەڵبژارد و لە گەڵ خوشکی کردیانە مەنزڵ و تێیدا دانیشتن. پاشان چوە شار و لە دوکانان خواردنی جۆر بە جۆری هەڵگرت و بردیەوە ماڵ. خوشک و برا نانیان خوارد. پاشان چەکی هەڵگرت و چوە ناو شار بسوڕێتەوە. دیتی هەموو شوێنێ هێدی و ئارامە. لە دڵی خۆیدا گوتی:« هەر بەڵایەکی بێ لە لای دەریاوە دێت و رووی کردە دەریا.

تەواوی شەو لە ڕۆخی دەریا دەگەڕا و هیچی نەدیت. لە پڕ بینی لافاوی دەریا وەک کێو هاتە بزووتن و جانەوەر هاتە قەراخ و یەکسەر رووی لەو کرد و دەیەوێ پەلاماری بدات. زاڵ بە گڕ جانەوەر داچوو. جانەوەر دەیویست زاڵ بۆ دەریا ڕاکێشێ و ئەویش دەیویست جانەوەر بۆ وشکی بێنێ. تا بەیانی لە مل بە ملە دا بوون، هیچ کامیان سەر نە کەوتن. زەوی لە ژێر قاچیان وەک کێڵراوی لێهاتبوو. جانەوەر لە دەست زاڵ دەر چوو لە دەریادا بزر بوو. زاڵیش چۆوە ماڵ. لای ڕۆژ ئاوا زاڵ جارێکی دیکەش بۆ لای دەریا چوو. سێ شەو جانەوەر و زاڵ لە شەڕ دابوون. بەیانی شەوی سێیەم زاڵ جانەوەری لە عەردی دا و

هەڵیکێشا خەنجەر کە سەری ببڕێ، لە پڕ جانەوەر وە قسە هات و گوتی :
– ئەی زاڵ مەمکوژە. پێستم لێ بکەوە بزانە چ دەبینی.
زاڵ پێستی جانەوەری تا سنگ و نێو قەدی دڕی، سنگ و مەمکی ژنێک دەر کەوت. زاڵ لە سەر بەردێک دانیشت و گوتی: « موبارەک نە بێ، سێ ڕۆژ لە گەڵ ژنێک شەڕم کردوە، خۆشم بە پیاو دەزانم» رودابە کە ناوی کیژەکە بوو، پێستی جانەوەری دڕاند و بوو بە کیژێکی چاردە ساڵە و لە کن زاڵ دانیشت و گوتی :
– ئەی زاڵ خەمێ مەخۆ. من کیژی شای پەریانم. هێشتا شیرە خۆرە بووم دایکم دوعای لێکردم و گوتی :« تۆ دەبیە جانەوەریکی سەیر و لە دەریادا دەژی. زاڵ بەسەرت دا سەر دەکەوێ. دوعای دایکم گرتمی و ئێستا دەبێ تۆ بمهێنی.»
زاڵ رودابەی بردە دوکان ولیباسی بۆ هەڵگرت. لیباسی شازی کردە بەر و ئەوەندە جوان بوو بە مانگ و ڕۆژی دەگوت، من دەر کەوتووم، ئێوە دەر مەکەون. چوونەوە ماڵ.
زاڵ بە خوشکی گوت:« ئەوە هەمان جانەوەرە کە لە دەریا دەهاتە دەر.ناوی رودابەیە و کیژی شای پەریانە و من دەیهێنم.»
زاڵ رودابەی هێنا و پاش ماوەیەکی پێی گوت:« دەبێ هەموو شت بە قەرالی فەرەنگ بێژم»
– بۆ چی ؟
– بۆ چی کامەیە ؟ قەرال بەڵێنی داوە ئەم شارە بدا بەو کەسە کە بەسەر جانەوەردا زاڵ بێ. وەرە بچینە کن قەرال و بزانین دەڵێ چی.
– چ قەیدیە با بچین. سواری ئەسپان بوون و کەوتنە رێ. زاڵ لە پێش و رودابە لە دواوە. زاڵ ئاوڕی داوە و تەماشای رودابەی کرد.
رودابە گوتی :« بۆ چی وا ئاور دەدەیەوە و تەماشام دەکەی.؟
زاڵ گوتی: « تۆ زۆر جوانی. لەشکری کافران زۆرن. دەترسم لە منت بستێنن. ئاخر ئەوان زۆرن و من بە تەنیا، سەر دەکەون،»
رودابە گوتی : « نیگەران مەبە و مەترسە. با برۆین.»

www.kurdishsami.com

ڕۆیشتن تا گەیشتنە شاری قەرالی کافران. زاڵ تەماشای رودابەی کرد، دیتی چاوی دەرپەڕیون وزاری گەورە بوە و هەر کەسێ چاوی لێ بکا دەترسێ. زاڵ خۆشی ترسا. کاتێ گەیشتنە شار، زاڵ پەیامی بۆ قەرال نارد کە وا جانەوەرم هێناوەتە ئێرە، ڕێگا بدە بیهێنمە کۆشک. قەرال ئیجازەی دا و چوونە کۆشک. قەرال کە چاوی بە جانەوەر کەوت ترسا و لە پشت کورە خۆی شاردەوە و هاواری کرد:

– ئەی زاڵ. زووتر لێرە بیبە دەرێ.

زاڵ رودابەی بردە دەر و بە قەرالی گوت:« تەواوی خەڵک کۆ بکەوە تا هەر کەسێ دەیەوێ لە گەڵ من بێ و هەر کەسیش دەیەوێ با لای تۆ بمێنێتەوە.»

قەرال خەڵکی بانگ کرد و گوتی :« هەر کەس دەیەوێ بچێتە کن زال لە لای چەپە بوێستێ و هەر کەس دەیەوێ لای من بمێنێتەوە لە لای ڕاستە بوەستێ.»

ئێستا با بزانین پاڵەوانگەل چیان کرد. سەر کردەی پاڵەوانان قەمبەر چوە کن زاڵ. خەڵک و پاڵەوانگەلی تر کە دیتیان سەر کردەی پاڵەوانان بۆ لای زاڵ ڕۆیشتوە، ئەوانیش چوونە کن زاڵ. بەڵێ چوون و لە گەڵ قەرالی کافر کردیان بە شەڕ و شکاندیان. کلیسایان وێران کرد و مزگەوتیان لە جێ دانا. ئایینی ئیسلامیان دامەزراند. پاشان زاڵ و لایەنگرانی چوونەوە شاری خۆیان. زاڵ لە شاری خۆی بە کار و باری خەڵک ڕادەگەیشت، خوشکیشی دا بە قەمبەری پاڵەوان. زاڵ و پاڵەوانگەل هەموو ڕۆژێ دەچوونە ڕاو و ئێواران دەگەڕانەوە. لە کۆشکی زاڵ کۆ دەبوونەوە و تا نیوە شەو داستانیان دەگێڕانەوە و پاشان بڵاوەیان دەکرد.

چەند ساڵ پێچوو ، رودابەی ژنی زاڵ ژانی هاتنێ و بەڵام منداڵەکەی نەدەبوو. زاڵ کەوتە فیکرەوە کە چی بکات. پشتیوانی بنە ماڵەیان سیمرغ بوو. سیمرغ فڕی و هاتە کن زاڵ و گوتی:« کاتی بیر کردنەوە نیە . ئەگەر تۆزێ ڕاوەستی، رودابە دەمرێ.»

– چی بکەم؟

– ڕۆستەمێک لە سگی ڕوو دابە دایە و شەرم دەکا بە ڕێگای ئیعتیادی دا بێتە

www.kermihisani.com

دەر. دەست دە شـیـر و سگـی بدڕە و ڕۆسـتـەم بێنە دەرێ. دوایە سگی دایکی بدروونەوە. من پەڕێکی باڵی خـۆمت دەدەمێ، دە ئاوی هەڵکێـشـە و بە سـەر برینەکەی دابێنە، چاک دەبێتەوە.

زاڵ بە قسـەی سیمرغ بزووتەوە. دوازدە پیرێژن دەوری ڕودابەیان دا. نێـوکی ڕۆستەمیان بڕی لە تەشتێکی ئاو دا شوشتیان. ڕۆستەم دەستی ڕاوەشاند و پیرێژن بڵاو بوون و هاواریان کرد:« ئەی زاڵ! ئێمە بە ڕۆستەم ناوەستین.»

زاڵ هاتە کن ڕۆسـتـەم و گـوتی :«ڕۆسـتـەم ئارام بە، دانیشـە. لێگەڕێ سـەر و لەشت بشۆن. ڕۆستەم ئارام بوو. پیرێژن شوشتیان و دە بێشکەیان نا.

ئێستا باسی قەمبەر بکەین. خێزانی قەمبەر کوڕێکی بوو، ناویان نا بەدران. منداڵی خەڵک ساڵ بە ساڵ گەورە دەبن. بەڵام ڕۆستەم و بەدران ڕۆژ بە ڕۆژ و سەعات بە سەعات گەورە دەبوون.

سـەرتان نەیێشێنم. ئاخر زمان ئێسکی نیە کە هەر چەندی ببزوێ و بپەیڤێ هیلاک نەبێ. بەڵێ. ڕۆستەم گەورە بوو لاوێکی بە هێز. زال قەمبەری بانگ کرد و ڕۆستەمی پێ ئەسپارد و گوتی :

– ئاگات لە ڕۆستەم بێ. هەر چی خۆت دەیزانی فێری کە. با لە هەموو شوێنێ لە گەڵ تۆ بێ. تەنیا ئاگادار بە نەچنە سەر ئەو کێوە، بەڵایێکتان بە سەر دێت.

قەمبەر و ڕۆستەم لە کوێستانەکان دەگەڕان. ڕۆستەم چوە کن ئاسنگەر و گوتی :« گورزێکی چل مەنی بۆمن دروست کە.»

ئاسنگەر گورزی بە دڵی ڕۆستەمی دروست کرد. ڕۆستەم هاتە کن بابی و دیتی پاڵەوانگەل هەموو لەوێ کۆبوونەوە. پاڵەوانگەل گورزی خۆیان لە قوژبنێک دانا بوو. ڕۆستەم گورزی خۆی هاویشتە سەر گورزی پاڵەوانەکان. ئەوان ویستیان بڕۆنەوە و گورزەکانی خۆیان هەڵبگرن. نەیانتوانی. گورزی ڕۆستەم لە سەر گورزی ئەوان دانرا بوو. ئەوەندە قورس بوو کە هیچیان نەیانتوانی بیبزێون. پاڵەوانگەل تووڕە بوون و هاتنە کن زاڵ و گوتیان :

– گورزی کوڕی تۆ تەواوی گورزەکانی ئێمەی ورد کردوە. زاڵ دیتی ڕاستە. ڕووی کردە ڕۆستەم و گوتی :

www.kerimhisami.com

– ئەی ڕۆستەم ئەو کارە چیە ؟ هێشتا بۆنی شیرت لە زاری دێت، دەتەوێ هێزی خۆت بە چاوی پاڵەوانگەل دابدەیەوە.؟
– هێز بە چاو دادانەوە نیە. پاڵەوانگەل گورزی خۆیان لە سەر یەک داناوە. منیش گورزی خۆم لە سەر وان دانا. ئێستا هەڵیدەگرم و دەڕۆم. گرژ بوونی ناوێ.
ڕۆستەم گورزی خۆی بە سانایی هەڵگرت، دەتگوت هەر قورس نیە. پاڵەوانگەل –یش بە دوای ئەو داگورزی خۆیان دەست دایە و بڵاوەیان کرد. چوونەوە ماڵی خۆیان و بەڵام قینی ڕۆستەمیشیان لە دڵ گرت. زاڵ دیتی پاڵەوانگەل ئێرەیی بە ڕۆستەم دەبەن. هەموو پاڵەوانەکانی بانگ کرد و گوتی :
– ئەو مەزرایەی کە دەیبینن، پێش سەت ساڵ باپیرم گورزی خۆی بە عەردی داداوە. گورزە کە چۆتە خوار لە عەرد و تەنیا ئاڵقەکەی دیارە. ئەگەر ڕۆستەم توانی ئەم گورزە بێنێتەوە دەر، دەبێ دان بەوە دابنێن کە لە ئێوە بە هێز ترە. ئەگەر نەیتوانی بیکوژن.
پاڵەواانگەل ڕۆستەمیان بردە مەزرا و گوتیان:« ئەو گورزەی ئاڵقەی دیارە، بیهێنە دەر. ئەگەر هێناتە دەر، سەر کردە و سەر وەری ئێمەی. ئەگەر نا، دەتکوژین.
ڕۆستەم قامکی گچکەی خۆی دە ئاڵقەی گورزەکە کرد و هێنایە دەر و بۆ حەوای هەڵدا و گرتیەوە وەک یاری بکات و گوتی:
– چەند گورزێکی باشە. ئەگەر پەنجا مەنی دیکە قورس بایە خەراب نە دەبوو.
ڕۆستەم پاش و پێشی کرد و گورزەکەی هەڵداشت و وەها چوە دەزەوی کە ئاڵقەکەشی دیار نەبوو.
حکایەتەکەیان بۆ زاڵ گێڕایەوە. بە پاڵەوانانی گوت: چار نیە دەبێ لە ژێر فەرمانی ڕۆستەم دابن.
ڕۆستەم و قەمبەر چوونە ڕاو و ساڵێک نەگەڕانەوە. ئاخرەکەی قەمبەر ڕۆستەمی بە زۆر هێناوە ماڵ. زاڵ و قەمبەر دیتیان کە کاتی ئەوە ڕۆستەم ژن بێنێ. ژنیان بۆ هێنا و شایی و زەماوەندیان ساز کرد. مانگێک تێپەڕی،

www.kerimhisami.com

ڕۆستەم و قەمبەر جارێکی دیکەش چوونە ڕاو. یەک دوو مانگ خەریکی ڕاو بوون ئاخری گەیشتنە سەر ئەو چیایە کە زاڵ گوتبووی نەچن.

ڕۆستەم گوتی :« وەرە با بچینە سەر کێو.

قەمبەر گوتی:« بچین چی بکەین.؟ باشترە بچینە جێیەکی دیکە.

ڕۆستەم پێکەنی و گوتی: « بێژە دەترسی.! ئاخر چووینە هەموو شوێنێ و ڕاومان کرد سەری ئەم کێوە نە بێ. قەمبەر نەیتوانی ڕۆستەم قانیع بکا، و چوونە سەر چیا. دیتیان هەمووی پڕە لە گوڵ و گوڵزار. وەک بەهەشت وایە و کار مامز تێیدا دەسوڕێنەوە. قەمبەر و ڕۆستەم دوو مامزیان ڕاو کرد و خێوەتیان لێ هەڵدا، کەبابیان ساز کرد و خواردیان.

ڕۆستەم درێژ بوو بە قەمبەری گوت :« درێژ بە و بنوو.

قەمبەر گوێ نەدایە و نە نوست و کێشکی دەکێشا. شەو کردیە هەور و باران باری. قەمبەر شیرێ دەست دایە و لە خێوەت چوە دەر. دیتی عەزیایەکی سامناک لە پێش خێوەتە و ئاگری لە زاری دێتەدەر. قەمبەر شیرەکەی لە پێش خۆ ڕاگرت و عەزیا هەناسەی هەڵکێشا و قەمبەری قوت دا. بەڵام شیری قەمبەری ئەوەندە تیژ بوو کە عەزیای دوو لەتکرد. قەمبەر لە زاری عەزیا هاتە دەر و گوێچکەکانی بڕی دە گیرفانی نا و چۆوە خێوەتێ. کاتێ ڕووناک بوو قەمبەر خواردنی ئامادە کرد. ڕۆستەم هەستا، نانی خوارد و قەمبەر گوتی :

– با لێرە بڕۆین.

– بۆ بڕۆین؟ جێی باشتر لێرە لە کوێ پەیدا بکەین؟

دیسان لە بەیانیەوە چوونە ڕاو، دوو کار مامزیان ڕاو کرد، کەبابیان ساز کرد و نانیان خوارد. ڕۆستەم نوست و قەمبەر کێشکی کێشا. نیوە شەو دەنگی هەرا و هاواری بیست. لە خێوەت وەدەر کەوت. دیتی دێوێکی بە سام لە بەرانبەری وێستاوە و دەسبیحێکی بە دەستەوەیە دەنکەکانی بە قەدرایی بەرداشێکن. بەردەکان وێک دەکەون و دەنگیان دێت.

دێو هاواری کرد: « ها، ها، حەوت ساڵە دانم دێشێ و گۆشتی تولە سەگێکی وەک تۆ چاری دەکا. تۆم لە ئاسمان دەویست ولە زەوی پەیدام کردی. ئێستا لە

www.kerimhisami.com

سەر دانمت دادەنێم تا نەختێک هێدی بێت»
قەمبەر گوراندی و گوتی :« ئەی منداری پیس، لە پێشدا بخۆ و دوایە بزانە چیە
دێو تورە بوو دەسبیحەکەی بە قەمبەری دادا. قەمبەر خۆی لە بەر لادا و
دەسبیح لە عەردی چوە خوار و دێو وای زانی قەمبەری کوشتوە. هاواری کرد:
بە، بە، خۆڵە مێشیشی نەماوە کە لە سەر دانمی دابنێم.
قەمبەر بانگی کرد و گوتی: وا لێرەم. هەڵیکێشا شیر و بە زەبرێک سەری دێوی
پەڕاند، هەرتک گوێچکەی بڕی و خستیە گیرفانی و چۆوە خێوەتێ. کە ڕووناکی
کرد دیسان نانی بۆ ڕۆستەم ساز کرد و خواردیان و دیسان چوو نەوە ڕاو.
کاتی نیوە ڕۆ بە ڕۆستەمی گوت:« ئەی ڕۆستەم. وەرە لێرە بڕۆین.»
- بۆ کوێ بڕۆین. لە کوێ شوێنی باشتر لەم جێیە بدۆزینەوە؟
قەمبەر گوتی : دوێشەو تۆ خەوتبووی و من خەوم لێ نەدەکەوت. تەواوی شەو
کێشکم دەکێشا.
- بۆ چی ؟
- چۆن بۆ چی؟ شەوی هەوەڵ عەزیا هات و دەیویست ئێمە بخوا. من کوشتم و
شەوی دووەم دێو هات، دەیویست بمان کوژێ. سەرم بڕی ئەوەش گوێچکەی
عەزیا و دێو، هەڵم گرتبوون کە نیشانت بدەم.
ڕۆستەم تورە بوو گوتی :« برۆ بابە، گوێچکەی مشکم نیشان دەدەی و فیشال
دەکەی کە عەزیا و دێوت کوشتوە.
قەمبەر دڵیێش بوو. ڕۆستەمی بە جێ هێشت و ڕۆیشت و بە خۆی گوت:«
ئەوەندە دەڕۆم تا خێوەتی ڕۆستم لە بەر چاوم بزر بێ.» ماوەیەک ڕۆی، ئاوڕی
داوە دیتی خێوەتی ڕۆستەم دیار نیە. هەر لە وێ ڕاوەستا و خێوەتێکی هەڵدا و
حەسایەوە.
ئێستا بزانین ڕۆستەم چی بە سەر هاتوە.
ڕۆستەم شەو خەوی بینی. لە نیوە شەو دێوێکی بە سام کە ناوی هنگرمەنە،
هاتە پەنا خێوەت. خێوەت و زەوی دەور و بەری لە زەوی هەڵکەند و گرتیە
دەستی. ڕۆستەم نیوە شەو خەبەری بۆوە و دیتی لە دەستی دێو دایە. دێو

www.kerimhisami.com

جادووی کرد بوو، دەست و لاقی نە دەبزووت.
هنگرمەنی دێو لە ڕۆستەمی پرسی:« بۆ کوێت فڕێدەم. لە ئاخری زەوی کە پاشای کافرانی لێیە، یا بتخەمە قولایی دەریاوە.
ڕۆستەم فیکری کردەوە و دیتی ئەگەر دێو وا بە داماوی بیهاوێتە خاکی کافران، کیژەکان دێن گاڵتەی پێدەکەن. بە دێوی گوت:
- نا، باشترە لە دەریادا نوقمی بکەی.
دێو بردیە ڕۆخی دەریا. دەور و بەری خیز و چۆل بوو، تەنانەت باڵندەش لەوێ نە دەفڕی. نە دەکرا کەس ڕۆستەم لە وێ بدۆزێتەوە. هنگرمەنی دێو ڕۆستەمی بردە قولایی ژێر زەوی لە ساردواێک بەندی کرد و دەست و پێی زنجیر کرد بە جۆرێ کە توانای بزوتنی نەبوو. دێو ڕۆیشت. ئەوەش بڵێین کە هنگرمەنی دێو، حەوت ڕۆژ دەنوست و حەوت ڕۆژ بە خەبەر بوو.
ئێستا بزانین قەمبەر چ دەکا. ئەو بەیانی وەخەبەر هات و فیکری کردەوە کە بچێ لە حاڵ و ڕۆژی ڕۆستەم ئاگا دار بێت. چوو دیتی نە ڕۆستەم هەیە و نە خێوەت. دەتگوت جێگای خێوەت هەڵکەنراوە. ڕۆستەم چۆتە کوێ، چۆن لە حاڵی ئەو ئاگادار بێ.؟ قەمبەر لە کردەوەی خۆی پەشیوان و نا ڕەحەت بوو. بۆ کۆشکی زاڵ گەڕایەوە و داستانی بۆ ئەو گێڕایەوە. زاڵ غەیب گۆی بانگ کردن و گوتی:« بزانم ڕۆستەم لە کوێیە؟» غەیب گۆیان لە وەڵامدا گوتیان:« هنگرمەن لە قولایی دەریا ئەوی بەند کردوە»
ئێستا کەمێک باسی بەدران بکەین.
بەدرانی کوڕی قەمبەر ئاگا دار بوو کە باوکی ڕۆستەمی بە تەنیا بە جێهێشتوە و هنگرمنی دێو ڕۆستەمی بردوە. بەدران سوێندی خوارد کە « باوکم دەکوژم و تۆڵەی خاڵۆزامی لێ دەستێنمەوە!» کاتێ قەمبەر لەو نیەتەی بەدران ئاگا دار بوو، خۆی شاردەوە تا کوڕەکەی نەیکوژێ. بەدران سواری ئەسپ بوو وەدوای ڕۆستەم کەوت. ڕۆی. زۆر ڕۆی. ئاخرەکەی گەیشتە شارێک کە قەرالی کافر لەوێ حکوومەتی دەکرد. هەموو خەڵک بێگانە بوون. ئەو نە کەسی دەناسی و نە ئاگای لە هیچ هەبوو. بەدران چوە ماڵی پیرێژنێک و گوتی :

www.kerimhisami.com

- دایە گیان میوان ڕادەگری؟
- ڕۆڵە گیان، کەسێکی وەک تۆ دەبێ لە ماڵی دەوڵەمەند و گەوران میوان بی. لە ماڵی من تەنانەت بۆ حاوانەوەی تۆش جێ نیە، تا دەگا بە ئەسپەکەت.
- دایە گیان خەمێ مەخۆ! ئەم پارەیە وەر بگرە و بچۆ بازاڕ و بۆ خۆت و بۆ من پێخەف و خواردن بکڕە تا ڕۆژ دەبێتەوە بزانین خوا چدەکا. پیرێژن پارەکەی وەر گرت و چوو هەموو شتی کڕی و گەڕایەوە. نانیان خوارد و بەدران ڕووی کردە پیرێژن و گوتی:
- دایە گیان، جێگای من لە سەر بان ڕابخە. دەمەوێ لە ژێر ئاسمانی خوا بخەوین.
پیرێژن لە سەر بان جێگای بۆ ڕاخست. بەدران چوە ناو جێ و خەوت. دوای چەند سەعات وەخەبەر هات و دیتی ڕوناک بوە. بەدران بە پەلە هەستا و بە خۆی گوت: «عەیب و شەرمە خەڵک من لە سەر بان ببینێ.»
زوو لیباسی کردە بەر، بەڵام زوو بوو بە شەو. جارێکی دیکەش چۆوە دە جێ. دیسان ڕۆژ ڕوناک بوو. سەرتان نەیێشێنم تا بەیانی حەوت جار ئاسمان تاریک داهات و ڕوناک بۆوە.
کە بوو بە بەیان، بەدران جێگای خۆی هەڵگرت و لە سەر بان هاتە خوار. پیرێژن نانی ساز کرد، خواردیان و بەدران پرسی:
- دایە گیان، لە شاری ئێوە شەو و ڕۆژێک چەند ڕۆژە و چەند شەوە.؟
- ڕۆڵە گیان، شەو و ڕۆژێک یەک شەو و یەک ڕۆژە.
- ئەدی بۆ چی دوێنێ شەو حەوت جار تاریک داهات و ڕوناک بۆوە.؟
- ها، وەبیرم هاتەوە، ئاخر تۆ لەم شارە غەریبی. لە هیچ شتێ ئاگادار نی. ئەوە کاری «گۆرمیلک» کیژی قەرالی کافرە. هەموو جار کە دێتە باڵە خانەی کۆشک، ڕوی لە هەر لایک بێ ڕوناک دەبێ و ڕووی خۆی دە لایەک دەکا کە بۆنی بەدرانی بۆ بێت. بۆنەکە هەڵدەمژێ و دڵی ئارام دەگرێ. بێگومان بەدران لەو نیزیکانەیە، بۆیە کیژەکە حەوت جار هاتۆتە سەر بان.
بەدران گوتی:« دایە گیان من بەدرانم. تۆ دەتوانی ئەم ڕازە لە دڵت دا ڕابگری؟»

www.kerimhisami.com

پیرێژن گوتی : « کورم، کاری من ڕاز دارییە.!»
– کە وا بوو بە هیچکەس مەڵێ کە من لێرەم. تەنیا بە « گورمیلک» بڵێ. بەڵام چۆن دەتوانی بیبینی.؟

پیرێژن گوتی:« من هەمیشە دەچم سەری دەشۆم. بە هەڵکەوت بەیانی دەبێ بچم و پێشی دەڵێم تۆ لێرەی. بەدران مستێکی زێڕ دایە و پیرێژن کەیف خۆش بوو. بەیانی ڕۆژی دوایە چوە کن « گورمیلک» و گوتی:« ئەو کەسەی لە دوای دەگەڕێی لە ماڵی منە.»

« گورمیلک» گوتی: « بێژە پێی هەر ئیمشەو، نیوە شەو بێتە لای من.

پیرێژن نیوە شەو بەدرانی ڕێنوێنی کرد. بەدران چوە کن « گورمیلک». ناو براو لە خۆشیان لاقی وە عەرد نەدەکەوت. تەواوی شەو بە خۆشی ڕایانبوارد و بەیانی بەدران چۆوە ماڵی پیرێژنێ. مانگێکی تەواو هەموو شەو دە چوە کن « گورمیلک» و ڕۆستەمی لە بیر چوو بۆوە. بەڵام قەرالی کافر ئاگادار بوو کە بەدران دەچێتە کن کیژەکەی. هەموو پاڵەوانگەلی خۆی بانگ کرد و گوتی :

– لە پێش دەرگای وەتاغی « گورمیلک» بوێستن و کە هاتە دەر بیگرن و بیکوژن.» بەیانی بەدران هاتە دەر و دیتی پاڵەوانگەل دەوریان داوە. بەدران هەمووی کوشتن و پاشان بە ئاشکرا دەچوە کن « گورمیلک». قەرالی کافر دیتی کە بەدران لە نێو خەڵک دا ریسوای کردوە. غەیب گۆ و جادوگەری بانگ کردن و پرسی :« چی بکەم و چۆن لە دەست بەدران نەجاتم بێت.؟

– قوڵکێکی لە بەر دەرگای وەتاغی « گورمیلک» هەڵکەنە و سەری داپۆشە. کاتێ بەدران بێتە دەر لەو قوڵکە بکەوێ. پاشان پاڵەوانان بنێرە بیکوژن.

قەرالی کافر بە قسەی وان قول کەیان هەڵکەند و بەدرانی بێ خەبەر بەیانی پێی لێ ناو تێکەوت. پاڵەوان گرتیان و بە ڕاکێش ڕاکێش لە شار گێڕایان. لە شار دا چاڵاوێک هەبوو بە ناوی چاڵاوی « هەشتا گەز» بەدرانیان دە و چاڵاوە هاویشت و بەرداشێکیان لە سەر زارکی دانا. کونێکی تێدا بوو. قەرالی کافر ئەمری کرد سەری « گورمیلک» بتاشن و سەر و چاوی بە دوکەڵ ڕەش کەن و بەرە و پشت سواری کەری کەن و بە شاردا بێگێڕن. بە خەڵکی شاریشی

ڕاگەیاند کە « ئەگەر گورمیلک داوای سەدەقە بکا، نەیدەنێ. تەنیا ئەگەر بڵێ: « بەدران لە چاڵاو دایە و برسییەتی بیدەنێ»
باشە، با « گورمیلک» سواڵێ بکا و خواردن بۆ بەدران بەرێ. بزانین ژنی رۆستەم چدەکات.؟
ژنی رۆستەم کوڕێکی بوو ناویان نا ئەرنج. ئەوەندە جوان بوو دەتگوت نوری لە ڕومەت دەبارێ. بابە گەورەی ڕوو پۆشێکی لە چەرم بۆ دروست کرد تا دە چاوە نەچی. ئەرنج گەورە بوو، بوو بە پازدە ساڵ. دایکی پێی نەگوت کە ئەو کوڕی رۆستەمە. هەمیشە پێی دەگوت کە تۆ کوڕی زاڵی. ڕۆژێ ئەرنج لە گەڵ دایکی هاتە کن زاڵ و بە زاڵی گوت « بابە» دایکیشێ بە زاڵی دەگوت : بابە. ئەرنج بیری کردەوە کە دایکی شتێکی لێ دەشارێتەوە.
لە دایکی پرسی : « بابی من کێیە ؟»
دایکی گوتی : « بابی تۆ زاڵە » ئەرنج گوتی: ئەدی بۆچی تۆش پێی دەڵێی بابە. ڕاستی بێژە. بابی من کێیە.؟
دایکی گوتی: « تا بەیانی ڕاوەستە. بەیانی بچۆ کن زاڵ. هەموو شتێکت بۆ باس دەکا. پاشان دایکی ئەرنج چوە کن زاڵ و گوتی :
– ئەی بابە، ئەرنج هەموو شتی زانیوە.» پاشان ئەرنج چوە کن زاڵ و ئەویش هەموو شتیکی بۆ باسکرد.
ئەرنج سوار بوو چەکی هەڵگرت و سوێندی خوارد کە: تا بابم نە دۆزمەوە گۆشتی مەڕ لە من حەرام بێت.» ئەوەی گوت و ماڵاوایی لە دایک و باپیری کرد و کەوتە ڕێ.
درێژەی پێنەدەم و هیلاکتان نەکەم، ئەرنج گەیشتە شارێک. ماوەیەک لەو شارە سوڕاوە تا توشی پیرێژنێکی بوو. داوای لە پیرێژن کرد کە بە میوان ڕایبگرێ. پیرێژن قبوڵی کرد، جێگای بۆ داخست و ئەرنج چوە ناو جێگا، بەڵام خەوی لێ نەدەکەوت. ماڵی پیرێژنێ پڕ لە مێشولە بوو. ئەرنج هەستا وچوە نێو شار بگەڕێ. لە کوچەیەک توشی دێوێک هات. ئەرنج گوتی : « من کوڕی رۆستەمم. توشی دێو بوم چۆن دەبێ نەیکوژم. شیرێکی لە ملی داو سەری پەڕاند. پاشان

هەر تک گوێچکەی برین و دە گیرفانی نان و هاتەوە ماڵی پیرێژن. بەیانی پیرێژن هەستا دیتی میوانەکەی شیری خوێناوی پاک دەکاتەوە. پیرێژن هیچی نە گوت و خەریکی کاری خۆی بوو.

ئێستا باسی خەڵکی شار بکەین. بەیانی کە خەڵک وەخەبەر هاتن و لە ماڵی خۆیان هاتنە دەر، دیتیان دێو لە کۆڵان کوژراوە و ڕێگای هاتوو چۆی سوار و پیادەی خەڵکی بەستوە. پاشایان ئاگادار کرد، ئەویش خەڵکی لە کۆشک کۆ کردەوە و گوتی:

– هەر کەس دێوی کوشتوە خۆی بناسێنێ و چی دەوێ لێم بخوازێ.

هەموو هاواریان کرد: من کوشتوومە ، من کوشتوومە....

پاشا گوتی: « گوێچکەی براوی دێو لە کوێیە، نیشانی بدەن.». بەڵام گوێچکەی دێو لە کوێ بێنن،؟

پاشا پرسی: « لە شاردا کێ ماوە کە نەهاتبێ.؟ گوتیان: میوانێک لە ماڵی پیرێژن هەیە.

پاشا گوتی: بیهێننە کن من. چوونە ماڵی پیرێژن و ئەرنج- یان هێنا. ئەرنج هات و پاشا کە چاوی پێکەوت لە جوانی ئەو سەری سور ما و پرسی:« ئەی لاو، ئایا تۆ دێوت کوشتوە؟

– ئەرنج گوتی: بەڵێ من کوشتوومە. گوێچکەی دێوی کوژراوی لە گیرفان هێنا دەر و نیشانی دا.

پاشا گوتی:« کیژەکەم دەدەم بە تۆ.»

ئەرنج گوتی:«با ئاڵقەی دەزگیرانی من جارێ لە قامکی کچەکەت دابێ. پێم بڵێ جێگای هنگرمەنی دێو پێدەزانی .؟»

پاشا گوتی: تا ئێستا ناوی ئەوتۆم نە بیستوە. خەڵک بڵاوەیان کرد. ئەرنج ماڵاوایی لە پاشا کرد و سوار بوو کەوتە ڕێ.

ڕۆی تا گەیشتە شارێک. هەوا دەهات تاریک دەبوو. ئەرنج لە پەنا خانوێک ڕاوەستا، لە ئەسپ دابەزی و لە دەرگای دا. پیرێژنێک دەرگای لێکردەوە

– دایە گیان میوان ڕادەگری.؟

www.kerimhisami.com

– میوان خۆشەویستی خودایە، کوڕم وەرە ژووری. ئەرنج وەژوور کەوت. پیرێژن ئەسبەکەی بردە تەویلە و پاشان نانی بۆ هێنا و نانیان خوارد. پیرێژن جێگای بۆ داخست و ئەرنج چوە سەر جێ و داوای ئاوی کرد.
پیرێژن ئەملا و لای کرد ئاو لە ماڵێ نە بوو. قاپێکی هەڵگرت و چوە دەری. میزی تێکرد و بۆی هێنا.
ئەرنج گوتی:« دایە گیان ئەم ئاوە بۆ سوێرە.»؟
– ڕۆڵە گیان بمبەخشە. لای خوا شاراوە نیە چی لە تۆ بشارمەوە. ئێمە ئاومان نیە. میزم دە قاپ کردوە و بۆم هێناوی.
– بۆ چی ئاوتان نیە.؟
– عەزایایەک لە سەرچاوی ئاوی ئێمە خەوتوە. هەموو ڕۆژێ دەبێ کچێکی دەس لێ نەدراو و مەنجەلێکی پڕ لە پلاو وگایەکی برژاو و دە مەن نانی بۆ بەرن. تا ئەو کیژ و گاو پلاو و نانەکە دەخوا، خەڵک دەرفەت دەهێنن بەشی حەوت ڕۆژ ئاو دێنن و دایدەنێن. من پیرم تا دوو گۆزە هەڵدەگرم عەزیا جارێکی تر دێتە وە سەر کانی و درێژ دەبێ.
ئەرنج پرسی: کەنگێ هەینییە.؟
– سبەی.
ئەرنج تکای لێکرد کە :« چۆنە بەیانی منیش لە گەڵ خۆت بەری، دەمەوێ بزانم عەزیا کچەکە چۆن دەخوا.
پیرێژن گوت: قەی ناکا، لە گەڵ من وەرە. بەیانی بۆ حەفتا و دوو میللەت و بۆ ئەرنج-یش بوو بە ڕۆژ. پیرێژن گۆزەی هەڵگرت و لە گەڵ ئەرنج بەرەو کانی. ئەو ڕۆژە نۆرە کیژی پاشا بوو کە بیبەنە سەر کانی و عەزیا بیخوا. لە ماڵی پاشا شین و گریان بوو. بەڵام خەڵک شاد بوون کە ئاویان وەگیر دەکەوێ. لە یەک جێ هەم گریان و هەم شادی. خەڵک لە پەنا کانی کۆبوونەوە. کیژی پاشایان بە دەست و پێ بەستراوی بە عارەبە هێنایان. گایەکی برژا و دە مەن نان و پلاویشیان هێنا و لە پەنا کانیان دانا. دارێک لە پەنا کانی بوو، کیژەکەیان لە دارێ بەست. عەزیا لە کەمین هاتە دەر. لە پێشدا دەستی کرد بە خواردنی

گۆشت و پلاو ونان. خەڵکیش بە پەلە دەستیان بە ئاو کێشان کرد. ئاخرەکەی عەزیا بۆ لای کیژەکە چوو کە بیخوا. کچ هاواری دەگەیشتە ئاسمان.
ئەرنج بە خۆی گوت:« خۆڵم بە سەر، پاڵەوانی من فایدەی چیە کە لە بەر چاوی من عەزیا ئەو کیژە بخوا.؟» عەزیا وردە وردە لە کیژەکە وەنیزیک کەوت. ئەرنج هەڵیکێشا شیر و خۆی گەیاندە عەزیا و بە شیر لەت لەتی کرد. ئاوی کانی خوێناوی بوو. خەڵک بێ خەبەر لە خوارەوە ئاویان هەڵدەگرت. ئەرنج چوە کن کیژەکە و لە داری کردەوە و گوتی:« بڕۆوە ماڵی خۆت.»
کیژەکە دەستی دە خوێنی عەزیا ڕاکرد و لە پشتی ئەرنجی دا وبەرەو ماڵ ڕایکرد. دایک و بابی چوونە پێشوازی و گوتیان:
- کچم بۆ ڕات کرد. ئێستا عەزیا هەموو خەڵکی شار دەخوا.
- نا، بابە گیان، لاوێک کە هەر دوکمان بە قوربانی بین، عەزیای کوشت.
پاشا پرسی: پیم بڵێ کێ عەزیای کوشت؟
کچ گوتی :« لاوێکی نە ناس بوو. نای ناسم. ئەو عەزیای کوشت. من دەستم بە خوێنی عەزیا کردوە و لە پشتی لاوەکەم داوە.»
بەڵام لەم ناوە دا ئەرنج چۆوە ماڵی پیرێژن. پیرێژن گۆزەکانی پڕ لە ئاو کرد، دیتی نیوەی ئاوەکە خوێنە.
ئەرنج گوتی:« برۆ ئەم ئاوە برێژە و ئاوی خاوین بێنە.»
- نا، عەزیا لە وێیە، ناڕۆم.
ئەرنج گوتی :« لاوێک عەزیای کوشتوە.! پیرێژن شاد بوو، گۆزەی هەڵگرت و بە غار بۆ کانی چوو. دیتی ڕاست دەکات. کەلاکی عەزیا لە پەنا کانی کەوتوە. پیرێژن گۆزەی پڕ کرد لە ئاو، هێنایەوە ماڵ.
بەڵام پاشا خەڵکی کۆ کردەوە و گوتی:« لە نێو ئێوەدا ئەو کەسەی بە شیر عەزیای کوشتوە، شایانی کیژی منە. بێتە پێش و چی دەوێ داوا بکا.» لە ئامادە بوان هەر کەس گوتی من کوشتوومە..
کیژی پاشا لە باڵە خانە وێستا بوو سەیری دەکرد. بە باوکی گوت:« ئەوانە هیچیان عەزیایان نە کوشتوە.»

www.kerimhisami.com

- داخوا کەس لە شار دا ماوە کە نەهاتبێتە ئێرە؟ لە وەڵامدا گوتیان : میوانی پیرێژنێ نە هاتوە

پاشا ناردی ئەرنج... یان هێنا کۆشکی شا. کیژەکە لە دوورەوە ناسی و بە باوکی گوت:« ئەوە هەمان لاوە.»

پاشا پرسی :« بێگومان چونکە زۆر جوانە بۆیە پێت وایە کە هەوە.

کیژەکە گوتی :« نا، وا نیە، من نیشانم لە پشتی داوە. بە تۆم گوتبوو. ئەرنج هاتە کۆشک و کچەکە پشتی کراسەکەی وەرگێڕا و هەموو دیتیان کە شوێنی قامکی کچی پاشای پێوەیە.

پاشا بە ئەرنجی گوت:« ئێستا تۆ بە زۆری شیر بوویە خاوەنی کیژی من. ئێستا چیت دەوێ داوای بکە.

ئەرنج گوتی : « تەنیا یەک شتم دەوێ، ئەویش جێگای هنگرمەنی دێوە و هیچی تر.

پاشا خەمگین بوو گوتی : « هەوەڵ جارە ناوی وا دەبیسم، ڕەنگە سیمرغ بزانێ. ڕێگای دۆزینەوەی ئەوت پێ نیشان دەدەم.» پاشان پاشا جێگای سیمرغ و ڕێگای دۆزینەوەی وی بۆ ڕوون کردەوە. دوایە میوانی ساز کرد و حەوت شەو و ڕۆژ شایی و زەماوەند ساز کرا. ئەرنج حەوتوێک لە کۆشکی پاشا دا ژیانی بردە سەر، بەڵام پاشا لای وابوو چرکەیەک لە وێ ماوەتەوە. پاش حەوتوێک ئەرنج خۆی بۆ سەفەر ساز کرد. پاشا لێی پرسی:« ئەی ئەرنج! بوکی خۆت لە گەڵ خۆت نابەی .؟

ئەرنج ئاڵقەی دەزگیرانی دە قامکی کچی پاشا کرد و گوتی: کە گەڕامەوە دەیبەم.

پاشا گوتی:« سێسەت سوار لە گەڵ خۆت بەرە تا سەر سنوور و دوایە ئەوان بگەڕێنەوە. سوار کەوتنە ڕێ. ئەرنج ئەوەندە قسە خۆش بوو، سوارەکان نەیاندەویست بگەڕێنەوە. ئاخرەکەی گەیشتنە وڵاتی جادوو. سیحر و جادوو کاری لە ئەرنج نە دەکرد. بەڵام سوارەکان تا دەهات کەم دەبوون، لە پێشدا دەیان ون بوون. پاشان بیستیان بزر بوون. ئەوانی مابوون بێیان عەیب بوو بە

www.kerimhisami.com

ئەرنج بڵێن کە ڕەفیقەکانیان بوون بو بەرد. لە نەکاو ئەرنج ئاوڕی داوە، دیتی کەسی لە گەڵ نەماوە. لە دڵدا گوتی:« ئەی بێ ویژدانینە. تەنانەت خوا حافیزیشیان لێم نە کردوە.بە تەنیایان هێشتوومەوە و ڕۆیشتوون.
ئەرنج نەیدەزانی کە ئەم وڵاتە تەلیسم کراوە. گەیشتە دەشتێک، دیتی دارێک لەو دەشتە یە.. گوتی با بچم لە بن ئەم دارە تاوێیک بحەسێمەوە. گەیشتە نیزیک دارەکە و دیتی عەزیایەک لە دارەکە هاڵاوە و دەچێتە سەر. هێلانەیەک لە سەر دارەکەیە و جوجەڵە داعبا لە هێلانەکە دان. دەستیان کرد بوو بە جیکە جیک. کەمی مابوو عەزیا بگاتە جوجەڵەکان و بیانخوا. ئەرنج عەزیای پەلامار دا و کوشتی. پارچە گۆشتێکی عەزیای بە نووکی شیرەوە کرد و دای بە جوجەڵەکان. ئەوان خواردیان تا تێر بوون. ئەرنج لە بن دارەکە درێژ بوو، خەوی لێکەوت. بەڵام جوجەڵەکان بێچووی سیمرغ بوون. هەر ئەو سیمرغەی کە پشتیوان و پارێزەری بنە ماڵەی زاڵ بوو.
سیمرغ دەنگی جوجەڵەکانی بیست، لە بەرزایی ئاسمانەوە هاتە خوار. حەوت ساڵ بوو جوجکەی دەبوون و عەزیا دەیخواردن. قەت بە ئاوات نە گەیشتبوو، جوجەڵەکانی گەورە نە دەبوون. سیمرغ بە توڕەیی بۆ لای بێچوەکانی هاتە خوار ودیتی ڕەشاییەک لە بن دارەکە دیارە. ویستی پەلاماری بدا و بۆ ئاسمانی بەرێ. جوجەڵەکان هاواریان کرد: مەیکوژە، مەیکوژە، ئەو ئێمەی نەجات داوە.
سیمرغ لە هێلانەکە نیشت و تەماشای خوارەوەی کرد. دیتی ئەوەی لە بن دار خەوتوە، ئەرنجی کوڕی ڕۆستەم و نەوەی زاڵە. سیمرغ باڵی لێک کردنەوە و سێبەری لێکرد.
ئەرنج لە خەو هەستا دیتی دەور و بەری تاریکە. تەماشای کرد، سیمرغی بینی. سیمرغ بانگی کرد:
– ئەی ئەرنج! تۆ کوڕی ڕۆستەم نی؟ من پشتیوانی بنە ماڵەی ئێوەم. تۆ ئاواتی منت بە جێ گەیاند و بێچوەکانت لە شەڕی عەزیا نەجات دان. ئێستا چیت دەوێ، داوام لێبکە.

www.kerimhisani.com

ئەرنج گوتی:« تەنیا دەمەوێ جێگای هنگرمەنی دێوم پێ بلێی.»
سیمرغ بە ئەرنجی گوت:« خۆزیا حەوت ساڵی دیکە عەزیا بێچوەکانی خواردبام و تۆ شوێنی هنگرمنی دێوت نە پرسیبایە. بەڵام چونکە سوێندم خواردوە بەڵێنی خۆم دەبەمە سەر. دەبێ هەرچی پێت دەڵێم وابکەی.»
ئەرنج گوتی : ئامادەم. سیمرغ گوتی:« ئێستا بچۆ رۆخی دەریا و چاوە ڕوان بە تا من بۆ وێ دەفرم.
ئەرنج چوە قەراخ دەریا، کاتێ گەیشتە وێ . شوانێکی بینی مەڕدەلەوەڕێنێ.
ئەرنج سلاوی لێکرد و پرسی:« ناوت چیە؟»
شوان گوتی :« زرزانی شوانم پێ دەڵێن.» ئەرنج تەواوی ڕووداوەکانی بۆ شوان گێڕایەوە. زرزان گوتی:
– فێرت دەکەم چبکەی. برۆ ئەو بەردەی قەراخ دەریا وەر بگێرە. لغاوێک لە بن بەردەکە دەبینی. هەڵیگرە و بیشارەوە. کاتێکی چوویە ڕۆخی ئەو بەری دەریا . کۆشکێک دەبینی. ئەوە کۆشکی هنگرمەنی دێوە. ئێستا هنگرمەن خەوتوە. چوار ڕۆژی دیکەش لە خەودا دەبێ. تۆ هەوڵ بدە وەخەبەری بێنی. بەڵام ئەو خەبەری نابێتەوە. ئەو دەم خەنجەری لە بەری پێی رۆکە و خوێ بە برینەکە دابکە. کاتێ دێو وەخەبەر هات، لغاوەکەی پێ نیشان بدە. دەست لە جێ دەبێتە ئێستر. لە حەسارێ بیبەستەوە و بچو ڕۆستەمی بدۆزەوە. ڕۆستەم لە ساردا ودا بەند کراوە. دێو تەلەسمی کردوە و بە زنجیر بەستوویەتەوە.
لەو کاتە دا سیمرغ هات. ئەرنج پێی گوت: من بەرە ئەو بەری دەریا،
– تا ئێستا هنگرمن سێ جار باڵەکانی منی هەڵکەندوە. بەڵام چونکە تۆ ئاواتی منت بە جێ گەیاندوە، چارم نیە دەتبەمە وێندەرێ. کاتێکی فریم و ڕۆیشتم، باڵێکی من هەڵکەنە، کاتێکی پێویستت بە من هەبوو، ئەو باڵە لە بەرد بدە، گورج دەگەمە لات.
سیمرغ ئەرنجی بردە ئەو بەری دەریا . ئەرنج چوە ناو کۆشک و دیتی دێو نوستوە. شیری دە بەری پێی ڕاکرد، وەخەبەر نەهات. خوێ بە برینەکەی وەر کرد، دێو خەبەری بۆوە. ئەرنج لغاوەکەی نیشاندا، دێو بوو بە ئێستر. ئەرنج

www.kerimbisani.com

لغاوی کرد و له دار بەستیەوە. خۆی چوە ساردداو، دیتی رۆستەم لەسەر پشت
بە زنجیر بەستراوەتەوە.

رۆستەم دیتی کە ئەرنج هاتوە نەجاتی دەدا. بەڵام ریشی ئەوەندە هاتوە وەک ریشی ئاخوندان. ئەرنج تیغێکی هێنا دەر کە ریشی بتاشێ. رۆستەم پرسی چدەکەی؟

– دەمەوێ ریشت بتاشم تا خەڵک نەڵێن کە رۆستەم پیر و لاواز بوە، بۆیە دێو بە سەریدا زاڵ بوە. ئەگەر ریشت بتاشم خەڵک ئێژن:« رۆستەم گەنج بوە، ئاقڵی کەم بوە، دێو بە فێڵ گرتوویەتی.«

رۆستەم تورە بوو، دەنگی دا و گوتی: برۆ لە بەر چاوم ون بە.

ئەرنج لە ساردداو هاتە دەر و سواری ئێستر بوو رێی داگرت. لە پڕ دەنگی پساندنی زنجیری رۆستەمی بیست، دەتگوت هەوری بەهارە گرمەی دێت. ئەرنج گەڕایەوە دیتی بابی لە کۆشک هاتۆتە دەر و کۆشکی دێویشی وێران کردوە. ئەرنج لە ئێستر دابەزی و دای بە بابی. پاشان پەڕی سیمرغی هێنا دەر و لە بەردێکی دا. سیمرغ گورج پەیدا بوو بە ئەرنجی گوت:« با باوکت بە رێگای وشکیدا بڕوا، من دەتگەیێنمە ئەو بەری دەریا.

رۆستەم سواری ئێستر بوو کەوتە رێ. سیمرغیش ئەرنجی هەڵگرت و بردیە ئەو بەری دەریا دیتیان رۆستەم لە وێ ڕاوەستاوە. سیمرغ خوا حافیزی کرد و چوە کن بێچوەکانی. ئەرنج چوە کن زرزانی شوان، ئەسبی خۆی هەڵگرت و ویستی بڕوا، شوان گوتی؛ « ڕاوەستە، من ئێستا دەمرم، بمنێژە و دوایە بڕۆ.

زرزانی شوان مرد، لەوێ ناشتی و پاشان لە گەڵ بابی کەوتە رێ. گەیشتنە شارێک هەر تکیان ئەوەندە برسی بوون زمانیان نەدەگەڕا. ئەرنج بە باوکی گوت:« هەر لێرە چاوە ڕوانم بە، بەڵام ئاگات لێ بێ لغاوی لە سەر نەهێنیە خوار. چونکە لغاو لە سەری بێنیە خوار، دەبێتەوە هنگرمن و دەرۆستی نایەین. منیش دەچمە شار. خواردنێک پەیدا کەم.

ئەرنج بۆ شار چوو دیتی لە جێیەک شین و گریانە و لە شوێنێ شایی و زەماوەندە. لە گەنجێکی پرسێ:« لەو شارە چ باسە. چ قەوماوە.؟

www.kerimhisami.com

- هەموو شەوێ کیژی پاشا بە شو دەدەن. لە ماڵی پاشا دە بێتە شایی و زەماوەند. لە ماڵی زاوا دە بێتە شین و گریان. چونکە ڕۆژی دوایی زاوا بە مردوو دەبینن. کچەکەش هیچی لێ نایە.»

ئەرنج گوتی:« دەکرێ منیش بۆ شایی بەری.»

- بۆ ناکرێ، وەرە با بچین. چوونە مەجلیسی شایی. ئەرنج دیتی کۆشکێکی جوان و ڕووناک و بوک لە پەنا زاوا دانیشتوە. زاوا خەمبار و داماوە و بوک پێدەکەنێ. ئەرنج چوە کن زاوا و پێی گوت:« بوکی تۆ وەک خوشکم وایە. با ئیمشەو لە جیاتی تۆ بچمە کنی. تۆ لە مردن ڕزگار دەبێ و من دەکوژن. من غەریبم لێرە و قەی ناکا.

زاوا ڕازی بوو، دایک و بابی زاوا کەیف خۆش بوون کە کوڕەکەیان زیندوو دەبێ. ئەرنج گوتی :« تەنیا ئێستا هێندێ خواردنم بدەنێ. بابم برسیەتی بۆی بەرم و بێمەوە. خواردنی جۆر بە جۆریان بۆ هێنا، ئەویش خواردنەکانی بۆ ڕۆستەم برد و دیتی ڕۆستەم ئێسترەکەی کوشتوە. لێی پرسی؛« ئێسترت بۆ کوشت.؟ هیچ ئەسپێک تۆ ناتوانێ هەڵگرێ، ئەو ئێسترە بە زەحمەت دەیتوانی تۆ بە ڕێوە بەرێ.

ڕۆستەم گوتی :« ئاخر ئێرە بەشێک لە وڵاتی قەراڵی کافرە، هەموو جادوگەرن. لە وانەیە لغاوەکە بە جادو لە سەری ئێستر بکەنەوە. ئەو کات چ بکەین. منیش کوشتم.

ئەرنج بابی بردە مەجلیسی شایی. هەوا دەهات تاریک دەبوو. ئەرنج چوە کن بوکێ. کیژەکە جێگای چاک کرد و لە پەنا ئەرنج درێژ بوو. ئەرنج شیری لە کالان هێنا دەر و لە نێوان خۆی و کیژەکە درێژی کرد و گوتی :« تۆ لە جێگای خوشکی منی.»

کیژەکە خەوت و ئەرنج لە جێ هەستا و لە قوژبنێک خۆی شاردەوە. نێوە شەو دەنگی تەق و تۆق و هەرا لە سەر بان دەبیسرا و لە پڕ لە کولانەی میچی خانوو دەستێک هاتە دەر و نێو جێگا دەگەڕا. لە سەر جێی کیژەکە کەسی نەدیتەوە. پاشان ئەو دەستە لە ژورەکە دەستی بە گەڕان کرد. ئەرنج دیتی کە

www.kerimhisami.com

ئەو باسک و دەستە لە پۆلایە. شیری هەڵگرت و باسکی پەڕاند. پاشان شانی خاوەن باسکی گرت و کێشایە خوار دێو بوو. کەم کەم لە کولانە هاتە دەر و خوشکیشی لە گەڵ بوو. خوشکی دێو دەنگی ئەرنجی دا و گوتی :

- دوو برای منت کوشتن. ئێستا دەستی سێیەمیشت پەڕاند. ئەوی مەکوژە. ئەگەر بەرەڵای بکەی، ئەو سێ سەت سوارەی کردبومن بە بەرد، زیندوون و دەیانهێنمەوە.

ئەرنج بەڵێنی لە خوشکی دێو وەر گرت و دێوی ئازاد کرد. با دێو و خوشکی لە وێ بن، بزانین سوارەکان چیان بە سەر هاتوە. خوشکی دێو سوارەکانی ئازاد کرد و چوونەوە ماڵی خۆیان.

لەم ناوە دا پاشا بە نۆکەرانی گوت:« بێگومان ئێستا مەیتی زاوا ئاوساوە، بیهێننە دەر و بیبەنەوە ماڵی خۆیان. کیژەکەش بێننە ئێرە. نۆکەر چوون دیتیان لاوەکە لە جێگادا خەوتوە و دەستێکی پۆلایی لە ژورەکە کەوتوە. حەوت جوت گایان هێنا تا دەستەکەیان ڕاکێشا دەرێ. ئەرنج زاوای بانگ کرد و گوتی؛« بڕۆ بوکت بەرە و بە ئاواتی خۆت بگە.

ئەرنج و ڕۆستەم سواری ئەسبان بون و بۆ ماڵی خۆیان کەوتنە ڕێ. گەیشتنە ئەو شارە کە ئەرنج لەوێ عەزیای کوشتبوو. پاشا حەوت شەو و ڕۆژ جێژنی بوکێنی کیژەکەی بەر پا کرد و پاشان کاروانێک جیاز و دیاری دا بە کیژەکەی، ئەرنج و بوک خواحافیزیان لە پاشا کرد و کەوتنە ڕێ تا سەفەری خۆیان درێژە پێبدەن.

گەیشتنە شارێک کە ئەرنج لەوێ دێوی کوشتبوو. پاشای وێش شایی و زەماوەندی بۆ کیژەکە ساز کرد و دای بە ئەرنج و کاروێنێک جیاز و دیاری دایە و کەوتنە ڕێ. ئێستا بچینەوە بۆکن زاڵ.

زاڵ دیتی دە ساڵ تێپەڕی، ڕۆستەم و بەدران و ئەرنج هیچ خەبەریان نەبوو. خۆی بۆ سەفەر ساز کرد تا لە گەڵ خاو وخێزانی خۆی بە دوایان بکەوێ. ڕۆیشتن تا گەیشتنە ئەو شارە کە بەدران لە وێ لە چاڵاودا بەند کرا بوو. ڕۆستەم و ئەرنج-یش گەیشتنە ئەو شارە، هەموو بە دیداری یەک شاد بوون.

www.kerimhisami.com

بەڵام بەدران لە کوێیە، نەیاندەزانی. زاڵ گوتی :
– وەرن خانوێکی خێرات ساز بکەن، بەڵکوو خەبەرێکی بەدرانمان وەگیر کەوێ.
خانوێکی خێراتیان ساز کرد. لە هەموو دنیا فەقیریان بانگ کرد ن و خواردن و لیباس و پێڵاوی بە لاشیان دا بە خەڵک.
ئێستا بابچینە کن «گورمیلک». گورمیلک چوە کن پیرێژنێک تا داوای سەدەقەی لێ بکات و گوتی:« بەدران لە چاڵاو دایە، برسییە، هێندێ نانم بدیە.
پیرێژن گوتی :« برۆ لەوێ خانوی خێراتیان کردۆتەوە، خۆت چەندت دەوێ بخۆ و خواردن لە گەڵ خۆشت بەرە.
گورمیلک چوە خێرات خانە. ئەرنج تەماشای کرد و دیتی ژنێکی جوان و شرە پۆش سەری دانواندوە و داوای خواردن دەکا. ئەرنج لەگەنێکی مسی پڕ لە پڵاو و نان و گۆشت هەڵگرت و دای بەو ژنە. نۆکەرێکیشی بە دوای دا نارد، بزانێ بۆ کوێ دەچێ.
گورمیلک دیتی کە یەکێک بە دوای دا دێت. بە نێو کۆڵاناندا گەڕا تا نۆکەر ونی کرد. پاشان چوە پەنا چاڵاو و لەگەنە خواردەمەنیەکەی دە چاڵاوێ هاویشت. بەدران هەستی کرد کە بۆنی ماڵی وانی لێدێت. خواردنەکەی خوارد و لەگەنەکەی لە بن ئەژنۆی دانا و خواری کردەوە و بە گورمیلکی گوت:« دیسان بۆم بێنە.
گورمیلک گوتی: شەرم دەکەم دوو بارە بچمەوە.
بەدران گوتی : « تۆ حەوت ساڵە خواردنم بۆ دێنی. داخوا دەکرێ ئەو جار بۆم نەهێنی.
گورمیلک دیسان چۆوە خانووی خێرات. ئەرنج دیتی کە ئەو ژنە جارێکی دیکەش هاتەوە. هەموو خواردنێک دایە و خۆی وەدوای کەوت. گورمیلک بە کۆڵانێک دا دەڕۆی و ئەرنج بە کۆڵانێکی دیکە دا وە پێشی دەکەوتەوە.
بەڵێ هیلاکتان نەکەم، هەر تک گەیشتنە پەنا چاڵاو. ئەرنج هاواری کرد و گوتی:
– بەدران تۆی ؟

www.kerimhisami.com

بەدران وەڵامی دایەوە گوتی :« بەڵێ منم. ئەوە تۆی ئەرنج.؟

ئەرنج لە بەدرانی پرسی: « چۆنە کە تا ئێستا نەت توانیوە لە وێ بێیە دەرێ ؟

– دیارە دە متوانی دەر پەڕم و بەرد ئاشەکە فرێ بدەم ، بەڵام لە وانە بوو دانم بشکێن و پێم حەیف بوو.

ئەرنج بەڵێنی دا کە هەر ئەمشۆ دێم و دەتهێنمە دەرێ.

بەدران هاواری کرد:« ئەگەر قەمبەری بابم لە گەڵ ئێوەیە دەبێ بیکوژم. چونکە سوێندم خواردوە.

ئەرنج بۆ ماڵێ گەڕایەوە و گوتی :« بەدرانم دۆزیوەتەوە. شەو تەنافیان هەڵگرت و تێکرا بۆ لای چاڵاو ڕۆیشتن. بەرداشیان لە سەر چاڵاو لادا و تەنافیان هاویشتە خوار. بەدران تەنافی لە قەدی خۆی قایم کرد و هەڵیان کێشا . تا نیوەیان هێنا بوو، بەدران چاوی بە قەمبەر کەوت و هاواری کرد و گوتی :« هەر ئێستا دەیکوژم»

ڕۆستەم بە بەدرانی گوت:« ئێستا کە سوێندت خواردوە گورزێکت دەدەمێ، بەڵام گورزەکە بە دەستی چەپ بگرە و بە قەمبەری دادە. لێی بدەی و لێی نەدەی سوێندەکەی خۆت بردۆتە سەر. گورزێکیان دا بە دەستی چەپی بەدران. قەمبەر ڕایکرد و لە پشت دارێک خۆی قایم کرد. گورز وە دارەکە کەوت و دارەکەی لە بن هەڵکەند و قەمبەر زیانی پێنەگەیشت. بەدرانیان لە چاڵاو هێنا دەر و باب و کوڕ یەکتریان لە ئامێز گرت و ئاشت بوونەوە. لیباسێکی تازە و جوانیان کردە بەر گورمیلک و ئەوەندە جوان بوو بە ڕۆژی دەگوت: « تۆ دەر مەکەوە تا من دەر کەوم.» پاشان چوونە شەڕی قەرالی کافر و کافرەکانیان لە بەین برد و کلیساکانیان وێران کرد و لە جێی وان مزگەوتیان دروست کرد و پاشان چوونەوە وڵات و ماڵی خۆیان. شایی و زەماوەندیان بۆ گورمیلک و بەدران ساز کرد.

ئەوان بە ئارەزووی خۆیان گەیشتن و حیکایەتی ئێمەش کۆتایی هات.

www.kerimhisami.com

شا سمایل وعەرەب زەنگی ٥٢

ئەمیری عەرەب لە تایفەی خۆی تورە بوو لە گەڵ خاو و خێزانی ڕووی کردە بارەگای ئەسڵان پاشای کورد. ئەسڵان پاشا ڕۆژێک تەماشای کرد حوشتری بێگانە لە مەزرای ئەو دەلەوەڕێن. بە نۆکەرانی گوت:

– بڕۆن سەری ئەو کەسانە ببڕن کە وێراویانە حوشتران لە مەزرای من بەرەڵا بکەن. حوشترەکانیش بێننە ئێرە.

نۆکەر چوون. گولیزاری کیژی ئەمیری عەرەب لە خێوەت هاتە دەر. نۆکەر بە دیتینی وی ئاقڵیان لە سەر دا نەما. چونکە گولیزار فرە جوان و دڵگر بوو. یەک لە نۆکەران هاتە کن ئەمیری عەرەب و لای ئەو مایەوە. ئەوی ددیکەیان چۆوە کن ئەسڵان پاشا و گوتی :

– مزگێنیم دەیە. کیژێکم دیوە شایانی شا سمایلی کوڕی تۆیە. شا سمایل سوار بوو چوە خێوەتی ئەمیری عەرەب. کە چاوی بە گولیزار کەوت بە یەک دڵ و نەک هەزار دڵ ئاشقی بوو. گەڕاوە ماڵ و بە بابی گوت:« ئەو کیژەم بۆ بخوازە.»

ئەسڵان پاشا لە گەڵ وەزیر و وەکیلی خۆی چوە کن ئەمیری عەرەب و داوای گولیزاریان کرد بۆ شا سمایل.

ئەمیری عەرەب مانگێک مۆڵەتی خواست و گوتی:« دەبێ جیاز بۆ کچەکەم ئامادە بکەم.»

شا سمایل زۆر جار دەهات و چاوی بە گولیزار دەکەوت، ئاڵقەی دەزگیرانیان گۆڕیەوە. ڕۆژێک شا سمایل هاتە هەواری ئەمیری عەرەب و دیتی خێوەت لە وێ نەماوە. شا سمایل گریا، چوە ئەو شوێنە کە خێوەتی گولیزاری لێ هەڵدرا بوو،

www.kerimhisami.com

دیتی نامەیەک لە بن بەردێک دانراوە. شا سمایل نامەکەی هەڵگرت و خوێندیەوە. نامەی گولیزار بوو تێیدا نووسیبووی: « بابم لێرە باری کرد و ئێمە ڕۆیشتین. چل ڕۆژ ماوەت هەیە، ئەگەر لەو چل ڕۆژەدا هاتی، ئەوا من هی تۆم، دەنا قەت مەیە. بابم فیکری کردوە ئەگەر کچی بدا بە کوڕی ئەسڵان پاشا، تایفەکەی وا دەزانن کە گولیزاریان بە تۆبزی ئەستاندوە، هەر بۆیەش لێرە باری کرد.

شا سمایل فرە دڵتەنگ بوو. ئەسڵان پاشا دیتی کوڕەکەی بە جارێک داما و خەفەتبارە. ئەمری کرد: کە تەواوی خەڵکی خۆ جێ، کچەکانیان بڕازێننەوە و لیباسی جوان و شازیان دەبەر کەن و بیانهێننە باخی کۆشک تا شا سمایلی کوڕی یەکیان هەڵبژێرێ و بیهێنێ.»

ڕۆژی دوایی تەواوی کیژانی پیاو ماقوڵان لیباسی جوانیان دەبەر کرد و هاتنە باخی کۆشک. شا سمایل- یش هات و سەیری هەموانی کرد و گوتی :« هێندێ سووریان دەبەر کردوە و هێندێ سپی. بەڵام هیچیان نابنە گولیزار. شا سمایل لە باخ وەدەر کەوت و بڕیاری دا بچێ گولیزار بدۆزێتەوە. ئەسبی شا سمایلیان ئامادە کرد، سوار بوو، کەوتە ڕێ. دەڕۆی و شیعری دڵداری دەخوێندەوە.

بەڵێ شا سمایل ڕۆی ڕۆی تا گەیشتە شوێنێ دیتی کۆشکێک هەیە و حەسارێکی ئاسنی بە دەورەیدا کێشراوە. کیژێکیش لە کۆشک دا دانیشتوە. شا سمایل هاواری کرد:« ئەی حەسار بکرێوە تا بێمە ژوور.»

کیژەکە ناوی گولپەری بوو، گوێی لە قسەکانی وی بوو گوتی :« ئێرە پردێکە لە موو باریکتر و لە شیر تیژ ترە. ئەگەر تواناو غیرەتت هەیە لێی وەپەڕە و وەرە لام.

شا سمایل شیری زولفەقاری هەڵکێشا و لە حەساری دا. حەساری ئاسن تێک قرما و شا سمایل چوە کن گولپەری.

گولپەری گوتی :« وا دیارە کە عیزرائیل لوتفی کردوە هاتوویە دیدارم.»

شا سمایل گوتی :« من هێشتا پارەوە نانێکم لە ماڵی تۆ نە خواردوە و قومە ئاوێکم نە خواردۆتەوە. بەمحاڵە تۆ خەمگین بووی.

www.kerimhisanni.com

– ئەگەر من خەمبار نە بم، کێ خەمبار بێ؟ حەوت برام هەبوون. چوونە شەڕ، دوویان کوژراون و پێنجیان زیندوون.
– لە بۆ کێ شەڕ دەکەن ؟
– لە بەر من. ئەمیری عەرەب دەیەوێ مێرد بە کوڕی وی بکەم. بەڵام براکانم نایانەوێ. ئەو دیوارە ئاسنەیان لە دەوری کۆشک کێشاوە کە دەستی کەسی پێڕانەگات.
شا سمایل پرسی :« بە چی دەزانی دوو برات کوژراون.؟»
– فاڵم گرتۆتەوە و زانیومە.
شا سمایل جارێکی دیکەش پرسی: « لە کوێ شەڕ دەکەن ؟» گولپەری لای ڕۆژ هەڵاتی نیشان دا . شا سمایل سوار بوو بە کۆمەکی براکانیەوە چوو. گەیشتە مەیدانی شەڕ و دیتی لەشکری ئەمیری عەرەب لە لایەک سەفیان کێشاوە وپێنج برای گولپەریش لە لایەکی تر.
شا سمایل فیکری کردەوە کە :« من سڵاو دەکەم. هەر لایەک وەڵام بداتەوە. لە لای ئەو دەبم.» سڵاوی کرد. لە تایفەی عەرەب کەس وەڵامی نە دایەوە. بەڵام پێنج براکە وەڵامیان داوە و سڵاویان بۆ نارد. شا سمایل ڕەگەڵ وان کەوت. بەیانی پێش مەیدان بە برایانی گوت:« ئێوە مەچنە شەڕ. من تەنیا دەچم. شا سمایل لە بەیانیەوە تا ئێوارە شەڕی کرد و عەرەبی لە بەین بردن. ئێوارە گەڕاوە لای براکان. پێنج برا گوتیان: « ئێستا دەچینە ماڵی ئێمە. کەوتنە ڕێ. برای گچکەیان لە بەراییدا نارد و گوتیان برۆ خواردن ئامادە بکەن تا ئێمە دەگەینێ.»
برای گچکە ڕۆی دیتی حساری دەوری کۆشک ڕوخاوە. گەڕاوە و بە براکانی گوت. براکانی گوتیان:« زوو برۆ خوشکمان بکوژە و خواردن ئامادە بکە. هاتە کۆشک و بە خوشکی گوت:« براکان ئەمریان کردوە تۆ بکوژم.
گولپەری گوتی:« مەمکوژە. لە سندوقێکدا بمشارەوە. پاشان ئەو پیاوەی لە گەڵتانە ڕوو داوەکەتان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەو دەم دەمکوژن خۆتان دەزانن.
برای گچکە بە قسەی گولپەری کرد. برایان لە گەڵ شا سمایل هاتنە ژوور لە

سەر سفرەی خواردن دانیشتن. بەڵام شا سمایل دانەنیشت. برای گەورە بانگی کرد و گوتی :« وەرە لە گەڵ ئێمە نان بخۆ.

شا سمایل پرسی :« خانمی ماڵ لە کوێیە.؟

برای بچوک گوتی : من کوشتومە.

– بۆ چی ؟

– چونکە پیاوێکی ڕێدابوو بێتە لای. حەساری دەوری کۆشک ڕوخا بوو.

شا سمایل گوتی :« ئەم حەسارە من خەرام کرد. من دەستم بۆ گولپەری درێژ نە کرد، ئەو وەک خوشکی من وا بوو.

ئەودەم برای بچوک گوتی :« من نەمکوشتوە و گولپەری زیندوە. گولپەری لە سندوق هێنا دەر و هەموویان بەوە شاد بوون کە خوشکیان زیندوە.

برایان بە شا سمایلیان گوت:« گولپەری دەدەین بە تۆ و بیکە ژنی خۆت. شەو لە گەڵ گولپەری جێیان پێکەوە بۆ داخستن. شا سمایل پشتی دە گولپەری کرد و نوست.

گولپەری پرسی :« بۆ پشتت لە من کردوە؟

شا سمایل گوتی:« دەبێ لە پێشدا گولیزار بدۆزمەوە، پاشان لە گەڵ تۆ شایی بکەم. بەیانی زوو ماڵاوایی لە برایان خواست و کەوتە ڕێ. برایان تا سێ ڕێیانێک بە ڕێیان کرد و گوتیان:

– ڕێگای یەکەم دەچێتە شام. ئەگەر بە ڕێگای دووەم دا برۆی لە وانەیە بگەڕێیەوە. بەڵام ئەگەر بە ڕێگای سێیەم دا برۆی، هەر گیز ناگەڕێیەوە.

شا سمایل گوتی:« ژیان بۆ من نرخی نیە بە ڕێگای سێیەم دا دەڕۆم» ڕۆی ڕۆی دیتی لە ترۆپکەی چیا کۆشکێک هەیە و باخێکی جوان لە دەورەیەتی و لە نێو باخەکەدا حەوزێکی مەڕ مەڕی تێدایە. لە ئەسپ دابەزی و ئەسپی بەرەڵا کرد بلەوەڕێ. خۆی دانیشت بحەسێتەوە. لە نەکاو دەنگێکی بیست کە دەیگوت:

– کێیە وێراویە بێتە ئێرە، چما نازانی کە عەرەب زەنگی لێرە دەژی. هەر کەس بێتە ئێرە بە زیندویی ناگەڕێتەوە.

شا سمایل جوابی داوە، گوتی : « بە هەڵکەوت ڕێم دێرە کەوتوە، ڕێگام بزر

کردوە، نیشانم دە، چۆن دەچمە دەرێ، تا ڕێگای خۆم بگرم و بڕۆم.
– بزانە، من دوو قەڵام دروست کردون، یەکیان لە لاشەی کوژراوان و یەکیان لە کەللە سەریان. لاشەیەک و کەللە سەرێکم کەم بوو. باشبوو ئێستا تۆ دەکوژم و ساختومانی قەلاکانیان پێ تەواو دەکەم. پاشان عەرەب زەنگی هاواری کرد:« وەرە دەرێ تا شەڕ بکەین.»
شا سمایل و عەرەب زەنگی شەڕیان دەستپێکرد. بە گورز شەڕیان دەکرد. ڕۆژێکی تەواو لێکیان دا. کاتی ئێوارە عەرەب زەنگی گوتی :
– بەسە با بچینەوە ماڵ. چوونەوە ماڵ و برینی یەکتریان برژاندەوە. ڕۆژی دوایی بە شیر شەڕیان کرد تا ئێوارە و دیسان گەڕانەوە. شا سمایل نیوە شەو وەخەبەر هات ، دیتی عەرەب زەنگی لە خەودا بزووتوە و لێفەی لە سەر لاچوە و مەمکی رووت بوونەوە، لێی ورد بۆوە، دیتی مەمکی ژنانە. ڕووی وەر گێڕا و نوست. ڕۆژی سێیەم زۆرەوانیان گرت. شا سمایل دەستی گەیاندە سینگی عەرەب زەنگی و ئەوەندەی توانی مەمکی کوشی. عەرەب زەنگی ناڵاندی و کەوتە عەردی. شا سمایل خەنجەری دەرێنا و لە سەر سنگی عەرەب زەنگی ڕاگرت. عەرەب زەنگی سنگی ڕوت کرد و گوتی :« لەعنەت لە تۆ، چدەکەی، من کیژیک زیاتر نیم.
شا سمایل گوتی :« خۆڵ بە سەرم. سێ ڕۆژە ناتوانم بە سەر کیژیکدا زاڵ بم.
لەو کاتە دا عەرەب زەنگی دەستی خستە ملی شا سمایل و لە عەردی دا و هاواری کرد و گوتی :
– بەد بەخت، من ڕۆژی هەوەڵ دەمتوانی بە زەبرێک لە بەینت بەرم، بەڵام خوشم ویستی و بەزەییم پێت داهات. پاشان لە سەر سنگی شا سمایل هەستا ولیباسی ژنانی کردە بەر و وەک ڕۆژ جوان بوو.
شا سمایل پرسی: « بۆ لیباسی پیاوانت دەبەر کرد بوو.؟
عەرەب زەنگی گوتی : « برایەکم هەبوو سەر کردەی چل ڕێگر بوو. هەر چلیان بە نۆرە دەچوونە ماڵی یەکتر و لە گەڵ ژنانی ماڵ. لە گەڵ خوشک و دایک و ژن و کچی یەکتر دەنوستن، کە نۆرەی من هات،لیباسی پیاوانم کردە بەر و لە

گەڵیان بە شەڕ هاتم. هەموویان و برای خۆشم کوشت. لەو دەمەوە لیباسی پیاوانم دانەکەندوە. بریارم داوە هەر کەسێ بمشکێنێ، دەبمە ژنی وی. تۆ منت شکاند، تۆم خۆش دەوێ و دەبمە ژنی تۆ.

شا سمایل گوتی ؛« دەبێ لە پێشدا بە ئاواتی خۆم بگەم و دوایە تۆ بێنم.»

– ئاواتی تۆ چیە ؟

– دەبێ گولیزار بدۆزمەوە و بیهێنم.

عەرەب زەنگی گوتی :« تۆ بە تەنیا ئەو کارەت پێ ناکرێ، من لە گەڵ تۆ دێم و یارمەتیت دەکەم. پێکەوە سوار بوون و کەوتنە ڕێ. گەیشتنە هۆبەی ئەمیری عەرەب، لە کن پیرێژنێک گیرسانەوە.

شا سمایل لە پیرێژنی پرسی:« دایە گیان، ئایا کیژیک لێرە هەیە بە ناوی گولیزار، کچی ئەمیری عەرەبە.؟

پیرێژن گوتی : « بەڵێ هەیە، من هەموو حەوتوان دەچم سەری دەشۆم. سبەی ڕۆژی بوکێنیەتی و لە وەزیری پیری مارە دەکەن.

شاسمایل گوتی:« دایە گیان ئەم ئەنگوستیلە بەرە و بیدەیە. بڵێ خاوەنی ئەم ئەنگوستیلە لە ماڵی تۆیە.»

پیرێژن ئەنگوستیلەی برد و چوە کن گولیزار. دیتی گولیزار دانیشتوە و کچی دۆستی دەورەیان داوە. گولیزار بە دەستێک خەنجەر و دەستێکیش پیاڵەیەکی ژاری پێبوو. پەیتا پەیتا دەیگوت:« هەر کەس بۆ لام بێ خۆم دەکوژم.»

پیرێژن چوە کنی و ئەنگوستیلەی نیشان دا. گولیزار ئەنگوستیلەی ناسی و لە پیرێژنی پرسی: « خاوەنی ئەم ئەنگوستیلە لە کوێیە ؟»

– لە ماڵی منە. گولیزار گوتی: « سبەی لە گەڵ کچان دەچمە سەیرانی باخ و گوڵزار. بە شا سمایل بڵێ: بێتە وێندەرێ و بمبات.

پیرێژن هاتەوە و بۆ شا سمایلی گێڕاوە. ڕۆژی دوایی کاتێ گولیزار لە باخ دەگەڕا، شا سمایل گەیشتە وێ. دەستی گولیزاری گرت، سواری ئەسپی کرد و بە غار لەوێ دوور کەوتەوە. عەرەب زەنگی لە پەنا جادە چاوە ڕوانی بوو.

شاسمایل گوتی :« دەبێ لە پێشدا سەبارەت بە گولیزار شەڕ بکەم و پاشان

بیبەم. گولیزاریان لە کن پیرێژن دانا و خۆیان گەڕانەوە. لە بەیانیەوە تا ئێوارە لە گەڵ تایفەی ئەمیری عەرەب شەڕیان کرد و هومموویان قڕ کردن. ئەو دەم شا سمایل و عەرەب زەنگی گولیزاریان هەڵگرت و کەوتنە ڕێ. گولیزار لە پاش تەرکی عەرەب زەنگی سوار ببوو. لە ڕێگادا عەرەب زەنگی ڕانی گولیزاری دەقورنجی. گولیزار هاواری کرد. شا سمایل ئەسپی ڕاگرت و گوتی : چ قەوماوە وا هاوار دەکەی؟

گولیزار گوتی :« بزانە نۆکەرەکەت چدەکا؟

شا سمایل قاقا پێکەنی. گولیزار گوتی :« ئەو پێکەنینە چیە ؟ دیارە تۆ بە نۆکەرەکەت ناوێری.

عەرەب زەنگی پێکەنی و کڵاوی لە سەر کرد و پرچەکانی نیشان دا و گوتی: « بزانە منیش وەک تۆ ژنم.»

گولیزار هاتەوە سەر خۆ، بەڵام هەر لەوێ قەراریان دانا بە کەس نەڵێن کە عەرەب زەنگی ژنە. کەوتنە ڕێ و گەیشتنە کۆشکی گولپەری. گولپەری و پێنج براکەیان هەڵگرت و ڕۆیشتن تا گەیشتنەوە وڵاتی ئەسڵان پاشای بابی شا سمایل. لە دەرەوەی شار خانوێکیان بۆ خۆ دروست کرد و کردیانە مزڵی خۆیان.

.ڕۆژێ شا سمایل ئەسڵان پاشا و وەزیری بە میوانی بانگ کرد. ئەسڵان پاشا گولیزاری چاو پێکەوت و ئاشقی بوو، ئارامی لێ هەڵگیرا، کاتێ گەڕانەوە بە وەزیری گوت:« ئەگەر گولیزار نە بێتە هی من، لە داخان دەمرم.

وەزیر گوتی : شا سمایل بانگێشتن کە و ، ژاری بدەیە تا بمرێ و تۆ گولیزار بێنە.

ئەسڵان پاشا نۆکەرێکی ناردە کن شا سمایل و گوتی:« باوکت تۆی میوان کردوە.» شا سمایل گوتی:« تۆ برۆ، من سەعاتێکی دیکە دێم .»

نۆکەر ڕۆی. شا سمایل ژنەکانی خۆی بانگ کرد و گوتی : « ئەسڵان پاشا داوەتی کردووم.» گولپەری فاڵی گرتەوە و گوتی:

– ئەسڵان پاشا دەیەوێ ژار خواردوت کا، بەڵام مەترسێ، ئەنگوستیلەی من لە

دەوری خواردنەکت دابنێ، ژار کارت لێناکات.
شا سمایل وایکرد. ئەسڵان پاشا دیتی شا سمایل ژاری خوارد و هیچی لێنەهات. لە وەزیری پرسی: چی لە گەڵ بەکم.؟
– جارێکی دیکەش بانگێشتنی کە و قوڵکێک لە بەر دەرگا هەڵکەنن تا دەوێ بکەوێ. پاشان پەلاماری دەدەین و دەیکوژین.
ئەسڵان پاشا جارێکی دیکەش بە دوایدا نارد و داوەتی کرد. گولپەری فاڵی گرتەوە و گوتی:
– ئەسڵان پاشا چاڵی بۆ هەڵکەندووی تاتێی بکەوی. بەڵام مەترسێ. سەگ لە گەڵ خۆت بەرە و با لە پێش تۆدا بڕوات، بە هەر جێیەکدا چوو بە دوای ویدا بڕۆ. شا سمایل وایکرد و ئەسڵان پاشا دیتی ئەمجاریش فێڵەکەی نەیگرت. هاواری کرد:
– خەریکە دیق بکەم. گولیزارم بۆ بێنن.. وەزیر پێی گوت:« دەبێ بزانی کە چۆن دەتوانی هێزی شا سمایل ببەستی.»
ئەسڵان پاشا جاریکی تریش شا سمایلی داوەت کرد و لێی پرسی: « چۆن دەکرێ هێزی تۆ ببەسترێ.»؟
شا سمایل گوتی:« لە کۆڵەکێک تەناف پێچم بکە تا بە سەر مندا زاڵ بی.»
ئەسڵان پاشا فەرمووی تا شا سمایل توند لە کۆڵەکێک ببەستن. پاشان بانگی جەلادی کرد و گوتی:« بڕۆ شا سمایل بکوژە.»
شا سمایل خۆی ڕاوەشاند و تەنافەکەی پچڕاند. ئەسڵان پاشا تورە بوو گوتی: « تۆ درۆت لە گەڵ کردم. ئێستا پێم بلێ بە چی دەتوانم هێزت ببەستم و بە سەرت دا زاڵ بم.؟»
– تەنیا کاتێ دەتوانی بە سەر مندا زاڵ بی، کە قامکی گەورەی دەستم بە زێی کەوان ببەستی.
ئەسڵان پاشا ئەمری کرد زێی کەوانیان هێنا و قامکە گەورەکانی شا سمایلیان بەست. بانگی جەلادی کرد و گوتی : « لە سەری بدە.»
شا سمایل هەر چی کردی خۆی پێ نەجات نەدرا . ئەسڵان پاشا گوتی: « زوو

www.kerimhisami.com

له سه‌ری بده.»
ده‌ور و به‌ری شا سمایل هاواریان ده‌کرد: نابێ شا سمایل بکوژرێ. ئه‌سڵان پاشا لێیانی پرسی: «چۆن ده‌توانم له‌ ده‌ستانی رزگار بم.»؟
گوتیان: چاوه‌کانی ده‌ر بێنه‌ با کوێر بێ.. جه‌لاد چاوی شا سمایلی هێنا ده‌ر و کوێری کرد و بردیان له‌ جه‌نگه‌ڵ به‌ره‌ڵایان کرد.
پیره‌ مێردێک به‌ که‌رێکه‌وه‌ به‌ وێدا ڕاده‌برد. شا سمایل ده‌نگی لاقی کابرای بیست و بانگی کرد:
- ئه‌ی پیاوی چاک، من به‌ره‌ کن ئاو. پیره‌مێرد سواری که‌ری کرد و بردیه‌ په‌نا کانی. شا سمایل له‌ په‌نا کانی دانیشت و پرسی:
له‌ شاری ئێوه‌ چباسه‌؟
- ده‌ڵێن ئه‌سڵان پاشا چاوی کوڕی خۆی ده‌رهێناوه‌ و کوێری کردوه‌. کوره‌که‌یان له‌ شار ده‌ر کردوه‌ و که‌س نازانی زیندوه‌ یا مردوه‌ و چی به‌سه‌ر هاتوه‌. هه‌مووی ئه‌م کاره‌ساته‌ش له‌ به‌ر گولیزاره‌.
شا سمایل پرسی: باشه‌ گولیزار ده‌بێته‌ ژنی کێ؟
پیره‌ مێرد گوتی: «عه‌ره‌ب زه‌نگی هێناویه‌تی. ئه‌سڵان پاشا له‌شکری ناردۆته‌ شه‌ڕی وی. عه‌ره‌ب زه‌نگی هه‌موو له‌شکره‌که‌ی قڕ کردوه‌.
پیره‌ مێرد ڕۆی و شا سمایل به‌ جێ ما و له‌ بن دارێک دانیشت. دوو کۆتر هاتن له‌ سه‌ر داره‌که‌ نیشتن. یه‌کیان له‌ ویتری پرسی:
- خوشکێ، ئه‌م لاوه‌ کێیه‌.؟ جوابی داوه‌: «شا سمایله‌ و کوێره‌.»
- وه‌ره‌ دوعا بکه‌ین چاوی ببینێ و چا بێته‌وه‌. کاتێ لێره‌ فڕین و ڕۆیشتین، په‌ڕێکی ئێمه‌ ده‌که‌وێ. ئه‌گه‌ر شا سمایل نه‌ نوستوه‌. قسه‌کانی ئێمه‌ی گوێ لێ ده‌بێ، ئه‌گه‌ر نوستوشه‌ له‌ خه‌و ده‌بینێ. ده‌بێ ئه‌و په‌ڕه‌ هه‌ڵگرێته‌وه‌. ده‌ ئاوی هه‌ڵکێشێ و به‌ چاوی دابێنێ. ده‌بێ چاوه‌کانی ده‌ ئاو دا ڕابگرێ. پاشان چاوی ڕاست له‌ کالانی چاوی چه‌په‌ دابنێ و چاوی چه‌په‌شی بخاته‌ کالانی چاوی ڕاسته‌وه‌. په‌ڕه‌که‌یان به‌ سه‌ردا بکێشێ و چا ده‌بێته‌وه‌ و ده‌بینێ.
کۆترکان فڕین. شا سمایل به‌ کوێره‌ کوێره‌ په‌ڕه‌که‌ ی دیته‌وه‌ و کۆتره‌کان

www.kerimbisani.com

چییان گوتبوو، وایکرد. بەڵام خێل بوو. پاشان چوە شار و دیتێ شوانێک مەڕ دەلەوەڕێنێ. چوە کن شوان و پێیگوت:« ورگێکم بدەیە.»
شوان ورگە مەڕێکی دایە. شا سمایل ورگە مەڕی بە سەر داگرت و وەک کەچەڵ و بێ مووی لێهات و زەحمەت بوو کەس بیناسێتەوە. هەم کەچەڵ و هەم خێل.
پاشان بوو بە کرێکاری پیاوێکی پیر. ڕۆژێک پیرە مێرد بە کزی و داماوی هاتەوە. شا سمایل لێی پرسی:
– بابە گیان بۆچ وا خەمگینی، چ قەوماوە؟
پیرە مێرد گوتی: « کوڕم چۆن خەمبار نە بم. هەر کەسێکی ئەسڵان پاشا دەینێرێتە شەڕی عەرەب زەنگی دەکوژرێ. ئێستا تەنیا پیرە مێردی وەک من ماون. سبەی نۆرەی منە و دەبێ بڕۆم و لە گەڵ عەرەب زەنگی شەڕ بکەم.»
شا سمایل گوتی: « بابە گیان خەم مەخۆ، بچۆ کن ئەسڵان پاشا و بڵێ کوڕێکم هەبوو هەمیشە لە کن مامی دەژیا، ئیمڕۆ گەڕاوەتەوە و دەچێتە بەر بەرەکانی عەرەب زەنگی.»
پیرە مێرد وایکرد. ڕۆژی دوایی شا سمایل چۆە مەیدان و بەرەنگاری عەرەب زەنگی بوو. عەرەب زەنگی نەیدەزانی کە حەریفی شا سمایلە. تا ئێوارە مەیدان داریان کرد، هیچیان سەر نەکەوتن. عەرەب زەنگی گەڕایەوە و گوتی:
– ئیمڕۆ کوڕێکی خێل هاتە مەیدان، هەر چی کردم دەرۆستی نە هاتم. بێگومان سبەی بە دەستی وی دەکوژرێم.
گولبەرگ فاڵی گرتەوە و لە قاقای پێکەنینی دا.
عەرەب زەنگی توڕە بوو، گوتی:« ئەو پێکەنینە چیە ؟ دیارە تۆ دەبیە ژنی وەزیر و گولیزاریش دەبێتە ژنی ئەسڵان پاشا، بۆ ئێوە گرنگ نیە کە من بکوژرێم.»
گولپەری جوابی داوە کە :
– وا نیە. سبەی بە دڵنیایی بچۆ مەیدان. بەڵام شا سمایل بە ئەسڵان پاشای گوت: « تا لیباس و ئەسبی شا سمایلم نەدەیەی، ناچمە مەیدان.» ئەسڵان پاشا سوێندی خوارد کە لیباسی شا سمایل نە ماون، بەڵام ئەسبەکەی بەرە و بچۆ مەیدان.

www.kerimhisami.com

شا سمایل سواری ئەسبی خۆی بوو ڕووی کردە مەیدان. لە گەڵ عەرەب زەنگی ملانییان گرت و عەرەب زەنگی لە عەردی دا و پێی گوت: « من شا سمایلم» ئەسڵان پاشا دیتی کە عەرەب زەنگی وە عەردی کەوتوە، بەڵام زۆر بە کەیفە.
ئەسڵان پاشا هاواری کرد:
- ئافەرین کوڕی خێل. ئێستا بیکوژە.
شا سمایل گوتی :« بە من ناکوژرێ، وەرە بۆ خۆت بیکوژە. ئەسڵان بۆ لای عەرەب زەنگی هات و کە لێی نیزیک بۆوە، کچەکە ریشی گرت و هاواری کرد:« تف لەو ڕیشەت کە بە زۆر دەتەوێ ژنی کوڕی خۆت بە زۆری بستێنی.»
عەرەب زەنگی سەری ئەسڵان پاشای لە عەردی دا و کوشتی. شا سمایل کار و باری وڵاتی گرتە دەست و لایەنگرانی باوکی لە بەین برد، بەڵام کاری بە خەڵکی دیکە نەبوو. هەر چوار یان بە خۆشی و شادی ژیانیان دەستپێکرد.

www.kerimhisami.com

تلی هەزار ٥٣

× تلی هەزار یانی « قامک هەزار» کیژێکی جوانی ئەفسانەیی کورد بوە کە دەڵێن بۆ دیتنی قامکێکی وی هەزار سکە زێڕیان داوە»

پاشایەک بوو سێ کوڕی هەبوون. کوڕەکان گەور بوون و بوونە پیاو، گەیشتبوونە تەمەنێک دەبوایە ژن بێنن. وەزیر بە پاشای گوت:

– قیبلەی عالەم سلامەت بێ! کوڕەکانت گەورە بوون، دەبێ ژن بێنن، لەم بارەوە فیکری چیت کردوە؟

پاشا گوتی :« ئەی وەزیر هەقتە، با بڕۆم تەگبیر بە خێزانم بکەم، بزانم ئەو دەڵێ چی.»؟

پاشا چوە کن خێزانی و گوتی:« وەزیرم دەڵێ دەبێ کوڕەکان ژن بێنن. بەڵام من لە دوو دڵی دام. ئێمە هێشتا تاقیمان نەکردوونەوە. دەبێ چبکەین.؟ ژنەکەی گوتی :

– ئەی پاشا! ڕێگای تاقیکردنەوەی کوڕەکانمان ئەوەیە کە هەر یەکەی هەمبانەیەکی پڕ لە زێڕیان بدەینێ و دەسەڵاتیشیان بدەینێ کە بە ئاقڵ و مەیلی خۆیان ئەو پارەیە خەرج بکەن. بزانین چاکی خەرج دەکەن یان نا.

پاشا ڕازی بوو گوتی : ڕاست دەکەی. پاشان هەر سێ کوڕی بانگ کرد و هەر یەکەی کیسەیەک زێڕی دایە وگوتی:« چۆنی دەتانەوێ ئەم پارەیە خەرج بکەن.»

کوڕی گەورە دوای پارچە زەوییەکی لە باوکی کرد. خانوێکی باشی لێ دروست کرد و کەل و پەلی پێویست کڕی و کچی وەزیری هێنا و ژیانێکی ئاسودەی دەست پێکرد

www.kerimbisani.com

کوڕی نێونجی لاسای برای کردەوە. ئەویش خانوێکی دروست کرد و کچی وەکیلی هێنا و ژیانی ئارامی دەست پێکرد.
با واز لە وان بێنین و بزانین کوڕی گچکە چدەکا.
کوڕی گچکە کە ناوی سودین بوو قەستی سەفەر و گەڕانی کرد. گەیشتە وڵاتی دروا‌سێ و دیتی حەیوان لە وێ زۆر هەرزانە. مێگەلێک مەڕی لاوازی کڕی و فیکری کردەوە کە تا دەیانگەیێنمەوە وڵاتی خۆم لە ڕێگا دەلەوەڕێن، قەڵە و دەبن و لە وێ دەیانفرۆشم و پارەیەکی زۆرم وە گیر دەکەوێ.» مێگەلی وەپێش خۆی دا، لە ڕێگا دیتی دێوێکی سامناک لە پەنا ئەشکەوتێک دانیشتوە و چاوێک لە نێو چاوانی شوق دەدا. سودین کەوتە فیکر کە چبکا لە دەست دێو نەجاتی بێت. چوە کن دێو و گوتی: « سلاو مامە !»
دێو گوتی :« کوڕم سلاو، تۆ لە کوێ منت ناسی ؟
- مامە گیان ئەو قسانە چیە؟ بابم زۆر جار تاریفی تۆی کردوە. بێگومان لە بیرت نەماوە کە تۆ دەستە برای باوکمی. ئەم مێگەلەش بابم بۆ تۆی ناردوە.
دێو گوتی : « باشە فەرموو بچینە ماڵێ ! سودین چوە ئەشکەوت و چەند مەڕی کوشتەوە و کردیە کەباب و دێو هەمووی خواردن و گوتی - بە بە. چەندە خواردنێکی بە لەزەتە، دەستە براکەم چ خواردنێکی باشی بۆ ناردووم. زۆر سوپاسی دەکەم.
سودین ئەو شەوە لە ئەشکەوت خۆی مات کرد و بەیانی ویستی بڕوا، گوتی: باشە. مامە گیان! ئێستا ئیتر مەرەخەستم کە بڕۆم.
دێو گوتی : « نازانی چت بدەمێ شایانی تۆ بێت.؟»
- هیچم ناوێ، هەر ئەوەندەی تۆم بە زیندویی دیت، بۆ من زۆرە.
- نا. نا. ئەم گۆزەیە هەڵگرە تا لە ڕێگا ئاوی تێکە ی و بیخۆیەوە. سودین گۆزەی وەر گرت و سوپاسی کرد و کەوتە ڕێ. لە بەر خۆی گوتی :« ئێستا چی بە باوکم بێژم.؟» ڕۆی ڕۆی توشی کۆشکێک بوو کە دەور و بەری باخ و لە باخەکەشدا حەوزێک دیارە. گوتی :« ماندو بووم و با لێرە کەمێ بحەسێمەوە و پاشان دەکەومە ڕێ.» چوە پەنا حەوزەکە، دەست و چاوی شوشت و گۆزەی

www.kerimbisani.com

هەڵگرت کە ئاوی تێکا، دیتی تەپ و تۆز زاری گرتوە. فووی لێکرد کە تۆزەکە بڕوا، لەشکرێکی عەرەبان لە بەرانبەری پەیدا بوو. سەر کردەی ئەو لەشکرە هاتە کن سودین و گوتی:

– ئەی سودین ئاغا، چ دە فەرمووی. دنیا خەراب بکەم یائاوەدان.؟

سودین گوتی :« دنیا لە جێی خۆیەتی و ئێمە تێدا دەژین، بۆ چی وێرانی بکەی؟ تەنیا بۆ دوری تۆ دڵم تەنگ ببوو، ویستم بێبینم. دەتوانی ئەو لەشکرە بگێڕیەوە جێی خۆی. لەشکر هەر دەست لە جێ ون بوو.

بەڵام ئەو کۆشکە، کۆشکی« تلی هەزار»ی جوان بوو. ئەو لە پەنا پەنجەرە دانیشتبوو هەموو ڕووداوەکەی دەبینی. خزمەتکاری خۆی ناردە کن سودین و گوتی:

– بڕۆ بەو لاوەی بڵێ کە « تلی هەزار» داوەتت دەکا.» سودین چوە کۆشک و دیتی پەردەیەک بە نێو وەتاغێکی گەورەدا کێشراوە، تلی هەزار لە پشت پەردەکە دانیشتوە و پرسیاری لێکرد:« لاو! کێی، خەڵکی کوێی و بۆ کوێ دەچی ؟»

سودین لە وەڵامدا گوتی :« تۆ لە کوێی.؟ بۆ چی هەر گوێم لە دەنگت دەبێ و ناتبینم»؟

– من لێرە لە پشت پەردە دانیشتووم. چۆن دەتوانی بمبینی؟ ئاخر بۆ دیتنی قامکێکی من هەزار سکەی زێڕ دەدەن.»

سودین گوتی:« ناوم سودینە و کوڕی پاشای وڵاتی دراوسێی ئێوەم.»

تلی هەزار پرسی:« ئەی سودین، لە بەرامبەر گۆزەی خۆت دا، چت لە من دەوێ ؟»

– ئەگەر تا نێو قەد خۆت ڕوت کەیەوە و خۆت بە من نیشان بدەی ، گۆزەکەی خۆمت دەدەمێ.

– تەماعت زۆرە. خەڵک بۆ دیتنی قامکێکم هەزار سکە زێڕ دەدەن. سودین گوتی:« من هیچم لە تۆ نە ویست. تۆ خۆت پێشنیاری سەودات کرد. ناتەوێ، نەتەوێ. منیش ڕێگای خۆم درێژە پێدەدەم و دەڕۆم.»

www.kerimhisami.com

سودین گۆزەی هەڵگرت و کەوتە ڕێ.
بەڵام تلی هەزار لە گەڵ خزمەتکار تەگبیری کرد و ویستی سودین بگێڕێتەوە. فیکری کرد کە : چ قەیدییە با تا نێو قەد بە ڕوتی بمبینێ. هیچم لێ کەم نابێ. لە بەرامبەر دا ئەگەر ئیرادە بکەم دەتوانم دنیایێک وێران بکەم.
سودین گەڕایەوە. تلی هەزار تا نێو قەد خۆی ڕوت کردەوە و سودین سەعاتێکی تەواو تەماشای کرد. پاشان گۆزەکەی دا بە تلی هەزار و ڕێگای ماڵی خۆی گرتە بەر.
خەبەریان دا بە پاشا کە « سودینی کوڕت گەڕاوەتەوە» پاشا بانگی کرد و لێی پرسی:
– باشە سودین گیان پارەکانت چۆن خەرج کرد؟ برا گەورەکانت خانویان دروست کرد و ماڵ و خێزانیان پێکەوە نا، بڵێ بزانم تۆ چت کردوە؟
– بابە گیان، ئەوان هەر یەکەی یەک خانویان دروست کردوە، من سەتان خانوم دروست کردوە.
– ڕۆڵە گیان، بڵێ بزانم ئەو خانوانە لە کوێن و تۆ چونت ساز کردوون.؟
– لێرەوە تا حەڵەب هەموو خانوەکان ماڵی منن. من هەر پارەیەکی هەمبوو، بۆ دۆستانم خەرج کرد.
پاشا گوتی: « ئەم کارەی تۆم پێ خۆش نەبوو. سودین چوە کن دایکی و تکای لێکرد کە بە باوکی بڵێ: کیسەیەکی تریش زێڕی بداتێ.» پاشا بە ژنەکەی گوت:« ئیتر نامەوێ پارەی بدەمێ. کوڕێکی ڕێک و پێک نیە.»
– خوا دەوامت بدا و بنە ماڵەت بپارێزێ. ئاخر تۆ پاشای، بۆ چی پەرۆشی کیسە زێڕێکت هەیە.؟ پارەی بدەیە، بزانین ئەمجار چدەکات. سودین لە براکانی ئاقڵترە.
پاشا ڕازی بوو، کیسە زێڕێکی دیکەی دا بە سودین.
سودین دیسان چۆوە ئەم وڵاتە کە پێشتر مێگەلە مەڕی لێ کڕی بوو. ئەو جار گارانێک گوێلکی ئەرزانی کڕین. بە مەزراو لەوەرگادا وەپێش خۆی دان و گەیشتەوە ئەشکەوتی دێوی یەک چاو.

دێو کەیف خۆش بوو گوتی:« سودین بە خێر هاتی، چت بۆ هێناوم.؟»
سـودین گـوتی : « ئێسـتـا دەزانی چیم بۆ هێناوی.؟ پێت خـۆش دەبێ. پاشـان ئاگری کردەوە و گوێلەکەیەکی کردە کەباب. دێو خـواردی و گـوتی:« چەندە بە لەزەتە. خۆزیا لەو شتانە زۆرترت بۆ هێنا بام.
سودین لە ئەشکەوت مایەوە و بەیانی ویستی بڕوا. دێو پرسی: « ئێستا دیاری چیت بدەمێ ؟»
– مامـە گیـان. هیچم ناوێ. تۆ زیندو و سـلامەت بی بۆمـن بەسە. دێو سـفرەیەک و دارێکی دایە و گوتی :
– ڕۆڵە گیـان! هەمـوو جـار کـە برسـی بووی. سـفـرە داخـە و بەو دارە لێی بدە و دوعـا بکـە خـواردنی جۆر بـە جۆر ی بە دڵی خـۆت بخـوازە. لە سـەر سـفرە حـازر دەبن.
سودین سـفرە و داری هەڵگرت و مـاڵاوایی لە دێو خواست و بەرەو کۆشکی تلی هەزار کــەوتە ڕێ. چوە نێــو بـاخ و بۆ لای حــەوزی ئـاو چوو، دەست و چاوی شــوشت و ســفــرەی دەخــست و دارێکی لێــدا و دوعــای کــرد و خــواردن و خـواردنەوەی جۆر بـە جـۆر لە سـەر سـفـرە دەر کـەوتن. تا تێر بوو خـواردی و سفرەی کۆ کردە وە. تلی هەزار لە پەنجەرەوە هەمووی دەبینی. خزمەتکاری بە دوای سـودین دا نارد. سـودین هـات و تلی هەزار بە ناز و غـەمزە لێی پرسـی:« سودین لە جیاتی سفرەی خۆت. چ نرخێک دەخوازی.؟
– ئەی خـانم! تۆ خـۆت دەزانی من پێویسـتم بە پـارە و سـامـان نیـە. ئەگـەر بە ڕاسـتی سـفـرەی منت دەوێ، دەبێ تەواو خـۆت ڕوت کـەیەوە و تەمـاشـات بکەم. ئەو دەم سفرە و دارت دەدەمێ.
– ئەو قسانە چیە ؟ چۆن لە پێش چاوی تۆ خـۆم ڕوت کـەمەوە؟ خـەڵک بۆ دیتنی قامکیکم هەزار سکە زێڕ دەدەن.
سودین گوتی:« ناتەوێ، نەتەوێ. منیش دەڕۆم .»
ویسـتی بڕوا. تلی هـەزار فـیکری گـۆڕی و بیری کردەوە: « با ئەم لاوە شـێـتـە بە ڕوتی بمبـینێ. خـۆ کـەس لێـرە نیـە باسی بکا و خـەڵکی تر تێبگەن. خـۆشی

وادیاره شێته.»
بەڵێ. تلی هەزار خۆی ڕوت و ڕوت کردەوە. سودین سەعاتێک تەماشای کرد. پاشان سفرە و داری دایە و ڕێی داگرت.
کاتێ گەیشتەوە ماڵێ بە پارێز چوە کن دایکی. دەیزانی بابی جنێوی پێدەدا. دیسان تکای لە دایکی کرد و گوتی:« یارمەتیم بکە، دیسان پارەکەم خەرج کردوە، با بابم کیسەیەکی تر زێرم بداتێ.
دایکی ترسا و گوتی :« ڕۆڵە ئەم قسانە چن؟ بابت ئەگەر بزانێ تۆش دە کوژێ و منیش.»
سودین ماوەیەک لە دایکی پاڕاوە و ئاخری دایکی ناردە کن وەزیر و وەکیلی پاشا و تەواوی ڕووداوەکەی بۆیان گێڕاوە. پاشان هەر سێکیان چوونە کن پاشا و تکایان لێکرد کە پارە بدا بە سودین. پاشا زۆر تورە بوو گوتی: « ئێستا دەیکوژم.»
وەزیر و وەکیل لە سەری ڕۆیشتن و تکایان کرد و پاشایان ڕازی کرد و گوتی:« باشە، کیسە زێڕێکی دیکەی دەدەمێ، بەڵام ئیتر نابێ چاوم پێی بکەوێ.»
سودین کیسە زێڕی وەر گرت و جارێکی دیکە بەرەو ئەو وڵاتەی کە مەڕ و گوێلکی لێ کڕیبوون، کەوتە ڕێ. ئەمجارە کارێک کامێشی لاوازی کڕی و بۆ لای ئەشکەوتی دێو ڕێ کەوت. گامێشەکان لە ڕێگادا لەوەڕان و قەڵەو بوون.
دێو کە سودینی دیت زۆر خۆشحاڵ بوو گوتی :
– ئەی سودینی خۆشە ویست، بە خێر هاتی، دیسان چیت بۆ هێناوم.»
– مامە گیان ئەمجاریش وەک جاری پێشوون، بەڵام گەورە ترن. سودین گامێشێکی سەر بڕی و ئاگری کردەوە و کردیە کەباب. دێو گامێشی خوارد و زۆری تاریف کرد و گوتی :« ڕۆڵە گیان، هەمیشە لەم شتانە بێنە.»
سودین شەو لە ئەشکەوت بردیە سەر و بەیانی ئامادەی ڕۆیشتن بوو. ئەمجارە دێو کاسەیەکی مسی بە دیاری دایە و گوتی:
– ئەو کاسەیە بگرە و لە ڕێگا ئاوی تێدا بخۆوە.
سودین کاسەی وەر گرت و بۆ کۆشکی تلی هەزار ڕۆی. گەیشتە پەنا حەوز ،

www.kerimhisami.com

کاسەی پڕ لە ئاو کرد و خواردیەوە، دیتی قاپێکی ئیعتیادییە. سودین گوتی؛ ئەمجار دێو فریوی داوم. ئەوەی تێیدا ما بوو فرێی دا، ئاوەکە بوو بە زێڕ. تلی هەزار ئەوەشی لە پەنجەرەوە دیت. خزمەتکاری نارد و سودینی داوەت کرد. سودین چوە کۆشک و تلی هەزار لێی پرسی:

– ئەی لاو! لە تۆڵەی ئەم کاسە چت لە من دەوێ کە بیدەم.؟

– کاسەی من قیمەتی تەواو نابێ. دەزانم تۆ کڕیاری نی. تلی هەزار پێی داگرت و گوتی:« هەر نرخێکی دەتەوێ، بیڵێ.»

سودین گوتی:« ئەگەر ڕێگا بدەی شەوێک لە گەڵ تۆ بنووم. کاسەکە دەبێتە هی تۆ.»

تلی هەزار جوابی داوە:« ئەو قسانە چیە. خەڵک بۆ تەماشای بەژن و باڵام، بە قورسایی خۆم زێڕم دەدەنێ.

– خانم گیان. من گوتم تۆ کڕیار نی! من دەتوانم نەک هەر بە قورسایی تۆ، بەڵکوو بە قەدرایی کۆشکەکەت زێڕ بدەم. ئیتر قسەی ئێمە لە سەر ئەم سەودایە فایدەی نیە. سودین کاسەی هەڵگرت و بۆ لای دەرگا چوو.

تلی هەزار لە گەڵ خزمەتکاران تەگبیری کرد. خزمەتکاران گوتیان:

– ئەی خانم، بەو کاسەیە تۆ دەتوانی شارێکی تازە دروست بکەی. بڕۆ شەوێکی لە گەڵی بنوو، کێ دەزانێ؟ ئەو ئاقڵی لە سەر خۆ نیە. نابێ ئەو کاسەیە لە کیس بدەی.

تلی ئامادە بوو. سودینی گێڕاوە. ئەو شەوە لە گەڵی چوە دەجێ و سودین ئەو شەوە لە گەڵ تلی هەزار ڕایبوارد و بەیانی قەستی سەفەری کرد. تلی هەزار لێی پرسی:« ئەی سودین ئەگەر پێویستم بە تۆ هەبوو لە کوێ پەیدات بکەم ؟

سودین نیشانی خۆی بە درێژی دایە و کەوتە ڕێ. کاتێ گەیشتەوە ماڵێ، چوە کن دایکی. دایکی پرسی :

– باشە، سودین ئەمجارە چت کرد ؟

ئەمجاریش فریویان دام. پارەکەم خەرج کرد، بەڵام لە جیاتیان یادگارێکی باشم لە خۆم بە جێهێشتوە.

www.kerimbisani.com

– ڕۆڵە گیان ئێستا چی بە باوکت بڵێم.
– دایە. چبکەم. کارێکە کراوە و هیچی لە گەڵ ناکرێ. پاشا ئاگادار بوو کە کوڕەکەی گەڕاوەتەوە. بانگی کردە دیوان و پرسی:
– باشە، ئەوجار چت کرد؟
– بابە، پارەکەم خەرج کرد. لە گەڵ دۆستان هەموو شەرابم خواردەوە. پاشا بانگی جەلادی کرد و گوتی :
– جەلاد! ئێستا سودین بەرە و لە سەری بدە و لیباسەکانی بە خوێن کە و بێنە بە منی نیشان بدە .
وەزیر گوتی :« پاشا سلامەت بێ، گوێ بدە قسەی من. پارەی بە فیڕۆ داوە گوێ مەدەیە. سودین مەکوژە. من دەزانم کە ئینسانێکی بێکارە نیە. پاشان پەشیوان دەبیەوە.
پاشا گوتی: نا. دەبێ سەری ببڕم. گاڵتەی پێم کردوە.
وەزیر دیتی کە لە گەڵ پاشا هیچ ناکرێ. سودین و جەلادی لە گەڵ خۆ برد بۆ دەرەوەی شار. وەزیر لیباسی لە بەر سودین هێنا دەر و دای بە جەلاد و گوتی:« برۆ کار مامزێک بکوژە و ئەم لیباسە دە خوێنی وەر بدە و لێرە چاوەڕوانی من بە تا دێمەوە. وەزیر سودینی بردە شوێنێکی زۆر دووری شار و لە ماڵێک شاردیەوە و خواردن و خواردنەوەی بۆ برد و خۆی چۆوە کن جەلاد و گوتی:« وریا بە بە هیچ کەس نەڵێی. بە پاشا بڵێ کە سەرم بڕیوە و ئەمەش لیباسی خوێناوی.»
هەر تکیان چوونەوە کن پاشا و لیباسی خوێناویان نیشان دا و ئەویش ئارامی گرت.
بەلام وەزیر سودینی لەو ماڵە ڕاگرتبوو. ئێستا بزانین تلی هەزار چدەکات.؟
تلی هەزار منداڵی وەسگی کەوتبوو. بە خۆی گوت ئێستا دەبێ چبکەم. ئەگەر بابم بزانێ بێگومان دەمکوژێ. خزمەتکارەکانی سەر کۆنە کرد و گوتی:
– ئەم بەلایە ئێوە بە سەرمنتان هێنا . بە قسەی ئێوەم کرد. ئێستا باوکم بزانێ هەموانمان دەکوژێ. خزمەتکار گوتی:

www.kerimbisarani.com

– تەنیا یەک ڕێگای دەرباز بوون هەیە. ئەویش ئەوەیە کە مێرد بە سودین بکەی. بە شێتت دانا بوو دەر کەوت لە هەموو کەس ئاقڵترە.
– ئاقڵی چی.؟ کوێی ئاقڵە ؟
– ئاقڵی چی ؟ یەکەم تۆ ئێستا لەوی سگت پڕە. دووەم ناچاری تۆ بچیە کنی، نەک ئەو بێتە لای تۆ. سێیەم ئەوەیە گۆزە وسفرە و کاسە و خۆشت لە زیادی دەکەونەوە دەست ئەو. جا هەر بڵێ کوێی ئاقڵە .
– هەقتە. دەبێ بچینە کن سودین. ئەمری کرد ئەسب زین بکەن و گۆزە و سفرە و کاسەی هەڵگرت و بەرەو وڵاتی سودین ڕێی داگرت. گەیشتنە دەور و بەری شار. خێوەتیان هەڵدا و گۆزەی لە سندوق هێنا دەر و فوی پێدا کرد. دەست لە جێ لەشکرێک لە بەر دەمی ئامادە بوو. سەرداری لەشکر پرسی: « خانم چ ئەمر دەکات. دنیا خەرا بکەم یا ئاوەدان.؟
– دنیا ئاوەدانە و دەمانەوێ لە ناویدا بژین. باشترە شار گەمارۆ بدەی و نە هێڵی هیچ کەس لەم شارە دەر کەوێ. چاوە ڕوانی فەرمانی من بە. شار دەست لەجێ گەمارۆ درا .
ڕۆژی دوایی تلی هەزار نۆکەرێکی ناردە کن پاشا و گوتی: بە پاشا بێژە ئێستا سودینم بۆ بنێرێ، دەنا شار و خەڵکەکەی نابوت دەکەم. ڕۆژێکیش مۆڵەتی بێ. نۆکەر چوە بارەگای پاشا و ئەمری تلی هەزاری پێڕاگەیاند. پاشا گوتی: ئەمری وی ئەنجام دەدەم. پاشان وەزیری بانگ کرد و ڕووداوەکەی بۆ باسکرد. وەزیر گوتی:
– نەمگوت مەیکوژە سودین وا بێکارە نیە. ئێستا چبکەین؟ وەرە لە هەیوانی کۆشکەوە تەماشا کە، دەوراندەوری شار لەشکر گرتوویەتی نا هێڵن کەس دەربچێ.
پاشا گوتی :« وەرە کوڕی گەورەم بەرە کن تلی هەزار. کوڕی گەورەی نارد و تلی هەزار لێی پرسی:
– سودین لە کوێیە ؟
– من سودینم.

www.kerimhisami.com

– تۆ من دەناسی؟
– بەڵێ دەتناسم. تۆ تلی هەزاری
– منت لە کوێ دیوە؟ هەتیو بێدەنگ بوو نەیدەزانی بێژێ چە . تلی هەزار دیتی کە دەیانەوێ فریوی بدەن و سودینی بۆ نەنێرن. بە نۆکەرانی گوت: دەستی ئەو کوڕەی ببەستن و بیبەنەوە کن پاشا.
پاشا کە وای دی. کوڕی ناونجی خۆی نارد. تلی هەزار ئەویشی ناردەوە. گوتی: بە پاشا بڵێن ئەگەر سودین نە نێرێ شار و دانیشتوانی لە بەین دەبەم. دوو سەعاتیشی مۆڵەتە.»
پاشا بە پەلە چوە کن وەزیر و گوتی:« بە قوربانت بم، فیکرێکی بکە.»
– کاتێکی قسەی حسابیم پێگوتی، بە گوێت نەکردم. ئێستا کە سودینت کوشتوە فیکری چی بکەم.؟
مۆڵەت تەواو بوو. تلی ئەمری بە سەرداری لەشکر کرد کە لە هەموو لاوە شار وێران بکات. لەشکر پەلاماری دەست پێکرد و خەڵکیان دەکوشت
عالەم ڕووی کردە کۆشکی پاشا و گوتیان:« چۆن شتی وات ڕێگا داوە، تەماشا کە چباسە. لە هەمووی دەکوژن و وێران دەکەن. وەزیر گوتی کە وایە خۆم دەچمە کن تلی هەزار. چوو سودینی لە خانوەکە هێنا دەر و گوتی :
– بە خێرایی بچۆ کن تلی هەزار تا شاریان هەموو وێران نەکردوە و خەڵکیان نە کوشتوە، بلێ دەست ڕاگرن.
سودین چوە ناو شار و سەرداری لەشکر ئەوی ناسی و دەستیان لە کوشتار و وێرانکردن هەڵگرت. پاشان سودین چوە کن تلی هەزار و گوتی :
– باشە، ئیتر چت لە من دەوێ ـ گۆزە و سفرە و کاسەت ئەستاندوە، ئیتر چت دەوێ.؟
– ئەی سودین من لە تۆ سگم پڕە دەبێ بمهێنی.
– بە سەری خۆت و باوکت من شایانی تۆ نیم. تۆ کە خەڵک بۆ دیتنی قامکێکت هەزار سکە زێڕ دەدەن، من شێت نەبووم لە کوێ بۆ تۆ دەبم.
تلی هەزار دیتی ڕێگا و چاری نەماوە گوتی : « کە وایە هەر چی پارە و سامانم

هەیە بۆ تۆ. لە جیاتیان بمکوژە و بمنێژە با ریسوای چاک و خەراب نەبم. با خەڵک بڵێن کە مێردی بە دەستی خۆی کوشتی و ناشتی.»

سودین گوتی: تا بابم ڕێگا نە دات، ناتوانم ئەو کارە بکەم.

تلی هەزار نۆکەری خۆی لە دوای شا نارد و خۆشی لە گەڵ خزمەتکار قەراری دانا کە خۆی بکاتە دایکی تلی هەزار و لە گەڵ پاشا مە سەلەی مێرد پێکردنی باس بکات، پاشا هات. خزمەتکار تەواوی داستانی بۆ باسکرد، پاشا زۆر کەیف خۆش بوو کە جوانێکی وەک تلی هەزار خۆی داخوازە ببێتە بووکی. پاشا ڕازی بوو. بەیانی مەجلیسی شیرینی خواردنیان دانا و حەوت شەو و ڕۆژ شایی و زەماوەند ساز کرا. ئەوان بە ئاوات گەیشتن و ئیشەڵا ئێوەش پێدەگەن

www.kerimhisami.com

گولبرین ٥٤

کابرایەک بوو بە ناوی یوسوپ زۆر دەوڵەمەند بوو، ڕۆژێ خۆی بۆ سەفەری حەج ئامادە کرد. کیژێکی جوانی هەبوو، کیژەکە گوتی:« ئەگەر لە حەج بێیەوە و هەموو سەروەت و سامانت بە تاڵان چوو بێ، فایدەی حەج چیە. حەسارێکی بەرز بە دەوری ماڵەکە دا بکێشە وجۆگەی ئاوی بە نێوادا بێت و بەشی دوو سێ ساڵان ئازوقە و خواردەمەنی بۆ من دابنێ، سامانەکەت دەپارێزم.»

بابی قسەکانی وی ئەنجام دا و بەرەو مەککە کەوتە ڕێ.

لەو شارە ڕەژی فرۆشێک هەبوو بە ناوی ئەحمەد. ئەحمەد خەبەری زانی کە یوسوپ چۆتە حەج. ڕەفیقەکانی کۆ کردەوە وگوتی :« وەرن با بچین ماڵی ئوسیب تاڵان بکەین.»

ڕەفیقەکانی ڕازی بوون. ئەحمەد چوە بازار بزماری درێژی کڕین و پاشان لە گەڵ ڕەفیقانی چوونە ماڵی یوسوپ. بزمارە درێژەکانیان یەک یەک لە دیوار دا و بە سەر واندا ڕاست چوونە سەربان.

بەڵام کیژەکە ، لە ژووری وەتاغێ دەست بە شیر لە پەناپەنجەرە وێستا بوو.لە گەڵکوو دزی هەوەڵێ سەری لە پەنجەرە هێنا ژوور، شیرێکی لە ملی دا و سەری پەڕاند. بەمجۆرە سەری هەموو دزەکانی پەڕاند، تەنیا ئەحمەدی ڕژی فرۆش مابوو. ئەحمەد لە سەر بانیەوە بە پارێز تەماشای پەنجەرەی کرد. کچەکە شیری داهێنایە، بەلام هەر کەمێک بریندار بوو. خۆی فرێدا خوارێ و بە پەلە بۆ لای دوکتۆر و برینەکەی دەرمان کرد.

کاتێ یوسوپ لە سەفەری مەککە گەڕایەوە، ئەحمەد دیاری بە نرخی کڕین و پێیەوە چوو. بەم بیانوە مانگێک لە ماڵی یوسوپ ژیا. وەهاش دەبزووتەوە کە

یوسوپ خۆشی ویست.
ڕۆژێک ئەحمەد بە یوسوپی گوت:« کیژەکەت بدە بە من.»
یوسوپ گوتی :« زۆر باشە و پێشم خۆش دەبێ،» یوسوپ جیازی بۆ کیژەکەی ئامادە کرد وئەحمەد کچی هەڵگرت و بردیەوە ماڵی خۆی. بە جەنگەڵێک دا تێدەپەڕین، ئەحمەد کڵاوی لە سەر کرد و جێ برینەکەی بە کچەکە نیشان دا و گوتی:
– خۆشە ویستم هیچ دەزانی کە کێ ئەم برینەی دەسەرم کردوە.؟
کیژەکە وا ترسا کە زمانی گیرا. ئەحمەد تەنافێکی هەڵگرت، دەست و پێی کیژەکەی بەست و چوو دار و پوشکە کۆ بکاتەوە تا کیژەکە بسووتێنێ. ئەو دەمەی ئەحمەد خەریکی دار کۆ کردنەوە بوو، پیرە مێردێک بە جەنگەڵدا ڕادەبرد، بارە دارێکیشی لە کەرێک بار کرد بوو. پیرە مێرد کچێکی دەست و پێ بەستراوی دێت و پرسی:
– خۆشە ویستم، کێ دەست و لاقی تۆی بەستوە.؟
کیژەکە دەستی کرد بە پاڕانەوە وگوتی :« بابە گیان دز منیان بەستوە و رزگارم کە.»
پیرە مێرد تەنافی لە دەست و قاچی کیژەکەی کردەوە و سواری کەری کرد و داری لە دەور و بەری وەر گرت کە دیار نەبێ.
پیرە مێرد کەری ئاژواتا گەیشتە پەنا جەنگەڵێک. دیتی کاروانێک لەوێ خستویەتی. ئەویش لە پەنا کاروان دانیشت،
لەم ناوەدا ئەحمەد گەڕایەوە دیتی کچەکە نەماوە. زۆر گەڕا نەیدیتەوە. چاوی بە کاروان کەوت و لە گەڵ بازرگانی خاوەنی کاروان کردیە کێشە و گوتی: کیژەکە لە کوێیە .
بازرگان بە سەر سوڕ مانەوە جوابی داوە: کەسم نە دیوە، کچی چی، کچ لە کوێ بوو.؟
ئەحمەد هەموو کاروانەکە گەڕا، کچی نە دیتەوە. پاشان چاوی بە پیرە مێرد کەوت، پرسی:« بابە گیان کەست لێرە نە دیوە.؟»

www.kerimhisami.com

– ڕەحمەت لە بابت. ئەوە من و کەر و دارەکانم. کەسم نەدیوە. توشی کەسیش نەبووم. ئەحمەد بە دەستی خاڵی ڕۆیشت.
کاتێ ئەحمەد وەدوور کەوت، پیرەمێرد دارەکانی لە دەوری کیژەکە لا برد و کچەکەی بە بازرگان نیشان دا. بازرگان بە دیتنی کیژەکە ئاقڵی لە سەر دا نەما و گوتی :« بیدە بە من تا لە کوڕی خۆمی مارە کەم.»
پیرە مێرد کیژەکەی دا بە بازرگان و خۆی لێیدا ڕۆیشت. بازرگان کیژەکەی بردەوە ماڵ و لە کوڕی خۆی مارە کرد و جێژن و زەماوەندیان ساز کرد. لە پڕ نیوە شەو کچەکە بە هاوار و قیژە لە وەتاغێ دەر پەڕی.
بەیانی کوڕ چوە کن بابی و گوتی: ئەو شێتە کێیە بۆ منت هێناوە. شەوێ بە هاوار و قیژە قیژ لە وەتاغی دەر پەڕیوە.
کیژەکەیان بانگ کرد. بازرگان لێی پرسی: چ بوە، بۆ چی نیوە شەو بە هاوار و قیژە لە ژوورێ هاتوویە دەر.
کیژ جوابی داوە: « شەوانە من زۆر دەترسم. تکا دەکەم دیوارێکی بەرز بە دەوری ماڵ دا بکێشن و شێر و پڵنگیش لە دەرگای ماڵ ببەستنەوە. ئەو دەم ئاسودە دەنووم.
بازرگان ویستی کچەکەی بە جێ گەیاند، ژن و مێردی لاو بە ئارامی دەژیان.
با ئەوان بە خۆشی بژین، بزانین ئەحمەد چی لێهات.؟
ڕۆژێکی ئەحمەد ڕێی کەوتە ئەو شارە و بە پەنا ئەو خانوەدا دەڕۆی کە کیژەکەی تێدا بوو. تەماشایەکی ئەو حەسارە بەرزەی کرد، ڕاست وە ئەو حاسارە دەچوو کە ئوسیب لە دەوری خانوی خۆی سازی کرد بوو. لە دڵدا فکری کردەوە کە:« ئەگەر کیژەکە لەو ماڵە نەبێ من ئەحمەد نیم» دیسان چەند بزماری درێژ ئاسنی کڕی و شەو لە دیواری دان و بە دیواردا چوە سەر بان و بە پارێز لە پەنجەرەوە تەماشای ژووری وەتاغەکە کرد و دیتی ژن و مێرد خەوتوون. کیژەکەی ناسی کە خۆیەتی. سەبروکە وەخەبەری هێنا و گوتی:« بە دوام دا وەرە.»
کیژەکە نەیویست مێردەکەی نارەحەت بکا، هەستا و بە کاوە خۆ وە دوای

ئەحمەدی کەوت. گەیشتنە پەنا پەنجەرە، کیژەکە دوعای کرد و گوتی :« یا خدری زیندە! منداڵی هەوەڵم کچ بێ یا کوڕ، نەزری تۆی دەکەم، لە شەڕی ئەو کابرایەم نەجات بدەی..» نازانم چۆن بوو، بەڵام لە پڕ دەستی ئەحمەد لەرزین و لاقی ترازا و کەوتە خوار. شیر و پلنگی بەر دەرگا لەت و پەتیان کرد. بەیانی کە بازرگان لە ماڵ دەهاتە دەر، لەتە لەشی ئینسانێکی لە بەر دەرگا بینی. بە کچەکەی گوت:

– بزانە لە بەر خاتری تۆ، ئینسانێک نابوت بوە، شێر و پلنگ خواردوویانە.

بوک جوابی داوە : ئەی بابە! دەتوانی شیر و پلنگان بفرۆشی، من ئیتر لە کەس و لە هیچ شتێ ناترسم.

پاش ماوەیەک خوا کیژێکی پێ بەخشین، کچ گەورە بوو، ڕۆژێ لە باخ دەگەڕا، پیاوێک لە بەرانبەری دەر کەوت. ئەو پیاوە خدری زیندە بوو، لیباسێکی سەوزی لە بەر دابوو، بە کیژەکەی گوت:

– بڕۆ بە دایکت بێژە ئایا لە سەر بەڵێنی خۆی ماوە.؟ کیژەکە چوە کن دایکی و پەیامی خدری زیندەی پێ گەیاند. دایک گوتی:« دیارە لە سەر قەولی خۆم ماوم. بڕۆ ئەم وەڵامەی من بە پیرە مێرد بڵێ.»

کیژەکە چوو قسەکانی دایکی بە پیرە مێرد گوت. خدری زیندە بە کچەکەی گوت:

– باش قسەکانی من گوێ بدەیە. لە مەو دوا ناوی تۆ « گولبرین» دەبێ. هەموو جار کە پێبکەنی گوڵی سور لە دەورت بڵاو دەبنەوە. ئەگەر بگری، باران دەبارێ. هەموو جار کە بێیەوە ماڵێ هەمبانێکی پڕ لە زێڕ لە سەر دەرانەی دەرگا هەڵداوەسر ێ. گیانی تۆ لە مرواریەکدا دەبێ و ئەو مرواریەش لە دڵی ئاسکێکی بێ شاخ و نێو چاوان سپی دا دەبێ. خدری زیندە ئەوەی گوت و بزر بوو. کیژەکە چوو ئەو قسانەی بۆ دایکی گێڕاوە. دایک زۆر شاد بوو، ماچی کرد. کچەکە پێکەنی و هەموو دەور وبەری بوو بە گوڵ. ماوەیەک ڕابرد، کچ گەورە بوو. کوڕی ئەمیری عەرەب دیتی و ئاشقی بوو. ناردیە خوازبێنی. دایک و بابی کیژەکە ڕازی بوون. جیازیان بۆ ئامادە کرد و خۆیان بۆ جێژنی گواستنەوە ئامادە کرد.

www.kerimhisani.com

گەلبرین پورێکی هەبوو بەد جسن و بە نەقە نەق. مێردی بەرەڵای کرد بوو لە گەڵ کچێکی ڕەشی ناحەز دەژیا. گولبرین کیژێکی دڵچاک بوو، بڕیاری دا پوری و کچەکەی لە گەڵ خۆی بەرێ. زاوا لە گەڵ دۆستانی بۆ بوکێ هاتن. بوک گریا. تارایان بە سەر دادا و سواری ئەسبیان کرد و کەوتنە ڕێ. پوریش کچەکەی خۆی دە نێو لێفاندا شاردەوە.

لە ڕێدا لە جەنگەڵێک ڕاوەستان. پیا و ژن بە جیا لێکتر. پوری بەد جسن گولبرینی بردە نێو مێشەیەک و ڕووتی کردەوە. دەست و پێی بەست و چاوەکانی دەر هێنا و دە گیرفانی نا و بە رەڵای کرد. چوو کچە ڕەش و دزێوەکەی خۆی ڕازاندەوە و تارای بە سەر دادا و کەوتنە ڕێ. با ئەوان بڕۆن، بزانین گولبرین چی بە سەر هات.

گولبرینی کوێر و دەست و پێ بەستراو لە نێو جەنگەڵدا کەوتبوو. ڕۆژی دوایە پیرە مێردێک هاتە جەنگەڵ داران وەخڕ کات. گولبرین دەنگی لاقانی بیست، بانگی کرد و گوتی:

– بابە گیان هەر کەسی هەی، ببە. دەست و پێیانم بکەوە و بمبەوە ماڵی خۆتان.

پیرە مێرد گوتی: خوا دەزانێ من ئەو کارەم لە دەست نایە. خۆم سێ کیژم هەن کە هەر سێکیان وەک ئاگر وان، دەچمەوە لەوان دەپرسسم ئە گەر ڕازی بوون، دەتبەمەوە ماڵێ. پیرەمێرد چۆوە بۆ کیژەکانی باسکرد. کیژەکان دوویان ڕازی نەبوون کە ئەو کیژە بەرێتەوە ماڵ، بەڵام کچی گچکە گوتی:« بابە بیهێنە. من پاروە نانێکم هەبێ لە گەڵ وی دەخۆم.»

پیرەمێرد چوو گولبرینی هێناوە ماڵ. گولبرین دەستی گرت و گوتی: «ئەوە خوشکی منە و خۆم نانی دەدەمێ.»

گولبرین گوتی: کەمێک لە ماڵێ بمبە دەرێ. کیژە گچکەکە گولبرینی بردە دەر و لە گەڕانەوەدا دیتیان کیسە زێڕێک لە بەر دەرگا کەوتوە. گولبرین هەموو ڕۆژێ کە دەچوە دەرێ. لە گەڕانەوە دا کیسە زێڕێک لە بەر دەرگا دەبوو. پیرە مێرد دەوڵەمەند بوو. دوو خوشکەکەی دیکە ش کەم کەم گولبرینیان خۆش ویست و

www.kerimhisami.com

هەموو پێکەوە بە خۆشی دەژیان.

بەڵام لەم بێنە و بەردە دا کوڕی ئەمیری عەرەب لەگەڵ ژنی ڕەش و ناحەز ڕۆژگارێکی تاڵی دەبردە سەر. هەموو ڕۆژێ دەچوە ڕاوێ. ڕۆژێکی خەسوی فاڵی گرتەوە و بە زاوای خۆی گوت:

– هۆی، درێوی خێزانت، نەخۆشی ویە. دەبێ ئاسکێکی بێ شاخی نێوچاوان سپی لە جەنگەڵ ڕاو بکەی، ژنەکەت دڵی وی بخوا، دوو بارە چاک دەبێتەوە و جوانیش دەبێ.

کوڕی ئەمیری عەرەب ئاسکی بێ شاخی نێوچاوان سپێ ڕاو کرد و هێنایەوە ماڵ. سگیان دڕی و لەت لەتیان کرد و کە دڵیان لەت کرد، مرواریيەکی لێ هاتە دەر و خلۆر بۆوە بۆ قوژبنێک. ژنێ ڕەش و درێوی کوڕی ئەمیری عەرەب دڵی ئاسکی خوارد و جوانیش نە بوو. ئێستا بزانین گولبرین چ دەکا.؟

ڕۆژێک لەو گوندەی کە ئەو لێی دەژیا، شایی و زەماوەند بوو. خوشکی بچوک دەستی گولبرینی گرت و بردی بۆ شایی. لە پڕ لە ڕێگادا گولبرین بزر بوو. لەو شوێنەی لە پیشتر لێی ڕاوەستا بوو، کێوێی بەرز قوت بۆوە. ئەوە ڕاست لەو کاتە دا بوو کە کوڕی ئەمیری عەرەب ئاسکی بێ شاخی نێو چاوان سپی ڕاو کرد بوو.

خوشکی بچوک چۆوە کن بابی و پێی گوت. پیرە مێرد پێمەڕەیەکی هەڵگرت و دەستی کرد بە هەڵکەندنی کێو. نیوەی چیاکەی هەڵکەند. دانیشت تۆزێ بحەسێتەوە. دیتی کێو وەک خۆی لێهاتۆتەوە. پیرە مێرد خەمگین بوو. چبکات ؟ مەڕێکی زۆری کردە قوربانی و میوانخانەی دروست کرد، بەڵام چیا هەر لە جێی خۆی بوو.

ڕۆژێ کوڕی ئەمیری عەرەب لەو دەور و بەر خەریکی ڕاو بوو. دیتی چیایەکی بەرز لە وێیە، چوە نیزیک چیاکە و دەرگایەکی چاو پێکەوت. دەرگای کردەوە دیتی کیژێکی جوان دانیشتوە، گورج ناسی و زانی گولبرینە. بانگی کرد و یەکتریان لە ئامێز گرت. کوڕی ئەمیری عەرەب دیتی کە گولبرین کوێرە و زمانیشی ناگەڕێ. دەستی بە گریان کرد بەڵام گریان فایدەی نەبوو.

کوڕی ئەمیری عەرەب هەموو ڕۆژێ دەچوە کن گولبرین. پاش نۆ مانگان خوا کوڕێکی دایە. کوڕەکەی بردەوە ماڵ و بە خەسوی ئەسپارد و گوتی باشت ئا گا لێ بێت. ئەگەر داوە موییێک لە سەری کەم بێ، هەرتکانو دەکوژم.
کوڕ گەورە دەبوو. ڕۆژێ کە وەتاغیان کەسک دەدا، ئەو مرواریيە بۆ قوژبنێک خلۆر بوە. کوڕەکە هەڵیگرتەوە و بە سنگیەوە نا.
ژنە ڕەش و دزێوەکە غاری دایە کە مرواریەکەی لێ بستێنێتەوە. کوڕەکە دەستی بە گریان کرد. بابی گوێی لە دەنگی گریانی بوو هاواری کرد:
- کێیە کوڕەکەم ئازار دەدا.؟
دایکی ژنەکەی جوابی داوە گوتی:« کەس کاری پێ نە داوە. ویستم لێی بستێنمەوە، گریا.»
بابی دەستی کوڕەکەی گرت و کوڕەکە بزەی هاتێ و دەورەی بوو بە گوڵی سوور. بابی مرواری لە کوڕەکەی وەر گرت و چوە کن گولبرین. کاتێ گەیشتنە وێ دیتیان گولبرین چاوی چاک بۆتەوە. کوڕی ئەمیری عەرەب زۆر کەیف خۆش بوو پرسی:
- چۆن بوو چاوت دەبینێ.؟ گولبرین نەیتوانی وەڵام بداتەوە. ئەو لال ببوو.
کوڕی ئەمیر مرواریەکەی دایە و گوتی :« بزانە چەند جوانە.!
گولبرین مرواریەکەی وەر گرت و تەماشای کرد و بۆ زاری خۆی برد کە ماچی بکا. لە نەکاو لە دەستی کەوت و چوە دە زاری. گولبرین کەیف خۆش بوو، دەستی بە قسان کرد و بە کوڕی ئەمیری عەرەبی گوت:
- دەزانی بۆ چی چاوم چا بوونەوە.؟ کۆترێک هاتە لام و دوو چاوەکانی لە گێرفامن هێنا دەر و خستیەوە نێو چاوەکانم و باڵی خۆی بە سەر داهێنا و چاوم کرانەوە. پاشان ئەوەی پورە بەد جسنەکەی بە سەری هێنا بوو، بۆ کوڕی ئەمیری عەرەبی باسکرد. هەر ئەو دەم چیاکە نەما. زۆر شاد بوون کوڕی ئەمیری عەرەب و گولبرین بۆ ماڵی خۆیان گەڕانەوە و گوتی:
ژنە ڕاستی من ئەوەیە. ئەمری دا کە ژنە دزێوەکە و دایکی سزا بدەن، خۆشی بە شادی و خۆشی لە گەڵ گولبری ژیانیان دەست پێکرد.

www.kerimhisami.com

دەروێش ٥٥

ژن و مێردێکی پیر منداڵیان نە دەبوو. ڕۆژێک دەروێشێک هاتە ماڵیان. ژن و مێرد پێشوازیان لێکرد.

دەروێش گوتی: « بۆ خەجاڵەتم دەکەن؟ چما کوڕێکتان نیە پێشوازیم لێ بکات. بۆ چی خۆتان هەستاون و زەحمەتتان کێشاوە.

هەر تک گوتیان:« منداڵمان نیە و خەمی ئێمەش هەرئەوەیە.

دەروێش سێوێکی لە گیرفانی هێنا دەر و دوو لەتی کرد و هەر یەکە نیوێکی دانێ و گوتی:

– ساڵێکی دیکە خودا کیژێکتان دەداتێ. بە لام بە بێ من ناوی لێ مەنێن. دەروێش ئەوەی گوت و ڕۆیشت.

پاش ساڵێک ژنەکە کچێکی بوو. چەند مانگی پێچوو، بێناو بوو. دایک و باب نیزیک بوو ناوی لێ بنێن. جیرانیان داوەت کرد و شیرینی و خواردنیان ئامادە کرد و لە سەر دەروێش ڕانەوەستان. لە نەکاو دەرگا کرایەوە و دەروێش وە ژوور کەوت. ئەویان لە باشترین جێگا دانا. دەروێش گوتی :

– ناوی کچەکە « بەسێ» بێت. دایک و باب ڕازی بوون و گوتیان :« با وابێت.»

ئەو شەوە دەروێش لە وێ مایەوە و ڕۆژی دوایی ڕۆی. پاش ساڵێک ژنەکە کچێکی دیکەشی بوو. ساڵێکی تر، کچی سێیەمیشی بوو. سەرتان نەیئشێنم. هەموو ساڵێش کە دەهاتن ناویان لێ بنێن، دەروێش دەهات. کچی دووەمی ناو نا« خوسە» . کچی سێیەمیشی ناو نا« کولیلک»

ڕۆژێ کە کیژەکان گەورە ببوون، دەروێش پەیدا بوو و دو« حۆقە» ماسی هێنا بوو. گوتی :

www.kerimhisami.com

– ئەو ماسییانە ڕابکرن و تا من زیندووم دەستیان لێمەدەن. ڕۆژی دوایی کە دایک سفرەی داخست و نانی هێنا، کیژەکان هاواریان کرد کە: بێجگە لەو ماسییەی دوێنێ بابمان هێنای، چیتر ناخۆین. دایکیان مەجبور بوو ماسی ساز کا. لە ئێوارەدا دەروێش پەیدا بوو پرسی:« ماسی من لە کوێیە؟
دایکی کچەکان گوتی: « کچەکان خواردیان.»
دەروێش گوتی:« ئێستا کە وای لێهات بەسێ لە گەڵ خۆم دەبەم کە لە گەڵ من بژی.» «بەسێ» یان ئامادە کرد و لە گەڵ دەروێش بە ڕێیان کرد. دەروێش« بەسێ»ی بردەوە ماڵ و لە سەر بەردێکی دانا و پلە گۆشتێکی دایە و گوتی« دەبێ ئەو گۆشتە بخۆی»
دەروێش ڕۆیشت. بەسێ گۆشتەکەی فڕێدا. دەروێش هاتەوە و پرسی:« ئەی گۆشت.. ئەی گۆشت لە کوێی.؟»
گۆشت لە قوژبنێکی ژوورەکە وەڵامی داوە:« لێرەم. لە نێو تۆز و پیساییدا کەوتووم.»
دەروێش یەخەی« بەسێ» ی گرت و ڕایکێشا بۆ عەمبار و سەرەو ژێر هەڵیاوەسی.
پاش ماوەیەک دەروێش جارێکی دیکەش هاتە ئەو ماڵە کە خوشکەکان لێی دەژیان و گوتی:
– بەسێ بەم زوانە منداڵی دەبێ و تەنیای بۆ دژوارە.« خوسە» بێت، یارمەتی بدا.
خوسە دەگەڵ دەروێش کەوت. چوە ماڵی دەروێش و دیتی خوشکی دیار نیە. دەروێش لە سەر بەردێکی دانا و پلە گۆشتێکی کاڵی دایە و گوتی :« بیخۆ»، پاشان خۆی وەدەر کەوت.« خوسە» گۆشتەکەی نە خوارد و فڕێی دا.
دەروێش هاتەوە و پرسی:« ئەی گۆشت ئەی گۆشت لە کوێی ؟»
– وا لێرە لە نێو تۆز و پیسایی دام. دەروێش « خوسە» شی بۆ عەمبار ڕاکێشا ولە پەنا « بەسێ» سەرەو ژێر هەڵیاوەسی.
ماوەیەک پێچوو دەروێش چوە ماڵی خوشکان و گوتی:« بەسێ» کوڕی بوە و «

www.kerimbisami.com

خوسه» ش نیزیکه منداڵی بێ. کەس نیە کاریَ ماڵێ بکا. باشترە « کولیلک» بێ و یارمەتی خوشکانی بدا.
پیرێژن و پیرە مێرد پێیان حەیف بوو ئەو کیژە شیان بڕوا. بەڵام ناچار ئەویشیان لە گەڵ دەروێش نارد.
کولیلک هاتە ماڵی دەروێش و دیتی کەسی لێ نیە. نە « بەسێ» دیارە و نە «خوسە» زانی کار خەرابە. دەروێش پلە گۆشتێکی دایە و گوتی بێخۆ. خۆی ڕۆیشت. کولیلک پشیلەیەکی دیتەوە وگۆشتەکەی دایە. پشیلە گۆشتی خوارد، کاتێ دەروێش گەڕاوە، بانگی کرد: « ئەی گۆشت لە کوێی؟»
گۆشت وەڵامی داوە: « ئەوەتا لێرەم لە نێو گەدە.»
دەرویش بیری کردەوە کە : « ئەمەیان بە کارم دێت!» نانی خوارد و نوست. دەروش عادەتی وا بوو کە چل ڕۆژ دەنوست و چل ڕۆژ بە خەبەر دەبوو. کاتێ دەرویش خە وی لێکەوت، کولیلک بە ماڵێدا گەڕا و لە عەمبار گوێی لە ناڵین و هاوار بوو، بۆ لای عەمبار چوو، دەرگای کردەوە و دیتی خوشکەکانی دەست و پێ بەستراو سەرەو ژێر هەڵاوەسراون.
کلیک لە حەجبەتان واقی وڕ ما و گوتی:« خوشکە فەقیرەکانم ئەگەر بتانکەمەوە دە توانن بە ڕێگا دا بڕۆن یان نا.؟
گوتیان ئازادمان کە دە توانین بڕۆین. کلیک ئازادی کردن و هەموو شڕە و بڕەی خۆیان کۆ کردەوە و لە ماڵی دەروێش وەدەر کەوتن و هەڵاتن. ڕۆیشتن تا گەیشتنە وڵاتێکی تر. دیتیان شوانێک مەڕ دەلەوەڕێنێ. خوشکەکان تکایان لە شوان کرد کە:
– لیباسی پیاوانەمان بۆ ساز کە و لیباسمان بگۆڕە. شوان خواهیشتی وانی پێک هێنا. لیباسی پیاوانیان کردە بەر و کەوتنە ڕێ. گەیشتنە شار و چوونە ماڵی دەوڵەمەندێک. لە خاوەن ماڵیان پرسی:« کرێکارت ناوێ ؟»
کابرای دەوڵەمەند گوتی:« دەمەوێ، مەڕ و گاڕانم بۆ بلەوەڕێن. بەڵام لە پێشدا بچنە حەمام و خۆتان بشۆن کە زۆر پیسن.!
ئەو پیاوە سێ کوڕی هەبوون بانگی کردن و گوتی : « ئەوانە بەرنە حەمام،

یارمەتیان بدەن خۆیان بشۆن.
چوونە حەمام. بەڵام خوشکەکان ڕاوەستا بوون، خۆیان ڕوت نە دەکردەوە. سێ براکان هەستیان کرد و چوونەوە کن باوکیان و گوتیان :« ئەوانەی ناردوتنە حەمام، کوڕ نین کچن.»
کابرای دەوڵەمەند سەری سوڕ ما و خێزانی بانگ کرد و ئەمری کرد کە کچەکان بەرێتە ژوور و لیباسی ژنانەیان دەبەر کا. لە گەڵ ئەوە لە ژنەکەی پرسی:« دەڵێی چی ؟ پێت چۆنە کە ئەوانە بۆ کوڕەکانمان بێنین؟
ژنەکەی گوتی :« قەیدی چیە. با ئەو کارە بکەین. ئەگەر تۆ بتەوێ، من قسەم نیە.
یەک جێ بۆ ئەو سێ خوشک و سێ برایە شایی و زەماوەندیان ساز کرد. پاش ساڵێک هەر سێ خوشک هەر یەکەی کوڕێکیان بوو. با ئەوان خەریکی ژیانی خۆیان بن، بزانین دەروێش چدەکات؟
دەروێش وەخەبەر هات، دیتی کولیلک دیار نیە. چوە عەمبار و دیتی دەرگا کراوەتەوە ، نە« بەسێ» دیارە ونە«خوسە». وەدوایان کەوت بیان دۆزێتەوە. ماویەکی زۆر سەر گردان بوو تا لە ئاخر دا گەیشتە ئەو شارە کە سێ خوشکی لێ دەژیان. ماڵی کابرای دەڵەمەندی دیتەوە، خوشکەکانی بینی و ناسینی. بەڵام ئەوان ئەویان نەناسی. دەرویش چوە ماڵی کابرای دەوڵەمەند وداوای خێراتی کرد.« خوسە» پارەی دایە. دەروێش وەریگرت و ڕۆیشت. بەڵام دوور نەکەوت و لە گۆشەیەک خۆی مات کرد. پاشان بە پارێز چوە ژووریک کە منداڵەکانی ئەو سێ خوشکەی لێ نوستبوون سەری هەر سێکیانی بڕی و هەڵات.
« بەسێ» چوە ژووری منداڵەکان و چوە سەر سەری منداڵەکەی خۆی، دیتی سەریان بڕاوە. هاواری کرد و خۆشکەکان هاتن و دیتیان سەری منداڵەکای وانیش بڕاوە. ئەوان با خەریکی شین و گریان بن، بزانین دەرویش چدەکات؟
دەروێش بە غار چوە کن مێردی ئەو سێ خوشکە و گوتی: زوو خوتان بگەیێننەوە ماڵ. ژنەکانتان سەری منداڵەکانیان بڕیوە.

هەر سێ برا بە پەلە چوونەوە ماڵ و نۆکەریان بانگ کرد و ئەمریان کرد:« ژنەکانی ئێمە بەرە جەنگەڵ و بیان کوژە. لیباسە خوێناویەکانیێن بێنەوە بزانین کوشتوتن.

نۆکەر چاری نەبوو. خوشکەکانی بە گریان بردە جەنگەڵ. خوشکەکان مەیتی منداڵەکانیشیان لە گەڵ خۆ برد ، چوونە جەنگەڵێکی چڕ. نۆکەر بەزەیی بە خوشکەکاندا هات، ئازادی کردن. کەوێکی کوشت ، لیباسەکانی خوێناوی کرد و بۆ برایانی بردەوە.

بەڵام سێ خوشک! لە بن دارێک دانیشتن و دەستیان بە گریان کرد. سێ کۆتر لە سەر دارەکە نیشتن و دەستیان بە قسان کرد. یەکیان گوتی :« کاتێ ئێمە لێرە دەفڕین و دەڕۆین، پەڕێکمان دەکەوێ. ئەگەر پەڕەکە هەڵبگرن و دە ئاوی ئەو کانیەی هەڵبکێشن کە لە بناری چیادایە و بە گەردنی مردوی دا بێنن، ئەو مردوە زیندوو دەبێتەوە.

کۆترەکان لە شەقەی باڵیان دا و ڕۆیشتن. پەڕێک کەوتە زەوی. کولیلک زمانی باڵدارانی دەزانی. پەڕەکەی هەڵگرتەوە و بە خوشکانی گوت:« با بچین کانیەکە بدۆززینەوە. لە خوارەوەی چیا کانیان دیتەوە. کولیلک پەڕەکەی دە ئاوێ هەڵکێشا و بە ملی کوڕەکەی داهێنا . کوڕ چاوی لێک کردەوە و هەناسەی هەڵکێشا. « بەسە» و « خوسە»ش وایان کرد و منداڵەکانیان زیندوو کردەوە. بڕیاریاندا کە هەر لەو جەنگەڵە دا بژین و نە چنەوە ماڵی خۆیان. لە سەر چیا کۆنە خانوێکیان دیتەوە و کردیانە مزڵی خۆیان. با ئەوان لەو کۆنە خانوە دا بژین و بچین بزانین براکان چدەکەن.؟

ئەوان لە دڵدا زۆر نارەحەت بوون. ڕۆژێ نۆکەری مەعموری کوشتنی ژنەکانیان بانگ کرد و گوتیان:

– ئێمە بەرە ئەو شوێنە کە ژنەکانت لێ کوشتن. ڕۆیشتن و لە ڕێگادا توشی دەوێش بوون. ئەویشیان لە گەڵ خۆ برد. گەیشتنە ئەو جێگایە و دیتیان لە سەر چیا خانوێک هەیە و کوڕێک لەوێ یاری دەکات.

کولیلک لە پەنا پەنجەرە وێستا بوو براکانی دیت و بە خوشکانی گوت:« ئێوە

www.kerimbisami.com

بڕۆن خۆتان بشارنەوە، من بە تەنیا قسەیان لە گەڵ دەکەم. خوشکەکان بە منداڵەوە خویان شاردەوە. کولیلک کوڕەکەی خۆی بانگ کرد و گوتی:

- بچۆ پێشوازی میوانان و ئەگەر پرسیان:« کێ لە ماڵە»؟ بڵێ:« تەنیا من و دایکم »

کوڕ چوە پێشوازی برایان و ئەوان پرسیان: « ئایا کەس لە ماڵێ هەیە ؟»

- تەنیا من و دایکم، کەسیتر نیە.

برایان گوتیان: « ئێمە بەرە لای ئەو. چوونە ژوور. مێردی کولیلک ژنەکەی خۆی ناسی و لە ئامێزی گرت و پرسی:

- خوشکەکانت لە کوێن- ئەو دەم« بەسێ» و «خوسە» و منداڵەکانیان هەتنە دەر و هەموو شاد بوون و یەکتریان لە ئامێز گرت. کولیلک هەموو ڕووداوەکەی بۆ باسکردن، برایان هەڵیان کێشا خەنجەر و دەروێشیان لە ت و پەت کرد. نۆکەر کە ژنەکانی نەکوشت بوو خەڵاتیان کرد و بە خۆشی و شادی گەڕانەوە و بە ئارەزووی خۆیان گەیشتن. حکایەتی ئێمەش لێرەدا تەواو بوو.

www.kerimhisami.com

حەوت برایان ٥٦

هەبوو نە بوو ، غەیری خودا کەسیتر نەبوو. ژنێک حەوت کوڕی بوون و کچی نەبوو گەلێک لە خەمدا بوو کچی نیە. جارێکی دیکەش سگی پڕ بوو، کوڕەکانی گوتیان دەچینە ڕاو. ئەگەر کچت بوو، هێڵەگێک بە دەرگاوە هەڵاوەسە تا ئێمە بێینەوە، ئەگەر کوڕیش بووتفەنگێک هەڵاوەسە تا ئێمە نەگەڕێینەوە. ئێمە خوشکمان دەوێ.

ژن کچی بوو تکای لە براژنی کرد، هێڵەگێک هەڵاوەسێ. بەڵام ئەو ئێرەیی پێبرد و چوو تفەنگی هەڵاوەسی. دایک کەیف خۆش بوو کە کوڕەکانی زوو دەگەڕێنەوە.

کچ گەورە بوو، براکانی نەگەڕانەوە. هیچ نەیدەزانی کە برای هەن. ڕۆژێک لە گەڵ کیژەی هەڤاڵی گەمەی دەکرد، بە کێشە هاتن. کیژە دۆستەکانی بە گیانی برایان سوێندیان دەخوارد کە ڕاست دەکەن. کچەکە سەری لەو سوێندە دەر نەدەچوو نەیدەزانی بێژێ چە. گوتی: « من کە برام نیە چبکەم؟ مەجبورم بە گیانی گوێلکەکەمان سوێند بخۆم.

هەڤاڵەکانی گوتیان:« بۆ بە گیانی گوێلک سوێند دەخۆی، تۆ کە حەوت برات هەنە. کچ دەستی بە گریان کرد و چۆوە ماڵ و لە دایکی پرسی:« دایە داخوا من برام هەن.؟»

– ئەرێ، کیژم، تۆ حەوت برات هەن. ڕۆژێکی تۆ لە دایک بووی، براکانت چوو بوونە ڕاو. بە منیان گوت: ئەگەر کچم بێ، هێڵەگ لە پێش دەرگا هەڵاوەسم. تا بگەڕێنەوە، ئەگەر کوڕیش بوو تفەنگ هەڵاوەسم تا ئیتر نەگەڕێنەوە. بەڵام ژنی

www.kerimhisami.com

خاڵت لە ئێرەییان تفەنگی هەڵاوەسی و براکانت نەگەڕانەوە.
کیژ گوتی: « من دەڕۆم براکانم بدۆزمەوە.» کچ ڕێی داگرت بڕوا بە دنیادا بگەڕێ و براکانی ببینێتەوە، ڕۆی ڕۆی ئاخری گەیشتە خانوێک. دیاربوو کەسێک لەو ماڵە دا دەژی، بەڵام کەسیشی لێ نە بوو. چوە ژوور و وەتاغەکانی گەسک دا و نانی دروست کرد و هەموو کارەکانی ئەنجام دا و خۆی شاردەوە.
ڕۆژ ئاوا بوو براکان گەڕانەوە پێیان سەیر بوو کە: ماڵەکەیان گەسک دراوە، چێشت لێنراوە و کەسیش دیار نیە. چەند ڕۆژ هەر وا ڕابرد و کچ خۆی نیشان نەدەدان. ڕۆژێ حەوت براکان پێکەوە تەگبیریان کرد و قەراریان دانا کە شەشیان بچێتە ڕاو، یەکیش لە ماڵێ بمێنێ و بزانی مەسەلە چیە. لە ماڵێ خۆی شاردەوە.
کچەکە لەکولێنێ هاتە دەر، وەتاغی گەسک دا وچێشتی لێنا و ئاوی هێنا تا هەویر بشێلێ، برای هاتە دەر و پرچەکانی گرت و گوتی :« بێژە پێم، چکارەی، لە کوێوە هاتووی و لێرە چدەکەی؟
– حەوت برام هەبوون ڕۆیشتوون و ماڵیان بە جێ هێشتوە. بە دەوری دنیادا دەگەڕێم بیان بینمەوە.
براکەی کەیف خۆش بوو گوتی: « کە وابوو تۆ خوشکی مەی. ئێستا دەچەم بە براکانم دەڵێم. چوو براکانی دیتەوە ولە دوور هاواری کرد: مزگێنی، مزگێنی، خوشکمان هاتوە.»
برایان فرە خۆشحاڵ بوون و لە خۆشیان یەکتریان گرتە ئامێز و ماچ کردن و بە پەلە بۆ ماڵ گەڕانەوە و سەربردەیان لە خوشکیان پرسی.
خوشک حکایەتی بۆ گێڕانەوە و گوتی: خاڵۆژنم چوە تفەنگی هەڵاوەسیوە تا ئێوە نەگەڕێنەوە. براکان گوتیان:« ئێستا ئێرە خانووی تۆیە. ئێمە هەموو ڕۆژ دەچینە ڕاو.»
لەم بەینەدا خاڵۆژن زۆر خۆشحاڵ بوو کە باشبوو حەوت برا گۆڕیان گوم کرد و کچیش بە دوایاندا. شەو لە ماڵ وەدەر کەوت و لە مانگی پرسی:« بێژە بزانم تۆ جوانتری یا من ؟»

www.kerimhisami.com

مـانگ وەڵامی داوە و گـوتی:« نە من و نە تۆ. بـەڵکوو خـوشکی حـەوت برایان لە هەموان جوانترە»

خاڵۆژن کە ئەوەی بیست بە دوای دۆزینەوەی کچەکە دا وێڵ بوو، دیتیەوە. چوو لە دەرگـای مـاڵەکەی دا. کچ دەرگـای لێ کـردەوە و بە دیداری خـۆشـحـاڵ بوو، خواردن و شیرینی بۆ هێنا. میوان بە کیژەکەی گوت:« تینوومە ئاوم بۆ بێنە.»

کچ ئاوی بۆ هێنا و خواردیەوە و گوتی :« ئێستا تۆش بخۆوە.»

خاڵۆژن بە دزی ئەنگوستیلەی دە پیاڵەی ئاوەکە هاویشت. کیژەکە خواردیەوە ، کەوت ومرد. ژن بە تاڵوکە دەر کەوت ڕۆی. بە خۆی گوت؛ ئێستا ئاسودە بووم.

براکانی گەڕانەوە دیتیان خوشکیان لە قوژبنێک کەوتوە و مردوە. دەستیان کرد بە شـین و گـریان و گـوتیـان« بەخت ڕووی لە ئێـمـە وەر گـێـڕاوە. نەیانویست خوشکیان لە قەبریدا بنێژن. سندوقێکیان ساز کرد و خستیانە ناو سندوق. لایەکی سندوقـەکـەیان بە زێڕ و لایەکـەی تریان بە زێو داپۆشی و بـزمار کـوتیـان کرد و لە پشتی حوشترێکیان بەست و حوشتریان لە مەزرا بەرەڵا کرد.

کوڕی پاشا لەو ڕۆژە دا چوە ڕاو و دیتی حوشترێک بێ خاوەن لەو سـەحرایە بەرەڵایە. حوشتری بردەوە کۆشکی خۆی و سندوقەکە لە پشتی کـردەوە، دیتی کیژێکی مردووی جوانی وەک مانگ لەوێدا ئارامی گرتوە.

ئەمری کرد کیژە بشۆن و کفنی بکەن. کیژەکان شوشتیان و کفنیان کرد. کـوڕێکی چکۆڵە هـاتە پەنا مـەیتی کـیـژەکـە. دەنگـیـان دا کـە : بڕواتە ئەو لا و دەستی لێنەدا. کوڕەکە دەستی بۆ زاری مـردوو برد و ئـەنگوستـیلەی لە زاری هێنە دەر. کچەکە گورج چاوی هەڵێنان و هەستا و دانیشت. هەموو ترسـان و گوتیان: چ قەوماوە؟

کیژەکە لە هەوەڵ تا ئاخر ڕووداوەکەی بۆ گێڕانەوە. کوڕی پاشا لێی پرسی: « دەتەوێ شو بە من بکەی ؟

کـچـەکـە ڕازی بوو. حـەوت شـەو ورۆژ کـردیانە جـێـژن و شـایـی و بە ئارەزوی خۆیان گەیشتن.

میرزا مەحمود ٥٧

لاوێک بوو بە ناوی میرزا مەحمود. ڕۆی کە بە دنیادا بگەڕێ. چوە نێو جەنگەڵێک و لەوێ خانوێکی بۆ خۆ دروست کرد. هەموو ڕۆژێ دەچوە ڕاو، و بە گۆشتی ڕاو ژیانی دەبردە سەر. ڕۆژێ ڕێوییەکی گرت و گوتی دەیکوژم و کەوڵەکەی بۆ خاوێن کردنەوەی لاقانم بە کار دێت.
ڕێوی دەستی کرد بە پاڕانەوە و گوتی: « ئەی میرزا مەحمود مەمکوژە. ڕۆژێ بە کارت دێم. بمبەوە ماڵ و ئاگام لە ماڵەکەت دەبێ.»
میرزا مەحمود وازی لە کوشتنی ڕێوی هێنا و بردیەوە ماڵ. ئەو ڕۆژە دو ڕاوی کردن یەکێیکی بۆ خۆی خوارد و یەکی دا بە ڕێوی. ڕۆژی دوایە ڕێوی چوە جەنگەڵ و توشی گورگ بوو. گورگ گوتی:« ئەی ڕێوی دەڵێی چی بتخۆم؟»
ڕێوی گوتی:« دامنا منت خوارد. پاشان چی؟ دیسان برسی دەبیەوە. باشترە لەگەڵ من بێی و بچینە ماڵی میرزا مەحمود. ئەو هەموو ڕۆژێ ڕاو دەکا و بۆت دێنێ.»
گورگ ڕازی بوو. پێکەوە چوونە ماڵی میرزا مەحمود. ئەوێ ڕۆژێ میرزا مەحمود سێ ئاسکی کوشت. هاتەوە ماڵ تەماشای کرد گورگ هاتۆ تە وێ. خواردنی دا بە هەموان و خەوتن. بەیانی میرزا مەحمود چوە ڕاو و ڕێویش جارێکی دیکە چۆوە جەنگەڵ و توشی ورچ بوو.
ورچ ڕێوی گرت و گوتی :« ئێستا دەتخۆم.»
– دامنا منت خوارد، پاشان تۆ بە خواردنی من تێر نابی. باشترە بچینە ماڵی میرزا مەحمود تا ئەو هەموو ڕۆژێ گۆشتی ڕاوت بۆ بێنێ.
ورچ گوتی .« باشە با بڕۆین. بەڵام ئەگەر بتەوێ فریوم بدەی دەتخۆم. ئەو ڕۆژە میرزا مەحمود توانی چوار ئاسک ڕاو کات. لە بەر خۆیەوە گوتی:« مانای چی. بێگومان دیسان میوانمان هاتوە،. چۆوە ماڵێ و دیتی ورچ لە ژوورێ دانیشتوە. خواردنی دا بە هەموان و بەیانی چۆوە ڕاو. ڕێویش چوە جەنگەڵ توشی پڵنگ هات. پڵنگ پەلاماری دا و گوتی: دەتخۆم.
ڕێوی گوتی لە خواردنی من چیت وەگیر دەکەوێ. باشترە بچینە ماڵی میرزا

مەحمود. ئەو هەموو ڕۆژێ خواردن دەدا بە من و گورگ و ورچ. دیارە گۆشتی ڕاو دەدا بە تۆش.
پڵنگ ڕازی بوو گوتی:« باشە قەی ناکا، با بچین.»
ڕۆیشتن. ئەو ڕۆژە میرزا مەحمود پێنج ئاسکی ڕاو کرد و بە خۆی گوت:« بێگومان دیسان میوانی تازە هاتوە» هاتەوە ماڵ و دیتی بە ڕاستی پڵنگ لە ژوورێ دانیشتوە. گۆشتی بە سەر هەمواندا بەشکرد و خواردیان وخەوتن.
ڕۆژی دوایی ڕێوی دیسان چوە جەنگەڵ. دیتی سیمرغ بۆ لای ئەو دەفڕێ. سیمرغ ڕێوی پەلامار دا چنگی گەیاندێ و گوتی:
– ئەی ڕێوی تەمەنت کۆتایی هاتوە و ئێستا دەتخۆم.
ڕێوی دەستی کرد بە پاڕانەوە و گوتی :« ئەی سیمرغ من مەخۆ. باشترە بچینە ماڵی میرزا مەحمود. ئەو هەموو ڕۆژێ من و گورگ و ورچ و پڵنگ تێر دەکات، بۆ تۆش پارویێک هەر پەیدا دەبێ.»
سیمرغ ڕازی بوو، گوتی« با بڕۆین.»
ئەو ڕۆژە میرزا مەحمود شەش ئاسکی ڕاو کرد. گوتی « سەیرە، دیسان میوان زیادیان کردوە» هاتەوە ماڵ و دیتی سسیمرغیش هاتوە. خواردن بۆ هەموان هەبوو. خواردیان و تێر بوون و نوستن. بەیانی کە میرزا مەحمود چوە ڕاو، ڕێوی بە وانی گوت::« حەیا شتێکی باشە. میرزا مەحمود نۆکەری مە نیە. دەبێ جۆرێک تۆڵەی بکەینەوە..
– تێکرا گوتیان: ڕاستە دەبێ تۆڵەی بکەینەوە، بەڵام نازانین چبکەین.
ڕێوی گوتی:« من دەزانم چبکەین. وەرن ژنێکی بۆ بێنین»
هەمووتێکرا گوتیان ڕاستە. وەرن بچینە وڵاتی چین و ماچین و کیژی پاشا بۆ میرزا مەحمود بێنین. بریاریاندا کە ڕێوی وگورگ و ورچ و سیمرغ بچنە چین و ماچین، پڵنگیش بمێنێتەوە ئاگای لە ماڵێ بێت. کەوتنە ڕێ. دەریایەکی گەورە لە سەر ڕێیان بوو. سیمرغ ڕێوی بە چنگ هەڵگرت و پەڕاندیەوە. گورگ و ورچ بە قەراخێ دا ڕۆیشتن. هەموویان لە دەریا پەڕینەوە دیتیان جوتیارێک جوتی دەکا، کابرا ئەو درندانەی دیت ترسا و ڕایکرد. گایەکانیش بە گاسن و

www.kerimhisami.com

ئاموره‌وه ترسان و هه‌ڵاتن.
ڕێوی به گورگ و ورچی گوت:« وه‌رن ئێوه ده جوتی بکه‌م و زه‌وی بکێڵم. خه‌ڵک ئه‌گه‌ر وا ببینن سه‌ریان سور ده‌مێنێ و هه‌موو دێنه سه‌یر و ته‌ماشامان. کیژی پاشاش دێت تا ته‌ماشای ئه‌و کاره بکا. ئه‌و ده‌م سیمرغ ده‌بێ هه‌ڵیگرێ و بفڕێ، ئێمه‌ش به دوایدا.
به قسه‌ی ڕێویان کرد. خه‌ڵک له هه‌موو لایه‌که‌وه کۆ بوونه‌وه و هاتنه سه‌یری وه‌ی که بزانن ڕێوی و گورگ و ورچ چۆن جوتی ده‌که‌ن. کیژی پاشایان ئاگادار کرد. ئه‌ویش سواری ئه‌سبی خۆی بوو هات ئه‌و شته سه‌یره ببینێ. ڕێوی که کیژی پاشای دی،
بانگی سیمرغی کرد و گوتی:« خۆیه‌تی. زوو بیگره و بیبه.»
سیمرغ کیژی پاشای په‌لامار دا و به چنگ گرتی و فڕی و به‌ره‌و ئاسمان به‌رز بۆوه. خه‌ڵک کردیانه هاوار: ئه‌ی وای کیژی پاشایان برد، به په‌له چوون پاشا ئاگادار بکه‌ن.
کیژی پاشایان گه‌یانده ماڵی میرزا مه‌حمود. ئه‌و ڕۆژه که میرزا مه‌حمود چوو بوه ڕاو. حه‌وت ئاسکی ڕاو کرد و به خۆی گوت:« بێگومان دیسان میوانێک هاتوه» میرزا مه‌حمود هاته‌وه ماڵ، جانه‌وه‌ران پێشوازیان لێکرد و له پێشی سه‌مایان کرد. هه‌ر یه‌که ئاسکێکی دانێ و دوو ئاسک مانه‌وه. میرزا مه‌حمود گوتی:« کامتان به‌شی خۆتان وه‌ر نه گرتوه.؟
پاشان چوه ژوور و دیتی کیژێک له وێ دانیشتوه وه‌ک مانگی چارده. میرزا مه‌حمود و گولیزاری کیژی پاشا هه‌ر به نیگای هه‌وه‌ڵ ئاشقی یه‌کتر بوون و ماره‌یان بڕی و ژیانێکی خۆشیان ده‌ست پێکرد.
با ئه‌وان خه‌ریکی که‌یف و شادی خۆیان بن، بزانین پاشا چده‌کات. پاشا هه‌موو پیرێژن و فاڵگره‌وه‌ی کۆ کردنه‌وه و فه‌رمووی: بزانن کچه‌که‌ی له کوێیه. پیرێژن فاڵیان گرته‌وه و ڕه‌ملیان هاویشت و هیچیان نه‌زانی. پاشا پرسی: « داخوا ته‌واوی فاڵگره‌وه‌کان هاتوون و لێره‌ن،؟» له وه‌ڵامدا گوتیان یه‌ک نه هاتوه که له گه‌ڕه‌کی سه‌به‌ته چنان ده‌ژێ.

پاشا فەرمووی ؛ بیهێنن. پیرێژنی فاڵگرەوەیان هێنا و ڕەملی هاویشت و گوتی : « کیژی تۆ لە جەنەگڵێکدا لە ماڵی میرزا مەحمودە»

پاشا گوتی :« پیرێژن! ئەگەر کیژەکەم بۆ بێنیەوە، بە گرانایی خۆت زێرت دەدەمێ.»

پیرێژن گوتی :« زۆر باشە. خەریک دەبم بزانم چدەکەم.»

پیرێژن کوپەیێکی گەورەی گڵی هەڵگرت و نێوەکەی بە شکڵی جۆر بە جۆر نەخشاندو دە ورگی گای درووهاویشتیە سەر ئاو. خۆشی سواری بوو لە دەریادا کەوتە ڕێ. لە جیاتی پارۆ مارێکی گەورەی بەدەستەوە گرت. پیرێژن بەو لۆتکە ساختەیە لە دەریا پەڕیەوە و چوە قەراخێ. کوپەکەی لە بن دارێک شاردەوە و خۆی ڕووی دە ماڵی میرزا مەحمود کرد. گولیزار لە نیزیک ماڵێ دانیشتبوو، پیرێژنی بینی کە بۆ لای دێت. پێی گوت بۆ لام مەیە، من پیرێژنم خۆش ناوێن.

پیرێژن گریا و پاڕاوە و گوتی:« بەزەییت بە من دابێ. لە گەڵ زیارەتکەران هاو سەفەر بووم، بە جێماوم وڕێم بزر کردوە. جێ و ڕێیەکم بدەیە تا ئەوان دەگەڕێنەوە.

گولیزار دەنگی دا و گوتی :« بڕۆ. حەیواناتی دڕندە لە ماڵی من هەن و دەتخۆن. پیرێژن ڕۆی لە سەر ڕێگا دانیشت و چاوە ڕوانی میرزا مەحمود بوو بگەڕێتەوە، ئاخرەکەی میرزا مەحمود لە ڕاوێ هاتەوە دیتی پیرێژنێک لە سەر ڕێگا دانیشتوە و دەگری. لێی پرسی: بۆ دەگری؟

پیرێژن گوتی : لە رفیقانم هەڵبڕاوم و لە جەنگەڵ ڕێگام بزر کردوە. چوومە ماڵی ئێوە، ژنەکەت دەری کردم.

میرزا مەحمود گوتی:« مەترسێ و لە گەڵ من وەرە. چەندی دەتەوێ لە ماڵی من بە. گەیشتنەوە ماڵ و میرزا مەحمود بە گولیزاری گوت:

– لێگەڕێ با پیرێژن لە ماڵی ئێمە بژی. کاری بە کاری ئێمە نەداوە. گولیزار گوتی:« شومە، بەڵایەکمان بە سەر دێنێ، ئاخری خۆت پەشیوان دەبیەوە. کەیفی خۆتە.»

www.kerimbisami.com

پیرێژن لە ماڵی میرزامەحمود مایەوە. بەیانی زوو هەستا، وەتاغی گەسک دا و چێشتانەی ئامادە کرد و نانی دا بە هەموان و قاپەکانی شوشتن و دەستی کرد بە چێشت لێ نان بۆ نیوەڕۆ. میرزا مەحمود چوە ڕاو و گولیزار لە گەڵ پیرێژن مایەوە. ئەوەندەی داستان و قسەی خۆش بۆ گولیزارێ کرد کە دڵی بۆ لای خۆ ڕاکێشا. پاشان لیباسە چڵکنەکانی شوشت وبە گولیزاری گوت: « کچم بچینە قەراخ دەریا و لیباسەکان بە ئاو دادەین. بە تەنیا دڵم تەنگ دەبێ.

گولیزار لە گەڵ پیرێژن کەوتە ڕێ. کە گەیشتنە دەریا پیرێژن کوپەی لە پشتی دارەکە هێنا دەر و بە گولیزاری گوت:

کیژم زوو وەرە. لەو قوڵکەیە دا شتێک دەتروسکێ نازانم زێڕە یا زێو. تۆ کچی پاشای باشتر دەزانی.

گولیزار بە غار چوو دیتی بە ڕاستی لە نێو قوڵکەدا شتێک دەدرەوشێ. نەیزانی کە قوڵکە نیە و کوپەیەکی گەورەیە. داهاتەوە سەری بردە نێو کوپەکە. پیرێژن لاقی گرت و خستیە نێو کوپە. پاشان زاری کوپەی بە ورگی گا بەست و دە ئاوێی هاویشت و خۆشی سواری بوو بۆ لایماڵی خۆی. گەیشتە ڕۆخی دەریا. پاشا و دار و دەستەی لە وێ چاوە ڕوانی بوون. پیرێژن بە پاشای گوت: « کیژەکەتم هیناوە.» پاشا خۆشحاڵ بوو، خەزێنە داری بانگ کرد و فەرمووی پیرێژن بکێشن و بە گرانایی خۆی زێڕی بدەنێ.. پاشای بە شادی بە جێ دێڵین، بزانین میرزا مەحمود چدەکات.؟

میرزا مەحمود ئەوێ ڕۆژێ شەش ئاسکی ڕاو کرد. لە دڵدا فیکری کردەوە بێگومان ژمارەی ئەهلی ماڵێ کەم بوونەوە.. هاتەوە ماڵ دیتی گولیزار دیار نیە و جانەور خەمبار وێستاون و ناتوانن هیچ بێژن. میرزا مەحمود خەمبار و دڵتەنگ چوە دەجێ و نوست. کاتێ میرزا مەحمود چوو بخەوێ، ڕێوی بە سیمرغی گوت:

– برۆ با بچین گولیزار بێنینەوە. کاری مە بەم جۆرە دەبێ: تۆ من هەڵگرە و لە سەر بانی کۆشکی پاشام دانێ. خۆت بفرە و بچۆ پەنا پەنجەرەی ژووری گولیزار. ئەو تۆ دەناسێ و دێتە باڵە خانە. تۆ بیگرە و بگەڕێوە بۆ ماڵێ.

www.kurdishsami.com

سیمرغ ڕازی بوو، ڕێوی هەڵگرت و بەرەو چین و ماچین لە شەقەی باڵانی دا. سەرتان نەیێشێنم هەر ئەو شەوە گولیزاریان هێناوە ماڵی میرزا مەحمود. ئەو دوو ئاشقە و ماشقە بە دیداری یەکتر شاد بوون و کەوتنە ئامێزی یەکتر.

پاشا ئەمری کرد تەپڵی ترس لێبدەن و لەشکری کۆ کردەوە وچوە شەڕی میرزا مەحمودی تا کیژەکەی لێ بستێنێتەوە. بەیانی کە میرزا مەحمود و جانەوەران وە خەبەر هاتن، دیتیان لەشکرێکی زۆر بۆ لای وان دێت.

ڕێوی هاواری کرد:« دەزانم دەبێ چبکەین. ئێستا دەچمە جەنگەڵ هەر چی ڕێوی و گورگ و ورچ و پڵنگ و باڵدار هەیە بانگیان دەکەم و دەیانهێنم. بە یارمەتی ئەوان دەتوانین لەشکری پاشا پەرش و بڵاو بکەین.

ڕێوی چوو تەواوی جانەوەرانی بانگ کرد. بە قەد ئەستێرەی ئاسمانان جانەوەر کۆ بوونەوە. لەشکری پاشا دیتی ئەو هەموو جانەوەرە دێنە شەڕی وان، ترسان و هەڵاتن. ئاخر شەڕ لە گەڵ جانەوەران دژوارە. باڵدار چاویان دێننە دەر، ورچ پشتی شەر کەران دەشکێنن، گورگ سگیان دەدڕن. هیچیان بە سلامەتی دەر ناچن.

پاشایان ئاگادار کرد. بە خۆی گوت: شەڕ لە گەڵ میرزا مەحمود فایدەی نیە بۆچی لە بەر کیژەکەم سەربازانم فیدا بکەم.؟ پاشا وازی لە شەڕ هێنا. میرزا مەحمود و گولیزار بە ئاواتی خۆیان گەیشتن و حیکایەتی مەش تەواو بوو.

www.kerimhisami.com

محەمەد و موقەدەم ٥٨

ڕۆژێ لە ڕۆژان پاشـایەک بوو وەزیرێکی هەبوو. هەر یەکە کـوڕێکیـان هەبوو، کوڕی پاشا ناوی« موقەدەم» و کوڕی وەزیر « محەممەد» بوو. هەر تک لە مەدرەسـەیەک دەیانخوێند. کوڕی وەزیر چاکی دەخوێند و بەڵام کوڕی پاشا نەیدەخوێند.

پاشا چوە کن مامۆستا و گوتی:« بۆ چاک دەرس بە کوڕەکەم ناڵێی.؟»

لەو کاتە دا منداڵان کاتی پشو دانیان هەبوو، چوو بوونە دەرێ. مامۆستا بە پاشای گوت، کەمێ بوێستە خۆت دەزانی. مامۆستا خشتێکی لە بن دۆشەکی « موقەدەم» دانا و پەڕە کاغەزێکیشی لە ژێر دۆشەگی کوڕی وەزیر دانا. زەنگ لێدرا و منداڵ هاتنەوە و هەر کەس لە سەر دۆشەگی خۆیان دانیشتن. موقەدەم دیتی بابی هاتوە، کتێبێکی هەڵگرت و دەستی بە خوێندنەوە کرد. هیچ هەستی بەوە نەکرد کە وا خشتێکی گەورە لە بن دۆشەگی دانراوە. بەڵام محەممەد هێشتا دەستی بە خوێندن نەکرد بوو، زانی کە دۆشەکی بەرز ترە و فیکری کردەوە کە دەبێ شتێکیان لە ژێر دۆشەگەکەی دانابێ.

مامۆستا لێی پرسی::« بۆ چی دەرس ناخوێنی.؟»

محەممەد گوتی: « دۆشەگی من بە قەد پەڕە کاغەزێک بەرزتر بوە. نازانم چییان لێ داناوە.

پاشا دیتی خەتا لە کوڕەکەیەتی، مامۆستا تەخسیری نە کردوە. گوتی :

– بەڵێ، کوڕەکەم ناتوانێ دەرس بخوێنێ، لە مەو دوا خوێندی باشە ، دەنا خەتای خۆیەتی.

چەند ساڵ ڕابرد، محەممەد دەرسی خۆی تەواو کرد، موقەدەم نەیخوێند و

www.kerimhisami.com

مایەوە. چەند ساڵی دیکەش ڕۆی ئەم دوو کوڕە توشی یەکتر بوون. محەممەد پرسی:« ئەی موقەدەم بۆ وا لاواز بووی؟
– لە خەودا ئاشقی کیژی پاشایەک بووم. لە داخی ئیشق ئازار دەکێشم. ئەگەر نەمگەیێنیە ئەو، دیق دەکەم.
محەممەد چەند دەقیقە ڕاما و گوتی :« هیچ بە دایک و بابمان نالێین. دوو ئەسپی باش و دوو خورجێن سکەی زێڕ هەڵگرە، پێکەوە دەڕۆین تا ئەو کیژە بدۆزینەوە.
کە هەوا تاریک بوو موقەدەم دوو ئەسبی لە تەویلەی بابی هێنا دەر و دوو خورجێن سکەی زێڕی لە ئەسپێکی بار کرد و خۆی سواری ئەسپێکی دیکە بوو. محەممەدیش سواری ئەسپێک بوو هێندێ دەرمان وخواردەمەنی و نۆقل و نەباتیان هەڵگرت و کەوتنە ڕێ. تەواوی شەو ڕۆیشتن تا بوو بە ڕۆژ. لە نەکاو دەنگی لوورە لووری جانەوەرێکیان بیست. محەممەد گوتی:
– ئەی موقەدەم. تۆ لێرە ڕاوەستە تا من بچم بزانم چ باسە.
موقەدەم ڕایگرت و گوتی:« بۆ چی تۆ بچی؟ نەکا ئەو جانەوەرە پەلامارت بدا و بتخوا.
محەممەد گوێی نەدا بە موقەدەم و ڕۆی. دیتی پڵنگێک لە سەر بەرزاییەک کەوتۆتە خوار و درکێکی دە پەنجەی ڕاچوە و لە بەر ژانی ئەو دەناڵێنێ. محەممەد درکی لە لاقی پڵنگ دەر هێنا و مەلحەمی کرد و برینەکانی پێچا. ویستی بڕوا پڵنگ وە قسە هات و گوتی:« ئەی لاو تۆ وەدوای کاری خێر دەکەوی. پاشان چەند مووی لە سەری خۆی کردەوە و دای بە محەممەد و گوتی :
– هەر کاتی پێوستیت بە من هەبوو، یەک لەو موانە دە ئاگر باوێ، گورج لە لات ئامادە دەبام
محەممەد موەکانی لە دەسرە بەست و دەگیرفانی نا و چۆوە کن موقەدەم و گوتی :« با بڕۆین »
ڕۆیشتن تاگەیشتنە شوێنێک دیتیان جۆگەلەیەک دەڕوا، لەلایەکی گەنم چانراوە،

www.kerimhisami.com

لە لایەکەی دیکە مێرولە دە هاتوو چۆ دان.

محەممەد گوتی : « وەر پردێک دروست بکەین با مێرولەکان بپەڕنەوە و هێندێ گەنم بۆ خۆیان کۆ بکەنەوە. موقەدەم پرسی:

– دروستکردنی پرد پێمەڕە و قوڵنگ و بیور و تەختەی گەرەکە، ئەوانە لە کوێ بێنین.

محەممەد گوتی:« من پرد بۆ حوشتر دروست ناکەم ئەوانە مێرولەن. دەتوانن بە سەر دارێکدا بپەڕنەوە. چەقووی لە گیرفانی دەر هێنا، قامیشێکی بڕی و لە سەر جۆگەلەکەی دانا و مێرولەکان پەڕینەوە.

محەممەد بە موقەدەمی گوت:« باشە، ئێستا بینیت کە پردم دروست کرد و مێرولە پەڕینەوە.

مێرولەیەکی گەورە بە دەنگی بەز بە محەممەدی گوت:« ئەی لاو تۆ کاری زۆر گەورەت لە دەست دێت.»

پاشان مێرولە مویەکی لە سەری خۆی کردەوە و دای بە محەممەد و گوتی :« هەر کاتێ پێویستیت بە من هەبوو، ئەو مووەی دە ئاگر باوێ و من گورج دەگەمە لات.»

محەممەد مووەکەی لە دەسرەی دا شاردەوە و دە گیرفانی نا و ڕێگای خۆیان درێژە پێدا. دیتیان دووکەڵێکی باریک بۆ ئاسمان دەچێ. بۆ لای دووکەڵ ڕۆیشتن. دیتیان پیرێژنێک بە تەنیا دانیشتوە. محەممەد گوتی:

– دایە گیان، ڕێگا دەدەی بێینە ماڵی تۆ.

– من پیرێژنێکی بێکەس و فەقیرم. ئەگەر هەژاری من نارەحەتتان ناکات، فەرموون وەرنە ژووری.. چوونە ژوور، دیتیان بە ڕاستی هیچی تێدا نیە. پارەیان دا بە پیرێژن و گوتیان:

– بڕۆ بۆ ئێمە و بۆ خۆت لێفە و دۆشەگ و گۆشت و برنج و نان و ڕۆن بکڕە و بە حەمباڵێک بیانهێنەوە ماڵ و وەرەوە.

پیرێژن چوو هەموو شتێکی کڕی دای بە حەمباڵ و بردیەوە. نانی دروست کرد و پێکەوە خواردیان و تێر بوون.

www.kerimhisami.com

محەممەد لە پیرێژنی پرسی:« دایە پیرە، داخوا پاشای ئێوە کچی هەیە.؟»
پیرێژن لە وەڵامدا گوتی:« باشترە هەر باسی نەکەن، زەحمەتە دەست بگاتە ئەوێ.
محەممەد و موقەدەم گوێیان نەدا بە پیرێژن و پرسیان :« چۆن دەکرێ لە کیژی پاشا خوازبێنی بکرێ.؟»
– ئەگەر بتانەوێ خوازبێنی بکەن، دەبێ بچنە باخ و کۆشکی پاشا. دەست بکەن بەگەسک لێدانی جادەکان و ئاو دانی گوڵ و
باخچە، ئەو دەم باخەوان دێ و دەوباتە کن پاشا.

ڕۆژی دوایی محەممەد چوە کن پاشا و موقەدەمیش لە کن پیرێژنێ بە جێما.
محەممەد چوە نێو باخ و یەکێکی بانگ کرد، دوو درهەمی دایە و گوتی:« باخەکە گەسک بدە و ئاوی دە. باخەوان هات دیتی باخ گەسک دراوە. چوە کن پاشا و گوتی:« پاشا سلامەت بێ دیسان خوازبێنیکەری کیژەکەت هاتوە.»
– بڕۆ بیهێنە ئێرە. باخەوان هات محەممەدی بانگ کرد. محەممەد چوە کن پاشا. ئیزنی دا کە دانیشێ. پاشان پێی گوت:
– هێنانی کچی من بۆ تۆ زۆر دژوارە. سێ مەرجی هەیە، ئەگەر ئەنجامیان نەدەی لە سەرت دەدەم. باشترە واز لەو کارە بێنی. بەزەییم بە لاوێنیت دادێ.
محەممەد گوتی : « واز ناهێنم. یا دەمرم یا کیژەکەت دێنم.»
پاشا گوتی: « ئێستا کە واز ناهێنی، گوێ بدە مەرجەکانم. سەگێکم هەیە، تۆ دەبێ سەگێک پەیدا بکەی کە بە سەر سەگی مندا زاڵ بێ.»
محەممەد گوتی:« سبەی خەڵکی لە مەیدانی شار کۆ بکەوە تا من سەگی خۆم بێنم.» شەوی لە ماڵی پیرێژن بردە سەر و بەیانی موی پڵنگی هەڵپروزاند و پڵنگ دەم و دەست پەیدا بوو. محەممەد قەڵادەی دە ملی کرد و بردیە مەیدان. خەڵک پێیان سەیر بوو دەیانگوت ئەوە چ جۆرە ئینسانێکە. تەنانەت پڵنگی دڕندەش بە قسەی دەکات.
کاتێ سەگی پاشا پڵنگی دیت زۆر ترسا دەتگوت پشیلە سەگی دیوە. پڵنگ

www.kerimhisami.com

سەگی هەڵگرت و بە سەر سەری خەڵکدا فڕێی دا.پیاوەکانی پاشا بە غار خۆیان گەیاندێ، دیتیان نیوە گیان کەوتوە.
پاشا زۆر تورە بوو گوتی:« من گوتوومە سەگ بێنێ، ئەو پڵنگی هێناوە.»
وەزیر بە پاشای گوت:« قیبلەی عالەم لە خۆڕا هەر او داد مەکە. دەبینی چەندە بە توانایە کە پڵنگی کردۆتە گوێ لە مستی خۆی و هێناویەتی.» پاشا بێدەنگ بوو.
محەممەد گوتی :« باشە، دەبێ چکارێکی تر بکەم.
- لە عەمبار دا هەرزن و گەنم تێکەڵ بوە، دەبێ لێکیان جیا کەیەوە.
محەممەد گوتی: « کلیلی عەمبارم دەیە. شەو لە وێ دەبم وتا بەیانی هەرزنەکان لە گەنم جیا دەکەمەوە.»
پاشا کلیلی دایە. محەممەد دەگیرفانی ناو و چۆوە کن پیرێژنێ و لێی نوست. نیوە شەو کە هەموو خەویان لێکەوتبوو، هەستا وموی مێرولەی هەڵپرووزاند. مێرولە هەموو مێرولەی دنیای لە گەڵ خۆی هێنا و ئامادە بوو. تا سبەینێ هەرزن و گەنمیان لێک جیا کردەوە و ڕۆیشتن. بەیانی محەممەد هاتە کن پاشا و گوتی:« تەواوە، ئەم مەرجەشم بردە سەر.»
پاشا باوەڕی نە کرد و خۆی چوو دیتی بە ڕاستی گەنم و هەرزن لێک جیا کراونەوە. محممەد گوتی :« مەرجەکەی دیکەت چیە؟»
پاشا گوتی: « دەبێ عەمبارێک خوێ بخۆی.»
محەممەد فیکری کردەوە: ئاخر عەمبارێک خوێ ناخورێ. ئەم ماستە بێ موو نیە. بە پاشای گوت:
- ئەی قیبلەی عالەم، دوو مەرجی تۆم ئەنجام دان و تەنیا یەکیان ماوە. ئێستا چل ڕۆژە لە ماڵی خۆم دوور کەوتوومەوە، تا ئێستا دایک و بابم نە دیون. چل ڕۆژم مۆڵەت بدە، تا بچم ئەوان ببینم و بگەڕێمەوە.
پاشا گوتی : « زۆر باشە. کلیلی عەمباری دایە»
محەممەد کلیلی عەمباری وەر گرت و چۆوە ماڵە پیرێژنێ. هێندێ کرێکاری بە کرێ گرتن. لە ماڵە پیرێژنێوە کاناڵێی ژێر عەردی لێدا بۆ حەساری کیژی پاشا

www.kerimhisami.com

و بە بیست ڕۆژ تەواوی کرد. محەممەد موقەدەمی نارد و گوتی:« خۆ بگەیێنە ماڵی کچی پاشا و بزانە« خواردنی عەمبارێک خوێ» یانی چی.؟

موقەدەم ڕۆی و تا بەیانی لە ماڵی کیژی پاشا بوو. هیچی نە زانی. هەموو شەوێ دەچوو، هیچی وەگیر نەدەکەوت. ڕۆژی چلەم محەممەد دیسان موقەدەمی نارد و خۆشی دەگەڵی چوو لە پشت دارێک خۆی مات کرد و گوێی هەڵخست تا بزانێ موقەدەم پرسیارێک دەکا یانا. موقەدەم لە گەڵ کیژەکە شەوی بردە سەر و هیچی نە پرسی. بەیانی محەممەد لێی پرسی:

– بۆ چی هیچت نە پرسی؟ دەتەوێ ئیمڕۆ پاشا لە سەرم بدا.؟ پاشان محەممەد خۆی چوە کن کیژەکە و لێی پرسی:

کچی پاشا لە پێشدا ڕووی خۆی داپۆشی و هیچی نەگوت. محەممەد دڵنیای کرد و گوتی: « تۆ لە جێی خوشکی منی. پێم بڵێ بزانم خواردنی عەمبارێک خوێ، مانای چیە؟

کیژەکە گوتی :« تۆزێک خوێ لە دەسرۆکەیەک بکە و کاتێ چوویە کن بابم برێک خۆی دە زارت بنێ و بڵێ:« ئەی پاشا چ عەمبارێک و چ تۆزێک خوێ بخۆی هەر یەکە!»

محەممەد پاشان هاتەوە کن پیرێژن و تۆزە خوێیەکی دە دەسرەی کرد وچوە کۆشکی پاشا. دەسماڵەکەی کردەوە و بڕوکە خوێیەکی دەزاری نا و گوتی:« ئەی پاشا چ عەمبارێک و چ تۆزە خوێیەک.»

پاشا گوتی : بەڵێ هەموو مەرجەکانت بردە سەر. پاشا حەوت شەو ورۆژ شایی و زەماوەندی ساز کرد. پاش بوک گوێزتنەوە محەممەد بە پاشای گوت:« پاشا سلامەت. ڕێگامان بدە بچینەوە ماڵ دایک و بابم بە تەنیا ماونەوە.

– پاشا ئەشیای سەفەری کیژەکەی ئامادە کرد و چل سواری چەکداری ڕەگەڵ خستن و کەوتنە ڕێ.

محەممەد بە موقەدەمی گوت:« وەرە سواران ئیجازە بدەین بچنەوە ماڵی خۆیان.

– موافیقم، با بڕۆنەوە. سوارەکان گەڕانەوە.

www.kerimhisami.com

محەممەد و موقەدەم و ژنەکەی مانەوە. محەممەد بە خۆی گوت: من کەمێک پێشتر دەڕۆم، تا موقەدەم و ژنەکەی ئازادتر راز و نیازی خۆیان بکەن. ڕکێفی لە ئەسپی دا و وەپێشیان کەوت. موقەدەم و ژنەکە لە دواوە گەپ و گاڵتەی خۆیان دەکرد. لە نەکاو دیتیان بورجێک لە بەرانبەریانە. موقەدەم گوتی : « وەرە لە ژێر سێبەری ئەو بورجە تۆزێ بحەسێینەوە.

بەڵام ئەو بورجە ئەفسون کرا بوو. سێ کۆتر بە سەر محەممەدی دا سوڕان و یەکیان بەوی دیکەی گوت:

– خوشکێ! ئەو بورجە ئەفسون کراوە، ئەگەر موقەدەم و ژنەکە لە نیزیکی ئەو دابنیشن دە سووتێن. ئەگەر محەممەد ئەم ڕازە بە وان بڵێ، خۆی دەبێتە بەرد.

محەممەد بە غار چوو برجەکەی وێران کرد. موقەدەم لە دڵدا گوتی:« سەیری کە. خۆی هەوڵی دا ئەم ژنەم بە نسیب بێ، ئێستا ئێرەییم پێ دەبات. ڕێگایان گرتە بەر و ڕۆیشتن. دیتیان کانیەک لە وێیە وداره قەیسییەکی لە سەرە.

موقەدەم گوتی: با لە ژێر سێبەری ئەم دارە دابنیشین. کۆترەکان جارێکی دیکە لە سەر سەری محەممەد فرین و یەکیان بە وی دیکەی گوت:« ئەگەر موقەدەم و ژنەکەی لە ژێر ئەم دارە دانیشن، دەبەن بە گورگ. ئەگەر محەممەد ئەم ڕازەیان پێ بڵێ، خۆی دەبێ بە بەرد.

محەممەد چوە سەر کانیەکە. ئاوەکەی قوڕاوی کرد و دارەکەی بڕی و هەر سێکیان کەوتنە ڕێ. موەقەدەم جارێکی دیکەش فیکری کردەوە کە :« سەیری کە، بورجەکەی وێران کرد، ئاوی کانی قوڕاوی کرد ، دارەکەی بڕی، چ ئێرەییەک»؟ بەڵام هیچی بە سەر زماندا نەهات و کەوتنە ڕێ. بەڵام پاشا، ژنی کوڕەکەی لە خەو هات و ئاشقی بوو. خەبەری زانی کە کوڕ و باوکی دێنەوە. کەوتە فیکر کە چۆن کوڕەکەی لە بەین بەرێت و ژنەکەی وەگیر خات. ئەمری کرد ئەسپێک بێنن، زین و لغاوی ژاراوی وێخەن و تەلەسمی کەن تا هەر کەسێکی سواری بێت، بسووتێ. پاشان ئەو ئەسپەی بە وەزیر ئەسپارد و گوتی:

– بە پێشوازی کوڕەکەمەوە بچوو، ڕەنگە ئەسبەکەی ماندوو بێت، بڵێ سواری

ئەم ئەسپە بێت. وەزیر ئەسپی یەدەک کرد و ڕۆی. کۆترەکان جارێکی دیکە لە بان سەری محەممەد فڕین و یەکیان بە ویتری گوت:

- خوشکێ گیان! زین و لغاوی ئەم ئەسپە تەلسم کراوە. ئەگەر موقەدەم پێ دە ڕکێفێ بنێ دەسووتی و دەبێتە مشکی. بەڵام ئەگەر محەممەد ئەسپەکە بکوژێ، موقەدەم نەجاتی دەبێ. بەڵام ئەگەر محەممەد موقەدەم ئاگادار بکا، خۆی دەبێتە بەرد.

وەزیر لێیان وەنیزیک کەوت و سڵاوی کرد. موقەدەم بانگی کرد: چەند ئەسپێکی جوانە با تەماشای بکەم. وەزیر ئەسپی بردە نیزیک، بەڵام محەممەد شیری هەڵکێشا و ئەسبەکەی کوشت.

وەزیر هاواری کرد: کوڕم ئەو ئەسپەت بۆ کوشت؟ ئێستا پاشا من دەکوژێ.

محەممەد جوابی داوە:« کوشتم چ دەبێ بلا ببێ.»

موقەدەم چوە دەفیکرەوە و بە خۆی گوت:« محەممەد بۆ چی ئەو کارانە دەکات؟» خۆی هەوڵی داوە ئەم ژنەم وەگیر کەوێ، پاشان بورجەکەی وێران کرد، ئاوی کانیەکەی قوڕاوی کرد، دارەکەی بڕی و ئێستاش ئەسپەکەی کوشت. ئاخر نرخی ئەم ئەسپە سەت تمەن بوو. باشە، بگەینەوە ماڵێ تۆڵەی دەکەمەوە.

تا ئەوان گەیشتنە کۆشک. پاشا لە ئیشقی دووری خۆی پێ ڕانەگیرا و مرد. موقەدەم دیتی کە بابی مردوە قینی محەممەدی لە بیر بردەوە. بابی موقەدەمیان ناشت و خێراتیان دا بە خەڵک. ئەو شەوە محممەد لە خەودا دیتی کە سێ کۆتر لە بان سەری دەفڕن. یەکیان دەیگوت:« خوشکێ! ئەگەر محەممەد لەخەو دایە دەبێ وەخەبەر بێت و ئەگەر بەخەبەرە گوێ بداتە قسەکانمان. عەزیایەک بۆ ئەم لایە دێت و دەیەوێ موقەدەم بخوا. محممەد لە جێ هەستا و شیری هەڵکێشا و لە ماڵێ وەدەر کەوت. دیتی عەزیا نیزیک دەبێتەوە. محەممەد لە پەنا دەروازەی کۆشک دانیشت. عەزیای دیت و هاواری کرد:

- لە سەر ڕێگای من دوور کەوە.

محەممەد پرسی: « لێرە چدەکەی؟

- دەبێ موقەدەمی بکوژم.

www.kerimhisami.com

- ناهێڵم
- کە وایە خۆت دەکوژم. محەممەد بە هەر تک دەستان شیری گرت و دەزاری عەزیای ڕاکرد بە جۆرێ کە نووکی شیر گەیشتە کلکی عەزیا و دوو لەتی کرد. پاشان محەممەد بە شیری خوێناوی لە کۆشک وەژوور کەوت. لەو دەمەدا موقەدەم بەخەبەر بوو.- - ئەی مەلعون وات لێهاتوە کە دەتەوێ من و خێزانم بکوژی.
- من قەستی کوشتنی تۆم نیە.
- قەستت نیە؟ ئەم قسانە چیە؟ ئەدی بە شەو دەست بە شیرلێرە چدەکەی؟ بورجت وێران کرد، هیچم نە گوت. کانیت قوراو کرد، دارت بڕی، بێدەنگ بووم. ئەسپی سەت تمەنیت کوشت دیسان بێدەنگ بووم. بڵێ بزانم بەو شەوە لێرە چدەکەی؟
محەممەد گوتی:« ئەی موقەدەم گوێ بدەیە. ئەگەر هەموو شتت بۆ باس بکەم، ئیتر من نابینیەوە.
- درۆ مەکە، نامەوێ هەر بتبینم.
- باشە ئێستا هەموو شت ئاشکرا دەکەم. ئەو بورجە تەلەسم کرا بوو، ئەگەر لە پەنای دانیشتبان دەسووتان و دەبوون بە خۆڵە مێش. کاتێ محەممەد ئەوەی گوت، تا ئەژنۆیان بوو بە بەرد.
موقەدەم بانگی کرد:« باوەڕم کرد. ئیتر باسی مەکە. مەیڵێ»
محەممەد گوتی: نا، ئیتر دەبێ هەموو شت بڵێم. ئەو کانیەی ئاوەکەم قوڕاوی کرد و دارەکەی بڕیم تەلەسم کرا بوون. ئەگەر لە ژێری دانیشتبان، دەبوون بە گورگ. بەڵام ئەسبم بۆ کوشت.؟ بابت ئاشقی ژنەکەت ببوو. زین و لغاوی ئەسپەکەی تەلەسم کرد بوون، ئەگەر تۆ سوار ی بای، دە سوتای، بۆیە کوشتم. کە قسەی محەممەد گەیشتە ئێرە، تا سنگی بوو بەرد. پاشان گوتی:« بەڵام لە کاری ئەمشۆی من، سبەی ئاگادار دەبیت.
محەممەد ئەوەی گوت و سەر تاپێ بوو بەرد.
موقەدەم و ژنەکەی تازیەیان داگرت و دەگریان. کاتێ بوو بە ڕۆژ، دیتیان عەزیا

www.kerimhisami.com

له دەرکی کۆشک کوژراوە و دوو لەت بوە..
موقەدەم چۆوە ژوور و لە سەر و سنگی خۆی دەدا و دەگریا و دەیگوت:« ئەو لە بابم لە من نیزیکتر بوو، بۆچی وامکرد. نەمزانیبوو بابم ئاشقی ژنەکەم ببوو، دەویست بمکوژێ. موقەدەم شەو ورۆژ دەگریا. ئاخرەکەی نیانتوانی لەم خانوەدا بمێننەوە، چوونە خانوێکی تر. ئەو خانوەی موقەدم- یان بە فەرش و شتەوە قفڵ دا هەر کاتێ ویستبایان دەرگایان دەکردەوە و دەچوون چاویان بە محەممەد دەکەوت و دەگریان.
بەڵێ، ژنی موقەدەم کوڕێکی بوو. شەوێک لە خەودا دیتی سێ کۆتر بۆ لای وی دەفرن. یەک لە کۆترەکان بە ویدی دەگوت:
- خوشکێ، ئەگەر موقەدەم و ژنەکەی کوڕی خۆیان بۆ محەممەد بکەنە قوربانی، محەممەد زیندوو دەبێتەوە. ئەگەر ژنی موقەدەم خەونی خۆی بۆ کەسێک بگێڕێتەوە، دەبێتە بەرد.
بەیانی ژن وەخەبەر هات و چوە دە فیکرەوە« کە چۆن دەتوانم خەونەکەم بۆ مێردەکەم بگێڕمەوە و نە بم بە بەرد. موقەدەم وەخەبەر هات، دەست و چاوی شوشت. خێزانی پێی گوت:
- ئەی موقەدەم! بۆ محەممەد زۆر نارەحەتم. ئەو فەقیرە لە ڕێگای ئێمەدا چەندە زەحمەتی کێشا. وەرە کورەکەمان لە پای ئەودا بکەینە قوربانی. بەڵکوو زیندوو بێتەوە.
موقەدەم گوتی:« بەڵێ، بەڵێ، دەزانم زیندوو دەبێتەوە. هەر تکیان کوڕەکەیان گرت و لە ژێر پێی محەممەد کردیانە قوربانی.
محەممەد چاوی هەڵێنان و گوتی :« لە خەوێکی خۆش دابووم، بۆچی وەخەبەرتان هێنام
موقەدەم گوتی :« ڕاستی عەجەب خەونێک. ئاخر تۆ ببوویە بەرد. من کوڕەکەم کردە قوربانی، تۆ زیندوو بوویەوە.
جارێکی دیکە سێ کۆتر لە بان سەری محەممەد سوڕانەوە و یەکیان گوتی:« خوشکم! کاتێ ئێمە لێرە فڕین پەڕێکمان دەکەوێ، ئەگەر محەممەد ئەو پەڕە بە

www.kerimhisami.com

ملی کوڕی موقەدەم دا بکێشێ، کوڕەکە زیندوو دەبێتەوە.
کۆترەکان فڕین. محەممەد پەڕەکەی هەڵگرتەوە و بە سەر برینی ملی کوڕەکەی داهێنا و کوڕ زیندوو بۆوە.
موقەدەم بە بۆنەی زیندوو بوونەوەی محەممەد و کوڕەکەی مەجلیسێکی شایی و خۆشی ساز کرد و حەوت شەو و ڕۆژ بەزم زەماوەند بوو، هەموویان بە خۆشی و شادی ژیان.

www.kerimhisami.com

کوڕی ماسیگر ٥٩

ماسیگرێک هه بوو له قەراخ دەریا تۆڕی داویشت و ماسی دەگرت. ڕۆژێ له گەڵ کوڕەکەی خەریکی ماسیگرتن بوو، دیتی ماسییەکی گەورە بە تۆڕەکەیەوە بوە. بە دوو کەس نەیانتوانی بیهێننە دەرێ. بە کوڕەکەی گوت:

– تۆڕەکەی توند بگرە تا من دەچم چەند کەسان دێنم یارمەتیمان بکەن. باب ڕۆی. کوڕەکە فیکری کردەوە کە « بابم هیچ خێرێکی لە ماسیگرتن نەدیوە، با ئەوەش نەبێ!» فیکر کردنەوە و ماسی بەرەڵا کردنی لە دەریادا یەک بوو.

باب گەڕاوە دیتی کوڕ ماسی بەرەڵا کردوە. پرسی: « بۆچی بەرت داوە ؟

– دەستم تاقەتی نە بوو، نەمتوانی تۆڕەکە ڕابگرم و ماسی چوە دەرێ.

باب تورە بوو کوڕەکەی دەر کرد و گوتی :« بڕۆ وەدوای کاری خۆت کەوە. هیچ کارم بە تۆ نیە.»

عەلی(ناوی کوڕەکە بوو) ڕۆی، ڕۆی تا گەیشتە شارێک و دیتی خەڵک لە کوچە دانیشتوون. یەک بانگی کرد:

– لە چی دەگەڕێی ؟

عەلی گوتی:« لە کار دەگەڕێم.»

– من کرێکارم گەرەکە. مەرجی منیش وایە کە چل ڕۆژ بە کرێت دەگرم. لەو چل ڕۆژە ، ڕۆژێک بۆ من کار بکە و سی و نۆ ڕۆژ بۆ خۆت بگەڕێ. سەت تمەنیشت دەدەمێ.

عەلی ڕازی بوو. کابرا عەلی بردە ماڵ. سی و نۆ ڕۆژ گەڕا و کەیفی کرد. ڕۆژی سی و نۆیەم خاوەن ماڵ گایەکی کوشتەوە و کەوڵی کرد و لە پێستەکەی

کیسەیەکی دروست کرد . ڕۆژی دوایی ئەو کیسە و چەند خورجێنی هەڵگرت و لە حوشترێکی بار کردن و دەگەڵ عەلی لە شار وەدەر کەوت. ڕۆیشتن تا گەیشتنە بەردێکی بەرز.

ئەرباب بە عەلی گوت: « بچۆ نێو کیسەکە و تەماشای بکە کونی تێدا نەبێ.»

عەلی چوە نێو کیسە. کابرا گورج زاری کیسەی توند بەست و لەسەر لوتکەی بەردەکەی دانا و خۆی شاردەوە.

هێندەی پێنەچوو سیمرغ هاتە وێ، کیسەی هەڵگرت و وە حەوا کەوت. لە سەر لوتکەی بەردێک نیشت و کیسەی دڕاند. لە نێو کیسە زەلامێک هاتە دەر. سیمرغ کاری پێ نە دا فڕی و ڕۆی. عەلی هەستا تەماشای خوارێی کرد دیتی ئەربابەکەی لە بن بەردەکە ڕاوەستاوە. عەلی هاواری کرد:

– ئەو کارە چ بوو لە گەڵ منت کرد؟. کابرا بە دەنگی بەرز گوتی:

– لەو بەردانەی ژێر لاقت هەر چەندی دەتوانی بیان ڕێژە خوار تا ڕێگای گەڕانەوەت پێ نیشان بدەم.

عەلی بەردەکانی خستە خوار کە هەموو ئەڵماس بوون. کابرا خورجێنی لێ پڕ کرد و بانگی کرد:« لەوێوە بۆ هیچ شوێنێ ڕێگا نیە. یا لەوێ بمێنە و لە برسان بمرە تا ئێسکانت دەڕزن، یا خۆت دە بەحرێ باوێ ماسی بتخۆن. ئەوەی گوت وڕۆی.

عەلی فیکری کردەوە چبکا. ئاخری بڕیاری دا کە خۆ دە دەریا بوێ. لە سەر بەردەکەوە خۆی فڕێدا نێو دەریا. ئەو ماسییەی کە ڕۆژێ ئازادی کرد بو، دیتی ، گرتیەوە و بردیە قەراخ دەریا. عەلی دەستی کرد بە گەڕان و سوڕانەوە بە شاراندا.

ساڵێک تێپەڕی. جارێکی تر ڕێی کەوتە ئەو شارە کە لە کن کابرا کاری دەکرد. دووبارە هەمان کەس بانگی کرد:

– لە چی دەگەڕێی؟

عەلی گوتی– لە کار دەگەڕێم.

– من کرێکارم دەوێ، عەلی بە هەمان مەرجی پێشوو بوو بە کرێگرتەی. سی و

www.kerimhisami.com

نۆ ڕۆژ تێپەڕی. کابرا جارێکی دیکە گایەکی کوشتەوە، کەوڵی کرد و لە پێستەکەی کیسەیەکی دروست کرد لە گەڵ چەند خورجێن لە حوشترێکی بار کرد و دەگەڵ عەلی لە شار وەدەر کەوتن بۆ کن هەمان بەرد.

ئەرباب بە عەلی گوت:« بچۆ نێو کیسە بزانە کون نیە.

عەلی گوتی : « ئەرباب نازانم چبکەم. تۆ خۆت جارێک بچۆ ناووی تا من فێر بم. کابرا سەری بردە نێو کیسە، عەلی قاچی گرت و پاڵی پێوە ناو چوە نێو کیسە. توند زاری کیسەی گرت و خۆی شاردەوە. سیمرغ جارێکی دیکەش هات و کیسەی هەڵگرت و بردی لە سەر لوتکەی بەردی دانا و کونی کرد، دیتی زەلامێک لە کیسە هاتە دەر. سیمرغ فڕی و ڕۆی. ئەرباب لە کیسە هاتە دەر و لە سەر لوتکەوە تەماشای خوارێی کرد، دیتی عەلی لە بن بەردەکە وێستاوە. بانگی کرد و گوتی:« ئەو کارە چ بوو کردت.؟»

عەلی وەڵامی داوە گوتی:« من هەمان کەسم کە پارەکە لە سەر ئەو بەردە بەرەڵات کردم. ئێستا چەندی پێت دەکرێ لەو بەردانە بەردەوە خوارێ، تا پێت بڵێم بە کوێدا دەتوانی بێیە خوار.»

کابرا دەستی کرد بە خزاندنی بەردەکان، کاتێ عەلی خورجێنی پڕ کرد، بە خاوەن کاری پێشووی گوت:

– ئێستا نامە بۆ ژنەکەت بنووسە، کچەکەت بدە بە من. دەچم دەی گوێزمەوە و پاشان دێمەوە دەت هێنمە خوارێ

– تۆ بمهێنە خوار تا خۆم کیژەکەمت بدەمێ.

– نا ، دەپێشدا چیم پێ گوتی دەبێ وابکەی. ئەرباب نامەی نووسی و هاویشتیە خوار. عەلی نامەی دەگیرفانێ نا و بانگی کرد:« ئێستا یا لە وێ دەمری و ئێسکەکانت دەڕزن، یا لە دەریا دا ماسی دەتخۆن.» عەلی چوە کن ژنی ئەرباب و نامەکەی دایە. جێژنی شایی بوکیان ساز کرد و عەلی بوو بە خاوەنی سەروت و سامانی ئەربابی.

زۆری پێنەچوو کە لە سەخاوەت و دەست واڵاییدا لە شار ناو بانگی دەر کرد. ڕۆژێک دەروێشێک میوانی بوو. بەر لە ڕۆیشتنی گوتی:« من ژنێک دەناسم لە تۆ

www.kerimhisami.com

دەست واڵا تر و جوامێر ترە.

عەلی پرسی: لە چ بارێکەوە لە من جوامێر ترە.؟

- بۆ هەر میوانێک لە قاپی ئاڵتوندا خواردن دادەنێ و پاشان قاپەکەش دەدا بە میوان.

عەلی کە ئەو قسەی بیست گورج باری سەفەری ئامادە کرد و بۆ دیتنەوەی ئەو ژنە کەوتە ڕێ. دیتیەوە و میوانی بوو. عەلی چەند ڕۆژ لە ماڵی ئەو ژنە بردیە سەر. ڕۆژێ چەند جار خواردنیان هێنا و قاپە ئاڵتونەکانیان لە وەتاغی ئەو کۆ کردەوە.

ڕۆژێ کە ژنی خاوەن ماڵ خۆی خواردنی بۆ هێنا، عەلی گوتی:« هەتا پێم نەڵێی ئەو هەموو قاپە ئاڵتونانە بۆ لە وەتاغی من کۆ دەکەیەوە، دەست لە خواردن نادەم.

ژن گوتی: ئەوانە ماڵی تۆن و لە گەڵ خۆتیان بەرە. عەلی گوتی:« من بۆ قاپی ئاڵتون نە هاتوومە ماڵی تۆ. بەڵکوو دەمەوێ مێرد بە من بکەی.»

- بە یەک مەرج ئامادەم شوت پێبکەم.

- مەرجەکەت بێژە پێم،

- لە شاری بەغدا وەستایەکی زین درو و ئاخوندێک دەژین. زین درو زین دروست دەکا و پاشان چەکوچ هەڵدەگرێ و پەرت و بڵاوی دەکا. بەڵام ئاخوند لە بەیانیەوە تا ڕۆژ ئاوا لە حەسارێ دانیشتوە و تەماشای دارێک دەکا کە لەوێ شین بوە، دەگری. برۆ روونی کەوە کە ئەوانە بۆ وادەکەن. تا پاشان شوت پێ بکەم.

عەلی ڕووی کردە بەغدا و زین درووی دیتەوە و چوە ماڵی. خاوەن ماڵ میوانداری کرد و خواردنی بۆ هێنا. عەلی گوتی:

- تا داستانی خۆتم بۆ باس نەکەی، دەست لە خواردن نادەم.

- تۆ خەریکی نانخواردنی خۆت بە و من داستانی خۆمت بۆ دەگێرمەوە:

- بابم مرد، زۆر دەوڵەمەند بوو. تەواوی هاو تەمەنەکانم لە بەغدا دۆستی من بوون، چونکە گیرفانم پڕ بوو، پارەیەکی زۆرم بۆ وان خەرج دەکرد. بابم بەر لە

www.kerimhisami.com

مردنی به دایکمی گوت:
- کاتێکی من مردم کورەکەم تەواوی پارەکان بۆ دۆستانی خەرج دەکا. گۆزەیەک سکەی زێڕ هەڵگرە و لێی بشارەوە. کاتێ کوڕەکەمان بێ پارە بوو، کەم کەم لە گۆزە بێنە دەر و بۆی خەرج کە. بەڵام بە مەرجێک بێکار دانەنیشێ و خۆی بە کارێکەوە خەریک بکات.- هەر کارێک بێ قەی ناکا» دایکم بە گوێرەی قسەی بام بزووتەوە. بابم مرد. هێندەی پێ نەچوو کە من سامانەکەم بە با دادا. وای لێهات کە من و دایکم بۆ نانی شەو موحتاج بووین. دایکم بە منی گوت:« تۆ دۆستی زۆرت هەن، وەرە با بچینە ماڵی وان تا نانێکمان بدەنێ.» کەوتینە ڕێ، چووینە هەر شوێنێ گوتیان: « ڕەفیقت لە ماڵ نیە.» بەم جۆرە لە گەڵ دایکم چل ماڵمان بە سەر کردەوە و هاتینەوە ماڵێ. دایکم بە منی گوت:« بابت دۆستێکی هەبوو، با بچینە وێ.»
چووین. ئەو کوڕە ئێمەی وەر گرت. خواردنی بۆ هێناین، خواردمان و تێر بووین. چەند ڕۆژان لە وێ بووین. ڕۆژێک دایکم پێی گوتم:« بزانە ئەو هەموو پارەت بۆ دۆستانت خەرج کرد و هیچیان تۆیان ڕێ نەدا. بەڵام ئەو دۆستەی بابت چەند ڕۆژە خواردنمان دەداتێ و ئێمەی ڕاگرتوە. بابت لە سەرە مەرگدا بە منی گوتوە کە هێندێ پارە بشارمەوە. ئەو پارە دەدەم بە تۆ، بەو مەرجە کە هەمیشە خەریکی کارێک بی» ئێستا من خەریکی فێر بوونی زین درونم. بەڵام هێشتا فێر نەبووم. ئەوەندە چەرمەی هەمە کەمە. بۆیە زین دروست دەکەم، خەرای دەکەم و دوو بارە سازی دەکەمەوە.
پاشان عەلی وەدوای ئاخوند کەوت تا بزانێ بۆ چی سەیری ئەو دارە دەکا و دەگری. ئاخوندی دیتەوە.
ئاخوند گوتی:« من دوو ژنم هەبوون یەکیان لە پەریان بوو. بەر لەوەی بیهێنمە ماڵێ، مار بوو، هەر جارەی لە پێستی خۆی دەهاتە دەر، دەبوو بە پەری. هێندێ جاریش دەبوو بە دایک. ئەو دوو کوڕی بوون. بەڵام ژنی دووەم ئێرەیی پێ دەبرد. ڕۆژێک پێستی ماری وی سوتاند. ژنە پەری سای من بوو بە کۆتر و فڕی. دوو کوڕەکانی لە گەڵ من مانەوە. پاش ماوەیەک وەک کۆتر گەڕایەوە و لە

www.kerimhisami.com

سەر ئەم دارە نیشت کە دەیبینی. کوڕەکان ئەویان دەبینی، ئەوانیش بوون بە کۆتر و لە گەڵ دایکیان فڕین. هەموو ڕۆژێ لە گەڵ دایکیان دەهاتن لە سەر ئەم دارە دەنیشتن و لەم لقە دەچوونە سەر ئەو لقە. من تەماشام دەکردن و بە بینینیان دڵخۆش دەبووم. بەڵام ئێستا ماوەیەکە ئیتر نایەنەوە ئەم لایە و لە سەر ئەم دارە نا نیشن. من تەماشای ئەو دارە دەکەم و دەگریم و فیکر دەکەمەوە کە بەڵکو لە پڕ پەیدا ببنەوە.

عەلی هاتەوە کن ئەو ژنە و داستانی لە نوکەوە بۆ گێڕاوە. ژنی خاوەن ماڵ گوتی:

– باشە، ئێستا داستانی من گوێ بدەیە. سەر دەمێکی کە هێشتا من کچ بووم لە گوندی خۆم بارم کرد و هاتمە ئەم دۆڵە.لێرە خانوێکی بچوک هەبوو ژن و مێردێکی پیری تێدا دەژیان. ئەو ژن و مێردە منیان لە دایک و بابم کڕی. من لای ئەوان مامەوە و لەو خانوەدا دەژیام. کاتێ گەورە بووم ئەو ژن و پیاوە بە زۆر منیان دا بە دێوێکی جەنگەڵی. من تەنیا شەوێک لە گەڵ ئەو بووم. ڕۆژی دوایی بەیانی پیرە مێرد دێوی کوشت. من پاش نۆ مانگ پارچە گۆشتێکم لێ بوو. پیرێژن ئەو گۆشتەی هەڵگرت و وردی کرد و لەسەر ئاگری دانا تا چەوراییەکەی دەر چوو. پاشان کەمێکی لەو چەوریە دە قاپەکان هەڵسوو، قاپەکان بوون بە زێڕ. پاش مردن هەموویان دا بە من و منیش ئەوەتا هەموان بەم و بەو دەبەخشم.

عەلی ژنەکەی بردە ماڵ شاییان کرد و هەموو بە خێر و خۆشی ژیانیان بەسەر برد.

www.kerimhisami.com

پاشا و وەزیر ٦٠

هە بوو، نە بوو، جگە لە خوا هیچ کەس نە بوو. پیرێژنێک بوو ،کوڕێکی هەبوو. کوڕ دەچوە چیا و داری کۆدەکردنەوە دەیهێنا لە بازار دەیفرۆشت و نان و قەند و چای دەکڕی و پێکەوە دەژیان.

ڕۆژێ بە دایکی گوت:« دایە، بچۆ کن پاشا وپێی بڵێ کیژەکەی بدا بەمن.

دایک گوتی :« ڕۆڵە ئەم قسە چیە. ئێمە فەقیرین، ئە و کچی پاشایە. پاشا هەر گیز کچ نادا بە تۆ»

– تۆ بڕۆ داوای لێبکە. کارت بەو شتانە نە دابێ.

دایک گوتی: « باشە، من دەچم.» بەڵام نەچوو. کوڕی فریو دابوو. ئێوارە کوڕەکە لە سەحرا گەڕاوە و پرسی:

– باشە، دایە. چبوو، چووی ؟

– نا ، کوڕم نەچووم.

– بۆ چی نە چووی . بڕۆ بڕۆ. پیرێژن بە ترس و لەرزەوە کەوتە ڕێ و لە دەرگای کۆشکی پاشای دا . دەرگایان لێ کردەوە و پرسیان: چکارێکت هەیە.؟

– لەگەڵ خودی پاشا کارم هەیە. پیرێژن چوە کن پاشا . پاشا لێی پرسی؟« دایە گیان کارت چیە؟

– پاشا سلامەت بێ! هاتووم تکات لێبکەم کیژەکەت بدەی بە کوڕی من. ئێستا هەرچی دەکەی بیکە. دەمکوژی یا دەمبەخشی.

– کوڕەکەت چکارەیە و کاری چیە ؟

– هیچ پیشەیەک نازانێ. دەچێتە چیا داران کۆ دەکاتەوە و دەیان فرۆشێ. بەو

www.kerimhisami.com

پارەیە بەڕێدەچین.
– کە وابوو چۆن هاتوویە خوازبێنی کیژی من.؟
پیرێژن گوتی:« قوربان، پێی نەوەستام. چەند ڕۆژ فریوم دا و گوتم: دەچم، نە هاتم، بەڵام لە ئاخردا ناچار بووم.»
– لە شاردا پیاوێکی حەکیم و ساحیر دەژی. بە کوڕەکەت بێژە بچێتە کن وی، سیحر و حیکمەت فێر بێ و پاشان بێت فێری منی بکات تا کیژەکەمی بدەمێ.
پیرێژن چوو قسەکانی پاشای بۆ کوڕەکەی گێڕاوە. ڕۆژی دوایی کوڕ خوا حافیزی لە دایکی کرد و کەوتە ڕێ تا گەیشتە ئەو شارە. بە پرس و خواس ماڵی کابرای حەکیم و ساحیری دیتەوە. چوە ماڵەکە و کابرا لە ماڵ نە بوو. کیژی کابرای ساحیر دەرگای لێکردەوە و بە دیتنی ئاشقی بو. پرسی: « ئەی لاو بۆ هاتوویە ئێرە.؟»
– بیستوومە باوکت سیحر و حیکمەت دەزانێ، هاتووم لێی فێر بم. کیژە بردیە حەسار و بە خێر هاتنی کرد.
لە نێوە ڕاستی وەتاغی بابی قوڵکەیەک هەڵکەنرا بوو. هێندێ کێرد و شیر و نێزە یان لێ دانا بوو نوکیشیان دە لای سەروو دابوو. سەری قوڵکەکەیان بە لبادێک داپۆشیبوو. هەر کەس لە سەری دادەنیشت دە قوڵکێ دەکەوت. کێرد وشیر ونێزە برینداریان دەکرد و دەمرد. کیژەکە کێرد و شیرەکانی هێنا دەر وپەتۆیەکی لە گەڵ چەند باڵنج لە وێ دانا.
بابی هاتەوە. لاوەکە سڵاوی لێکرد. کابرا پرسی: « لە چی دەگەڕێی؟ چیت دەوێ ؟
– هاتووم لە تۆ سیحر و حیکمەت فێر بم.
کابرای حەکیم گوتی: وەرە بچینە ماڵ و دەرسی هەوڵت پێ بڵێم. برۆ لەسەر ئەو لبادە دانیشە. کە چوو دانیشت، دە قوڵکێ کەوت. حەکیم بە کیژەکەی گوت: « بە نۆکەران بێژە مەیتەکەی بەرن بینێژن.» کیژ گوتی؛: باشە.
کاتێ بابی ڕۆی، کوڕەکەی لە قوڵکێ هێنا دەر و لە ساردا و شاردیەوە، هەموو جار کە حەکیم لە ماڵ وەدەر دەکەوت، کیژەکە دەچوە ساردا و وسیحر و

www.kerimhisami.com

حیکمەتی فێر دەکرد تا هەموو شتێک فێر بوو. کیژەکە گوتی:« ئێستا دەبێ بمهێنی.»
: چۆن دەتوانم بتهێنم.؟ من لە بەر کیژی پاشا هاتووم فێری ئەم بەزمە بم.
– قەی ناکا. ئەویش بێنە و منیش بێنە. من ئاشقی تۆ بووم. کوڕەکە ڕازی بوو چۆوە ماڵ و بە دایکی گوت:
– من دێمە سەر شکڵی ئەسپێک و تۆ بەرە بمفرۆشە. بەڵام ئاگات لێبێت، هەوسارەکەم نەفرۆشی. هەر چەندی بتدەنێ، هەوسارەکەی نەدەی. ئەگەر ئەوی بفرۆشی، ئیتر نامبینیەوە.
دایک ئەسپی بردە بازار و فرۆشتی، هەوسارەکەی ڕاگرت و گەڕاوە. کوڕەکەشی بە دوایدا هاتەوە و گوتی:
– ئێستا دەێمە سەر شکڵی حوشتر. بەرە بمفرۆشە. بەڵام هەوسارەکە ڕابگرە و نەیفرۆشی. دایک حوشتری فرۆشت و ئەمجاریش کوڕەکەی بە دوایدا هاتەوە و گوتی:
– ئێستا دێمە سەر شکڵی هێستر و بەرە لە بازار بمفرۆشە. بە لام زۆر وریا بە هەوسارەکە نەفرۆشی!
پیرێژن هێستری بردە بازار کە بیفرۆشێ. حەکیمی ساحیر زانی کە ئەوە هێسترێکی ئاسایی نیە و لە دڵدا گوتی:« بێگومان حیکمەت و سیحر لە من فێر بوە»
بە پیرێژنێی گوت: « هەوسارەکەشم پێ بفرۆشە.»
– نایفرۆشم.
– سەت تمەنت دەدەمێ!
– نایدەم!
– دوو سەت تمەنت دەدەمێ!
– نایدەم. ئاخرەکەی ئەوەندە تەماعی وەبەر پیرێژنێ نا، ڕازی کرد بە هەوسارەوە پێی بفرۆشێ.
حەکیمی ساحیر سواری هێستر بوو کە گەیشتەوە ماڵێ بە کیژەکەی گوت:«

www.kerimhisami.com

کێردێکی بێنە تا سەری ئەم هێسترە ببڕم»
کیژەکە چوو کێردی شاردەوە و گوتی: « کێردم نە دیتەوە.»
– بچوو بیور بێنە.! کیژەکە بیوریشی شاردەوە و هاواری کرد: « هەر چی کردم بیورم نە دیتەوە»
– باشە. شیرەکە بێنە. کچ شیرەکەشی شاردەوە و گوتی: « نایبینمەوە . »
باب بە سەریدا گوڕاندی و گوتی : « ئەی مەلعون، تەواوی ئەم کەڵەکانە لە ژێر سەری تۆ دان.»
پاشان هێسترەکەی لە دارێ بەست و خۆی چوو کە کێرد بێنێ. کیژەکە هەوساری لە سەر هێستر دارنی و هاویشتیە سەر بانی. هەوسار بوو بە کۆترێک و لە شەقەی باڵانیدا و ڕۆیشت. خۆشی هاتە سەر شکڵی باز و بە دوایدا فڕی.
کۆتر بە کۆشکی پاشادا فڕی و بوو بە دەستە گوڵێک و لە وەتاغییدا کەوت. پاشا گوڵەکەی هەڵگرت و بۆنی کرد و گوتی:
– چەندە گوڵێکی بۆن خۆشە .
بەڵام حەکیمی ساحیر هاتە سەر شکڵی دەروێشێک و هاتە کۆشکی پاشا و دوعای خوێند. پاشا سکەیەکی زێری دایە. دەروێش وەری نەگرت و پێی داگرت و گوتی: « لەو دەسکە گوڵە بەدەر هیچی دیکەم ناوێ.»
– دەتەوێ چیان لێبکەی.؟ ئەم دەسکە گوڵە خوا بۆی ناردووم.!
– چ قەیدییە. من تەنیا ئەم گوڵانەم گەرەکە و هیچیتر.
پاشا توڕە بوو، دەسکە گوڵی بۆ دەروێش هاویشت. دەروێش تا ویستی دەسکە گوڵ هەڵبگرێ، گوڵەکان بوونە هەرزن و بە زەویدا بڵاو بوون. دەنکێک چوە نێو کەوشی پاشا. دەروێش هاتە سەر شکڵی مامرێک بە جوجەڵەوە. دەستیکرد بە هەڵگرتنەوەی هەرزن. بەڵام ئەو دەنکەی کەوتبوە نێو کەوشی پاشا، بوو بە ڕێوی و مریشک و جوجکەی خواردن.
پاشا لە بینینی ئەم روو داوەیە واقی وڕ ما کە لە پڕ ڕێوی بوو بە لاوێک و گوتی:

– ئەی پاشا من هەر ئەو کەسەم کە داوای کیژەکەتم کرد بوو. پاشا گوتی : « ئەم سیحرانە فێری منیش بکە. تا کیژەکەمت بدەمێ. کوڕەکە ئەوانەی فێری پاشا کرد. ڕۆژێک پاشا و وەزیر چوونە گەڕانێ. وەزیر پێشنیاری کرد کە :
– ئەی قیبلەی عالەم وەرە با بێینە سەر شکڵی ئاسک. پاشا ڕازی بوو، هەر تکیان بوون بە ئاسک. وەزیر گورج هاتە سەر شکڵی پاشا و بۆ کۆشک گەڕاوە و ڕایگەیاند کە: « پاشا مرد!»
پاشا حەوت ژنی هەبوون وەزیر لە گەڵ شەشیان نوست. ژنی حەوتەمین زانی کە ئەم ماستە بێ موو نیە. نەیویست لە گەڵی بنوێ. وەزیر کەوتە فیکرەوە کە چبکا تا ئەو بە پاشا بزانێ. چوو لە سەحرا داوی داناوە و گوتی:« ڕەنگە حەیوانێک بگرم و بۆی بە دیاری بەرم و لە گەڵم ڕێک کەوێ.
داوی هاویشت و چۆوە ماڵێ. ئەو شەوە کەوی زۆر بە داوێوە بوون پاشای ڕاستە قینەش هاتە سەر شکڵی کەو و ئەویش پێوە بوو. وەزیر بەیانی هەستا و چوو بزانێ چی بە داوێوە بوە. پاشا کە دیتی وەزیر دێت بە کەوەکانی تری گوت:
– وەرن هەموو لە سەر پشت لاق دە حەوا بکەین، تا پێی وابێ مردووین و ئێمە لە داو بکاتەوە.
وەزیر هاتە پەنا داوەکە و دیتی کەوەکان مردون. یەک یەک لاقی گرتن و فڕێی دان. کە ویستی ئەو کەوە کە پاشای ڕاستی بوو بگرێ، لاقی ڕاوەشاند. وەزیر کەیف خۆش بوو گوتی:« سوپاس بۆ خوا کە ئەمەیان زیندوە، بۆ ژنەکەمی دەبەمەوە.»
کەوی بردەوە ماڵ و لە قەفەسێکی نا و قەفەسی لە وەتاغ هەڵاوەسی. لە دڵدا گوتی:« با بخوێنێ و ژنم خۆشییەکی هەبێ. »
کاتێ وەزیر وەدەر کەوت. کەوەکە وەزمان هات و لە ژني پاشای پرسی:
– ئەو پیاوە مێردی تۆیە یان نا.؟
– نا، مێردی من نیە. نازانم چبکەم.؟
– داوای لێبکە ببێتە مریشکێک کە جوجەڵە دەوریاندا بێت. من دەبمە ڕێوی و

هەموان دەخۆم. پاشان گوتی: من مێردی ڕاستە قینەی تۆم. ژنەکە ڕازی بوو. وەزیر هاتەوە، ژنی پاشا دەستی کرد بە پێکەنین و ناز و قسەی خۆش. وەزیر فرە شاد بوو و بە خۆی گوت:« چەندە میهرەبان بوە. لە ژنی پاشای پرسی:« چۆنە وا بە کەیف و شادی.؟»

– باشە تۆ ئەم کەوەت هێناوەتە ماڵ. بۆیە وا شادم. تۆ سیحر و فێڵی زۆر فێر بووی، وا نیە ؟

– بەڵێ وایە. ئێستا دەتەوێ بێمە سەر شکڵی چێ، دێم

– دەمەوێ بێیە سەر شکڵی مریشکێک جوجەڵە دەوریان گرتبێ.

وەزیر گورج هاتە سەر شکڵی مامر و جوجەڵە دەوریان دا. کەویش بوو بە ڕێوی و هەمووی خواردن. پاشان هاتەوە سەر شکڵی ئەسڵی خۆی و بۆوە بە پاشا.

لەو کاتەدا ئەو لاوەی داوای کیژی پاشای کردبوو، ناردیە کن پاشا کە بەڵێنی خۆی بەرێتە سەر و کیژەکەم بداتێ.

پاشا حەوت شەو و ڕۆژ شایی و زەماوەندی بۆ ساز کرد و کچەکەی دایە. لاو کیژی پاشای بردە ماڵ و چوو کچە ساحیرەکەشی هێنا و بە ئارەزووی خۆیان گەیشتن. هیوادارم ئێوەش پێبگەن.

www.kerimhisami.com

هیند باد ٦١

هیند باد شوان بوو. حەیوانەکانی خەڵکی گوندی دەلەوەڕاند. خەڵک نانیان دەدایە و نانەکانی دە دەریا داویشت. ڕۆژێ بە خۆی گوت:« شوانیم زۆر کرد و بەسمە. نامەوێ ئیتر، دەچم لە مەزرایە کار دەکەم.» شرە و برەی خۆی کۆ کردەوە و لە ماڵێ وەدەر کەوت. لە ڕێگا تووشی دوو کەسی دیکە بوو، ئەوانیش گوتیان :« ئێمەش دەچین کار پەیدا بکەین.»

ئەو سێ کەسە ڕێکەوتن. لە ڕێگا کردییە باو وباران، ڕۆیشتن تا گەیشتنە ئەشکەوتێک، لەوێ ئاگریان کردەوە و لە پەنا ئاگر دانیشتن. لای ڕۆژ ئاوا شوانێک مەڕەکەی هێنا کن ئاگرەکە. لەو مێگەلە دا جگە لە بزن حەیوانی دیکەی تێدا نەبوو. شوانەکە ناوی « تەپە تاش» بوو. تەنیا یەکچاوی هەبوو، ئەویش لە تەپڵی سەریدا بوو. ئەو سێ کەسە چاویان دە شوانەکە بڕیبوو.

شوان دیزەیەکی گەورەی هێنا، بزنەکانی دۆشی. نانێکی گەورەی تێکوشی و هەمووی یەک جێ خوارد. پاشان ئاسنێکی گەورەی دە ئاگری نا، سوور بۆوە. تەپە تاش بۆ لای ئەو سێ کەسە چوو. یەکێکی گرت و بە ئاسنەکە وە کردیە کەباب و خواردی.

ڕۆژی دووەم لاوێکی دیکەی هەربەم شێوەیە خوارد و پاشان لێی نوست. ڕۆژی سێیەم دەرگای ئەشکەوتەکەی گرت و تەپە تاش ڕۆی. لای ڕۆژ ئاوا گەڕاوە بۆ کن ئەشکەوت. وەرزی بەهار دەست پێکرا بوو. بەفرەکان دەتوانەوە. تەپە تاش لاقی تەڕ ببوون. چوە دە ئەشکەوت لاقی بە ئاوری ڕاداشت کە وشک بنەوە. خەوی لێکەوت.

هیند باد ئاسنەکەی هەڵگرت و دە ئاگری نا تا سوور بۆوە. پاشان دە چاوی تەپە تاشی ڕاکرد. تەپە تاش دەستی بە هاوار کرد. هیند باد چوو دە نێو بزنەکاندا خۆی شاردەوە. تەپە تاش بە کوێرە کوێرە دەستی بەملاو لادا دەگێڕا کە هیند باد بدۆزێتەوە. نەیتوانی، زۆر تووڕە بوو، گوتی :« ڕاوەستە، سبەی دەت بینمەوە.»

بەڵام هیند باد چی کرد؟ بزنی پێش مەڕی دیتەوە، سەری بڕی، کەوڵی کرد و چوو دە پێستی بزنەکە و سەری بزنەکەی بە شێوەیەک لە سەر سەری خۆی ڕاگرت و لە سەر دەست و لاقان وەک حەیوان ڕاوەستا. کە بوو بە ڕۆژ، تەپە تاش لە پێش دەرگای ئەشکەوت ڕاوەستا و لاقی لە بەر یەک بڵاو کردن. هەموو بزنەکان بە نێو لاقانیدا تێپەڕین و بە باشی دەستی لێدەدان کە هیند باد لە نێویاندا نە بێت و ڕانەکات. هیند باد زەنگوڵەی پێشڕەوی دە ملی خۆی کرد بوو. بە چوار دەست و پێ بۆ لای تەپە تاش چوو. تەپە تاش دەنگی زەنگوڵەی بیست و گوتی: « ها پێشبڕەو، ئەوە تۆی، وەرە بڕۆ» هیند باد بە نێو دوو لاقی تەپە پاش دا تێپەڕی و هاواری کرد: « ئەی تەپە تاش. من لە دەستانت هەڵاتم.»

تەپە تاش وەدوای کەوت، هیند باد هاواری دەکرد:« وا لێرەم»

تەپە تاش بە دەنگییەوە دەچوو. بەردێکی گەورەی لە سەر ڕێگا بوو. تەپە تاش کە ڕایدەکرد، خۆی لە بەردەکە دا ، وەها کەوت و بریندار بوو، لە جێوە مرد.

هیند باد لەوێ ڕۆیشت، توشی سوارێک بوو. سوار پرسی:

– بۆ کوێ دەچی؟

– من دەچمە گوندی، تۆ بۆ کوێ دەچی؟

سوار وەڵامی داوە:« تەپە تاش کە سواری من بوو مردوە، دەڕۆم تا شوانێکی دیکە پەیدا کەم بزنەکانم بلەوەڕێنێ. وەرە بچینە ماڵی من، تا ڕێی کورت و سەر بڕت نیشان بدەم. ئەو ڕێیەی تۆ گرتووتە. زۆر درێژە.

هیند باد بە دوای سوار دا کەوتە ڕێ و لێی پرسی:

– ناوی تۆ چیە؟

سوار جوابی داوە و گوتی :« ئەحمەد بەفرم پێ دەڵێن. چوونە ماڵ و هیند باد

www.kurdishsami.com

تەماشای کرد سەری ئینسانێک لە زێڕ و زێو دە گەردنی خانمی ماڵ دایە. منداڵێکی دوو ڕۆژە دە بەفرێدا نوستوە و لە قوژبنێکی ماڵە کە پیرە مێردێک دانیشتوە کە هەر تک لاقی تا ئەژنۆ بڕاونەوە. پەنجەی هەموو مریشکەکانیش بڕاونەوە.

ئەحمەد بەفری خواردنی بۆ هیند باد هێنا. هیند باد گوتی: « هیچ نا خۆم »

– بۆ ناخۆی ؟

– لە پێشدا بێژە لەم خانوەدا چ ڕادەبرێ؟ ئەو سەرە ئینسانەی دە گەردنی ژنەکەت دایە چیە؟ ئەم منداڵە بۆ دە بەفرێدا نوستوە.؟ لاقی پیرە مێرد بۆ بڕاونەوە و پەنجەی مریشکان بۆ بڕاونەوە.؟

تائەمڕۆ کەس غیرەتی ئەوەی نە بوە ئەم پرسیارانەم لێ بکات. ئێستا کە تۆ هێندە ئازای، منیش وەڵامت دەدەمەوە.

– هەر نۆکەرێکی دەیهێنمە ماڵێ، خێزانم دەستی دەگەڵ تێکەڵ دەکا. بەم بۆنەوە پیاوێکی کەچەڵ و پیس و بۆگەنم هێنا ماڵێ کە ژنەکەم ناخۆشی بوێ و لێی بێزار بێ. بەڵام دیتم لە گەڵ ئەویش دەستی پێکردوە. ڕۆژێ بەو نۆکەرە پیسەم گوت:« تەنافێک هەڵگرە بچین قامیش بێنین.» بۆ قامیشەڵان چووین. لە وێ نۆکەرم کوشت و لاشەکەم فڕێدا. دە پازدە ڕۆژ ڕابرد. ڕۆژێ چوومە کن ژنەکەم دیتم بۆنێکی پیسی لێ دێت. بە خۆم گوت: « ئەم بۆنە پیسە لە کوێ دێت؟» ئەو کە هەمیشە خاوێنە. دەستی ژنەکەم گرت و کێشام، سەری کەچەڵەی لە بن هەنگڵی بەر بۆوە. هەمووی ڕزیبوو. کرمی تێدا بوو. بە ژنەکەم گوت:« ئەو سەرە دە زێڕ و زێو بگرێ و دەئەستۆی خۆی بکات.

باشە. ئەم منداڵەی دە بەفرێدا نوستوە کێیە ؟

– ئەو کوڕی منە. سێ ڕۆژە دە بەفردا خەواندوومە تا بزانم بە ڕاستی کوڕی منە یا نا. ئەگەر کوڕی من بێت زیانی پێ ناگات، بەڵام ئەگەر کوڕی کابرای کەچەڵ و پیس بێ، بلا گیانی دەر بچێ. ئەمڕۆ سێیەمین ڕۆژە، دیارە کوڕی خۆمە.

هیند باد چوە کن منداڵەکە و هەڵیگرت و دای بە دایکی. پاشان زنجیرەکەی لە

ملی ژنەکە پساند و سەری مردوەکەی گرێدا و بە ئەحمەد بەفری گوت:
- شەرم بکە، ئەوە چکارێکە؟ ئێستا پێم بڵێ بزانم ئەو پیرە مێردە چیە ؟
- ئەو پیرە مێردە بابی منە. ئەگەر ڕۆژێک پاروە نانێکم دابا بە فەقیرێک، بابم دەچوە ماڵی کابرای فەقیر و زۆر زیاتری لەوە دەخوارد کە من پێم دابوو. ئەمنی ریسوای چاک و خەراب کرد. ئەوەتا لاقم بڕیونەوە.
هیندباد پرسی: « پەنجەی ئەو مریشاکانەت بۆ بڕیوەتەوە.؟
- چونکە هەر جارەی گەنمم دابا بە جیرانان، مریشکەکانم دەچوون گەنمەکەیان دەخوارد. ئێستا پەنجەم بڕیونەوە، چەندی دەخۆن گەنمیان لە پێش ڕۆ دەکەم و ناتوانن جیرانەکان ئازار بدەن.
هیند باد گوتی: « ئافەرین کارێکی چاکت کردوە.
ئەحمەد بەفری ڕێگایەکی سەر بڕی بە هیند باد نیشاندا، ئەویش خوا حافیزی کرد و کەوتە ڕێ. تا گەیشتە جوتیارێک کە حیسان خۆر بوو. کابرای حیسان خۆر هاواری کرد:« باش بوو ، گایەکم هەبوو، ئێستا یەکی دیکەشم بۆ پەیدا بوو. ئەوەی گوت و هیند بادی گرت و بردی دەجوتی کرد. هیند باد لە گایەکەی دی پرسی کە ئەویش هەر زەلام بوو: « ئەو پیاوە کێیە؟»
- پیاوێکی حیسان خۆرە. ئێستا تا گیانمان لە بەدەن دایە دەبێ ئامور بکێشین و زەوی بۆ بکێڵین.
- باشە، کەنگێ کارمان تەواو دەبێ.؟
- کاتێ باران باری کابرای حیسان خۆر تەڕ دەبێ و دەچێتەوە ماڵ. ئێمە لە نیر وئامور دەکاتەوە. ڕۆژێکی تر دەمانبەستێتەوە.
هیند باد گوتی: « کە وایە وەرە دوعا بکەین باران بباریێ. دوعایان کرد و باران دایدایە. کابرای حیسان خۆر ئاموری لێکردنەوە و خۆی چۆوە ماڵ. هیند باد هەڵات. دەبوایە بە سەر پردێکدا بپەڕێتەوە. کە ئاردیان بە سەر وەر کرد بوو تا شوێن پێ دیار بێ. هیند باد خۆی پێخواس کرد و پاشە و پاش پەڕیەوە و هەڵات. خاوەن جوت هات دیتی هیند باد دیار نیە. بۆ لای پردێ چوو. دیتی شوێن پێ دیارە بەڵام نەک بۆ دەردەوە. بە دەستی خاڵی گەڕایەوە.

هیند باد دەڕۆی تا گەیشتە شارێک و لە ماڵێکی بوو بە کرێکار. خاوەن ماڵ کیژێکی وەک مانگ جوانی هەبوو. ڕۆژێ خاوەن ماڵ بە هیند بادی گوت:« وەرە کیژەکەی من بێنە و ببە کوڕی من و لە ماڵی من بژی.
هیند باد ڕازی بوو، کچەکەی هێنا و لەو ماڵە دەژیا. ڕۆژێک دەنگی دەهۆڵ و زورنا دەهات. پرسیّ: ئەوە چیە ؟ بووکە ؟
– نا، بوک نیە. لێرە ئەگەر مێرد بمرێ. ژنەکەی لە گەڵ دە قەبری دەنێن. ئەگەر ژنیش بمرێ پیاوەکەی لەگەڵ دەخەنە قەبر. ئێمە ئەشکەوتێکی قوڵمان هەیە، مردوەکان دەخەینە وێ.
هیند باد پرسیّ: ئەوە دابی ئێوەیە ؟
– بەڵێ. ئەوە دابمانە . پاش ماوەیەک ژنی هیند باد نەخۆش بوو. مرد. مەیتەکەیان شوشت و کفنیان کرد و لە سەر تابوتێکیان دانا. دەست و پێی هیندباد یشیان بەست لە کن مەیتی ژنەکەی درێژیان کرد. خواردنی چل ڕۆژیشیان لە کن دانا وبۆلای ئەشکەوت چوون. هیند بادیان لە گەل مەیتەکە بەرداوە قولایی ئەشکەوتەکە. لەوێ ئیتر ڕێگای هاتنەدەرێ نەبوو.
مانگێک پێچوو دەنگی دەهۆڵ و زورنای گوێ لێبوو. هیند باد دوعای کرد: خودایە مردوو بێت.
دوعای قبوڵ بوو. کاتێکی پیاو و ژن و خواردەمەنیان دە ئەشکەوتێ هاویشت، دەر کەوت کە مێردە مردوە. هیند باد هەر لەوێ ژنەکەی هێنا. هیند باد لێی پرسیّ:« تۆ کێی ؟»
– من بوکی پاشام . فتیلەیەکیان هەبوو لە پڕ کوژایەوە. لە تاریکی تەماشایان کرد لە دوورەوەی ئەشکەوت ڕوناکیەک دیارە و کونێکیشی لێیە. لەو کونە نیزیک بوونەوە دیتیان بۆ لای دەریا دەکرێتەوە.
هیند باد گوتی؛« وەرە خۆمان بخەینە دەریا.» دەستی یەکتریان گرت و خۆیان دە دەریا هاویشت، تەختە دارێکیان دیتەوە، لەسەری دانیشتن و لە دەریادا ڕۆیشتن.
ژنەکە پرسی : « لەم دنیایە وەزعی کەس لە ئێمە دژوار تر هەیە.؟

www.kerimhisami.com

– وەزعی ئێمە خەراب نیە. لە سەر ئەم تەختە دارە دانیشتووین، بە سەر ئاو دا دەڕۆین. ئاو لە سەر خیزە و سوپاس بۆ خوا خیزیش نابزوێ. وەزعی ئەو نەخۆشە خەرابە کە لە شارێکی چۆڵ و وێران ماوەتەوە. گیان لە بەری تێدا نیە نەخۆش و کەوتوو چاوە ڕوانە بەڵکوو کەسێک پەیدا بێ و قومە ئاوێکی بداتێ. وەزعی نەخۆشێکی ئاوا زۆر لە ئێمە خەرابترە.

پاش ماوەیەک ژنەکە جارێکی دیکەش گوتی:« بە ڕاستی بڵێی وەزعی هیچ کەس لەم دنیایە لە هی ئێمە خەرابتر بێ.؟

– وەزعی ئێمە کە خەراب نیە. وەزعی ئەو لاوانە دژوارە کە پێکەوە کۆ بوونەوە کەیف بکەن و جێژنێک بگرن و لە نەکاو چرایان دەکوژێتەوە و سیمی سازەکەشیان دەپسێ. وەزعی ئەوانە دژوارە. دەنا وەزعی من و تۆ هێندە دژوار نیە.

لەو کاتەدا ماسیەک هاتە ژێر تەختەکە و ئەوانی بردە ڕۆخی دەریا. هیند باد ژنەکەی بردە ماڵ و بە خۆشی و شادی ژیان.

www.kerimhisami.com

ئینسانێکی شکڵ گورگ ٦٢

پیاوێکی فەقیر کیژێکی جوانی هەبوو. لە وڵاتێکی دیکەش لاوێک دەژیا، کوڕێ کابرایەکی دەوڵەمەند بوو. لاوەکە شەوێک کچی کابرای فەقیری هاتە خەو ئاشقی بوو. ئەم لاوە هەموو ڕۆژێ بەیانی دەبوو بە گورگ و کاتی ڕۆژ ئاوا پێستی گورگی دادەکەند وجارێکی دیکە دەهاتەوە سەر شکڵی ئینسان. کاتێ کیژەکەی لە خەو هات ، خۆی بۆ سەفەر ساز کرد و وەدوای کەوت.

ئاخرەکەی گەیشتە دەرکی ماڵی کابرای فەقیر و بانگی کرد:« یا کیژەکەتانم بدەنێ و یا دەتان خۆم.»

دایکو بابی پیری کیژەکە سەریان لێ شێوا و نەیاندەزانی چ بکەن. هەم نەیاندەویست کیژەکەی بدەنێ و هەم لە گورگ دەترسان. لە ئاخردا بە ناچاری کیژەکەیان دایە.

بابی کچەکە گریا و گوتی: ئێستا کیژەکەمان لە کوێ بدۆزینەوە؟ لە دەستمان چوو.

گورگ گوتی:« چل ڕۆژ بۆ هیچ کوێ مەچن. پاش چل ڕۆژ بە لای ڕاست دا ڕێگا داگرن و بڕۆن و بڕۆن تا لە شەش مێگەلە مەڕ تێپەڕ دەبن، کە لە وان تێدە پەڕن، من دەبیننەوە.ژن و مێردی پیر باوەڕیان بە قسەی ئەو نە کرد و لە دڵدا فیکریان کردەوە کە : « ئاخر گورگە و کیژەکەمان دەبا و دەیخوا!»

پیرە مێرد بە پیرێژنێی گوت:« حیسابی چل ڕۆژە ڕابگرە و بیژمێرە.»

پیرێژن گریا و جوابی داوە:« کچەکەمان لە کیس چوو، گورگ خواردی . »

پیرە مێرد گوتی :« خەمێ مەخۆ. ئەوە بە ڕاستی گورگ نیە. ئەگەر گورگ بایە

www.kerimhisami.com

به زمانی ئادەمیزاد قسەی نەدەکرد.»
کاتێ چل ڕۆژ ڕابرد کەوتنە ڕێ. ڕۆیشتن لە نەکاو مێگەلە مەڕیان دیت و پرسیان :
– ئەو مەڕانە هی کێن ؟ وەڵامیان دانەوە و گوتیان :« هی گورگە شەلەن»
کەیف خۆش بوون و ڕێگایان درێژە پێدا. مێگەلێکی دیکەیان بینی. پیرە مێرد گوتی:« باشە، ئیتر هومێدێک هەیە. من پێتم گوتی خەمێ مەخۆ.»
کەمێکی تر ڕۆیشتن دیتیان گایەک لە مێرگێکدا دەلەوەڕێ. گیا و لەوەڕێکی زۆرە. بەڵام گایەکە کزە. برێکی تر ڕۆیشتن گایەکی دیکە لە شوێنێکی قاقڕ و وشک و بێ گیا ڕاوەستاوە. دەور و بەری هیچ گیا و لەوەڕی لێ نیە. بەڵام گایەکە قەڵەو و بە کەیفە. پیرە مێرد و پیرێژن سەریان سوڕ ما و گوتیان سەیرە لە نێو ئەو مێرگ و لەوەڕە دا گای لاواز وێستاوە و لە زەوی قاقڕ و وشکارۆدا گای قەڵەو وێستاوە.
برێکی تر ڕۆیشتن. دوو داریان دیتن کە بلبلێک لە سەر دارێکەوە دەچێتە سەر دارێکی دیکە. لە سەر هەر دارێک دەنیشێ، دارەکە سەوز دەبێ. کە لە سەر دارەکە فڕی، دارەکە وشک دەبێ.
دیسان کەوتنە ڕێ و ڕۆیشتن. لە شەش مێگەلە مەڕەکە تێپەڕین و دیتیان سێ کوپە لە ژێر دڵۆپە ئاوێک ڕێز کراون دڵۆپە ئاوەکە دەکەوێتە نێو کوپەی یەکەم، لە و کوپە دەپەڕێتەوە بە سەر کوپەی نێوە ڕاست دا دەکەوێتەوە نێو کوپە سێیەم. کوپەی نێوە ڕاست بێ ئاو دەبێ.
دیسان کەوتنە ڕێ. لە شەش مێگەلە مەڕ تێپەڕین و لە نێوە ڕاستی سەحرایەکی سەوز دا، کۆشکێک هەیە و ژنێک لە کۆشک هاتە دەر گەنم بۆ ئاش دەبات،
پیرە مێرد و پیرێژن لێیان پرسی:« ئەم کۆشکە هی کێیە. ؟
ژنەکە جوابی داوە: « هی گورگە شەلەیە.»!
پیرێژن و پیرە مێرد زۆر کەیف خۆش بوون و بە خۆیان گوت: دیارە گورگ کیژەکەمانی نەخواردوە و ڕاستی بە ئێمە گوتوە.»!

www.kerimhisami.com

بەڵام کیژەکە چاوەڕوانی دایک و بابی بوو و دیتی وا دێن. لیباسیان کۆن و شڕ و دڕاو بوو. بە خزمەتکاری خۆیاندا لیباسی تازەیان بۆ ناردن، دەبەریان کرد و چوونە کۆشک. کچەکە بە پێشوازیانەوە چوو. یەکتریان لە ئامێز گرت و یەکتریان ماچ کرد. چل ڕۆژ لە کۆشک دا ژیانیان بردە سەر. لە ئاخر دا ویستیان بگەڕێنەوە. کچ و زاوا بەریان نەدەدان. دایک و بابی کیژەکە پێیان داگرت و دەیانگوت:« دەبێ بچینەوە »

زاواکەیان ئەسپێکی ئاوی هەبوو. ئەو ئەسپەی لە زێڕ و زێو بار کرد، پیرێژن و پیرە مێردیان سوار کرد و خستیاننە ڕێ.

زاوەکەیان گوتی:« ئاگاتان لە خۆ بێ ئاوڕ نەدەنەوە و هەوساری ئەسپەکەش بەر نەدەن و نەیخەنە سەر ملی ئەسپەکە. ئەسپ خۆی ئێوە دەگەیێنێتەوە ماڵی خۆتان.

سواری ئەسپ بوون و قسەکانی زاوایان لە بیر چوو. ئاوڕیان داوە. ئەسپ لە عەردی دان و لێیان دوور کەوتەوە. پیرەکان ڕاست بوونەوە و خورجێنی زێڕ و زێویان هەڵگرت و بە پێ کەوتنە ڕێ.

لە ڕێگا توشی مەلایەک بوون و ئەوی دیتبوویان لە داستانی گایەکانەوە بگرە تا مەسەلەی دارەکە و کویەکانیان بۆ گێڕایەوە و ماناکەیان لێ پرسی.

مەلا بیری کردەوە و گوتی:« ئەو گایەی کە لە نێو مێرگ و لەوەڕگادا بینیتان و کز بوو، ئەوە کابرای دەوڵەمەندە کە هەمیشە دە خەمی ئەوە دایە پارەکەی لە کیس بچێ. هەمیشە نیگەرانی ئەوەیە. هیچ نا خوا و نا خواتەوە. بۆیە کز و لاوازە. بەڵام گای دووەم کابرای فەقیرە. لە فیکری هیچ شتێ دانیە. هەر چی دەیبێ دەیخوا وئاسودەیە.

بلبل و دوو دارەکە. پیاوێکە دوو ژنی هەیە. کە دەچێتە کن ژنێک ئەو ژنە بە کەیف و خۆشحاڵ دەبێ، ژنەکەی دیکە خەمگین دەبێ. بەڵام سێ کویەکە: سێ دراوسێن. ئەوەی نیوە ڕاست جیرانێکی خەرابە. لە گەڵ هیچ کەس سەلام وعەلێکی نیە و قسە ناکا. بەڵام دووەکەی دیکە پێکەوە دۆست و میهرەبانن.

پیرە مێرد و پیرێژن لە مەلایان ویست:« چبکەین و چ شتێکت بدەینێ کە ڕازی

و خۆشحاڵبی.»

مەلا کیسەیەکی بچوکی بۆ درێژ کردن و گوتی :« ئەو کیسەیەم بۆ پڕ کەن،بەسمە.

پیرە مێرد زێڕ و زێوی دە کیسە کرد، دیتی هەر تێی دەکا و پڕ نابێ. مەلا کیسەی سەر نخون کردەوە و هەر چی زێڕ و زێوی تێدا بوو ڕشتیە خوارێ، تەنیا یەک سکەی تێدا هێشتەوە و خۆڵی بە سەر داکرد و کیسە پڕ بوو.

مەلا گوتی:« ئەو کیسەیە حوکمی چاوی ئادەمیزادی هەیە. هیچ سەروەت و سامانێک پڕی ناکا، جگە لە خاکی گۆڕ.

پیرەکان خوا حافیزییان لێکرد و بۆماڵێ گەڕانەوە و بە خۆشی و ئاسودەیی ژیانیان بردە سەر.

www.kerimhisami.com

پێرستی سەر چاوەکان و ناوی ئەو کەسانەی کە ئەفسانەکانیان گێڕاوەتەوە.(بە گوێرەی ژمارەی ئەفسانەکان.)

١- ئەفسانەکانی ژمارە ١ و ١٧ و ٤٤ و ٤٥ و ٤٧ و ٤٨ و ٥١ و ٥٧ لە «مەمۆ ئیشخانە سادۆ» وەر گیراون. ناو براو ساڵی ١٩٢٤لە گوندی مێرگ لە ئەرمەنستانی شورەوی لە دایک بوە. دایک و بابی لە کوردەکانی تورکیا بوون. خۆی لە تفلیس دەژی. کولتوری گشتی کورد باش شارەزایە. گەلێک ئەفسانە وحکایەت و قسەی خۆشی عامیانەی لە بەرە. دوو کلاس دەرسی خوێندوە و دەرکەوانە.

٢- ئەفسانەکانی ژمارە ٢ و ٨ و ١٠ و ١١ و ١٢ و ١٨ و ١٩ و ٢٣ لە «خامۆ حەسەن» وەر گیراون. ناو براو ساڵی ١٩٢٩ لە گوندی جرجریس لە ئەرمەنستانی شورەوی لە دایک بوە. دایک و بابی کوردی تورکیا بوون، ئێستا لە تفلیس دەژی. خامۆ حەسەن شایەرێکی هونەرمەند و گۆرانی بێژە. موسیقا لێدەدا و حکایەتیش دەڵێ. گۆرانی و چیرۆک و ئەفسانەی زۆر دەزانێ. خوێندەوار و کرێکاری کارخانەیە.

٣- ئافسانەکانی ژمارە ٣ و ٢٤ و ٢٦ لە «زادە وەسمان» وەر گیراون. ناو براو ساڵی ١٩٣٣ لە گوندی مێرگ لە ئەرمەنستانی شورەوی لە دایک بووە. دایک و بابی کوردی تورکیا بوون. ئێستا لە تفلیس دەژی. ئەفسانە و حکایەت ونەقلی زۆر دەزانێ. خوێندەوارە و کرێکارە.

٤- ئەفسانەکانی ژمارە ٤ و ٥ لە «عەتار شاهۆ» شاعیری بە ناو بانگی کورد وەر گیراون. ساڵی ١٩٠١ لە تورکیا لە گوندی سورمالی لە دایک بوە. ئێستا لە ئێرەوان دەژی

٥- «ژنی ئاقڵ» لە قسەکانی «مۆرۆیە خواجۆ» یاد داشت کراوە. ئەو ساڵی ١٨٩٢ لە گوندی سەعیدی بەک لە تورکیا ویلایەتی« وان» لە دایک بوە. ئێستا لە تفلیس دەژی. نەخوێندەوارە.

www.kerimhisami.com

٦ « ژنی خەراب » لە قسەکانی « کرمانە وەسمان» یاد داشت کراوە. ئەو ساڵی ١٨٨٧ لە ناوچەی قارس لە دایک بوە. ئێستا لە تفلیس دەژی، نە خوێندەوارە.

٧ – « ژن و مێرد » لە قسەکانی « شا میرزا موسا رەزا » یاد داشت کراوە. ئەو ساڵی ١٩٠٧ لە خوراسان (ئێران) لە دایک بوە. ئێستا لە ئیشقاباد دەژی. نە خوێندەوارە. یەکێ لە باشترین وێژەری داستانی میللی وگۆرانی بێژە. شیعرەکانی جەفەر قولی شاعیری کورد زۆر باش دەخوێنێ.

٨– ئەفسانەکانی ژمارە: ١٣ و ٣٢ و ٣٣ و ٥٢ و ٦١ لە « باباسی چاچان» وەر گیراون. ئەو ساڵی ١٨٨٨ لە ناوچەی قارس لە دایک بوە. ساڵی ١٩١٤ لە ئەرمەنستانی شورەوی لە گوندی« چوبان قرمز» ژیاوە، پاشان چۆتە تفلیس و نە خوێندەوارە.

٩ – « کیژی ئاقڵی پاشا » لە قسەکانی « سولتان ئاغا هەمزە» وەر گیراوە. ئەو ساڵی ١٩٠٩ لە گوندی ملیان (ئێران) لە دایک بوە. ئێستا لە گوندی باغر لە ناوچەی ئیشقاباد دەژی، خوێندەوارە و لە مەزرای دەوڵەتی کار دەکات.

١٠ – ئەفسانەکانی ژمارە ١٥ و ٣٤ و ٣٦ لە « عەتارد شاروی» وەر گیراوەن

١١– ئەفسانەکانی ژمارە :١٦ و ٢٠ و ٢١ و ٢٧ و ٣٧ و ٣٨ و ٣٩ و ٤٠ لە « شەمیل عەسکەر» وەر گیراون. ناو براو ساڵی ١٩٢٩ لە گوندی ئاخچە کەند(کۆماری ئازربایجانی شورەوی) لە دایک بوە ئێستا لە گوندی کێل بجار(ئازەر بایجانی شورەوی) دەژی . دایک و بابی ئەو لە ئێران بوون. ئەو پیاوێکی لێهاتوو، بە زەوق و خوێندەواریی ڕیازی و وشە ناسی هەیە. شاعیر و وەرگێڕ و هونەر مەندە، لە گەڵ کلتور و کەلە پوری کورد شارەزایی هەیە.

١٢ – ئەفسانەکانی ژمارە: ٢٢ و ٢٥ و ٢٩ و ٣٠ و ٣٣ و ٥٤ لە « سمایل سادق » وەر گیراون. ناو براو ساڵی ١٨٨٩ لە ناوچەی قارس لە دایک بوە. ساڵی ١٩١٥ لە تفلیس دەژیا . شارەزای ئەفسانە کوردییەکان بوە.

١٣– « نۆکەری ئاقڵ » لە « قوربانەلی شیروانی»(پەهلەوی) وەر گیراوە. ئەو ساڵی ١٨٩٥ لە شیروان (ئێران) لە دایک بوە. لە درماری دەژی . مامۆستا بوە. کتێبی دەرسی بە زمانی کوردی داناوە.

www.kerimbisani.com

١٤ - « چۆن بالولی زانا فێڵی له حاجی به تەماع کرد » « مەڕاڵی مەهدی ئۆڤ» وەر گیراوه. ئەو ساڵی ١٩٠١ له گوندی ئاخچه کەند (ئازەربایجانی شورەوی) له دایک بوه. هەر لەوێ دەژی . ئەو له ئێرانبوه. خوێندەواری کەمه. له مەزارای هەرەوەزی کار دەکا.

١٥- « یوسوپ » له « ریز گویه ئاغا» وەر گیراوه. ناو براو ساڵی ١٩٠١ له ناوچەی قارس له دایک بوه. ئێستا له تفلیس دەژی. ئەفسانەی زۆری له بەره. شارەزایه به داب و نەریتی کوردی.

١٦ - ئەفسانەکانی ژماره: ٤٢ و ٥٨ و ٦٠ » له خانم « دلبەر قوربانۆا» وەرگیراون. ناو براو ساڵی ١٩٢٥ له خوراسان (ئێران) له دایک بوه. ئێستا له فیروزه دەژی، دوو کلاسی دەرسی خوێندوه. داستانی زۆر و گۆرانی و ئاوازی پرسەی له بەره.

١٧ - ئەفسانەکانی ژماره: ٤٦ و ٥٩ له « نەزەر ئەحمەد » وەر گیراون. ناو براو ساڵی ١٩٠٧ له گوندی زەنگلان (ئێران/ له دایک بوه. ئێستا له شاری ماری دەژی. نه خوێندەواره، ئەفسانه و نه قڵ و نەزیرەی زۆر دەزانێ

١٨- « دوو دەسته برا » له قسەکانی « شەمیل حەمید » وەر گیراوه. ئەو ساڵی ١٩٢٥ له گوندی مێرگ(ئەرمەنستانی شورەوی) له دایک بوه. دایک و بابی خەڵکی ناوچەی قارس بوون. ئێستا له تفلیس دەژی. خوێندەواره و حەمباڵی دەکا.

١٩ - « میرزا مەحمود و هەزاران بلبل » له قسەکانی « یوسوپ خواجالو» وەر گیراوه. ئەو ساڵی ١٩١٦ له ناوچەی قارس له دایک بوه. ئێستا له گوندی کریخ بوغاز له ناوچەی ئبران دەژی و خوێندەواره.

٢٠ - « تلی هەزار » له قسەکانی « عەلی جنگۆ » وەر گیراوه. ناو براو له ساڵی ١٩٢٧ له گوندی جرجریس(ئەرمەنستانی شوروی) له دایک بوه. دایک و بابی له تورکیان ئێستا له تفلیس دەژی. خوێندەوار و شۆفیره، ئەفسانه و داستانی زۆر دەزانێ.

٢١ - « دەروێش » « شاروی خودو» وەر گیراوه. ناو براو له ساڵی ١٩٣٠ له

www.kermashisami.com

گوندی سنگر(ئەرمەنستانی شورەوی) لە دایک بوە. لە تفلیس دەژی. دایک و بابی لە تورکیان. خوێندەوارە.

٢٢- « حەوت برایان » لە « زبێدە خان قولی یوڤا » وەر گیراوە. ناو براو لە ساڵی ١٨٩٦ لە خوراسان (ئێران) لە دایک بوە. ئێستا لە فیروزە دەژی. نە خوێندەوارە.

٢٣- « ئینسانی شکڵ گورگ » لە خانم « میگل موسا رەزا یۆڤا» وەر گیراوە. ناو براو ساڵی ١٩١٨ لە باغر(ناوچەی ئیشقاباد) لە دایک بوە. ئێستا لە ئیشقاباد دەژی. دایک و بابی لە خوراسانی ئێران بوون، نە خوێندەوارە.

www.kerimhisami.com

بەرهەمە نووسراوەکانی نووسەر

١- کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران
٢- وەڵامێک کوردی و فارسی
٣- ڕێنوێنی شەڕی پارتیزانی
٤- لە دەوری ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دێموکرات کۆ بینەوە
٥- ڕەخنە و لێکۆڵینەوە لە سەر کتێبی حوسێنی مەدەنی
٦- چەند قسەیەک لە گەڵ خەبات
٧- کورد و فەرهەنگی بێگانە
٨- لێکۆڵینەوەی (کورتە باسێک لە سەر سۆسیالیزم) کوردی و فارسی
٩- تایبەتی کۆنگرەی شەشەم
١٠- کۆماری دێموکراتی کوردستان یا خود موختاری
١١- یادی هێمن
١٢- لە پێناو چی دا ؟
١٣- بادانەوە
١٤- کڕ و کاش
١٥- سەفەر بۆ کوردستان
١٦- لە بیرەوەرییەکانم بەرگی: ١-٢-٣-٤-٥-٦-٧-٨-٩-١٠-١١
١٧- پێدا چوونەوە،بەرگی یەکەم:(بزووتنەوەی نیشتمانی لە کوردستانی ئێران)
١٨- حیکایەت کردن یا نووسینی مێژوو ی عەبدوڵای حەسەن زادە
١٩- پێدا چوونەوە، بەرگی دووەم:(بزووتنەوەی نیشتمانی لە کوردستانی ئێران
٢٠- گەشتێک بە نێو بیرەوەرییاندا
٢١- کورد لە گەمەی دەوڵەتانی زلهێز و حکوومەتانی ناوچە دا

www.kerimhisami.com

ئەو بەرهەمانەی نووسەر کردوونی بە کوردی:

١- دایک - ماکسیم گۆرکی

٢- ژیان و کردەوەکانی لێنین

٣- ئەفسانە کوردییەکان - ڕۆدینکۆ

٤- زەوی بچووک - برێژنێڤ

٥- کۆمەڵە چیرۆکی هەڵبژاردە لە ئەدەبی بێگانە

٦- مەسەلەی کورد لە پارلمانی سوید

٧- یاسای بنچینەیی ئابووری سۆسیالیستی - چاپ نەکراوە

٨- حەمە چکۆڵ - ئینجە مەمەدی یاشار کەماڵ- چاپ نە کراوە

٩- ئوسوڵی سەرەتاییەکانی فەلسەفە - ژۆرژ پۆلستێر - چاپ نە کراوە

١٠- نامەی گوللە بارانکراوەکان - چاپ نە کراوە

١١- ڕەوشی کوردان - مێژووی ئەردەڵان و بابان

١٢- ئازادی یا مەرگ - کازانتزاکیس

١٣- مەسەلە و زار گۆتنی لوڕی

١٤- ڕۆژەکانی ئێران - ئارچی باڵد ڕۆزڤێلت

١٥- لە کوردستانی عیراقەوە تا ئەو بەری ئاراز(ڕێ بڕینی مێژوویی بارزانیەکان)

www.kerimbisani.com